حکومەتی هەرێمی کوردستان / عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان
بەشی جوگرافیا

# دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجە

نامەیەکە

پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە،
وەك بەشێك لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لەزانستی جوگرافیادا.

لەلایەن

( هەردی عبدالرحمن حمەعلی )

بەسەرپەرشتی

پ.ی.د. بیان علی حسین

2716 ی کوردی

2016 ی زاینی

**ئەم نامەیە پێشکەشە بە:**

**هەموو ئەو کەسانەی لەهەوڵ و تێکۆشانی بەردەوامدان بۆ زیاتر بەرەو پێشبردن و هەڵکردنی چرای زانست و زانیاری لە هەرێمی کوردستاندا.**

# سوپاس و پێزانین

- سوپاس و ستایش بۆ خودای بالآدەست کە تەمەن و توانای پێ بەخشین بۆ کارکردن لەم توێژینەوە و بەکۆتا گەیشتنی .
- زۆر سوپاسو رێزو وەفاداریم هەیە بۆ بەرێز (پ.ی.د. بیان علی حسین) کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ئەم لێکۆڵینەوەیەی گرتە ئەستۆ و بەتێبینیو سەرنج و زانیارییە زانستیەکانی رێنیشاندەرم بووە و ئەم لێکۆڵینەوەیەی زیاتر زانستی تر و بایەخدارتر کردووە.
- زۆر سوپاسی سەرجەم ئەندامانی خانەوادەی خوشەویستم دەکەم کە لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا بەتایبەتیش ئەم قۆناغەی ئێستا هاوکار و هاندەری باشم بوون بەتایبەت باوکی کۆچکردووم ، هەروەها سوپاسو رێزو خۆشەویستیم بۆ دایکی ئازیز و خوشكوبراكانم هەیە.
- رێزو سوپاسی زۆرم بۆ مامۆستایانی بەرێزم (پ.د. فؤاد حمەخورشید، پ.د. جەزا توفیق تالب، پ.د. جمیل جلال، م.فەیروز حسن ،پ.ی.د. بیان علی حسین، پ.ی.د. شیروان عمر رەشید، د. پێشەوا محمد علی) کە لەکاتی کۆرسی خوێندنی ماستەردا زۆر ماندوو بوون لەگەڵمان، لەگەڵ سەرجەم ستاف بەشی جوگرافیا لەزانکۆی سلێمانی هەروەها سوپاسی هەموو ئەو مامۆستایانە دەکەم کەوا لەسەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا ماندوو بوون لەگەڵمان.
- رێزو سوپاسم بۆ سەرجەم لێپرسراو کارمەندانی فەرمانگەکان و سەرجەم ئەو بەرێوەبەرو مامۆستا بەرێزانە هەیە کە لەکاتی سەردانیکردنمان بۆ فەرمانگەکان و باخچەی مندالآن و خوێندنگەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە هاوکارییان کردووین.
- سوپاس و پێزانینم بۆ یەك بەیەکی ئەو مامۆستاو هاورێ خۆشەویستانە هەیە کە لەماوەی نووسینی لێکۆڵینەوەکەدا یارمەتی دەرم بوون ئەگەر بە وشەیەکیش بێت.

## ناوەڕۆك


| بابەت | ژ.لاپەڕە |
|---|---|
| پێشكەشە | I |
| سوپاسوپێزانین | II |
| ناوەڕۆك | VI –III |
| پێڕستی خشتەكان | X-VI |
| پێڕستی نەخشەكان | XI-X |
| پێڕستی شێوەكان | XII–XI |
| پێڕستی وێنەكان | XII |
| پێڕستی پاشكۆكان | XII |
| پێشەكی | 6–1 |
| **بەشی یەكەم**<br>**چوارچێوەی تیۆری** | **26–7** |
| **باسی یەكەم: وەسفی جوگرافیی ناوچەی لێكۆڵینەوە** | 22–7 |
| یەكەم: مێژووی شاری هەڵەبجە | 9–7 |
| دووەم: شوێن (الموقع) و جێگا (الموضع) | 19–9 |
| 1– بەرزیی و نزمی | 13 |
| 2– ئاو وهەوا | 19–13 |
| 2– أ/ پلەی گەرما | 16 –14 |
| 2– ب / داباریْن | 19 –16 |
| **باسی دووەم: باری كارگێڕی شاری هەڵەبجە** | 22–20 |
| **باسی سێیەم: چەمك و زاراوەكان(المفاهیم والمصطلحات):** | 26 –23 |
| 1– خزمەتگوزاریی (الخدمات) | 23 |
| 2– جوگرافیای خزمەتگوزاریی(جغرافیه الخدمات) | 24 |
| 3– خزمەتگوزاریی كۆمەلأیەتی (خدمات الاجتماعیه) | 24 |
| 4– خزمەتگوزاریی فێركاریی (خدمات التعلیمیه) | 25 –24 |
| 5– پشتێنەی كاریگەر(نطاق التأثیر): | 26 –25 |
| 6– نزیكترین دراوسێ (صلة الجوار او جار الاقرب ) | 26 |
| **بەشی دووەم**<br>**زیادبوونی دانیشتوانو خزمەتگوزاریی فێركاریی لەشاری هەڵەبجە** | **53 –27** |
| **باسی یەكەم : گەشەی دانیشتوان لە شاری هەڵەبجە:** | 40 –27 |
| **باسی دووەم : خزمەتگوزاریی فێركاری لە شاری هەڵەبجە:** | 53 –41 |

| | |
|---|---|
| 42 -41 | یەکەم: خزمەتگوزاریی فێرکاری و گرنگیەکەی |
| 53 -42 | دووەم: خزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجە |
| **100 -54** | **بەشی سێیەم:<br>دۆخی خزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجە:** |
| 61 -54 | **باسی یەکەم :دابەشبوون و پێکهاتەی دانیشتوان لەشاری هەڵەبجە:** |
| 56 -54 | یەکەم : دابەشبوونی جوگرافیی دانیشتوان : |
| 61 -56 | دووەم : پێکهاتەی دانیشتوان (التركيب السكان): |
| 59 | 1- پێکهاتەی تەمەن (التركيب العمرى): |
| 60 | 2- پێکهاتەی جۆر یان ڕەگەز(التركيب النوعى): |
| 61-60 | 3- پێکهاتەی فێرکاری (التركيب التعليمى): |
| 87 -62 | **باسی دووەم: دابەشبوونی شوێنی و ڕێژەی خزمەتگوزاری فێرکاری بە پێی قۆناغەکانی خوێندن لە شاری هەڵەبجەدا** |
| 64 -62 | یەکەم: دابەشبوونی شوێنی باخچەی منداڵان(توزيع المكاني لرياض الاطفال) |
| 76 -65 | دووەم: دابەشبوونی شوێنی خوێندنگە بنەڕەتییەکان |
| 68 -65 | 1- دابەشبوونی شوێنی خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (1-6) |
| 72 -69 | 2- دابەشبوونی شوێنی خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی(7-9) |
| 74 -71 | 3 - دابەشبوونی شوێنی خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی(1-9) |
| 83 -77 | سێیەم: دابەشبوونی شوێنی خوێندنگە ئامادەییەکان |
| 79 -77 | سێیەم: 1- دابەشبوونی شوێنی خوێندنگەی ئامادەیی ئەکادیمی |
| 83-80 | سێیەم: 2- دابەشبوونی شوێنی خوێندنگەی ئامادەیی پیشەیی |
| 85 -84 | چوارەم: دابەشبوونی شوێنی خوێندنگەی دواناوەندیی |
| 87 -86 | پێنجەم: دابەشبوونی شوێنی خوێندنگەی خوێندنی خێرا |
| **100 -88** | **باسی سێیەم : دابەشبوونی ڕێژەی خزمەتگوزاریی فێرکاری و بیناو ڕووبەریان بەپێی قۆناغەکانی خوێندن لەسەر ئاستی گەڕەك** |
| 91-88 | یەکەم: دابەشبوونی ژمارەی‌و ڕێژەی خزمەتگوزاریی فێرکاری بەپێی ڕەگەز |
| 93 -91 | دووەم: دابەشبوونی بینای خوێندنگەکان بەپێی قۆناغی خوێندن. |
| 96 -94 | سێیەم: دابەشبونی بیناکانی خوێندن لەسەر ئاستی گەڕەك |
| 100-96 | چوارەم: دابەشبوونی شوێنی و ڕێژەی ڕووبەری خزمەتگوزارییە فێرکاریەکان |
| **134-101** | **بەشی چوارەم:<br>شیکردنەوەی تایبەتمەندی شوێنی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجە** |
| 123 -101 | باسی یەکەم: ئاڕاستەکانی دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری |
| 113 -101 | یەکەم: پشتێنەی کاریگەر (نطاق التأثير) |

| | |
|---|---|
| دووەم: خاڵە سەنتەرییەکان : | 116–114 |
| 1– خاڵی سەنتەری ڕووبەریی ناوچەی لێکۆڵینەوە(Areal Center) | 114 |
| 2– دیاردەی سەنتەری یان خاڵی کێشکردنی ناوەند (الوسیط المكاني): (Central Feature ) | 114 |
| 3– خاڵی سەنتەری ناوەندی (المركز المتوسط): (Mean Center): | 116 |
| سێیەم: ئاڕاستەی دابەشبوون(اتجاه التوزیع) (Directional Distribution) | 119 –117 |
| چوارەم: دووری پێوانەیی (المسافه المعیاریه) | 123 –119 |
| **باسی دووەم: شێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجە** | 134 –123 |
| یەکەم– نزیکترین دراوسێ(صلة الجوار) (Nearst neighbor analyses) | 126 –123 |
| 1– شێوازی دابەشبوونی باخچەی منداڵان لەشاری هەڵەبجە: | 127 |
| 2– شێوازی دابەشبوونی خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (1–6): | 128 |
| 3– شێوازی دابەشبوونی خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (7– 9) | 129 |
| 4– شێوازی دابەشبوونی خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (1–9) : | 131–130 |
| 5– شێوازی دابەشبوونی خوێندنگەی ئامادەیی: | 131 |
| 6– شێوازی دابەشبوونی خوێندنگەی پیشەیی: | 132 |
| 7– شێوازی دابەشبوونی خوێندنگەی دواناوەندیی لەشاری هەڵەبجە: | 134 –133 |
| **بەشی پێنجەم**<br>**پێوەرەکانی پلاندانان و داهاتووی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجە** | **187 –135** |
| **باسی یەکەم: یەکەم/ جێبەجێکردنی پێوەرەکانی پلاندانانی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجە** | 168 –135 |
| 1– پێوەری دانیشتوان (المعیار السكان): | 136 –135 |
| 2– پێوەری ژمارەی خوێندکار | 139 –136 |
| 3– پێوەری ژمارەی پۆلەکان(معیار عدد الصفوف) : | 141–139 |
| 4– ژمارەی خوێندکار بۆ پۆلی خوێندن: | 144 –141 |
| 5– پێوەری ژمارەی خوێندکار بۆمامۆستا : | 146 –144 |
| 6– پێوەری ڕووبەری (معیار المساحة) | 149 –147 |
| 7– پێوەری بەشی خوێندکار لەڕووبەری گشتی | 151 –149 |
| 8– پێوەرە دووری(المعیار المسافة) | 154 –152 |
| 9– پێوەری کات:(معیار الوقت) | 157 –154 |
| 10– پێوەری شوێن بەپێی شەقام | 165 –157 |
| باسی یەکەم : دووەم/ هەڵسەنگاندنی ئاستی ڕازی بوونی خوێندکاران لەسەر خزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجە | 168 –165 |
| **باسی دووەم : داهاتووی خزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجە** | 187 –169 |
| یەکەم : پێشبینی کردن بۆ زیادبوونی دانیشتوان لە داهاتوودا: | 172 –169 |

| | |
|---|---|
| 178 –172 | دووەم : پێشبینی کردن و پێویستی شاری هەڵەبجە بۆخزمەتگوزاریی فێرکاری تاکو ساڵی 2036 |
| 187 –179 | سێیەم: شوێنە پێشبینی کراوەکان بۆ خزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجە تاکو ساڵی 2036 |
| 191–188 | ئەنجام |
| 192–191 | ڕاسپاردەکان |
| 201–193 | لیستی سەرچاوەکان |
| 214–202 | پاشکۆکان |
| 216–215 | پوختەی لێکۆڵینەوە بەزمانی عەرەبی |
| 1-2 | پوختەی لێکۆڵینەوە بەزمانی ئینگلیزی |


## پێڕستی خشتەکان


| لاپەرە | ناونیشانی خشتە | ژ.خشتە |
|---|---|---|
| 15 | تێکرای مانگانەوسالآنەی پلەی گەرمی لە وێستگەی کەشناسی هەڵەبجە لەماوەی نێوان (2015 –2005 ) | 1 |
| 18 | تێکرای مانگانەو سالآنەی باران بارین بە ملم لەوێستگەی هەڵەبجە لەماوەی (2005– 2015) | 2 |
| 30 | ژمارەی دانیشتوانی شاری هەڵەبجەو قەزای هەڵەبجەو ڕێژەی دانیشتوانی هەڵەبجە بۆ قەزا لە نێوان (1977–2015) | 3 |
| 31 | ژمارەی دانیشتوان و (گەشەی سالآنە) ی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە و قەزای هەڵەبجە لە نێوان (1977– 2015) | 4 |
| 32 | ژمارەی گەڕەك و ڕووبەریان بەپێی قۆناغەکانی گەشەی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە / هێکتار | 5 |
| 46 | خوێندنگە تازە دامەزراوەکانی قۆناغی یەکەم (1977–1987) | 6 |
| 48 | خوێندنگە تازە دامەزراوەکانی قۆناغی دووەم (1987–2002) | 7 |
| 49 | باخچەی منداڵان و خوێندنگە تازە دامەزراوەکانی قۆناغی سێیەم (2002– 2009) | 8 |
| 50 | خزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجە ساڵی (2007–2008) | 9 |
| 52 | باخچەی منداڵان و خوێندنگە تازە دامەزراوەکان لە قۆناغی چوارەم (2009–2015) | 10 |
| 52 | خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجە ساڵی (2012–2013) | 11 |
| 55 | دابەشبوونی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە بەپێی قەبارەیان لەسەر ئاستی گەڕەك ساڵی (2016) | 12 |
| 58 | پێکهاتەی تەمەنوجۆری دانیشتوان لە شاری هەڵەبجە ساڵی 2016 | 13 |
| 60 | پێکهاتەی فێرکاری دانیشتوانی شاری هەڵەبجە بەپێی تەمەنی خوێندن ساڵی (2015-2016) | 14 |

| | | |
|---|---|---|
| 63 | دابەشبوونی باخچەی مندالآن و رێژەی مندالّ و مامۆستا و پۆلیان لەسەر ئاستی گەرەك له شاری هەڵەبجە ساڵی 2015–2016 | 15 |
| 66 | دابەشبوونی خوێندنگەی بنەرەتیی قۆناغی (1–6) لەسەر ئاستی گەرەك لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015–2016 | 16 |
| 70 | دابەشبوونی خوێندنگەی بنەرەتیی قۆناغی (7–9) لەسەر ئاستی گەرەك لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015–2016 | 17 |
| 73 | دابەشبوونی خوێندنگەی بنەرەتیی قۆناغی (1–9) لەسەر ئاستی گەرەك لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015–2016 | 18 |
| 75 | دابەشبوونی خوێندنگە بنەرەتییەکانی لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015–2016 | 19 |
| 77 | دابەشبوونی خوێندنگەی ئامادەیی ئەکادیمی لەسەر ئاستی گەرەك لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015– 2016 | 20 |
| 81 | دابەشبوونی خوێندنگە پیشەییەکان لەسەر ئاستی گەرەك لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015–2016 | 21 |
| 84 | دابەشبوونی خوێندنگەی دواناوەندیی لەسەر ئاستی گەرەك لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015–2016 | 22 |
| 86 | دابەشبوونی خوێندنگەی خوێندنی خێرا له لەسەر ئاستی گەرەك لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015–2016 | 23 |
| 89 | دابەشبوونی ژمارەیورێژەی خزمەتگوزاریی فێرکاری بەپێی رەگەز ساڵی (2015–2016) | 24 |
| 93 | بینای خزمەتگوزاریی فێرکاری لەرووی موڵکیەتەوە بە پێی قۆناغەکانی له شاری هەڵەبجە ( 2015–2016 ) | 25 |
| 94–95 | دابەشبوونی بینای خزمەتگوزاریی فێرکاری لەسەر ئاستی گەرەك ساڵی (2015–2016) | 26 |
| 97–98 | دابەشبوونی رووبەری زەوی خزمەتگوزاریی فێرکاری بە (م$^2$) لەسەر ئاستی گەرەك لە شاری هەڵەبجە ساڵی (2015 –2016) | 27 |
| 102 | بەهای پشتێنەی کاریگەر بۆ خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجە ساڵی (2015–2016) | 28 |
| 120 | بەهای دووری پێوانەیی بۆ خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجە ساڵی( 2016) | 29 |
| 124 | پۆلێنکردنی بەهاکانی نزیکترین دراوسێ بە پێی شێوازەکانی دابەشبوون | 30 |
| 124 | بەهاکانی نزیکترین دراوسێ بۆ خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجە (2015–2016) | 31 |
| 136 | خزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجە بەپێی پێوەری ژمارەی دانیشتوان ساڵی(2015–2016) | 32 |
| 137 | پێوەری ژمارەی مندالّ بۆ باخچەی مندالآن لەشاری هەڵەبجەدا (2015 –2016) | 33 |
| 137 | پێوەری ژمارەی خوێندکاری بۆ خوێندنگەی بنەرەتیی قۆناغی 1– 6لەشاری هەڵەبجە ساڵی (2015 –2016) | 34 |

| | | |
|---|---|---|
| 35 | پێورەی ژمارەی خوێندکار بۆخوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی 7–9 لەشاری هەڵەبجە ساڵی (2015– 2016) | 138 |
| 36 | پێورەی ژمارەی خوێندکار بۆخوێندنگە ئامادەییەکان لەشاری هەڵەبجە ساڵی(2015– 2016) | 138 |
| 37 | پێوەری ژمارەی پۆل بۆ باخچەی منداڵان لەشاری هەڵەبجە ساڵی(2015–2016) | 139 |
| 38 | پێوەری ژمارەی پۆل بۆ خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی 1–6 لەشاری هەڵەبجە ساڵی (2015– 2016) | 140 |
| 39 | پێوەری ژمارەی پۆل بۆ خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی 7–9 لەشاری هەڵەبجە ساڵی (2015– 2016) | 141 |
| 40 | پێوەری ژمارەی پۆل بۆ خوێندنگە ئامادەییەکان لەشاری هەڵەبجە ساڵی (2015–2016) | 141 |
| 41 | پێوەری ژمارەی خوێندکار بۆ پۆلی خوێندن لە باخچەی منداڵانی شاری هەڵەبجە ساڵی (2015–2016) | 142 |
| 42 | پێوەری ژمارەی خوێندکار بۆ پۆلی خوێندن لەخوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی 1– 6 لەشاری هەڵەبجە ساڵی(2015–2016) | 143 |
| 43 | پێوەری ژمارەی خوێندکار بۆ پۆلی خوێندن لەخوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی ( 7–9) لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015–2016 | 143 |
| 44 | پێوەری ژمارەی خوێندکار بۆ پۆلی خوێندن لەخوێندنگە ئامادەییەکانی شاری هەڵەبجە ساڵی(2015–2016) | 144 |
| 45 | پێوەری ژمارەی منداڵ بۆ مامۆستا لە باخچەی منداڵان لەشاری هەڵەبجە ساڵی ( 2015–2016) | 144 |
| 46 | پێوەری ژمارەی خوێندکار بۆ مامۆستا لە خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی ( 1– 6 ) لە شاری هەڵەبجە ساڵی 2015–2016 | 145 |
| 47 | پێوەری ژمارەی خوێندکار بۆ مامۆستا لە خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (7– 9) لەشاری هەڵەبجە ساڵی( 2015–2016) | 146 |
| 48 | پێوەری ژمارەی خوێندکار بۆ مامۆستا لەخوێندنگەی ئامادەیی لەشاری هەڵەبجە ساڵی (2015–2016) | 146 |
| 49 | پێوەری ڕووبەری گشتی بۆ باخچەی منداڵان لە شاری هەڵەبجە ساڵی ( 2015–2016) | 147 |
| 50 | پێورەی ڕووبەری گشتی لە خوێندنگەی بنەڕەتی قۆناغی 1–6 لە شاری هەڵەبجە ساڵی ( 2015–2016) | 148 |
| 51 | پێورەی ڕووبەری گشتی لە خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (7–9) لە شاری هەڵەبجە ساڵی ( 2015–2016) | 149 |
| 52 | پێوەری ڕووبەری گشتی لەخوێندنگەی ئامادەیی لە شاری هەڵەبجە ساڵی ( 2015– 2016) | 149 |

| | | |
|---|---|---|
| 150 | پێوەری بەشی خوێندکار لە ڕووبەری گشتی بۆ باخچەی منداڵان لەشاری هەڵەبجە ساڵی (2016-2015) | 53 |
| 150 | بەشی خوێندکار لەڕووبەری گشتی بۆ خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی(1-6) لە شاری هەڵەبجە ساڵی (2016-2015) | 54 |
| 151 | پێوەری بەشی خوێندکار لەڕووبەری گشتی خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی ( 7-9) لەشاری هەڵەبجە ساڵی( 2015- 2016) | 55 |
| 151 | پێوەری بەشی خوێندکار لەڕووبەری گشتی خوێندنگە ئامادەییەکان لەشاری هەڵەبجە (2015- 2016) | 56 |
| 152 | پێوەری دووری بۆخزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015 -2016 | 57 |
| 155 | کاتی گەیشتنی خوێندکاران بۆ خزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015-2016 | 58 |
| 157 | شوێنی باخچەی منداڵان بەپێی شەقام لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015-2016 | 59 |
| 158 | شوێنی خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (1-6 ) بەپێی شەقام لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015-2016 | 60 |
| 159 | شوێنی خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی7- 9 بەپێی شەقام لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015-2016 | 61 |
| 160 | شوێنی خوێندنگە ئامادەییەکان بەپێی شەقام لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015 -2016 | 62 |
| 162 | جێبەجێکردنی پێوەرەکانی پلاندانان بۆ خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی 1-9 لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015- 2016 | 63 |
| 163 | جێبەجێکردنی پێوەرەکانی پلاندانان بۆ خوێندنگەی دواناوەندیی لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015-2016 | 64 |
| 164 | جێبەجێکردنی پێوەرەکانی پلاندانان بۆ خوێندنگەی پیشەیی لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015-2016 | 65 |
| 165 | جێبەجێکردنی پێوەرەکانی پلاندانان بۆ خوێندنگەی خوێندنی خێرا لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015- 2016 | 66 |
| 166 | ئاستی ڕازی بوونی خوێندکار لەسەر خزمەتگوزاریی ناو باخچەی منداڵان و خوێندنگەکان لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015-2016 | 67 |
| 170 | پێشبینی کردنی زیادبوونی دانیشتوان لەشاری هەڵەبجە لەنێوان ساڵانی (2017- 2036) بە پێی گەشەی ساڵانە (1٪ و 3٪ و 5.16٪) | 68 |
| 173 | پێداویستی شاری هەڵەبجە بۆ خزمەتگوزاریی فێرکاری بە پێی گەشەی ساڵانە 1٪ لە ساڵی 2017-2036 | 69 |
| 175 | پێداویستی شاری هەڵەبجە بۆ خزمەتگوزاریی فێرکاری بەپێی گەشەی ساڵانە 3 ٪ ساڵی 2017- 2036 | 70 |
| 178 | پێداویستی شاری هەڵەبجە بۆ خزمەتگوزاریی فێرکاری بەپێی گەشەی ساڵانە 5.16 ٪ ساڵی 2017-2036 | 71 |
| 180- 181 | گەرەکە پێشبینی کراوەکان بۆ دابەشبوونی ژمارەی خزمەتگوزاریی فێرکاری بەپێی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان 1٪ بۆ ساڵی 2036 | 72 |

| | | |
|---|---|---|
| 73 | گەڕەکە پێشبینی کراوەکان بۆ دابەشبوونی ژمارەی خزمەتگوزاریی فێرکاری بەپێی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان 3٪ بۆ ساڵی2036 | 183 -182 |
| 74 | گەڕەکە پێشبینی کراوەکان بۆ دابەشبوونی ژمارەی خزمەتگوزاریی فێرکاری بەپێی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان 5.16٪ بۆ ساڵی2036 | 185 -184 |


## پێڕستی نەخشەکان


| ژمارە | ناونیشانی نەخشە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | شوێنی شاری هەڵەبجە بەگوێرەی هەرێمی کوردستانو عێراق | 11 |
| 2 | شوێنی شاری هەڵەبجە بەگوێرەی بازنەکانی پانیوهێڵەکانی درێژی | 12 |
| 3 | یەکە کارگێڕییەکانی پارێزگای هەڵەبجە ساڵی 2015 | 22 |
| 4 | شاری هەڵەبجە لە قۆناغی یەکەمدا ( 1977 -1987) | 33 |
| 5 | شاری هەڵەبجە لە قۆناغی دووەمدا (1987- 2002) | 35 |
| 6 | شاری هەڵەبجە لەقۆناغی سێیەمدا (2002- 2009) | 37 |
| 7 | شاری هەڵەبجە لە قۆناغی چوارەمدا (2002-2009) | 38 |
| 8 | فراوانبوونی شاری هەڵەبجە لەنێوان ( 1977 -2015) | 40 |
| 9 | دابەشبوونی شوێنی باخچەی منداڵان لەشاری هەڵەبجە ساڵی (2015- 2016) | 64 |
| 10 | دابەشبوونی شوێنی خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (1-6) لە شاری هەڵەبجە ساڵی (2015-2016) | 68 |
| 11 | دابەشبوونی شوێنی خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (7-9) لەشاری هەڵەبجە ساڵی (2015-2016) | 72 |
| 12 | دابەشبوونی شوێنی خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی(1-9)لە شاری هەڵەبجە ساڵی(2015-2016) | 74 |
| 13 | دابەشبوونی شوێنی خوێندنگە بنەڕەتییەکان لە شاری هەڵەبجە ساڵی ( 2015- 2016) | 76 |
| 14 | دابەشبوونی شوێنی خوێندنگە ئامادەییەکان لەشاری هەڵەبجە ساڵی (2015- 2016) | 79 |
| 15 | دابەشبوونی شوێنی خوێندنگەی ئامادەیی پیشەیی لەشاری هەڵەبجە ساڵی (2015- 2016) | 83 |
| 16 | دابەشبوونی شوێنی خوێندنگەی دواناوەندیی لە شاری هەڵەبجە ساڵی (2015- 2016) | 85 |
| 17 | دابەشبوونی شوێنی خوێندنگەی خوێندنی خێرا لە شاری هەڵەبجە ساڵی(2015- 2016) | 87 |
| 18 | پشتێنەی کاریگەری باخچەی منداڵان لەشاری هەڵەبجە ساڵی( 2015- 2016) | 104 |
| 19 | پشتێنەی کاریگەری خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (1- 6) لەشاری هەڵەبجە ساڵی (2015- 2016) | 106 |
| 20 | پشتێنەی کاریگەری خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (7-9) لە شاری هەڵەبجە ساڵی (2015- 2016) | 107 |
| 21 | پشتێنەی کاریگەری خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (1-9) لە شاری هەڵەبجە ساڵی (2015- 2016) | 108 |

| | | |
|---|---|---|
| 22 | پشتێنەی کاریگەری خوێندنگەی ئامادەیی لەشاری هەڵەبجە ساڵی (2015– 2016) | 109 |
| 23 | پشتێنەی کاریگەری خوێندنگەی ئامادەیی پیشەیی لەشاری هەڵەبجە ساڵی ( 2015– 2016) | 111 |
| 24 | پشتێنەی کاریگەری خوێندنگەی دواناوەندیی لەشاری هەڵەبجە ساڵی (2015– 2016) | 112 |
| 25 | پشتێنەی کاریگەری خوێندنگەی خوێندنی خێرا لەشاری هەڵەبجە ساڵی (2015– 2016) | 113 |
| 26 | خاڵە سەنتەرییەکانوئاڕاستەی دابەشوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجە ساڵی (2015– 2016) | 115 |
| 27 | ئاڕاستەی دابەشوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجە ساڵی (2015– 2016) | 118 |
| 28 | دووری پێوانەیی بۆ خزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجە ساڵی ( 2015– 2016) | 121 |
| 29 | شوێنی خزمەتگوزاریی فێرکای بەپێی شەقام لەشاری هەڵەبجە ساڵی (2015– 2016) | 161 |


## پێرستی شێوەکان


| ژمارە | ناونیشانی شێوە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | تێکڕای مانگانەی پلەکانی گەرما لە شاری هەڵەبجە لە نێوان ساڵانی (2005– 2015) | 16 |
| 2 | خزمەتگوزاری فێرکاری لەشاری هەڵەبجە ساڵی ( 2007– 2008) | 51 |
| 3 | هەرەمی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە بۆ ساڵی 2016 | 59 |
| 4 | خوێندکارو مامۆستاو پۆلی خوێندنی خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (1–6) لەشاری هەڵەبجە ساڵی (2015–2016) | 67 |
| 5 | خوێندکارومامۆستاو پۆلی خوێندنی خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی(7– 9) لە شاری هەڵەبجە ساڵی (2015–2016) | 71 |
| 6 | خوێندکارومامۆستاو پۆلی خوێندنی خوێندنگەی ئامادەیی ئەکادیمی لەشاری هەڵەبجە ساڵی (2015– 2016) | 78 |
| 7 | خوێندکارو مامۆستاو پۆلی خوێندنی خوێندنگەی پیشەیی لەشاری هەڵەبجە ساڵی (2015–2016) | 81 |
| 8 | ژمارەی خوێندکار بەپێی پۆلی خوێندنو ژمارەی مامۆستا لەخوێندنگەی دواناوەندیی لە شاری هەڵەبجە ساڵی(2015– 2016) | 84 |
| 9 | خوێندکار و مامۆستاو پۆلی خوێندنی خوێندنگەی خێرا لەشاری هەڵەبجە ساڵی (2015–2016 ) | 86 |
| 10 | بەهای نزیکترین دراوسێ بۆ شێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجە ساڵی (2015– 2016) | 125 |
| 11 | بەهای نزیکترین دراوسێ بۆ شێوازی دابەشبوونی باخچەی منداڵان لەشاری هەڵەبجە ساڵی (2015– 2016) | 127 |
| 12 | بەهای نزیکترین دراوسێ بۆ شێوازی دابەشبوونی خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (1– 6) لەشاری هەڵەبجە ساڵی (2015– 2016) | 128 |
| 13 | بەهای نزیکترین دراوسێ بۆ شێوازی دابەشبوونی خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (7– 9) لەشاری هەڵەبجە ساڵی (2015–2016) | 129 |

| | | |
|---|---|---|
| 14 | بەهای نزیکترین دراوسێ بۆ شێوازی دابەشبوونی خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (1–9) ساڵی (2015–2016) | 130 |
| 15 | بەهای نزیکترن دراوسێ بۆ شێوازی دابەشبوونی خوێندنگەی ئامادەیی لەشاری هەڵەبجە ساڵی (2015– 2016) | 131 |
| 16 | بەهای نزیکترن دراوسێ بۆ شێوازی دابەشبوونی خوێندنگەی پیشەیی لەشاری هەڵەبجە ساڵی (2015– 2016) | 132 |
| 17 | بەهای نزیکترین دراوسێ بۆ شێوازی دابەشبوونی خوێنگەی دواناوەندیی لەشاری هەڵەبجە ساڵی (2015– 2016) | 133 |
| 18 | ژمارەی پێشبینی کراوی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە (2017 –2036) | 171 |


## پێرستی وێنەکان


| ژمارە | ناونیشانی وێنە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | ڕێگای خوێندنگەی مەولەوی بنەڕەتیی | 19 |
| 2 | باخچەی مندالآنی خونچە بەپێی شەقام لە شاری هەڵەبجە ساڵی2015–2016 | 158 |
| 3 | نموونەیەك لە شوێنی خوێندنگە بنەڕەتییەکان قۆناغی (1 –6) بەپێی شەقام لەشاری هەڵەبجە ساڵی(2015–2016) | 159 |
| 4 | نموونەیەك لە شوێنی خوێندنگە ئامادەییەکان بە پێی شەقام لەشاری هەڵەبجە ساڵی (2015– 2016) | 160 |
| 5 | خوێندنگەی ئامادەیی ئەحمەدمختار جاف کوڕان | 167 |


## پێرستی پاشکۆکان


| ژمارە | ناونیشانی پاشکۆ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | دەست نیشانکردنی سنوری پارێزگای هەڵەبجە | 203 |
| 2 | بەستنەوەی ناحیەی بەمۆ بە پارێزگای هەڵەبجەوە | 203 |
| 3 | فەرمانی هەرێمی پچرانی ناحیەی بەمۆ و بەستنەوەی بە پارێزگای هەڵەبجەوە | 204 |
| 4 | فەرمانی وەزاری بەستنەوەی ناحیەی بەمۆ بە پارێزگای هەڵەبجەوە | 204 |
| 5 | دابەشبوونی ژمارەی دانیشتوان لە قەزای هەڵەبجە لەنێوان (1977– 2015 ) | 205 |
| 6 | خوێندنگەی هەڵەبجەی دووەم لە ساڵی خوێندنی ( 1955– 1956) | 206 |
| 7 | چالاکی خوێندنگەکانی هەڵەبجە لەساڵانی شەستەکاندا | 207 |
| 8 | پێوەرەکانی پلاندانانی خزمەتگوزاریی فێرکاری لەعێراق و جیهان و هەندێك ولاتی تردا | 208– 210 |
| 9 | چۆنیەتی گەیشتنی مندالآنوخوێندکاران بە خزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجە ساڵی2015–2016 | 211 |
| 10 | فۆرمی ڕاپرسی | 212–215 |

## پێشەکی

خزمەتگوزاریی فێرکاری یەکێکە لە گرنگترین خزمەتگوزارییەکانو بۆ مانەوەو گەشەکردنی مرۆڤ و درێژەدان بە ژیانێکی باشتر لە کۆمەڵگەدا پێویستە، لەگەڵ پێش کەوتنی شارستانیەتدا پێداویستی مرۆڤ بۆ فێربوون و زانینو گەڕان بەدوای زانستدا ڕووی لە زۆر بوون کرد، فێربوونیش مافێکە پێویستە هەموو کەس هەیبێت و بۆیە بەپێداویستیەکی گرنگی دانیشتوان هەژمار دەکرێت لە هەر شوێنێك لەهەر کۆمەڵگەیەك بێت. بەهاو گرنگی ئەم خزمەتگوزارییە لەوەدایە کە جگە لە فێربوون پەروەردەش کارێکی سەرەکیتریەتی و لەڕێگەی ئەم خزمەتگوزارییەوە منداڵان و خوێندکاران فێر دەبن لەتەمەنی باخچەی منداڵانەوە تاکو قۆناغی پێش زانکۆش وادەکات بیرومێشکی منداڵان و خوێندکاران بکرێتەوە بەڕووی دەوروبەرەکەی و جیهانی دەرەوەشدا، بێگومان خزمەتگوزاریی فێرکاری خزمەتی هەموو کۆمەڵگە دەکات بەگشتی و ئەوگروپی تەمەنیش کە لە پرۆسەکەدان لەنێوان 4–17 ساڵیدایە، ئەمە جگە لەوەی کە چەندین گروپی تەمەنی تر زۆر زیاتر لەوە بەپێشکەش کردنی زانست و زانیاری بۆ هەموو کۆمەڵگە بەگشتیو گروپی پێك هاتەی تەمەن لە ڕووی فێرکاریەوە بەتایبەتی ئەنجامدەدەن، بۆیە لە ڕێگەی ئەم خزمەتگوزارییەوە دەکرێت گەشەپێدان لەکۆمەڵگەدا بەردەوامی هەبێت و بەئاراستەی باشتردا هەنگاو بنێت ئەمانەش پەیوەندیی بەهێزی بەپێکهێنانی داهاتووەوە هەیەو دەکرێت ببەسترێنەوە بە سەرجەم لایەنەکانی ئابوری و کۆمەڵاتی و ڕۆشنبیری و سیاسیشەوە.

خزمەتگوزاریی فێرکاری لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی تر لەڕووی پێکهێنانی قۆناغەکانییەوە جیاوازە ، لەهەرێمی کوردستانیشدا لەبەر ڕۆشنایی پلانی وەزارەتی پەروەردەو تایبەت بەم خزمەتگوزارییە و پاش بەدواداچونمان بۆ بابەتەکە بۆمان ڕوون بۆتەوە کەوا ئەم خزمەتگوزارییە لە ناوچەی توێژینەوە قۆناغی باخچەی منداڵان تاکو قۆناغی ئامادەیی (پێش زانکۆ) دەگرێتەوە. بۆیە ئێمەش بەهەمان شێوە پەیڕەومان کردووە، واتە تەنها ئەو باخچە و خوێندنگەیانەمان وەرگرتووە کەوا لەچوارچێوەی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمدان و باخچەو خوێندنگەی ئەهلی یاخود خوێندنگەی سەر بەحکومەتی عێراقیمان وەرنەگرتووە، کەوا بەهۆی دۆخی سیاسیەوە ئێستا لەشارەکەدا خاوەنی چەند خوێندنگە یەکن.

**هۆکاری هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە:**

هۆکاری سەرەکی بۆ هەڵبژاردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە حەزی توێژەر بۆ بابەتی خزمەتگوزاریی بەگشتیو فێرکاریش بەتایبەتی ، بەمەبەستی خزمەتکردنی ناوچەی لێکۆڵینەوە کە شاری هەڵەبجەیە و دووچاری نەهامەتی زۆر هاتووە لەگەڵ ڕۆڵ و گرنگییان لە ژیاندا وەك پێداویستیەکی سەرەکی بۆ هەموو تاکێك و کەمی لێکۆڵینەوەی زانستی لە بابەتی خزمەتگوزاریی فێرکاری بەشێوەیەکی ورد لە ناوچەکە، هۆکار بوون بۆ توێژەر بۆ هەڵبژاردنی بابەتەکە.

**کێشەی لێکۆڵینەوە:**

گرفتی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە ناڕێکی دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجە،

بە تایبەت دوای زیادبوونی دانیشوانی شارەکە، بوونی ناڕێکی لە دابەشبوونیان بەهۆی نەبوونی پلانی تایبەت بە دروستکردنو دامەزراندنی بینای نوێ هەروەها گەشەی دانیشتوان و لایەنی ئابووری و سیاسیش دەکرێت بە فاکتەرێکی تری ئەو دابەشبوونە ناڕێکە هەژمار بکرێت.

**گریمانەی لێکۆڵینەوە:**

1. ژمارەی باخچەی منداڵانو هەندێك لە قۆناغەکانی تری خوێندن لەگەڵ ژمارەی دانیشتوان گونجاو نییە.
2. شێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری خۆی لەچەندین شێوەدا دەبینێتەوە وەك (کۆبووەوەی ناڕێكو مەیلەوهەڕەمەکیو پەرشوبڵاوی ناڕێك) ئەمەش لە ئەنجامی ناڕێکی دابەشبوونی خزمەتگوزارییەکەو فراوانبوونی شارە بەشێوەیەکی خێراو بەهەند وەرنەگرتنی پێوەرەکانی پلاندانانە.
3. دابەشبوونی ئەم خزمەتگوزارییە لەڕاستیدا بەشێوەیەکە کەوا هەندێکیان لەنزیك هەندێك شوێنی نەگونجاودان یان شوێنیان بەگوێرەی شەقام هاوتای پێوەرەکانی پلاندانان نییە.
4. جیاوازیی دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری لەسەر ئاستی گەڕەکەکان و هاوتا نەبوونی هەندێکیان بەراورد بەپێوەرەکانی پلاندانان.

**گرنگی لێکۆڵینەوەکە:**

گرنگی ئەم لێکۆڵینەوە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەخەینە ڕوو.

1. خزمەتگوزارییەکان بەگشتیو فێرکاری بەتایبەت یەکێکە لەکەرتە گرنگەکانو ڕۆڵێکی گەورەی لە پێشخستنی کۆمەڵگەو زیندوو ڕاگرتنیدا هەیە.
2. مێژووی کۆنی شارەکەو سەرهەڵدانی ئەم خزمەتگوزارییەو زیندووکردنەوەی، هەروەها گەشەی دانیشتوانو فراوانبوونی شارەکەش پێداویستی بەوە هەیە کەوا لە لێکۆڵینەوەیەکی ورددا باسیان لێوە بکرێت.

**ئامانجی لێکۆڵینەوە:**

1. دەرخستنی شێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجە .
2. زانینی پەیوەندیی نێوان خزمەتگوزاریی فێرکاری وچۆنیەتی گەشەکردنی لە ناوچەکەدا بەپێی چەند قۆناغێکی جیاواز.
3. هەڵسەنگاندنی ئەم خزمەتگوزارییە لەڕووی پێوەرەکانی پلاندانانەوە لەگەڵ بەراورد کردنیان بەهەندێك لەپێوەرەکانی پلاندانان.
4. دەرخستنی گرفت و کێشەکان لەم خزمەتگوزارییەدا بەتایبەت لەڕووی دابەشبوونەوە لەناوچەکەدا.
5. پاش زانینی دۆخی ئەم خزمەتگوزارییەو دابەشبوونی ئامانجمان هەوڵدانە بۆ ئەوەی هاوسەنگی بۆ دابەشبوونی ئەم خزمەتگوزارییە بگێڕینەوە، هەروەها هەوڵدانە بۆ پێشبینی کردنی ئەم خزمەتگوزارییە بۆ دەیان ساڵی داهاتوو لەڕووی ژمارەو ڕووبەرو دابەشبوونیان لەسەر ئاستی گەڕەکەکانی شاری هەڵەبجە.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:**

هەموو لێکۆڵینەوەك کە ئەنجام دەدرێت وا پێویست دەکات کەوا لەسەر ڕێبازێك یان چەند ڕێبازێکی زانستی بڕوات بەمەبەستی زیاتر سوود بەخشین بەبابەتی لێکۆڵینەوەکە، لەم ڕوانگەوە ئێمەش پشتمان بە بەکارهێنانی ڕێبازی (مێژووی و بەراوردکاری و شیکردنەوە) بەستووە ئەمەجگە لە بەکارهێنانی چەندین ئامرازو هاوکێشە لەبەرنامەی سیستەمی زانیارییە جوگرافیەکان( GIS) ).

بەکارهێنانی ڕێبازی مێژووی لەم لێکۆڵینەوەدا بۆ دەرخستنی دۆخی ئەم خزمەتگوزارییە لە ناوچەکەدا بەپێی گەشەی دانیشتوانو گەشەی شار و گەورەبوون و فراوانبوونی، لەگەڵ بەکارهێنانی ڕێبازی بەراوردکاری تەواوکەرە بۆ خستنەڕووی جیاوازیەکانی نێوان ئەم خزمەتگوزارییە لەڕووی دابەشبوونەوە لەچەندین قۆناغی جیاوازدا کەوا شارەکە پێیدا گوزەری کردووە، هەروەها ڕێبازی شیکردنەوەش بۆ شیکردنەوەی ئەو داتاو زانیاریانەی کەوا توێژەر کۆیکردۆتەوە لە ئەنجامی گەڕان بە فەرمانگەکانی پەیوەندار بە بابەتەکەمان و سەردانی مەیدانی و چاوپێکەوتنەکانەوە پاشان نواندنیانە لە لێکۆڵینەوەکەماندا لەشێوەی خشتەو نەخشەوشێوەو وێنەدا.

**هەنگاوەکانی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە:**

1. کۆکردنەوەی داتاو زانیاری تایبەت بە بابەتەکەمان ئەمەش بە دوو شێوە بوو:

أ- کۆکردنەوەی داتاو زانیاری لەڕێگەی کتێبخانەکانەوە واتە داتاو زانیاری (مکتبی) ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لە کتێب و گۆڤار و نامە زانستییەکان و سەرچاوە حکومیەکان و نەخشەو زانیاری تۆڕەکانی ئینتەرنێت.

ب- کۆکردنەوەی داتاو زانیاری بەڕێگەی مەیدانی : ئەمەش سەردانی ڕاستەوخۆی توێژەر دەگرێتەوە بۆ خوێندنگەکان بەمەبستی کۆکردنەوەی داتاو زانیاری بەتایبەتی بواری شوێنی خوێندنگەکان و بینینی بیناو پێوانەکردنی ڕووبەریان،پاشان بەستنەوەو بەراوردکرنیان بەیەکتری بەپێی پلانی لێکۆڵینەوەکەمان، لەگەڵ فۆڕمی ڕاپرسی بۆ ئەم مەبەستەش (650) فۆڕم بەکارهاتووە، ئەم ژمارەیەش زیاتر لە(0.9٪)ی کۆی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە بەپێی داتایساڵی 2016 دابەشکردنی فۆڕمەکان بۆ سەرجەم خزمەتگوزارییەکان بەشێویەکی ڕێژەیی واتە بەپێی ڕێژەی خوێندکاری قۆناغەکان دابەشکراوە بەسەر باخچەی منداڵان و خوێندنگەکاندا بەڵام بەشێوەیەکی هەڕەمەکی فۆڕمەکانی هەریەك لە قۆناغە جیاوازەکان دابەشکراوە بەسەر خوێندکاراندا ، ئەم هەنگاوەش بەمەبەستی زانینی چەندین زانیاری لەسەر دۆخی خوێندنگەو خوێندکاران و هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزارییەکە بەگشتی، پاشان چاوپێکەوتنەکانمان لەگەڵ کەسانی شارەزاو پسپۆڕ لەبابەتی لێکۆڵینەوەکە کردووە ئەمەش بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە بەزانیاری پێویست بەتایبەت ئەو زانیاریانەی کەزۆر بەکەمی لەسەرچاوە مەکتەبیەکاندا ئاماژەیان بۆکراوە، یان ئەو زانیاریانەی کەوا بەهۆی دۆخی ناوچەکەوە تووشی لەناوچوون بوون .

2. هەنگاوی دووەممان خستنەڕووی ئەوداتاو زانیاریانەیە لەشێوەی خشتەو نەخشەو شێوەو وێنەدا

ئەمەش لەڕێگەی بەکارهێنانی چەند پرۆگرامێکی کۆمپیوتەرییەوە، لەوانەش بەکارهێنانی بەرنامەی (Arc GIS Arc Map 10.2.2) و چەندین هاوکێشەی ئاماری بۆ زانینی ئاڕاستەو شێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجە لەوانەش (Standard Distanceو Direction Distrbeutionو Nearst Nighber) بۆ نواندنی نەخشەی دابەشبوون و شێوازی داشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری ، لەگەڵ بەکارهێنانی وێنەی ئاسمانی مانگی دەستکرد ( Satellite Image)ی ناوچەی لێکۆڵینەوەو بەرنامەی (Google Earth Proو Flash Earth) لەگەڵ بەکارهێنانی ئامێری (GPS) بۆ دەست نیشان کردنی شوێنی ئەسترۆنۆمی زۆرێك لەخزمەتگوزارییەکان و جێگیرکردنیان لە نەخشەی ناوچەی لێکۆڵینەوەدا.

3. بەکارهێنانی بەرنامەی ( Excel . Growth Compatibility mode ) بۆ بابەتی گەشەی دانیشتوان.

**سنووری لێکۆڵینەوە:**

1. ڕەهەندی شوێنی: شوێنی شاری هەڵەبجە دەگرێتەوە و کەوتۆتە سەر بازنەی پانی (35° 12¯ 45= – 35° 08¯ 58=) باکور و هێڵی درێژی (45° 57¯ 55= – 46° 01¯ 55=) ڕۆژهەلات، ڕووبەری شارەکەش لە ساڵی 2016 (2568.95) هێکتارەو ژمارەی گەڕەکەکانی (40) گەڕەکەو ژمارەی دانیشتوانیش بۆ هەمان ساڵ (68827) کەسن.
2. ڕەهەندی کاتی: بەپێی ئەو داتایانەی کەوا لە توێژینەوەکەدا بەکارهاتووە ماوەی لێکۆڵینەوە (1977– 2016)یە کە بۆ چوار قۆناغ دابەشکراوە ، قۆناغی یەکەم (1977–1987) قۆناغی دووەم (1987–2002) قۆناغی سێیەم (2002–2009) قۆناغی چوارەم (2009–2015)، لەگەڵ ساڵی 2016 کەوا دۆخی خزمەتگوزارییەکەیە لەناوچەی لێکۆلینەوەدا، ئەمە جگەلەوەی کەوا باسی مێژووی خزمەتگوزاریەکەو سەرەتای سەرهەڵدانی لەشاری هەڵەبجەدا کراوە، لەگەڵ داهاتووی ئەم خزمەتگوزارییە تاکو ساڵی (2036).

**گرفتەکانی بەردەم ئەم لێکۆڵینەوەیە :**

لەکاتی لێکۆڵینەوەی بابەتێکی لەم جۆرەدا ، بەئاسانی توێژینەوەی لەسەر ئەنجام نادرێ بەڵکو چەندین ئاستەنگ بۆ توێژەر دێنە پێش لەوانەش:

1. کەمی سەرچاوەی زانستی تایبەت بەجوگرافیای خزمەتگوزاریی بەگشتی و خزمەتگوزاریی فێرکاری بەتایبەتی.
2. لەکاتی دروستکردنی نەخشەی ئەم پارێزگا نوێیە گرفتمان بۆ دروستبووە بەهۆی نەبوونی نەخشەیەکی نوێی پارێزگاکە، بەڵام بە پشت بەستن بەو فەرمانو نوسراوانەی کەوا لە لایەن حکومەتی هەرێمو ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەرکراوە تایبەت بە دروستکردنو جیاکردنەوەی سنوری پارێزگای هەڵەبجە، هەوڵماندا ئەو نەخشەیە دروستبکەینو ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کاتێکی زیاترمان پێویستبێت لە لێکۆڵینەوەکەدا.

3. ئەو داتاو زانیاریانەی کەوا لە فەرمانگەکان هەبوون کەم و کورتی تێدا بووە، بەتایبەتی شاری هەڵەبجەش کە چەندین جار توشی کارەسات و وێران بوون بۆتەوە ئەمەش بێگومان کاریگەری لەسەر لەناوچونی بەشی زۆری داتا و زانیاری بووە لە هەموو بوارێکدا، بەڵام ئێمە هەوڵماندواە لەڕێگەی چاوپێکەوتنەوە تاڕادەیەك ئەو کێشەیە کەمکەینەوە.

4. لەکاتی هەوڵدان بۆ دروستکردنی نەخشەی شارو ژمارەی گەڕەکەکانیو دابەشبوونی دانیشتوان لەسەر ئاستی گەڕەکەکان، گرفتی جیاوازی لەسنوور و ڕووبەرو ژمارەی گەڕەکەکانی شاری هەڵەبجە هەبووە، لەلایەن فەرمانگەی ئامارو شارەوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە کە دوو نەخشەی جیاوازی هەبووە، ئەمەش وایکرد ماوەیەکی زیاتر سەرقاڵی دروستکردنی نەخشەی شارەکە ببین .

5. لەماوەی لێکۆڵینەوەکەماندا بەتایبەت لەکاتی سەردانە مەیدانییەکانو دابەشکردنی فۆڕمی ڕاپرسی بەسەر خوێندنگەکاندا هەندێك لە بەڕێوەبەرەکان وەك پێویست هاوکارمان نەبوون بەبیانووی ئەو دۆخە ناهەموارەی کەوا هەرێمی کوردستان تێیدابوو، بەردەوام بوونی بایکۆتی خوێندنگەکان و دواکەوتنیان لە وانەکان وایکرد ماوەیەکی زۆر سەرقاڵی گەڕان بین لەناوچەکەداو تاکو کاری دابەشکردنی فۆڕمەکان و کۆکردنەوەیان کۆتای بێت. هەربۆیە ئەم کێشانە ماوەیەکی زۆر و کاتێکی زیاتری بۆ توێژەر زیادکرد.

**پلانی لێکۆڵینەوەکە:**

بۆئەوەی بەباشی ئامانجی لێکۆڵینەوەکەمان دەستکەوێت و بگەینە ئەنجامەکان لەم لێکۆڵینەوەدا هەوڵماندواە پلانی لێکۆڵینەوەکە دابەش بکەین بۆ پێشەکیەك و پێنج بەش و ئەنجام و ڕاسپاردەو لیستی سەرچاوەو پاشکۆ و پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە هەر دوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی ، لەو بەشانەشدا (74) خشتە و (29) نەخشە و (18) شێوە و (5) وێنە بەکارهێنراوە، هەریەك بەش لە بەشەکانیش بەسەر چەند باسێکدا دابەش کراوە بەم شێوەی خوارەوە:

بەشی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری بابەتەکەیە ئەمەش دابەشکراوە بەسەر سێ باسی سەرەکیدا باسی یەکەم تایبەتە بەوەسفی جوگرافیی ناوچەی لێکۆڵینەوەو لەباسی دووەمدا باری کارگێڕی شارەکە باسکراوە لەباسی سێیەمیش چەمك و زارەوەکانی لێکۆڵینەوەکە خراوەتە ڕوو.

بەشی دووەمیش بۆ زیادبوونی دانیشتوانوخزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجە تەرخانکراوە کە بۆ دوو باسی سەرەکی دابەشکراوە لەباسی یەکەمدا زیادبوونی دانیشتوان لەشاری هەڵەبجەداو لەباسی دووەمدا زیادبوونی خزمەتگوزاریی فێرکای لەشاری هەڵەبجە خراوەتە ڕوو.

لەبەشی سێیەمیش دۆخی خزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجەدا نیشاندراوە ئەمەش بەسەر سێ باسی سەرەکیدا دابەشکراوە باسی یەکەم دابەشبوونی جوگرافیی دانیشتوان و باسی دووەم بۆ دابەشبوونی شوێنی و ڕێژەی خزمەتگوزاریی فێرکاری بەپێی قۆناغەکانی خوێندن لەشاری هەڵەبجەدا تەرخانکراوە، باسی سێیەمیش باس لەدابەشبوونی ڕێژەی خزمەتگوزاریی فێرکاری و بیناو ڕووبەریان بەپێی قۆناغەکانی خوێندن لەسەر ئاستی گەڕەك.

بەشی چوارەم باس لەشیکردنەوەی تایبەتمەندی شوێنی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجە کراوە کەبۆ دوو باسی سەرەکی تەرخانکراوە باسی یەکەم ئاڕاستەی دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری ، باسی دووەم شێوازی دابەشبوونی ئەو خزمەتگوزارییە لەشاری هەڵەبجە نیشاندراوە .

بەشی پێنجەم و کۆتایش پێوەرەکانی پلاندانان وداهاتووی خزمەتگوزاریی فێرکای لەشاری هەڵەبجەدا باسکراوە لە دوو باسی سەرەکیدا، باسی یەکەم پێوەرەکانی پلاندانانی خزمەتگوزاریی فێرکاری باسکراوە، لە باسی دووەمدا داهاتووی خزمەتگوزای فێرکاری تاکو ساڵی 2036 خراوەتە ڕوو .

## بەشی یەکەم :چوارچێوەی تیۆری

### باسی یەکەم : وەسفی جوگرافیی ناوچەی لێکۆڵینەوە:

### یەکەم: مێژووی شاری هەڵەبجە.

ئاشکرایە کە مێژوو بابەتێکی گرنگی زۆرێك لە لێکۆڵینەوە زانستیەکانە، سەبارەت بەزانستی جوگرافیاش ئەو ڕۆڵە گرنگەی هەیە چونکە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت باس لە جوگرافیای ناوچەیەك بەپێی سەرجەم قۆناغە مێژووییەکان بکرێت، کە ناوچەکەی پێدا تێپەڕیووە، مێژووی هەڵەبجە و دروستبوونی زۆر کۆنەو خاوەن پێگەیەکی جوگرافی گرنگ بووە. لەڕووی سیاسی و ئابوری و سەربازییەوە، لەبەرئەوە لە سەرەتای دروست بوونیەوە مەیدانی گەلێك ڕووداوی جیاجیا بووەو مێژووی هەڵەبجەش بۆ(1300)ی پێش زایین دەگەڕێتەوە لەکاتی داگیرکردنی ناوچەکە لەلایەن سەرجۆنی ئەکەدییەوە ناوی بە (هارهار) هاتووە، بۆماوەیەکیش پایتەختی لۆلۆییەکان بووە[1]. هەموو ئەو ئاسەوارە کۆنانەشی هەبوون و دۆزراونەتەوە ئەوە دەسەلمێنن و چەندین جار تووشی لەناوچوون و سوتاندن هاتووە، وەك لە ساڵی (829)پ.ز ئاشورییەکان ناوچەکەیان داگیرکردووە، شارەزوور و هەڵەبجەش کە لەمێژوودا لەوکاتەدا بە (کارخی) بەناوبانگ بووە بووەتە بەشێك لەناوچەکانی ژێردەستی ئاشورییەکان[2]. بەم شێوەیە مێژووی کۆنی شارەکەو ئەو داگیرکاری و وێرانکارییەی کە بەسەریدا هاتووە بووەتە فاکتەرێك بۆسەلماندنی کۆنی ئەم شارە، سەبارەت بە بنیادنانی ئەم شارەش هاوڕابونێك لەسەرئەوە هەیە، هەڵەبجە دوای ساڵی (1700)ز عەشیرەتی جاف لە ئەنجامی سەرشۆڕنەکردنیان بۆ میری ئەردەڵان لەجوانڕۆوە کۆچیان کردووە بۆ هەڵەبجە ئەمەش بەسەرەتای دووبارە دروست کردنەوەی شارەکەوگەشەکردنی دادەنرێت[3]. هەرلەم کاتە بەدواوە خەڵکی وردەوردە ڕووی تێکردوەو بنەماڵەی جافەکان، کە تاکو ئێستاش بە(13) ماڵە ناو دەبرێن لەگەڕەکی پاشادا نیشتەجێبوون، کە ئێستا لەسەنتەری شار دایە، ڕەشماڵیان هەڵداوەو پاشان دەست بە بنیادنانی خانووکراوە، هەروەها چەندین خێزانی جولەکەش ڕوویان لە ناوچەکە کردبوو گەڕەکی جوولەکەکان دروستکراوە، هەر بۆیە ئاوەدانی زیاتر بەشارەکەوە بینراوەو هەر لەو سەردەمەدا بوو (گەڕەکی پیرمحمدیش) ئاوەدانیی تێکەوتووە[4]. ناکرێت ئەوەش لەبیربکرێت دەوڵەمەندی ناوچەیەك لەڕووی دەرامەتی سروشتی وەك خاك و دەرامەتی ئاوی دەبێتە هۆی ڕاکێشانی دانیشتوان بۆ ئەو ناوچەیە، ئەمەش لەشاری هەڵەبجەدا ڕەنگدانەوەی خۆی هەبووە، چونکە خاوەنی خاکێکی بەپیت بووەو لەڕووی سەرچاوەی ئاویشەوە دەوڵەمەند بووە، هەر لەبەرئەوەش چەندین خێزان لە شارەکانی ترەوە بۆ ئەم شارە هاتوون، بەگشتی لەسەرەتادا بەشێکی زۆریان لەخێزانی جوولەکە بوون و لەو سەردەمەدا لە

---

(1) نجم محمد، پانۆرامای شالاو وێران کاری و داگیرکاری بۆسەر هەڵەبجە لە مێژووی کۆن و نوێدا، گۆڤاری هەڵەبجە، ژمارە(3)، چاپخانەی سان، سلێمانی، 2005، ل6–12.

(2)عادل صدیق، هەڵەبجە(1889–1930)، لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی سیاسیە، چاپی یەکەم، کۆمپانیای چاپ وپەخشی نوسەر، سلێمانی 2008، ل20–21.

(3) بکر حمە صدیق، لاپەڕەیەك لەمێژووی هەڵەبجە، چاپی دووەم، چاپەمەنی گەنج، هەڵەبجە،2007، ل7.

(4) حکیم مەلاصالح، هەڵەبجە لەئامێزی مێژوودا، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، 2004، ل10–12.

لەناوچەکانی هەرێمی کوردستاندا ژیاونو پاش هاتنیان(*). بۆ شاری هەڵەبجە بەسەربەستی ژیانیان لەگەڵ موسڵمانو سەرجەم خەڵکی شارەکەدا بەسەر بردووە، ئەمانەش ڕۆڵێکی بەرچاویان لە ئاوەدان کردنەوەی شارو کاری بازرگانیو بوژاندنەوەی بازاڕدا گێڕاوە(1). بێگومان شارێکیش بەوشێوەیە مێژووی کۆنی هەبێت بیروبۆچونی زۆرو جیاوازی لەبارەیەوە هەیە بەشێوەیەك ئەگەر باس لەناوی شاری هەڵەبجە بکرێت ئەوا چەند بۆچونێك دێتە ئاراوە(**). ئایا بنەڕەتی ئەم ناوە لەچییەوە هاتووە، گۆڕانکارییە ڕامیارییەکانیش لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا وەك کۆتایی هاتنی دەسەلاٌتی میرنشینی ئەردەلاٌن لە شاری سنەو میرنشینی بابان لە سلێمانی کاریگەری لەسەر گۆڕینی قورسایی دانیشتوان هەبووە لەوکاتەدا (شاری گوڵعەنبەر) کە خورماڵی ئێستایە وەك شارێکی سەرەڕێگای شاخاوی پێگەی سەربازی نەما ئەمەش وایکرد کە شاری هەڵەبجە بەردەوام لە گەشە کردنو فراوانبوندا بێتو گوڵعەنبەریش وەك شارۆچکەیەك بمێنێتەوە(2). ئەمانەش بوونەتە هۆی ئەوەی لەو سەردەمەدا شارەکە زیاتر گەشە بسێنێت، لە ڕووی ڕواڵەتی شارستانییەوە چەندین بیناو مزگەوت بنیاد نراوە، لە نموونەی ئەمانەش (مزگەوتی گەورەی شاری هەڵەبجە) کە مێژووی دروستبوونی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1712)ز مزگەوتی تەکیە لەساڵی (1800)ز لە گەڕەکی جوولەکەکان دروستکراوە. بەم شێوەیە شارەکە گەشەی بەردەوام بووەو بینای نیشتەجێبوون زیادی کردووە تاساڵی (1870)(3).

لەم ساڵەوە ئیتر شاری هەڵەبجە گۆڕانکاریەکی گەورەی بەسەردا هاتووەو بەتایبەت پاش ئەوەی کە

---

*سەبارەت بەهاتنی جولەکەکان بۆ هەڵەبجە تائێستا بەڵگەیەکی ڕوون لەبەردەستدا نییە کە پێمان بڵێت جولەکەکان لەوساڵەدا هاتوون و نیشتەجێبوون ئەمەش نابێتەخاڵی لاواز سەبارەت بەڕۆڵ و بوونیان لە ناوچەکەدا چونکە ئەمانە دەیان ساڵ لەگەڵ دانیشتوانی شارەکەدا پێکەوە ژیانیان بەسەر بردووە.

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

عادل صدیق، چەندلاپەڕەیەك لەمێژووی هەڵەبجە زنجیرە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوییە،چاپخانەی کەمال ، سلێمانی،2011،ل48.

(1) ئەحمد باوەڕ، جولەکەکانی کوردستان(بنەچەیان– دابونەریتیان– هۆی کۆچکردنیان) چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، 2000، ل54.

** بۆچوونی زۆر لەسەر ناوی شارەکە هەیە.

– هەندێك دەڵێن لەوشەی (عەجەب جای) فارسیەوە هاتوە واتە شوێنێکی سەرسوڕهێنەر چونکە ئاوهەوای خۆشو سروشتێکی جوانی بووە.

– لەسەردەمی عوسمانیەکاندا بە(ئەڵەبجە قەزاسی) واتە قەزای ئەڵەبجە ناسراوە.

– هەندێکیش دەڵێن لەوشەی (حلبچە)ەوە هاتووە ، کەبەواتای حەلەبی بچکۆلە دێت.

– ڕایەکی تر هەیە دەڵێت کەوا ناوی ئەم شارە لە( هەڵۆ+جێ) واتە شوێنی هەڵۆ کە مەبەست لێی هەڵۆخانی ئەردەلاٌن بووە.

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :

1– بکر حمە صدیق، سەرچاوەی پێشوو،ل6–7.

2– حکیم مەلاصالح، سەرچاوەی پێشوو، ل36–37.

3– عادل صدیق، هەڵەبجە(1889–1930)، لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی سیاسیە،سەرچاوەی پێشوو، ل15–19.

(2) فەیروز حسن،هەڵەبجە نشینگەی جافوگۆران،گۆڤاری هەڵەبجە،ژمارەی تایبەت، 16 \ 3 \ 2001، ل6–7.

(3) عادل صدیق کۆمەڵکوژی کورد لەجەنگی ئێران– عێراقدا هەڵەبجە (1988/3/16) بەنموونە،نامەی ماستەر(بلاٌونەکراوە) پێشکەشی بەشی مێژووی سکوڵی زانستە مرۆڤایەتیەکان کراوە، زانکۆی سلێمانی، 2014، ل7.

دەبێتە مەرکەزی قەزا لەساڵی (1870) ئەم قەزایە(*)، کە شاری هەڵەبجە سەنتەری بووە گرنگی زیاتر بووەو ڕواڵەتی شارستانی زیاتر دەرکەوتووە، وەك کۆشکی وەسمان پاشا، کە دوو نهۆم بووە بە شێوەیەکی تەلارسازیی جوانو ڕێكوپێك دروستکرابوو، لەچوارلاوە بەچواردەوری شاردا دەیڕوانیو میوانخانە و (40) ژووریشی هەبووە، هەر لەو سەردەمانەدا شارەکە ژمارەیەك ئاشی وەك (ئاشەسپی و ئاشی شێخ حەمەمینو ئاشی مزگەوتی جامعە وچەندین ئاشی تر) هەبوون، لەگەڵ (2) قەیسەری گەورەش ئەوانیش قەیسەری (پاشاوحامیدبەگ) لەساڵی(1932) دا دروستکراون، و چەندین دامو دەزگای کارگێڕی و پۆلیس لە سەرای کۆندا کۆکراوەتەوە، کە سیمایەکی جوانو قەشەنگی شارەکەبوون ئەمە جگە لە هەبوونی ئوتێل و گەراجی ئۆتۆمبێل، لە ساڵی (1940) ئامێری کارەبایی هەڵەبجە ڕوناکی بەشار بەخشیوە[1]. هەموو ئەمانە پێکەوە بوونەتە بنەمایەکی گرنگی ژیانی شارستانیو گەورەبوونی شارەکەو زیادبوونی هەتاکو پێش ساڵانی هەشتاکان، کە ڕاگواستن و کاولکردنی گوندەکانو شەڕی هەشت ساڵەی (ئێران– عێراق) لە ساڵی (1980–1988) و دواتریش کیمیابارانکردنی شارو شەهید بوون و بریندارbوونی زیاتر لە(5000) پێنج هەزار هاوڵاتی بێتاوان، هەر بۆیە مێژووی ئەم شارە گۆڕانکاریەکی زۆری بەسەر دا دێتو گەشەی شار بۆ چەندین ساڵ دوا دەخات.

بەگشتی دەکرێت بڵێین کە شاری هەڵەبجە خاوەن مێژوویەکی دوور و درێژەو لەشارە هەرە کۆنەکانی کوردستان و عێراق هەژمار دەکرێت، چەندین جار بووەتە قوربانی دەستی داگیرکاران، خەڵکی شارەکەش ئەو نەهامەتیانەی بەسەریدا هاتووە وای لێکردووە چەندین جار شارەکە جێ بهێڵن و دواتر ڕووی تێ بکەنەوە و ئاوەدانبکرێتەوە.

**دووەم: شوێن (الموقع) و جێگا (الموضع)**

هەرشارێك سیفاتو تایبەتمەندی جوگرافی خۆی هەیەو جیاوازە لەشارەکانی تر هۆکاری ئەم جیاوازیەش بۆ جێگا و شوێن(**) دەگەڕێتەوە، لە لێکۆڵینەوەکانی جوگرافیای شاریشدا شوێن گرنگی زۆری هەیە و بایەخی تایبەتی پێدەدرێت هەر لەبەرئەو گرنگییەی کە شوێن هەیەتی ناکرێت لێکۆڵینەوە لە دیاردەیەکی جوگرافیی بکەین و شوێن فەرامۆشبکرێت چونکە لەڕێگەی شوێنەوە دەگەینە ئەو

(*) محمد پاشای جافیش کراوە بە قایمقامی هەڵەبجەو قەزاکەش جگە لەناحیەی سەنتەر پێك هاتووە لەناحیەکانی(قزڵجە،سرۆچك– بەرزنجە)، (وارماوا– فقێ جنە) و قەرەداغی لەخۆگرتبوو. بڕوانە:

عادل صدیق، هەڵەبجە لەنێوان بەرداشی ململانێ نێوخۆی و هەرێمیەکاندا، ئازاری هەڵەبجە، ساڵنامەیەکی تایبەتە بە کارەساتی هەڵەبجە، مەڵبەندی یەکی شارەزوری کۆمەڵی ئیسلامی دەری دەکات، ژمارە(9)، ساڵی نۆیەم، 2015/3/16، ل27–28.

(1) بکرحمەصدیق، بیرەوەریەکانی هەڵەبجە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، 2004، ل11.

(**) مەبەست لە شوێن (الموقع) بەمانای پەیوەندی نێوان شارو دەوروبەرەکەی دێت لە دەرەوەی سنوری ئاوەدانی، شوێنیش جێگیرە بە پێچەوانەی جێگاوە (الموضع) کە بەردەوام لە گۆڕاندایە.

سەرچاوە: بیان علی حسین، التحلیل الجغرافي لاتجاهات النموالحضري في محافظة السلیمانیة، اطروحة دکتوراه(غیرمنشورة)، قدمت الی مجلس کلیة العلوم الانسانیة، جامعة السلیمانیة، 2009، ص29.

ڕاستیانەی پەیوەندیی نێوان دیاردەکان شیدەکاتەوە[1]. لەبەرئەوە جوگرافی ناسان بەگشتی هاودەنگن لەسەر ئەوەی شوێن وەك دیاردەیەکی جوگرافی کاریگەی زۆری لەسەر ژیانی شارو ناوچە شارستانیەکان و ڕەنگدانەوەی لەسەر سەرجەم چالاکییە مرۆییەکان هەیە[2]. پەیوەندیی بەهێزیش لەنێوان شوێنی ناوچەیەك یان شارێكو دەوروبەرەکەی لە چوارچێوەی سنورێکدا هەیە بەواتایەکی تر پەیوەندی نێوان شارو دەورو بەرەکەیەتی[3].

سەبارەت بە شوێنی شاری هەڵەبجەش کەوتۆتە باکوری خۆرهەڵاتی عێراقو خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستانو باشوری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای سلێمانی. نەخشەی(1)، ئەم شارە لەڕووی کارگێڕییەوە سەر بە پارێزگای هەڵەبجەیەو(ناوەندی)پارێزگاکەیە. لەڕووی شوێنی ئەسترۆنۆمی ئەم شارە دەکەوێتە سەر بازنەی پانی(35° 12¯ 45= - 35° 08¯ 58=)ی باکورو هێڵی درێژی(45° 57¯ 55= - 46° 01¯ 55=) ی خۆرهەڵات. نەخشەی (2)، ئەم شوێنەی کەشارەکە لەڕووی سروشتیەوە هەیەتی بۆتە هۆی پەیوەستکردنی ناوچەی شاخاوی لە ڕۆژهەڵات و باشوری ڕۆژهەڵات بە ناوچە دەشتاییەکانو دەشتی شارەزوورەوە لە باکوری ڕۆژئاواوە. ئەمانەش پێکەوە دەبنە هۆی زیاتر دەڵەمەندکردنی ناوچەکە لەڕووی بەروبومی کشتوکاڵی و چالاکییە مرۆییەکانەوە، بەتایبەتی چالاکی بازرگانی چونکە شارەکان دەبنە بازاڕێك بۆ ساغ کردنەوەی بەروبوومی کشتوکاڵی و بەوشێوەیەش شارەکان گەشە دەکەنو دانیشتوانیان زیاد دەکاتو پێویستیان بە خزمەتگوزاریی زیاتر دەبێت بەتایبەتی خزمەتگوزاریی فێرکاری.

هەرچی جێگاشە مەبەست لێی ئەو پارچە زەوییە دەگرێتەوە کە شارەکەی لەسەر بنیاد نراوە[4].کە بەشێکە لەپێکهاتەکانی شوێن هەر شوێنێکیش چەند جێگایەك دەگرێتە خۆ لەچوارچێوەی ڕووبەرێکی دیاریکراودا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە جێگا وەك خاڵێکە نەك ناوچەیەك هەموو جێگەیەکیش چەند تایبەتمەندیەك لەخۆ دەگرێت و دووبارە نابێتەوە لە شارەکانی تردا و جیاوازە لێیان و کاریگەریەکی گەورەی لەسەر گەشەکردن و پێشکەوتنی شار هەیە[5]. لەو تایبەتمەندیە سروشتیانەش وەك (بەرزییونزمی وئاووهەواو خاكوسەرچاوەکانی ئاوو ڕووەکی سروشتی) ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە ئەو تایبەتمەندیانەن کە پەیوەندیی بەباتەکەی ئێمەوە هەیە، ئەوانیش (بەرزونزمی و ئاووهەوایە) بۆیە هەوڵدەدەین ئەو کاریگەریە دەست نیشان بکەین لەسەر خزمەتگوزاریی فێرکاری و دابەشبوونی لەشاری هەڵەبجەدا.

---

(1) محمد ابراهیم خلیل، مدینةخلیل دراسة في الجغرافیة المدن، رسالة ماجستیر(غیرمنشورة)، قدمة الی مجلس کلیة الدراسات العلیا، جامعة نجاح الوطنیة، نابلس، فلسطین، 2003، ص25.

(2) سعدی محمد صالح سعدي واخرون، جغرافیةالاسکان، مطبعة دارالحکمة للطباعة والنشر، اربیل، 1990، ص82.

(3) احمد حسین ابراهیم، الموقع والموضع وأثرهاعلی العمران فی مدینة العین بدولة الامارات العربیة المتحدة، مجلةجمعیةجغرافیةالکویت، العدد 174، نوفمبر، 1994، ص8.

(4) جمال حمدان، جغرافیة المدن، طبعة2 منقحة، عالم الکتب القاهرة، بدون السنة الطبع، ص277.

(5) کامران طاهرسعید، توسع المدینة السلیمانیة بتأثیرالاسرالحضري(دراسةفي الجغرافیة المدن)، اطروحةدکتوراه،(منشورة) قدمت الی مجلس کلیة العلوم الانسانیة، جامعةالسلیمانیة، 2011، ص13–14.

## نەخشەی(1)

## شوێنی شاری هەڵەبجە بەگوێرەی هەرێمی کوردستانو عێراق




سەرچاوە:کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS.

نەخشەی(2)

شوێنی شاری هەڵەبجە بەگوێرەی بازنەکانی پانی و هێڵەکانی درێژی




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:

1– حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS.

2– نەخشەی بنەڕەتیی هەڵەبجەساڵی 2014 بە پێوەری 1: 460 م.

### 1 / بەرزیی و نزمی:

بەرزیی و نزمی وەك یەكێك لە دیاردە جوگرافییەكان كاریگەری و ڕۆڵی گرنگی خۆی هەیە، بێگومان ئەو ناوچانەی كە بەرزونزمییەكەی بەشێوەیەك بێتو لێژی زەوی تێیدا زۆر نەبێت بۆ ئەنجامدانی زۆرێك لە پرۆژە خزمەتگوزارییەكان تێچوو و كاتی كەمی دەوێت، ئەمە جگە لەوەی بەرزی و نزمی ڕۆڵی لەسەر شارو فراوانبوونیو گەشەكردنی بە ئاڕاستە جیاوازەكاندا هەیە، شاری هەڵەبجەش لەڕووی بەرزی و نزمییەوە جیاوازی لەئاڕاستەكانیدا هەیە بەڵام بەگشتی بەرزییەكەی ( 600–950م)ە لەئاستی ڕووی دەریاوە ، هەرچەندە لەبەشی باكوری ڕۆژئاواوە بەرەو باشوری ڕۆژهەڵات بچین ڕوو لەبەرزبوونەوە دەكەین، لەبەشی باكوری ئەم شارەدا بەرزی نزیكەی (630م)ە، بەڵام لەبەشی باشوردا زیاترە لە(900م)ە، لەخۆرهەڵاتی شار نزیكەی (930م)ە، لەبەشی خۆرئاواش بەرزی نزیكەی (680م)ە لەئاستی ڕوی دەریاوە[1]. ئەوەی كە تایبەتە بەلێژی گرنگیەكی زۆری بۆ ئەنجامدانی پرۆژەكان هەیە بەهۆی ئەو جیاوازییانەی كە لەبەرزی زەوی شارەكەدا هەیە. لەبەشی باشوروباشوری ڕوژهەڵاتدا بەرزییەكەی دەگاتە (950م)ە، ئەمەش بەرزترین خاڵە و نزمترین خاڵیش لەبەشی باكورو باكوری خۆرئاوادایە (600م)ە، بەم پێیەش لێژی لەشاری هەڵەبجەدا دەگاتە(4.8%)* لەبەرئەوە دەكرێت بڵێین، كە ڕووی زەوی شاری هەڵەبجە لەڕووی لێژی زەویەكەیەوە بۆ خزمەتگوزاریی گونجاوە، چونكە لێژی ڕووی زەویەكەی كەمترە لەو ڕێژانەی كراوە بە ستاندارد و لێژی زەوی ناوچەیەك كەمتر بێت لە (5٪) ئەوە گونجاوە بۆ بەكارهێنانی زەوی لەبواری خزمەتگوزاریی بەڵام ئەگەر لێژی زەوی (25٪) زیاتر بێت ئەوە ناگونجێت بۆ بەكارهێنانی خزمەتگوزاریی تێیدا[2].

بۆیە دەكرێت بڵێین ئەو جیاوازیی بەرزونزمییە بەڕێژەیەكی زۆر كاریگەری ئەوتۆی بۆ بەكارهێنانی زەوی و خزمەتگوزاریی فێركاری نییە، چونكە لەشاری هەڵەبجە لێژی ڕووی زەوییەكەی لە ستاندارد كەمترە.

### 2/ ئاووهەوا :

مەبەست لەئاووهەوا بارودۆخی كەش دەگرێتەوە، لەكاتێكی بەردەوامدا بۆ ماوەیەكی درێژ، بەواتایەكی تر كەشو هەوای ناوچەیەك یان هەرێمێكە بۆ ماوەیەكی درێژ واتە وەرزەكانی ساڵ، ئاو و هەواش ڕەگەزی زۆری هەیە هەموو ئەو ڕەگەزانەش كاردەكەنە سەر ژینگەی سروشتیو مرۆیی، ئەم كاریگەریەش لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەكی تر جیاوازە[3]. لەشاری هەڵەبجەشدا ئاووهەوا خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە لە وەرزەكانی ساڵدا، ئەم تایبەتمەندییانەش كاردەكاتە سەر كەشو هەوای شارو

---

(1) كاری توێژەر بە بەكارهێنانی بەرنامەی . Google Earth

$$\text{*ڕێژەی لێژی} = \frac{\text{بەرزترین خاڵ} - \text{نزمترین خاڵ}}{\text{دووری ئاسۆیی نێوانیان}} \times 100$$

بڕوانە: تغلب جرجیس داود، علم اشكال سطح الارض التطبیقی، جیومورفولوجیاالتطبیقیة، جامعة المستنصریة، 2002، ص223.

(2) دیار محمد أحمد، تحلیل وتخطیط الخدمات المجتمعیة في مدینة شقلاوة (دراسة في جغرافیة الخدمات) رسالة ماجستیر (غیرمنشورة) قدمت الی مجلس كلیةالاداب، جامعة صلاح الدین، أربیل، 2014، ص38.

(3) علی البنا، اسس الجغرافیة المناخیة والنباتیة، دارالنهضةالعربیة، بیروت، لبنان، بدون السنة الطبع، ص19–20.

دانیشتوانەکەی کە لەساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر و لە وەرزێکەوە بۆ وەرزێکی تر جیاوازە، ئەوەشی پەیوەندیی بەبابەتەکەی ئێمەوە هەیە (پلەی گەرماو دابارینە) بەم شێوەی لای خوارەوە بەجیا لە بارەیانەوە دەدوێین:

## 2 – أ / پلەی گەرما:

پلەی گەرما بەرەگەزێکی گرنگی ئاو و هەوا دادەنرێت،بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر مرۆڤ و چالاکیەکانی هەیە[1]. بەرزبونەوەو نزمبونەوەی پلەکانی گەرما گۆڕانکاری دێنێت بەسەر ڕەگەزەکانی تری ئاووهەوا ئەمەش گۆڕانی ئاستی هەستکردن بەپشووی جەستەیی لێدەکەوێتەوە و مرۆڤ توانای ئەنجامدانی چالاکییەکانی دەگۆڕێت ئەو پلە گەرمایەی کە بە نموونەیی دادەنرێت بۆ مرۆڤ و چالاکییەکانی (17–25) پلەی سەدییە[2]. خزمەتگوزاریی فێرکاری وەك یەكێك لەچالاکییە مرۆییەکان بێگومان زیادبوونو کەمبوونی پلەکانی گەرما کاریگەری خۆی دروستدەکات لەسەر پرۆسەی خوێندنو دەوامکردن.

لەشاری هەڵەبجەشدا پلەکانی گەرما بەپێی گۆڕانی وەرزەکانو مانگەکانی ساڵ و تەنانەت ڕۆژانەش دەگۆڕێت، ئەمەش لە ئەنجامی فاکتەرەسروشتیو مرۆییەکانە،ئەگەر باس لە پلەی گەرماش بکەین لەناوچەی لێکۆڵینەوەدا لەنێوان (2005–2015) بۆمان دەردەکەوێت تێکڕای ساڵانەی پلەی گەرما لە شاری هەڵەبجە دەگاتە (21.1) پلەی سەدی. خشتەی(1)

بەسەرنج دان لە خشتەی(1) بۆمان ڕووندەبێتەوە کەوا لە وەرزی زستاندا پلەی گەرما نزمە بەرەو بەرزبونەوە دەڕوات تاکو هەردوو وەرزی بەهار و هاوین ، دووبارە لەوەرزی پایزدا ڕوو لەنزمبونەوە دەکات هەتا دەگەینە وەرزی زستان لەبەرئەوە نزمترین پلەکانی گەرما لەمانگەکانی (ك.یەکەم، ك.دووەم،شوبات)دایە، تێکڕای مانگانەیان بەدوای یەکدا (9.4، 7.4، 8.9) پلەی سەدییە، تێکڕای پلەی گەرمای بەرزترین مانگیش (حوزیران و تەموز و ئاب)ە، یەك لەدوای یەك (32.2، 35.3، 35.3) پلەی سەدییە، هەروەها تێکڕاکانی پلەی گەرمای وەرزی بەهار واتە مانگەکانی ( ئازارو نیسانو مایس)، (13.4، 18.4، 26.1) پلەی سەدییە و مانگەکانی (ئەیلول، ت.یەکەم، ت.دووەم)، کە وەرزی پایزە تێکڕای مانگانەی پلەکانی گەرما(30.1، 23.2، 14.1)پلەی سەدییە. وەك لە شێوەی(1) ڕونکراوەتەوە:

---

(1) شۆخان محمدأحمد، وێستگەی کەشناسی سلێمانی، لێکۆڵینەوەیەك لە ئاوهەوای ورد، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، پێشکەش بەئەنجومەنی کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان کراوە، زانکۆی سلێمانی ،2011، ل46.

(2) شیروان عمر رەشید، بنەما جوگرافیەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزار لەپارێزگای سلێمانیدا (لێکۆڵینەوەیەك لەجوگرافیای گەشتوگوزار) تێزی دکتۆرا، (بڵاونەکراوە) پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان کراوە، زانکۆی سلێمانی، 2011، ل70.

خشتەی(1)

تێکڕای مانگانەوساڵانەی پلەی گەرمی لەوێستگەی کەشناسی هەڵەبجە لەنێوان ساڵانی (2005–2015)

| مانگ / ساڵ | ك.دووەم | شوبات | ئازار | نیسان | مایس | حوزەیران | تەموز | ئاب | ئەیلول | ت.یەکەم | ت.دووەم | ك.یەکەم | ت.ساڵانە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 2005 | 7.4 | 7.2 | 12.6 | 19.6 | 34.3 | 30.3 | 35.6 | 35.5 | 29.1 | 22.6 | 14.2 | 12.3 | 21.7 |
| 2006 | 5.5 | 9 | 14.6 | 16.8 | 24.4 | 33 | 34 | 36.5 | 29.8 | 23 | 12.4 | 7.3 | 20.5 |
| 2007 | 10.9 | 9.3 | 11.9 | 15.6 | 25.4 | 32.5 | 34.4 | 35 | 31.4 | 24.6 | 15.7 | 8.9 | 21.3 |
| 2008 | 3.9 | 7.9 | 17.2 | 22.4 | 25.7 | 32.9 | 36 | 36.5 | 30.9 | 23.4 | 14.6 | 9.6 | 21.7 |
| 2009 | 6.8 | 10 | 11.5 | 15.9 | 25.4 | 31 | 33.2 | 34.2 | 28.5 | 23.7 | 13.1 | 9.7 | 20.2 |
| 2010 | 10.3 | 9.8 | 15 | 17.3 | 24.2 | 32.8 | 36.2 | 36.2 | 32.4 | 25 | 17.6 | 10.8 | 22.3 |
| 2011 | 6 | 8 | 12.9 | 17.6 | 23.6 | 32.8 | 35.8 | 34.9 | 29.6 | 22 | 11.3 | 9.8 | 20.3 |
| 2012 | 6.8 | 8 | 10.6 | 20.6 | 27.2 | 33.3 | 36 | 34.7 | 30.3 | 24.2 | 15.8 | 10.2 | 21.4 |
| 2013 | 7.9 | 11 | 15.1 | 20 | 24.3 | 32.1 | 36.2 | 34.4 | 28.8 | 22 | 14.9 | 7.6 | 21.1 |
| 2014 | 8.7 | 8.9 | 13.5 | 18.9 | 26.1 | 31.2 | 35.1 | 34.7 | 29.6 | 21.5 | 13.2 | 9.9 | 20.9 |
| 2015 | 7.4 | 9.7 | 12.6 | 17.8 | 26.2 | 32.2 | 36.2 | 35.6 | 31.1 | 23.4 | 13.3 | 8 | 21.1 |
| ت. مانگانە | 7.4 | 8.9 | 13.4 | 18.4 | 26.1 | 32.2 | 35.3 | 35.3 | 30.1 | 23.2 | 14.1 | 9.4 | 21.1 |

سەرچاوە:کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵوسەرچاوە ئاوییەکان، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی کەشناسی بەکرەجۆ، داتای بلاْونەکراوە، 2016.

## شێوەی (1)

## تێکڕای مانگانەی پلەکانی گەرما لە شاری هەڵەبجە لە نێوان ساڵانی(2005–2015)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە : خشتەی (1)

ئەوەی گرنگە بوترێت و پەیوەستە بە خزمەتگوزاریی فێرکاریەوە لەکاتی خوێندندا، کە لە کۆتای وەرزی هاوینو سەرەتای پایزدا دەست پێدەکات، پلەی گەرما لەم وەرزەدا کاریگەریەکی ئەوتۆی نابێت لەسەر خوێندکاران و پرۆسەی خوێندن، چونکە مام ناوەندە، لەبەرئەوە ئەم وەرزە دەکرێت بەوەرزێکی وا هەژمار بکرێت کە بێ کاریگەرییە لەسەر خزمەتگوزاریی فێرکاری و پرۆسەی خوێندن لەناوچەکەدا، بەڵام لەوەرزی زستاندا هەندێك جار پلەکانی گەرما دادەبەزێت بۆ ژێر سفری سەدی بەتایبەت لە مانگی (کانونی دووەم و شوبات)دا ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی گرفتی هاتوچۆ بۆ خوێندکاران بەتایبەت لەکاتی بارینی بەفرداو هەندێك جاریش دەکرێتە پشوو لەکاتی سەرمای زۆردا.

### 2– ب/ داباڕین:

هەموو شێوەکانی ئاو کە لە زەپۆشەوە دێنە خوارەوە بۆ سەر زەوی پێیان دەوترێت داباڕین، ئەمەش چەند جۆرێکە (بارانو بەفرو تەرزە) داباڕینیش پشت بەپلەی گەرمی ئەو هەوایە دەبەستێت کە ئاوەکەی لێدەباریت، ئەگەر هاتوو پلەی گەرمی هەوا لەسەرو پلەی بەستنەوە بێت ئەوکات جۆری داباڕین بارانە بە پێچەوانەشەوە لە ژێرپلەی بەستنەوە بێت داباڕین لەشێوەی بەفرو تەرزەدا دەبێت[1]. سەرجەم شێوەکانی داباڕین بەپێی گۆڕانی ئاووهەوا دەگۆڕێت لەجیهاندا، هەرێمی کوردستانیش لەو

---

(1) علی أحمد غانم، جوگرافیای ئاووهەوا، وەرگێڕانی گۆران رەشید ئیمامی، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی پرۆژەی تیشك، ژمارە (58)، سلێمانی، 2009، ل240.

گۆڕانکاریانە بێبەش نییە و باوترین  ڕەگەزیش لەم هەرێمەدا باران بارینە، بۆیە ئێمەش لەشاری هەڵەبجەدا لەنێوان سالأنی(2005–2015) بەپێی ئەو داتایانەی کە دەستمان کەوتووە باسی لێوەدەکەین و تێکڕای مانگانەو سالأنەی دەخەینە ڕوو.

بارانیش بریتییە لە تنۆکی جۆراوجۆر لە ئاو و نیوەتیرەکەی لەنێوان (0.5– 5)ملم[1]. بێگومان بارانیش بەبێ  بوونی چەند فاکتەرێکی تر نابارێت، بەگشتی ئەوەی بەرپرسە لەباران بارین لەهەرێمی کوردستاندا ئەو نەوراییە کەشیانەن کە لەدەریای ناوەڕاستەوە هەڵدەکەنە سەر هەرێمی کوردستان شاری هەڵەبجەش وەك ناوەندی پارێزگا بەدەرنییە لەو کاریگەریانەو بەهۆی ئەوەش ژمارەو ڕێژەی نەورایەکان لەوەرزەکانی باران باریندا جیاوازە،بۆیە دیاردەی ڕاڕای باران لەهەرێمی کوردستاندا ڕوو دەدات، هەر مانگێك نەوراییەکان زۆرتر هەڵکەنە سەر هەرێم و پێیدا تێپەڕن ئەوە زۆرترین باران دەبارێنن، وەك لە خشتەی (2) هاتووە، تێیدا بۆمان ڕووندەبێتەوە لەنێوان سالأنی (2005–2015) دا زۆرترین بڕی باران بارین لە وەرزی زستاندایە، پاشان وەرزی بەهار و مانگەکانی پایزیش بەتایبەت کۆتایی پایز ، هەر بۆیە تێکڕای سالأنەی باران بارین لەو ماوەیەدا (649.3ملم)ە و بەرزترین تێکڕاش لەسالّی (2006) دایە (946.3)ملم باریوە، نزمترین تێکڕاش لەسالّی ( 2008) دا بووە، کە(345.4) ملم باریوە.

سەبارەت بەتێکرای مانگانەی باران بارین لەشاری هەڵەبجەدا (مانگی شوبات) (118.9)ملم و ڕێژەکان دادەبەزن لە مانگی(کانونی دووەمو کانونی یەکەمدا) بۆ(102.5و88.8)ملم. ئەمەش ئەوەمان نیشان دەدات کە زۆرترین ڕێژەی نەورایەکان لەمانگی (شوبات) ڕوو لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان و شاری هەڵەبجە بەدەر نیە لەو کاریگەرییە، لەوەرزی بەهاردا واتە مانگەکانی (ئازارو نیسانو مایس) تێکڕای مانگانەی باران بارین تێیاندا (85.8، 79.2، 28.8)ملم، مانگەکانی وەرزی هاوین ڕێژەیەکی ئەوتۆ نابارێت کەوا شایەنی باسکردن بێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆچەندین فاکتەری پەیوەندار بە ئاووهەواوە، هەرچی وەرزی پایزیشە لە سەرەتاوە کە مانگی ئەیلولە(0.9)ملم بەرزدەبێتەوە بۆ تێکڕای(61.1)ملم لەمانگی(ت.یەکەم) (82.1)ملم و لەمانگی (ت.دووەمدا).

بەهەمان شێوەی پلەکانی گەرما باران بارینیش هەندێ جار دەبێتە هۆی دروستکردنی کاریگەریو کۆسپ لەسەر خوێندکاران بەتایبەت  لەو خوێندنگایانەی ڕێگای گەیشتن پێی لەجۆری خۆڵ و چەوڕێژە. بڕوانە وێنەی (1) ئەمەش زیاتر  بۆ ئەو خوێندکارانەی بە پێ دەگەنە خوێندنگە. هەر سالێکیش باران یان بەفر زۆرتر ببارێت ئەوا زیاتر کاریگەری دروست دەکەن لەسەر تەندروستیی خوێندکار و هەروەها

(1) سلێمان عبدالله اسماعیل، تایبەتمەندیەکانی باران لەهەرێمی کوردستان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی ، 2006، ل35.

خشتەی(2)

تێکڕای مانگانەو ساڵانەی باران بارین / ملم لە وێستگەی هەڵەبجە لەنێوان (2005–2015)

| مانگ / ساڵ | کانونی دووەم | شوبات | ئازار | نیسان | مایس | حوزەیران | تەموز | ئاب | ئەیلول | تشرینی یەکەم | تشرینی دووەم | کانونی یەکەم | کۆی ساڵانە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 2005 | 156.8 | 203.3 | 163.9 | 65.6 | 20.6 | 0 | 0 | 0.5 | 0 | 0.2 | 20.6 | 107.5 | 739 |
| 2006 | 184.7 | 342.4 | 35.5 | 140.6 | 41.2 | 0 | 0 | 0 | 0 | 120.9 | 51 | 30 | 946.3 |
| 2007 | 84.6 | 150 | 48 | 174 | 24.5 | 1.4 | 0 | 0 | 0 | 0 | 2.5 | 92 | 577 |
| 2008 | 68.2 | 74.9 | 56.2 | 2.8 | 1.2 | 0 | 0 | 0 | 1.8 | 104.7 | 22 | 13.6 | 345.4 |
| 2009 | 27.7 | 94.3 | 98.3 | 99.5 | 1.8 | 6.3 | 0 | | 5.7 | 80.2 | 145.6 | 97.1 | 656.5 |
| 2010 | 71.8 | 91.2 | 125.9 | 146.3 | 99.1 | 0 | 0 | 0 | 0 | 3.2 | 4.8 | 141.4 | 683.7 |
| 2011 | 147.8 | 61.8 | 58.5 | 173.3 | 33.9 | 2.5 | 0 | 0 | 0 | 56.7 | 41.8 | 77.9 | 654.2 |
| 2012 | 91.3 | 142.6 | 153.4 | 13.3 | 8.3 | 0 | 0 | 0 | 0 | 30.9 | 171.4 | 114.3 | 725.5 |
| 2013 | 177.4 | 55.9 | 18.5 | 27.1 | 76.7 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0.5 | 139.5 | 146 | 641.6 |
| 2014 | 39.8 | 22.3 | 117.9 | 19.9 | 0.5 | 0 | 0 | 0 | 0 | 88.3 | 160.7 | 71 | 520.4 |
| 2015 | 77.8 | 69.3 | 68.7 | 9 | 9.9 | 0 | 0 | 0 | 2.8 | 186.1 | 143.6 | 86.1 | 653.3 |
| تێکڕا | 102.5 | 118.9 | 85.8 | 79.2 | 28.8 | 0.9 | 0 | 0.04 | 0.9 | 61.1 | 82.1 | 88.8 | 649.3 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی کەشناسی بەکرەجۆ، داتای بڵاونەکراوە، داتاکانی (2005– 2015).

وێنەی(1)

ڕێگای خوێندنگەی مەولەوی بنەڕەتیی(*)



ئەم وێنەیە لە ڕێکەوتی 2016/1/14 لەلایەن توێژەرەوە گیراوە.

هەندێك كاتیش دەبنە هۆی پەكخستنی پرۆسەی خوێندن، وەك لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا زۆرترین بڕی باران لەناوچەی لێكۆڵینەوە لەساڵی(2006)، بێگومان لەم ساڵەدا كاریگەریەكەی زیاتر دەركەوتووە. بەگشتی وەك باسی لێوەكرا باران بارین بە پلەی یەكەم لەوەرزی زستاندا و پاشان لەوەرزی بەهارو پایزدا زیاتر دەبارێت، بۆیە كاریگەرییەكەیان لەسەر خزمەتگوزاریی فێركاری لەوەرزی زستاندا زیاترە بەهەمان شێوەی پلەكانی گەرما بۆ قۆناغەكانی باخچەی منداڵان و بنەڕەتیی (1–6)ە، چونكە ئەوانەی لەم قۆناغانەدا دەخوێنن لەڕووی جەستەییەوە زۆر بەهێزنین بەتایبەتی باخچەی منداڵان، ئەگەر بێتو بە پیادە بڕۆن جگە لە دروستكردنی كێشە بۆیان لەترسو دڵەڕاوكێشدا دەبن، بۆیە ئەمە دەبێتە هۆی دروستكردنی كاریگەری لەسەر باری تەندروستی و دەروونیان، ئەمە سەبارەت بەباران كە زۆرترین ڕێژەو بڵاوترین ڕەگەزی دابارینە لەناوچەكەدا.

بەڵام ئەگەر بێتو لە ڕۆژەكانی وەرزی زستاندا شێوازی دابارین لە بارانەوە بۆ بەفر یان تەرزە بگۆڕێت جارێكی تر كاریگەرییەكە زیاتر دەبێت بە بەراورد بە باران ئەمەش دەبێتە هۆی دابەزینی پلەكانی گەرما بەشێوەیەكی زیاتر لەباران‌و هەندێك جاریش پەككەوتنی پرۆسەی خوێندنی لێدەكەوێتەوە.

(*) خوێندنگەی مەولەوی بنەڕەتیی قۆناغی(1–6) یەكێكە لە خوێندنگە بنەڕەتیەكانی شارەكەو دەكەوێتە گەڕەكی ڕاپەڕین ، ئەم بینایە جگە لە خوێندنگەی مەولەوی دوو خوێندنگەی تریش كە (شارۆی بنەڕەتیی‌وئامادەیی كشتوكاڵی هەڵەبجە)یە لەم بینایە دەخوێنن و وەك لەوێنەكدا دیارە، ڕێگای گەیشتن بەم خوێندنگەیە لەجۆری خۆڵ و چەوڕێژ ئەمەش زیاترە لە چەند سەد مەترێك.

**باسی دووەم: باری کارگێڕی شاری هەڵەبجە:**

بۆ یەکەمجار شاری هەڵەبجە وەك شار ناوی هاتبێت لەلایەن (جیمس ریچە)ەوە بوو، ئەمەش لە گەشتنامەکەیدا بووە، لەساڵی( 1820)دا[1]. هەروەها نامەکانی مەولاناخالیدیش بەڵگەیەکی ترن لەسەر ئەوەی هەڵەبجە شاربووە وەك شاریش ناوی هێنراوەو تەنانەت مەولاناش لەنوسینەکانیدا ئاماژە بە ئەحمەد ناوێك دەکات فەرمانڕەوای هەڵەبجەبووەو سەر بەمیرنشینی بابان بووە[2].

خورشید پاشای نوێنەری دەوڵەتی عوسمانیش بۆدیاری کردنی هێڵی سنوری نێوان دەوڵەتی عوسمانیو سەفەوی بەپێی ڕێککەوتننامەی ئەرزرۆمی دووەمی ساڵی(1847)ز کاتێك لەیاداشتەکەیدا باسی هەڵەبجەی کردووە بەشێوەی (قصبەالبجە) ناوی هێناوە[3]، بەڵام مێژووی بوون بەقەزای ئەم شارە بۆ ساڵی(1870) ز دەگەڕێتەوە کە هاوکاتە لەگەڵ سەردەمو دەستەڵاتی (مدحت پاشا)ی والی بغداد کاتێك هەوڵیدا بۆ نیشتەجێکردنی خێڵە کۆچەرییەکان و چەسپاندنی سیستەمی تاپۆ لەعێراقدا، ئەمانە لەگرنگترین چاکسازیەکانی ئەم والییە لەنێوان ساڵانی(1869–1872)ز هەژمار دەکرێن بۆیە لەسەر فەرمانی دەوڵەتی عوسمانی (محمد پاشای جاف) کرا بە قائیمقامی قەزای هەڵەبجە ئەم کەسایەتیە تاکو ساڵی( 1873)ز لەم پۆستەدا بوو دواتر بەهۆی ناکۆکی نێوان خۆیو عوسمانییەکان ڕوو لەئێران دەکاتو (محمد بەگی قادر پاشا) دەکەنە قائیمقام تا ساڵی (1877) پاش ئەوە (محمد پاشا) بە نێوەندگیری (محمود پاشای) کوڕی لەگەڵ عوسمانییەکان پێك دێنەوەو دووبارە دەکرێتەوە بەقائیمقام تا ساڵی(1881) دواتر لەنێوان ساڵانی (1881 –1889)دا محمود پاشا دەکرێت بە قائیمقام[4].

پاشان لەنێوانی ساڵانی( 1889–1909) (وەسمان پاشا قائیمقام) بووەو بە نەمانی خۆیشی جڵەوی فەرمانرەوایی بەزۆری لەدەستی خێزانەکەی (عادیلە خانم)دا بووە تاکو ساڵی( 1918) پاش تێکشکانی تورك لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا ئینگلیز دێنە عێراقو دەست بەسەر ناوچەکانیدا دەگرن و ئەم خانمە کراوە بە نوێنەری فەرمانڕەوای بەریتانیا ، لە ساڵانی( 1919–1923)ز تاهیر بەگی کوڕی وەسمان پاشا قائیمقام بووە لەم شارەدا، پاش وەفاتیشی (ئەحمد مختار جاف)ی شاعیر کراوە بە قایمقام[5].

بەڵام لەبەرئەوەی (ئەحمد مختار جاف) لە ساڵی( 1925) وەك ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵبژێردراوە چۆتە بەغداد لەبەر ئەوە (حامید بەگی جاف) کراوە بە قائیمقام تا ساڵی ( 1932) [6].لەم

---

(1) کلودیۆس جیمس ریچ، گەشتنامەی ریچ بۆکوردستان ساڵی 1820، وەرگێڕانی حمەی حمە باقی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2012، ل124–125.

(2) عادل صدیق، کۆمەڵکوژی کورد لەجەنگی ئێران–عێراقدا، سەرچاوەی پێشوو، ل9–10.

(3) خورشید باشا، رحلة حدود بین دولة العثمانیة وایرانیة، ترجمة مصطفی زهران، مرکز القومي للترجمات، القاهرة، 2009، ص290–291.

(4) عادل صدیق، هەڵەبجە لەنێوان بەرداشی ململانێ نێوخۆیوهەرێمیەکاندا، سەرچاوەی پێشوو، ل27–28.

(5) ئەیوب رۆستەم، هەگبەو هەوارگە، چاپخانەی قانع، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2003، ل36.

(6) عادل صدیق، هەڵەبجە لەنێوان بەرداشی ململانێ نێوخۆیوهەرێمیەکاندا، سەرچاوەی پێشوو،ل28.

ساڵەوە تاكو ساڵی(1974) نزیكەی (25) قائیمقام گۆڕاوە[*]، دواتریش بەهۆی بارودۆخی هەرێمی كوردستان و ناوچەكەوە بەزۆری گۆڕانكاری كراوە لە قائیمقامەكانی ئەم شارەدا و ئەو گۆڕانكاریانەش لە كۆنەوە تا سەردەمی ئەمڕۆش گۆڕانكاری كارگێڕییان بەدوای خۆیدا هێناوە.

لەڕووی پلەی كارگێڕییەوە شاری هەڵەبجە سەنتەری قەزای هەڵەبجە بووەو هەر لەو سەردەمەوە، كە كراوەتە قەزا تا ساڵی( 1879) سەر بەلیوای سلێمانی بووە، و پاش ئەوەی ویلایەتی موصل پێكهێنرا و لیوای سلێمانی بەقەزاو ناحیەكانیەوە خراوەتە سەر موصل[(1)]. بۆ ماوەیەكی زۆر سەنتەری قەزا بووە بەدرێژای سەدەی بیستەم تا سەرەتای سەدەی بیستویەك لە ساڵی (2014) بڕیار لەسەر بە پارێزگا كردنی هەڵەبجە دراوە بەهەمان سنوری قەزاكەی ساڵانی پێشوو[(2)]. واتە (ناحیەی سەنتەرو سیروان‌و خورماڵ وبیارە) و پلەی ئیداریی شاری هەڵەبجە لەسەنتەری قەزاوە بۆتە (سەنتەری پارێزگا) بەم شێوەیە پارێزگای هەڵەبجە دروستبووە و مایەوە تاكو ساڵی(2015) لەم ساڵەدا جارێكی تر گۆڕانكاری ئیداری بەسەر پارێزگاكەدا دێت و ناحیەی بەمۆ دادەبڕێنرێت لە ئیدارەی گەرمیان بەستراوەتەوە بە پارێزگای هەڵەبجەوە[(3)]، بۆیە پاش بڕیاری هەرێمی لەڕێگەی دیوانی سەرۆكایەتی هەرێم‌و نوسراوی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی ناوخۆوە فەرمانی وەزاری بۆ پچراندنی ناحیەكە لەئیدارەی گەرمیان‌و بەستنەوەی بەپارێزگای هەڵەبجەوە دەردەكات [(4)]. لەكۆتایشدا پاڵپشت بەو بڕیارانە پارێزگاكە دروست بووە وەك لە نەخشەی (3)دا دیارە، بە بەرزبوونەوەی پلەی شاری هەڵەبجە لە سەنتەری قەزاوە بۆ سەنتەری پارێزگا شارەكە گرنگی زیاتر دەبێت‌و پێشبینی دەكرێت لە داهاتوودا خزمەتگوزاریی زیاتری بۆ دابین بكرێت بەگشتی‌و خزمەتگوزاریی فێركاریش بە تایبەتی.

---

[*] بۆزانیاری زیاتر بروانە:

بكر حمەصدیق، بیرەوەریەكانی هەڵەبجە، سەرچاوەی پێشوو، ل13–14

(1) عادل صدیق ، كۆمەلكوژی كورد لەجەنگی ئیران–عیراقدا،سەرچاوەی پێشوو، ل9.

(2) بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران. پاشكۆی(1)

(3) سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران/سەرۆكایەتی دیوان/ فەرمانگەی یاسایی/ژمارە 971 لە(2015/9/13)، فەرمانی هەرێمی ژمارە(152). پاشكۆی( 2 و 3)

(4) ئەنجومەنی وەزیران/وەزارەتی ناوخۆ/بەریوەبەرایەتی گشتی دیوان/بەرێوەبەرایەتی كارگێری/ژمارە 19974لە 2015/9/20 پاشكۆی ( 4).

نەخشەی(3)

یەکە کارگێڕیەکانی پارێزگای هەڵەبجە ساڵی 2015




سەرچاوە:کاری توێژەر بەپشت بەستن بە :

1- پاشکۆی (2،3،4)

2- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەرێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS.

## باسی سێیەم : چەمك و زاراوەكان (المفاهيم والمصطلحات):

لەم باسەدا هەوڵ دەدەین لەو چەمكوزاراوانە بدوێین كەوا پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە باتەكەی ئێمەوە هەیە، لەبەر گرنگیوبەكارهێنانیان لە زۆر شوێنی باسەكاندا هەروەها لەپێناو باشتر ئاشنا بوونمان پێیان لە گرنگترین ئەو چەمكوزاراوانەش ئەمانەی لای خوارەوەن:

### 1–خزمەتگوزاریی (الخدمات):

كۆمەڵێك كردارە، كە ئامانج لێی دابینكردنی پێداویستییە مرۆییەكانو باشتركردنی ژیانی تاكەكەسو كۆمەڵگەیە بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، و چەندین جۆر لەخۆدەگرێت[1]. لەبەرئەوەی هاوڕابوونێك نییە لەسەر پۆلێنكردنی خزمەتگوزاریی. بەڵام باوترین جۆری كەوا گونجاو بێت لەگەڵ زانست و كرداردا بەسەر دوو جۆردا پۆلێندەكرێت هەریەكە لەو پۆلێنانەش چەند جۆرێك لەخۆ دەگرێت، یەكەمیان خزمەتگوزاریی بەپێی ڕەهەندی شوێنی كە دووجۆر دەگرێتەوە، ئەوانیش (خزمەتگوزاریی كۆمەڵایەتی (مساحيه) (ڕووبەری) واتە تەندروستیو فێركاریو ئاینیو خۆشگوزەرانیو ئەمنی...هتد، ئەمانەش لەو خزمەتگوزاریانەن كە مرۆڤ بەرەو ڕوویان دەڕوات هەریەكەیان ڕووبەری تایبەتی خۆی هەیە لەبەكار هێنانەكانی زەوی شاردا بڵاودەبێتەوە بۆئەوەی بەئاسانی دانیشتوان پێیبگات، هەروەها دووەمیان خزمەتگوزاریی ژێرخانی ئابوورییە(خطية)(هێڵی) كە ئاو و ئاوەڕۆ و كارەبا و گواستنەوەو گەیاندن...هتد بەپێچەوانەی خزمەتگوزاریی كۆمەڵاتی ئەمانە بەشیوەی هێڵێك درێژدەبنەوە بە شارداو دەجوڵێن بەرەو ئاراستەی دانیشتوان، هەروەها پۆلێنكردنی خزمەتگوزاری بەپێی جۆریش دەكرێتە چەندین جۆر لەوانەش خزمەتگوزاریی (كارگێڕی– بازرگانی– تەندروستی– فێركاری– پیشەسازی– ژێرخانی ئابووری–)[2]. پاش جێگیربوونی مرۆڤ، كە قۆناغێكی گرنگ بووە لە ڕێكخستنی ژیانی ئادەمیزاد لەڕووی كۆمەڵایەتیو ئابوورییەوە و دروست بوونی شارەكانو دواتر پاش جەنگی دووەمی جیهانی، جوگرافیای شار زیاتر پەرەی سەند، كاركردن لە بواری ئاوەدانیو ژینگەی و خزمەتگوزاریی ڕوو لە زیادبوون كرد، بەگشتی خزمەتگوزارییەكان بەبەڵگەیەكی ڕوون و ئاشكرا دادەنرێت لەسەر ئاوەدانی ناوچە جیاجیاكان، چونكە ئەم كەرتە یەكێكە لەكەرتە چالاكەكانی شارەكان پاش زیادبوونی دانیشتوانی شارەكان و دەركەوتنی شارە ملیۆنیەكان بەشێوەیەكی فراوانتر بوونە هۆی ئەوەی كەرتی خزمەتگوزاریی چالاكتربێت[3].

كەواتە خزمەتگوزاریی دابینكردنی پێداویستی دانیشتوانە لەلایەن كەرتی تایبەت یان حكومەتەوە بێت، لەلایەنێكی دیاری كراوەوە پێشكەشی لایەنێكی تر دەكرێت بۆ باشتر كردنی ژیانو زیادكردنی تواناكانی مرۆڤ و دابینكردنی پێداویستیەكانی.

---

(1) مازن عبدالرحمن الهيتي، جغرافيةالخدمات اسس والمفاهيم، الطبعةالاولى، مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع، عمان،الاردن، 2013، ص18.

( 2) خلف حسين على الدليمي، تخطيط الخدمات المجتمعية والبنية التحتية اسس– معايير– تقنيات، الطبعة الاولى، دارصفاء للنشر والتوزيع، عمان، 2009، ص39–41.

(3) بشير ابراهيم الطيف و اخرون، خدمات المدن دراسة في الجغرافية التنموية، الطبعة الاولى، المؤسسةالحديثة للكتاب، طرابلس، لبنان، 2009، ص25–28.

## 2-جوگرافیای خزمەتگوزاریی(جغرافية الخدمات):

لقێکی تازەی جوگرافیای مرۆییە، ئەمەش بەو مانایەی کەوا لە چوارچێوەی نەخشەو سەرجەمی چالاکیە ئابوریو کۆمەڵایەتیەکان شوێنی گرنگی هەبێت بەشێوەیەکی گونجاو پێویست بۆ کۆمەڵگەی شارو ولادێکان[1]. ئەم زانستە گرنگی زۆرە بۆ توێژینەوە لە جیاوازییە شوێنیەکان و قەبارەی پێداویستی بۆ خزمەتگوزارییەکان و دواکاری لە سەریان، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگی دەدات بە ڕێکخستنی شوێنی بۆ ئەم کەرتە لەبەر ڕۆشنای بارودۆخی سروشتیو کۆمەڵایەتیو ئابوریو دیمۆگرافی[2]. تێپەڕبوونی ڕۆژگارو زیادبوونی دانیشتوانو باشتربوونی لایەنی ئابوریو کۆمەڵایەتی وایکرد جوگرافیای خزمەتگوزاریی گەشەی زیاتر بکاتو بنەما بنەڕەتیەکانی ئەم لقەی زانستی جوگرافیا بەشێوەیەکی گەورە گەشەی بکات، بەتایبەتی لەچارەکی کۆتای سەدەی ڕابردوو ڕووی لە پەرەسەندن کرد لەبوارە جیاوازەکانو پلاندانانداندا لەبەرئەوەی پەیوەندی بە ژیانی دانیشتوانەوە هەیە[3]. ئەمانەش لە دوو جۆری سەرەکیدا دەردەکەون یەکەمیان خزمەتگوزاریی گشتییە کە (تۆڕی ئاو کارەباو تۆڕی ڕێگاوبانو گواستنەوە...) و دووەمیان خزمەتگوزاریی تایبەتی ئەمانەش وەك (خزمەتگوزاریی تەندروستییو فێرکاریو بازرگانیو خۆشگوزەرانی...هتد) لەبەر هەموو ئەو گرنگیانە جوگرافی ناسان گرنگی دەدەن بە دابەشبوونی ئەم خزمەتگوزارییانەو جیاوازییە شوێنیەکانیان، هەروەها گرنگیش دەدات بە کاریگەری ئەم تۆڕی خزمەتگوزارییانەو توانا کردارییەکانیان و ڕێکخستنی ململانێکانی نێوانیان[4].

کەواتە جوگرافیای خزمەتگوزاریی گرنگی بە خزمەتگوزارییەکان و دابەشبوونی جوگرافییان لەگەڵ پێوانەکردنیشیان دەدات.

## 3-خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی (خدمات الاجتماعية):

بریتییە لەو خزمەتگوزارییانەی کە لەلایەن دەزگایەکی تایبەتەوە پێشکەش دەکرێنوکاریگەرییان لەسەر دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانو نیشتەجێو جێگیرکردنی دانیشتوان هەیە، لە نموونەی ئەم جۆرە خزمەتگوزارییانەش (تەندروستیو فێرکاریو خۆشگوزەرانیو لایەنی ئاسایش)ن[5].

کەواتە خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی زیاتر ئەو خزمەتگوزارییانە دەگرێتەوە کە پەیوەندی بە کۆمەڵگە و شارستانیەوە هەیە.

## 4-خزمەتگوزاریی فێرکاری (خدمات التعليمية):

خزمەتگوزاریی فێرکاری یەکێکە لە لقەکانی جوگرافیای خزمەتگوزاریی، ئەم کەرتەی خزمەتگوزاریی بایەخ و گرنکی زۆری هەیە و لەوانەش گرنگی بەدابەشکردن و شێوەو شوێنی دامەزراوە فێرکاریەکان و

---

(1) هاشم محمد صالح، الجغرافية البشرية، الطبعةالاولى، مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع، عمان، الاردن، 2014، ص162.

(2) مازن عبدالرحمن الهيتي، مصدر سابق، ص35.

(1) بشير ابراهيم الطيف و اخرون، مصدر سابق، ص42.

(4) فتحي محمد مصيلحى، الجغرافية البشرية بين نظرية المعرفة وعلم المنهج الجغرافي، الطبعة الثانية، دار الكتب القومية، مدينة شبين الكوم، مصر، 1994، ص125.

(5) عمر حسين الرواندزي، تحليل الجغرافي لتوزيع الجوامع في مدينة سوران باستخدام نظم المعلومات الجغرافية، گۆڤاری زانكۆی كۆیە، ژمارە (32)، ساڵی 2014، ل322.

ئاستیان وهەڵی فێرکردنی دانیشتوانی دەدات [1]. ئەمەش وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، کە کار دەکاتە سەر دیاردەکانی تر و بەرەگەزێکی گرنگ دادەنرێت بۆ کرداری گەشەپێدانی مرۆیی، لەبەرئەوە کەرتی فێرکاری لە هۆکارە گرنگەکان هەژمار دەکرێت، کە یارمەتی گەشەپێدانی لایەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری دەدات[2]. سەبارەت بە بابەتی پەروەردەو فێرکردن لەشارەکاندا لەدەورووبەری (1949) لەلایەن جوگرافی ناسەکانەوە بەچاوێکی گرنگەوە تەماشا کراوە. دابەشبوونی دامەزراوە فێرکاریەکان بەهەموو جۆرەکانیانەوە لە ژینگەی شاردا و ئاستی گونجاوی لەگەڵ دابەشبوونی دانیشتواندا داوایەکی گرنگ بووە بۆ ئاگادارکردنەوەی پسپۆران و توێژەرانی جوگرافی، بۆیە چەندین توێژینەوە لەم بارەیەوە کراوە بۆ دەرخستنی چۆنیەتی دابەشبوونێکی گونجاو، وەك توێژینەوەی (رایمۆند مۆرفی) (Raymand E-murphy) لە یەکەمین توێژەرانی ئەمریکی هەژماردەرکرێت کە باسی لە جوگرافیای پەروەردەوفێرکردن لەشارەکاندا دەکات، هەر لەم بوارەدا کوتس (Coates) و راوسترۆن (Rawstron) توێژینەوەیان لەسەر ڕەهەندە شوێنیەکانی فێربوون لەئینگلتراو وێلزدا ئەنجامداوە و ئەنجامەکەشی لەبواری پلاندانانی خزمەتگوزارییەکاندا بەهەند وەرگیراوە[3]. بەگشتی ئەم خزمەتگوزارییە بنەمایەکی گرنگە بۆ پێشکەوتنی کومەڵگە پێوەرێکیشە بۆ پێشکەوتوی و دواکەوتووی وڵات لەڕێگەی ئەم خزمەتگوزاریەشەوە کەسانی پسپۆری زانستیو ئەدەبیو هونەریو پیشەیی دروست دەبێتو کۆمەڵگەیەکی تەندروست تر بنیاد دەنێن بۆیە دەکرێت بڵێین هەر کۆمەڵگەیەك بیەوێت بەرەو پێش بچێت پێویستە لە فێرکارییەوە دەست پێبکات[4].

کەواتە خزمەتگوزاریی فێرکاری پێداویستیەکی گرنگ و پایەیەکی بەهێزی کۆمەڵگە پێکدەهێنێت، لە ڕێگەی ئەم کەرتەوە دەکرێت کەسایەتی بەهێزو سودبەخش دروستبێتو هاوکارێکی باشی بەرەوپێشبردنی ژیانی مرۆڤایەتی بێت لەبوارە جیاجیاکاندا.

## 5- پشتێنەی کاریگەر(نطاق التأثیر):

یەکێکە لەشێوازەکانی شیکردنەوەی خزمەتگوزاریی فێرکاری شیکردنەوەی ئەم پشتێنەی کاریگەرە لە شێوازەکانی شیکردنەوەیە لەسیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان بۆ دیاری کردنی پشتێنەی هەموو دامەزراوە فێرکارییەکان، واتە سنوری شوێنی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکە بەپێی ئەو دووریەی کە بۆی دانراوە وەك پێوەر دیاریدەکات ئەمەش لەشێوەی بازنەدایە ناوەڕاستی ئەم بازنەیە خزمەتگوزاریەکەو لە چەقەکەیەوە بەرەو کەنارەکانی دەڕوات لەم نێوەندەشدا دانیشتوانی خزمەتکراو

(1) فاطمة أحمد محمد ابو جلال، توزيع الجغرافی لخدمات التعليم الأساسي بحي الغيران، رسالة ماجستير (غيرمنشورة)، قدمت الى مجلس مدرسة العلوم الانسانية، مصراتة، ليبيا، 2013، ص37.

(2) حاتم حمودي حسن الجبوري، تحليل واقع التوزيع للخدمات التعليمية في مدينة الكاظمية دراسة في جغرافية المدن، رسالة ماجستير (غيرمنشورة)، قدمت الى مجلس كلية التربية ابن رشد، جامعة بغداد، 2006، ص126-127.

(3) رياض كاظم سلمان الجميلي، كفاءة التوزيع المكاني الخدمات المجتمعية (التعليمية والصحية والترفيهية) في مدينة كربلاء، رسالة ماجستير (غير منشورة) قدمت الى مجلس كلية التربية (ابن رشد) جامعة بغداد، 2007،ص131.

(4) خلف حسين على الدليمي، مصدر سابق، ص87.

هەیەو سودی لێوەردەگرن[1]. لەبەرئەوە لەپێناو گەیشتن بەنواندنی ئەو پشتێنەیە بۆ سەرجەم قۆناغە جیاوازەکان لەشاری هەڵەبجەدا پشتمان بەستووە بە(Buffer) (وظيفة النطاق) لە لیستی (proximity) لە ناو لیستی ئامرازەکانی شیکردنەوە(قائمە ادوات التحليل) (Analysis tools) لە پرۆگرامی ( Arc GIS). ئەو دووریەش کەوا دانراوە بۆ هەریەکە لە خزمەتگوزارییەکان جیاوازی هەیە، باخچەی مندالاَن(150– 300)م، خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی 1–6 (300–400)م و خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی(7–9) (400–700)م، قۆناغی ئامادەیی (700– 1000) و قۆناغی دواناوەندیش بەهەمان شێوەی قۆناغی ئامادەییە[2].

**6– نزیکترین دراوسێ(صلة الجوار او جار الاقرب ):**

یەکێکە لە هاوکێشە گرنگەکان بۆ دەرخستنی سروشتی شێوازی دابەشبوونی شوێنی دیاردە جوگرافیەکان، بەهۆیەوە پەیوەندی شوێنی نێوان دیاردەکان دەپێورێت[3]. ئەم هاوکێشەیەش پشت دەبەستێت بە پێوانی دوری نێوان دیاردە دابەش بووەکانی نەخشەکە لەشێوەی خاڵدا و ئەم پێوەرە جیاواز لە پێوەرەکانی ترو دوورە لە ڕێژەی هەڵە[4]، بۆیە بەیەکێك لە باوترین پێوەرەکان دادەنرێت لە زانستی جوگرافیادا بۆ دیاری کردنی شێوازو ڕادەی بلاَوبونەوەی خاڵەکان لە دەوری یەکدا بەکاردێت. ئەم هاوکێشەیەی خوارەوەش بەکاردێت بۆی[5].

$$R = 2 \times d\sqrt{\frac{N}{A}}$$

R= بەهای نزیکترین دراوسێ

d= تێکڕای دووری ڕاستەقینەی نێوان خاڵەکان لە دابەشبوونەکەدا

N= ژمارەی دیاردەکان (ژمارەی شوێنی خزمەتگوزاریی)

A= ڕووبەری ناوچەی توێژینەوە

پاش ڕونکردنەوەی زاراوەکان کە پەیوەندیی بە بابەتی توێژینەوەکەوە هەیە، گرنگە باسی دانیشتوان بکەین، چونکە دانیشتوان پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ خزمەتگوزارییەکاندا هەیە لەبەرئەوە لەبەشی داهاتوودا باسی لێوەدەکەین .

---

(1) عمر حسن حسين الرواندزي، تحليل المكاني والوظيفي الخدمات التعليمية في مدينة سوران باستخدام نظم المعلومات الجغرافية (Gis) ، رسالة ماجستير (غير منشورة)، قدمت الى مجلس كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، اربيل، 2011، ص35.

(2) ديار محمد أحمد، مصدر سابق، ص21– 24.

(3) هيوا صادق سليم، التحليل الجغرافي لكفاءة التوزيع المكاني للخدمات التعليمية في مدينة اربيل، اطروحة دكتوراه (غير منشورة ) قدمت الى كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، اربيل، 2012، ص98.

(3) عبدالحليم البشير فاروق و نزهة يقظان الجابري، تحليل صلةالجوار في الدراسات الجغرافية بالتطبيق على المستوطنات البشرية بمنطقة مكة المكرمة، مجلة جامعة ام قرى للعلوم الاجتماعية، مجلد الاول، عدد الاول، يناير، 2009، ص160.

(5) سامى عزيز عباس العتبي و اياد عاشور الطائي، الاحصاء والنمذجة في الجغرافية، الطبعة الاولى، مطبعة الامارة، بغداد، 2013، ص156.

## بەشی دووەم: زیادبوونی دانیشتوان وخزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجە

**دەستپێك:**

زیادبوونی دانیشتوان ئێستاو لەم سەردەمەی ئەمڕۆماندا بووەتە بابەتێکی گرنگ و زۆرێك لەولآتانی جیهان لەهەوڵی ڕووبەروبونەوەیدان و بووەتە هۆی دروستکردنی کێشەوگرفت بۆیان، ئەم زیاد بوونەی دانیشتوان کاریگەری لەسەر خزمەتگوزارییەکانو بەتایبەت خزمەتگوزاریی فێرکاری هەیە، ژمارەیەك لە جوگرافی ناسان و توێژەران لەو بوارەدا سەرقاڵی ئەنجامدانی توێژینەوەن، ئاشکراشە کە لەهەر شوێنێك ژمارەی دانیشتوان ڕووی لەزیادبوون کرد پێداویستیش بۆ خزمەتگوزاریی ڕوو لە زیادبوون دەکات ئەمەش گرنگترین کارێکە کە ڕووبەڕوی ئەو ناوچەیە دەبێتەوە، خزمەتگوزارییەکانیش بە هەموو ئاست و جۆرەکانیانەوە خزمەتی دانیشتوان دەکەن، لەم چوارچێوەیەشدا خزمەتگوزاریی فێرکاری ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت و پەیوەندی بە دانیشتوانەوە هەیە زیادبوونی دانیشتوان و ئەم خزمەتگوزارییەش لە ماوەیەکی کورتدا ڕوونادات،بەڵکو لە ڕووی مێژووییەوە پێویستی بە کاتێکی دوور و درێژ هەیەو چەندین ساڵو قۆناغ تێدەپەڕێنێت، زیادبوونی دانیشتوان لەشاردا زیادبوونی ڕووبەری شارو فراونبوونی بەدوای خۆیدا دەهێنێت. ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی خواست لەسەر خزمەتگوزاریی فێرکاری و بلأوبونەوەی بە شارەکاندا بەپێی شوێن و ژمارەی دانیشتوانو گەڕەکەکانی نیشتەجێبوون.

لەشاری هەڵەبجەشدا بەهۆی بارودۆخی ناوچەکەوە لە هەموو ڕوویەکەوە بەچەندین قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە چ لەڕووی دانیشتوانەوە بێت،یان خزمەتگوزاریی فێرکاریەوە ئەمەش گۆڕانکاری زۆر بەدوای خویدا هێناوە لەبەرئەوە ئامانجی ئەم بەشە خستنە ڕووی چۆنیەتی ئەو گۆڕانکاریو زیادبوونەیە کە ڕوویداوە لەشارەکەدا بۆیە لە دوو باسدا ئەوە ڕووندەکەینەوە بەم شێوەی خوارەوە:

**باسی یەکەم : گەشەی دانیشتوان لەشاری هەڵەبجە:**

گەشەی دانیشتوان یەکێکە لەبابەتە گرنگەکان لەبواری لێکۆڵینەوەی دانیشتواندا،زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان دەگرێتەوە، لەشاری هەڵەبجەشدا زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان هۆکاری سەرەکییە بۆ گۆڕانکاری دانیشتوان لەکاتێکی دیاری کراودا، هەر بۆیە ئەمەش وادەکات زانیاریمان لەسەر دانیشتوان لەئێستاو داهاتوودا هەبێت و پێشبینییان بۆبکەین(1). گەشەی دانیشتوانی شاریش واتە زۆربونی ژمارەی دانیشتوان لەشاردا بەهۆی زیادبونی سروشتی و کۆچی هاتووەوە ڕوودەدات، لەبەرئەمەش گۆرانکاری بەسەر پێکهاتەی ئابووری وچالاکی بازرگانیو کۆمەلأیەتیوخزمەتگوزارییەکانی شاردا دێت، هەبونی هەلی کاری زۆرترو خزمەتگوزارییەکان بەشێوەیەکی فراوانتر وادەکەن دانیشتوانی دەوروبەر زیاتر ئارەزووی کۆچ بکەن بۆشار(2). ئەم دیاردەیەش دەبێتەهۆی ئەوەی کۆی گشتی دانیشتوانی شار زیاد بکات، زیادبوونی دانیشتوانیش شار فراوانتردەکات و هەندێك جار و لەهەندێك ناوچەدا، ناوچەی نوێ بەشێوازی

(1) هاوریێ یاسین محمد امین، لێکۆڵینەوەیەك لەجوگرافیای هەرێمی کوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، 2013، ل211.

(2) بیان علی حسین، التحلیل الجغرافي لاتجاهات النموالحضری في مخافظةالسلیمانیة، اطروحة دکتوراه(غیرمنشورة)، قدمت الی مجلس کلیة العلوم الانسانیة، فی جامعة السلیمانیة، 2008، ص7.

هەڕەمەکی بەبێ پلان دروست دەبێت و خانو و گەڕەکی ناڕێك بنیاد دەنرێت و دانیشتوان بڵاو دەبنەوە تێیدا [1]. ئەم دیاردەیەش لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا لە کۆن و ئێستاشدا ڕویداوە و لە ئەنجامی چەندین فاکتەری سروشتیومرۆیی، بۆیە لەبەر ڕۆشنایی ئەو داتاو زانیاریانەی دەستمان کەوتوون،تا ساڵی( 1977) بەشێوەیەکی کورت باس لەدانیشتوان دەکەین لەناوچەی لێکۆلینەوەدا،لەو ماوەیەش بەدواوە بەشێوەی قۆناغ لەچوار قۆناغدا باسی لێوەدەکەین.

ئەو داتایانەی دەستمان کەوتوون،ئەوە دەسەلمێنن کە دانیشتوانی شاری هەڵەبجە لە دەوروبەری ساڵی(1895) نزیکەی (3000) کەس بوون،هەروەها لەم شارەدا بەپێی ئەو ژمارەی دانیشتوانە کەتێیدا ژیاون تەنها (1) خوێندنگە بوونی هەبووە، ئەمە جگە لەبوونی چەند مزگەوتێك[2]. هەروەها لەنێوان ساڵانی (1911–1912)دا بەپێی ئەو سەرژمێریانەی دەوڵەتی عوسمانی ئەنجامیداوە بەجیا باس لەدانیشتوانی شارەکە نەکراوە، بەڵام قەزاکە بەگشتی پێکەوە ناوی هاتووەو لەڕووی پێکهاتەشەوە تەنها باسی موسڵمانو جوولەکە کراوە، لەڕووی ڕەگەزیشەوە بەس ڕەگەزی نێر هەژمارکراوە کە پێدەچێت ئەم سەرژمێرییە زیاتر بۆلایەنی سەربازی بووبێت، چونکە دوای دوو ساڵ جەنگی یەکەمی جیهانی هەڵگیرساوەو عوسمانیەکانیش تێیدا بەشداربوون، لەو کاتەدا قەزاکە کە بە(گلعنبر) ناوی براوە (هەڵەبجە) ناحیەی سەنتەر بووەوناحیەکانی تری بریتی بوون لە (سروچكوقزلجەوپێنجوین)(7911) کەس ڕەگەزی نێر بوون، بەڵام لەم ڕێژەیەش لەپێکهاتەی دینیەوە (129) کەس جولەکە بوون[3]. بەڵام ساڵ لە دوای ساڵ ژمارەی دانیشتوان لە شارەکەدا ڕووی لە زیاد بوون کردووە بەپێی ئەو سەرژمێریانەی لەسەردەمی ئینگلیزەکاندا ئەنجامدراوە و دواتریش سەرژمێریەکانی دەوڵەتی عێراق، لە ساڵی(1920) لەشاری هەڵەبجەدا دانیشتون نزیکەی (6509) کەس بوون و بەم شێوە جیاکراوەتەوەو ڕەگەزی نێر (3355) هەرچی ڕەگەزی مێیە (3154)[4]. دەبینین کەوا (201) کەس لە ڕەگەزی نێر زیاترە لە ڕەگەزی مێ هۆی ئەم زیادیەش زیاتر پەیوەندیی بەوەوە هەیە بەگەکانو دەست ڕۆیشتووەکان لەو سەردەمانەدا ژمارەیەك سوراچاكو بەردەستیان بووە بەزۆری لە ڕەگەزی نێر بوون زیاتر بۆ ئیشوکارەکانیان و پاراستنی دەستەلاّت و بنەماڵەکانیان بەکار هاتوون، ئەمانەش پێدەچێت بەشێکیان لەدەرەوەی شارەکەوە هاتبن، بەو شێوە بۆ پەیداکردنی بژێوی لەو ماڵانەدا کاریان کردووە ساڵ لە دوای ساڵ بەشێوەکی کەم ژمارەی دانیشتوانی شارەکە ڕووی لەزیاد بوون کردووە، تا ساڵی (1957) ژمارەی دانیشتوان نزیکەی (7406) کەس بوون، هۆکاری ئەم ژمارە کەمە بۆئەوە دەگەڕێتەوە بەشێکی زۆری دانیشتوان لەگوندەکاندا ژیاون واتە گوندنشین زیاتر بووە لە شارنشین.

---

(1) سهام وناسی، نموالحضری و مشکلة السکن والاسکان، رسالة ماجستیر(غیرمنشورة)، قدمت الی کلیة علوم الاجتماعیة، جامعة الحاج الخضر، باتنة، الجزائر، 2009، ص55.

(2) شەمسەدین سامی، کورد و کوردستان لەیەکەم ئەنسیکلۆپیدیای تورکی لە مێژوودا، وەرگێرانی ئەحمەد تاقانە، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2010، ل301.

(3) عبدالفتاح علی یحیی، سالنامات الموصل العثمانیة مصدرا لدراسة تاریخ السلیمانیة،مجلة جامعة دهوك، مجلد 1، العدد 2، سنة 2000، ص51.

(4) ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ژمارە (29)، ڕێکەوتی 1920/11/11.

بەڵام ئەگەر بێت و بمانەوێت بەشێوەیەکی باشتر و ورد تر باس لەدانیشتوانی ئەم شارە بکەین و تێگەیشتمان بۆی زیاتربێت و بەراوردی بکەین بەقەزای هەڵەبجەش بەباشی دەزانین بەشێوەی قۆناغ لەدوای قۆناغ لەبەر ڕۆشنای داتاو سەرژمێریەکان بەم شێوەی خوارەوە باسی بکەین:

1- قۆناغی یەکەم (1977-1987)

2- قۆناغی دووەم (1987-2002)

3- قۆناغی سێیەم (2002- 2009)

4- قۆناغی چوارەم (2009-2015)

**1- قۆناغی یەکەم (1977-1987):**

لەماوەی نێوان ئەم ساڵانەدا گۆڕانکاری زۆر بەسەر شارەکان و دانیشتواندا هاتووە لەهەرێمی کوردستان بەگشتی و پارێزگای سلێمانی بەتایبەتی، ئەم گۆڕانکاریانەش لەم قۆناغەدا شاری هەڵەبجەی گرتەوە، کاریگەری ئەم گۆڕانکاریانەش لەم شارەدا بوەتە هۆی گۆڕینی ڕووبەری شارەکە لەبەرئەوەی لە پاش ڕێککەوتنامەی جەزائیری نێوان( عێراق—ئێران ) حکومەتی عێراق بەرنامەی داڕشت بۆ دروستکردنی پشتێنەیەکی ئەمنی سنوری چۆڵکراو بۆئەوەی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی پێ کەم کاتەوە، کۆمەكو هاوکاری گوندنشینانیش بۆیان نەهێڵێت، بۆیە لە پاش ئەو ساڵەوە بەهۆی بەرنامەو پلانەکەیانەوە ڕاگواستنی دانیشتوان لەدانیشتوانی گوندە سنوریەکانەوە دەستی پێکرد،ئەمەش بەشێك بووە لە سیاسەتی حکومەتی عێراقی کە بەکاری هێناوە لەدژی گەلی کوردو بۆ مەبەستی لاوازکردنی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردی[1]. ئەم سیاسەتەش بەدرێژی(800)کم جێبەجێکرا لە هەڵەبجەو ناوچە سنوریەکانی پارێزگای سلێمانی هەتا (ڕواندزو زێبار لە پارێزگای هەولێر و ئامێدی و زاخۆ لە پارێزگای دهۆك) ئەمەش دروست بوونی چەندین ئۆردوگای لەهەرێمی کوردستان لێکەوتەوە بۆ کۆکردنەوەی گوندنشینەکان، پارێزگای سلێمانیش(31) ئۆردوگای بۆ دروستکرا بۆ کۆکردنەوەی (517) گوند[2]. ئەوەی تایبەت بوو بەشاری هەڵەبجە ئۆردوگا زۆرەملێکانی وەك (عەنەب) لەسەر ڕێگای سەرەکی هەڵەبجە گوندی عەنەب و هەروەها (زەمەقی) لەسەر ڕێگای سەرەکی هەڵەبجە ـ سیروان دروستکراوە، بۆ جێگیرکردنو کۆکردنەوەی گوندنشینە سنوریەکان،بێگومان ئەم ڕاگواستنەش بووە هۆی ئەوەی دانیشتوان لە شارەکان زیادبکات و گۆڕانکاری بەسەر پێکهاتەی شارەکەدا بێت[3]. جگە لەم هۆکارەش شەڕی هەشت ساڵەی نێوان (عێراق-ئێران) لەساڵی(1980-1988) ڕاگواستنی گوندەکانی خستە قۆناغیکی ترەوە و لەسنوری هەڵەبجەشدا بەبیانووی شەڕەوە ناوچە سنوریەکان بەقوڵای(10-

(1) جاسم محمد علی، ڕۆڵی هۆکارە سیاسیەکان لەدابەشبونی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیدا،چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك،سلێمانی، 2008، ل182.

(2) عومەر هەمزە صالح ، ڕاگواستن(لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافی و مێژووی زۆرەملێی گوندنشینەکانی کوردستانە پشدەر وەك نموونە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، 2009، ل79.

(3) ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان:تەرحیل،تعریب، تەبعیس، چاپی دووەم، سەنتەری لێکۆڵینەوە ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، 1999، ل197-199.

20)کم چۆڵکران[1] و بۆجاریکی تر هەندێك لە گوندەکان ڕاپێچی شارکرانو لە ئۆردوگاکاندا نیشتەجێکران ئەمەش بۆجارێکی تر بەرز بونەوەی ژمارەی دانیشتوانی هەڵەبجەی لێکەوتەوە. لەساڵانی دواتریشدا بەهەمان شێوە دانیشتوان لەناوچەی لێکۆڵینەوەدا لە گۆڕاندا بووە بڕوانە خشتەی (3).

خشتەی (3)

ژمارەی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە و قەزای هەڵەبجەو ڕێژەی دانیشتوانی هەڵەبجە بۆ قەزا لەنێوان (1977-2015)

| ساڵەکان | ژمارەی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە | ژمارەی دانیشتوانی قەزای هەڵەبجە | ڕێژەی دانیشتوانی هەڵەبجە بۆ قەزاکە |
|---|---|---|---|
| 1977 | 22 411 | 91 939 | 24.3 |
| 1987 | 37 049 | 115 299 | 32.1 |
| 2002 | 42 943 | 84 273 | 50.9 |
| 2009 | 55 963 | 90 177 | 62 |
| 2015 | 66 823 | 107 678 | 62.1 |

سەرچاوە : کاری توێژەر بە پشت بەستن بە : پاشکۆی (5).

لەخشتەی (3)دا بۆمان ڕووندەبێتەوە کە بەپێی سەرژمێری ساڵی( 1977) ژمارەی دانیشتوانی شارەکە (22411) کەس بوون و کۆی گشتی دانیشتوانی قەزاکەش (91939) کەس بوون، ڕێژەی دانیشتوانی شارەکە لەکۆی قەزا (24.3٪) هەروەها ساڵانە ژمارەی دانیشتوانی شارەکە زیاد دەکات.

بەڵام ئەگەر بێتوو باس لەگەشەی ساڵانەی دانیشتوان لەشاری هەڵەبجەدا بکەین و بەراوردی بکەین بەقەزای هەڵەبجە لەماوەی نێوان (1977-2015) دەبینین ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان جیاوازیەکی زۆری تێدایە. بڕوانە خشتەی (4) گەشەی ساڵانەی شار و قەزاکە نیشان دەدات و بە پێی قۆناغەکان باسیان لێوە دەکەین.

بەسەرنجدان لەخشتەی(4) دەردەکەوێت لە ماوەی نێوان ساڵانی(1977-1987) گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی هەڵەبجە زۆرترین ڕێژەی هەیە کە (5.16٪) ساڵانە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دۆخە نا ئاساییەی کەوا ناوچەی لێکۆڵینەوە پێیدا ڕۆشتووە،کە لەپێشەوە ئاماژەی بۆکراوە چۆن گوندەکان ڕاگوێزراون بۆ شارەکان و ئەمەش دیاردەیەکە دەکرێت وەك تەقینەوەی دانیشتوان باسی لێوەبکرێت، چونکە لەهیچ کام لە ساڵەکان و قۆناغەکاندا گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شار ناگاتە ئەو ڕێژەیە.

(1) خليل اسماعيل محمد، مؤشرات سياسة التعريب والتهجير في اقليم كوردستان العراق، مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل ، 2001، ص26.

خشتەی (4)

ژمارەی دانیشتوانو (گەشەی سالأنە*)ی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە و قەزای هەڵەبجە لەنێوان (1977–2015)

| ماوە | گەشەی سالأنەی شاری هەڵەبجە ٪ | گەشەی سالأنەی قەزای هەڵەبجە ٪ |
| --- | --- | --- |
| 1977–1987 | 5.16 | 2.29 |
| 1987–2002 | 1 | 2.07- |
| 2002–2009 | 3.86 | 1 |
| 2009–2015 | 3 | 3 |
| 1977–2015 | 2.92 | 0.42 |

سەرچاوە:کاری توێژەر بە پشت بەستن بە : خشتەی (3)

(*) مەبەست لێی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانە لە سەر ژمێریەکدا بۆ سەرژمێریەکی تر و ئەم هاوکێشەیەش بەکاردێت بۆی

$$R = n\sqrt{\frac{p_t}{p_o}} - 1 \text{ X } 100$$

R = ڕێژەی گەشەی سالأنە

n = ماوەی نێوان ساڵەکان

Pt = ژمارەی دانیشتوان لەسەرژمێری نوێدا

Po = ژمارەی دانیشتوان لەسەرژمێری کۆندا

سەرچاوە:

1– انعام سمير محي العبادي، قضاء المدائن (دراسة في الجغرافية السكان)، رسالة ماجستير (غير منشورة)، قدمت الى مجلس كلية التربية، جامعة بغداد، 2002، ص44.

2– بەکارهێنانی بەرنامەی ( Excel-Growth (Compatibility Mode) )

سەبارەت بە گەشەی سالأنەی دانیشتوانی قەزاکە لەنێوان سالأنی(1977–1987)( ٪2.29 )یە کە بەڕێژەیەکی کەم دادەنرێت بۆ قەزاکە و هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە زۆربەی گۆڕانکارییەکانی وەك زیادبوونی سروشتی و فاکتەر و دۆخە سیاسیەکە لەشاری هەڵەبجەدا بەشێوەیەکی زیاتر ڕوویانداوە، بەراورد بە ناحیەکانی تر هەروەها گوندنشینان زۆربەی دانیشتوانی ناحیەکانیان پێك هێنابوو بەتایبەت ناحیەی سیروان لەچەند قۆناغێکدا ڕاگوێزرانە شاری هەڵەبجە بۆیە قورسایی دیمۆگرافیای دانیشتوانیان بەو شێوەیە گۆڕی لەناحیەی سیروانەوە بە ئاڕاستەی شاری هەڵەبجە.

ناکرێت ئەوەش لەبیر بکرێت کەسەرجەم گۆڕانکارییەکان بەسەر شارەکەدا هاتووە، بەتایبەت زیادبوونی دانیشتوان بۆتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ گۆڕینی شار و فراوانبوونی ڕووبەرەکەی لەبەرئەوە ساڵ لەدوای ساڵ لەگەڵ گۆڕانی دانیشتوانیشدا شارەکە لەڕووی ژمارەی گەڕەك و ڕووبەریەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە. بڕوانە خشتەی(5).

خشتەی (5)

ژمارەی گەڕەك و رووبەریان بەپێی قۆناغەکانی گەشەی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە / هێکتار*

| قۆناغەکان | ژمارەی گەڕەك | رووبەر |
|---|---|---|
| یەکەم (1977–1987) | 15 | 355 |
| دووەم (1987–2002) | 19 | 459 |
| سێیەم (2002–2009) | 37 | 1 540 |
| چوارەم (2009–2015) | 40 | 2568.95 |

سەرچاوە:کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:

1- نەخشەی بنەڕەتی هەڵەبجە بەپێوەری : 1: 460 م، ساڵی 2014.

2- بەکارهێنانی بەرنامەی GIS بۆ دۆزینەوەی رووبەری گەڕەکەکان بەپێی قۆناغەکان .

* 1هێکتار= 10000م$^2$

بەتێبینی کردنی خشتەی ژمارە(5) دەردەکەوێت لەقۆناغی یەکەمدا واتە لە ساڵانی( 1977-1987) دا رووبەری شارەکە (355)هێکتار بووە، ئەمەش دابەش بووە بەسەر (15)گەڕەکدا، کە بریتین لە (تنقیح ، سیتی سەنتەر، جولەکەکان ، پاشا ، پیرمحمد ، گوڵان ، باخی میروکانی عاشقان ، سەرا، مامۆستایان، کانی قولکە1، کانی قوڵکەی2، مەرزەبۆتۆ، شارەوانی1، شارەوانی2 ، دەروازەی شار( زەمەقی) ). وەك لە نەخشەی (4)دا هاتووە.

**قۆناغی دووەم(1987-2002):**

ڕاستییەکی روونە لەسەرەتای ئەم قۆناغەوە شاری هەڵەبجە بە بارودۆخێکی خراپتردا ڕۆشتووە بەراورد بە قۆناغی یەکەم، لەبەرئەوەی لەقۆناغی یەکەمدا ڕاگواستن بووە، بەلآم لەم قۆناغەدا مردنی زیاتر لە(5000) هاوڵاتی بێتاوانو ئاوارەبوونو دەربەدەری هەزارانی دیکەی ئەم شارە لەلایەن حکومەتی بەعسەوە بە دڕندانەترین شێوە و دوور لەهەموو بەهایەکی مرۆڤایەتی کەوتۆتە بۆمبارانکردنی شارەکەو تێیدا چەندین جۆر لەبۆمبی قەدەغەکراوی کیمیاوی لەدژی هاوڵاتیانی شارەکە بەکارهێناوە، ئەمەش دروستبوونی گۆڕانکاری زۆر لە سەرجەم لایەنەکانی شارەکەدا بەتایبەت دانیشتوان بەدوای خۆیدا هێناوە. ئەوەی گرنگ و پێویستە بوترێت ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەهۆی ئەو کارەسات و بارودۆخە ناهەموارە توشی ناوچەکە هاتووە ئاسەوارێکی وەهای جێهێشتووە نەك تەنها شارەکەی بۆچەند ساڵێك گەڕاندۆتەوە دواوە،بەڵکو کاریگەرییە خراپەکانی بۆ دەیان ساڵ لەسەر ژینگەی ناوچەکەو بەشی زۆری شارەکە بەجێ هێشتووە،بێگومان ئەمەش ئەنجامی خراپی لەبواری ژینگە و تەندروستی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە. لەم قۆناغەدا هەروەك لەخشتەی (3) دا ئاماژەی بۆ کرابوو دانیشتوانی شاری هەڵەبجە لەساڵی1987 گەیشتۆتە نزیکەی (37049) کەس واتە بەراورد بەقۆناغی پێشوو (ساڵ 1977-1987) (12638) کەس زیادی کردووە،ئەمەش بەهۆی ڕاگواستنەوە رووی لەزیاد بوون کردووە، شەڕی (عێراق ـ ئێران) یش بۆتە هۆی چۆڵکردنی دەیان گوند، ئەمە لە کاتێکدایە کۆی گشتی (115299) کەس بوون گەشەی ساڵانە دانیشتوانی شارەکە (1٪) واتە (4.16٪) گەشە کەمی کردووە

## نەخشەی (4)

## شاری هەڵەبجە لەقۆناغی یەکەمدا ( 1977–1987)




سەرچاوە:کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:

1– هەورامان کمال میرزا، فراوانبوونی ڕووبەری شاری هەڵەبجەو کاریگەرییە ژینگەییەکانی (نامەی ماستەر) ( بلاَونەکراوە)، پێشکەشی کۆلێژی ئەدەبیات کراوە، زانکۆی صەلاحەدین، 2013، ل 60.

2– حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS.

3– نەخشەی بنەڕەتی هەڵەبجە ساڵی 2014 بەپێوەری 1: 460 م.

بەراورد بە قۆناغی پێشوو ئەمەش بەهۆی کارەساتی کیمیابارانو لەناوچوونی هەزاران هاوولاتی ئەم شارەوەیەوەیە، لەدوای ڕاپەرینی(1991) هەندێك لە خەڵکی ئاوارە بووی ئەم شارە گەڕانەوە و دووبارە شارەکە گەشەی تێ کەوتۆتەوە و خەڵکی دەستیان بەدووبارە بنیادنانەوەی خانو و کەلاوە وێرانبووەکانیان کردۆتەوە هەرچەندە پاش کارەساتەکەش هەندێك لەدانیشتوان قەزاکەیان جێ هێشتبوو و ڕوویان لەشاری سلێمانی کردووە، سەدان گەنجیش ڕوویان لەهەندەران کردووە بەلاَم شارەکە بەشێوەیەکی لەسەرخۆ لەڕووی دانیشتوان و فراوانبونەوە ڕووی لەگەشەکردووە هەر لەو ماوەیەشدا بوو کە چەند ساڵێك گەمارۆی نێودەوڵەتی لەسەر عێراق بووە حکومەتی عێراقیش گەمارۆی لەسەر هەرێم سەپاندووە، شەڕی ناوخۆش لەم ناوچەیەدا هەبووەو ئەم شارە پشکی گەورەی هەبووە ئەمانە هەموو هەبوون لەگەڵ ئەوەشدا حکومەت و ڕێکخراوەکان و خەڵکی بەردەوام بوون لەمانەوەو خزمەتکردنی شارو دووبارە بنیادنانەوەو ڕێکخستنی ئەگەرچی بەشێوەیەکی کەمیش بووبێت. هەربۆیە لەدوای ساڵانی نەوەدەکانەوە تاوەکو سەرەتای قۆناغی سێیەم گەشەی دانیشتوانی شارەکە بەشێوەیەکی لەسەرخۆ ڕووی لە بەرزبوون کردووە.

هەموو ئەم فاکتەرانەش بونەتە هۆی ئەوەی گەڕەکەکانی شار لەم قۆناغەدا بگاتە (19) گەڕەك بەراورد بەقۆناغی پێشوتر تەنها گەڕەکی (شەهیدان، فەرمانبەران، شێخ سمایل، گەشتیاری ) زیادی کردووە لەگەڵ زیادبوونی بەشێك لە ڕووبەری گەڕەکی مامۆستایان بۆ نەخشەی ناوچەی لێکۆڵینەوە، نەخشەی(5)، بۆیە لەڕووی ڕووبەرەوە (355) هێکتار لەقۆناغی یەکەمدا ڕووی لەزیادبوون کردووە تاکو لەم قۆناغەدا ڕووبەری شارەکە گەیشتۆتە( 459 ) هێکتار واتە (104) هێکتار ڕووبەری شارەکە زیادی کردووە.

## 3- قۆناغی سێیەم( 2002-2009):

سەرەتای ئەم قۆناغە لەساڵی(2002)ەوە دەست پێدەکات،کە تێیدا ژمارەی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە گەیشتۆتە نزیکەی (42943) کەس ئەمەش بەراورد بە قۆناغی پێشوو واتە (1987-2002) نزیکەی (5894) کەس زیادی کردووە ئەم ژمارەیەش لەو ماوەیەدا کەم نییە کەوا زیادبووە بۆ دانیشتوانی شارەکە، لەبەرئەوەی تاکو دەورووبەری ساڵی (2003) و بەتایبەت پاش ڕووخان و نەمانی ڕژێمی بەعس و ئیتر بارودۆخی ژیان و گوزەرانی خەڵکی بەرەو باشتربوون چووەو بەرزبوونەوەی لایەنی ئابووری کە هۆکار بووە بۆ ئەوەی کۆچی گەنجان کەمتر بێتەوە لەگەڵ لایەنی کۆمەلاَیەتی و تەندروستیش فاکتەری کارا بوون بۆ ئەوەی دانیشتوان بەشێوەیەکی زیاتر ڕوو لەزیاد بوون بکاتەوە و باشتربوونی لایەنی ئابووریەکەش کاروانی ئاوەدانی بە ڕووی شارەکەدا کردەوە هەر ئەوانەش بوونەتە هۆی ئەوەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شارەکە زیاد بکات بۆ(3.86٪) واتە بەراورد بەقۆناغی دووەم (2.86٪) گەشەی ساڵانە ڕووی لەزیادبوون کردووە، ئەوەی تایبەتە بە دانیشتوانی قەزاکە کۆی گشتی (84273) کەس بووە،لە ساڵی 2002دا واتە ناوچەی لێکۆڵینەوە زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی قەزای پێك هێنابوو، بۆخشتەی (4) بگەڕێوە ئەگەر تێبینی بکەین دەبینین گەشەی شارنشینی لەشاری هەڵەبجە لە سەرجەم قۆناغەکانی تر زیاترە بەهەمان شێوە لەقەزاکەشدا ڕووی لەزیادبوون کردووە واتە لە(-2.07٪) بۆ (1٪) بەرزبۆتەوە.

## نەخشەی (5)

## شاری هەڵەبجە لە قۆناغی دووەمدا (1987–2002)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:

1– هەورامان کمال میرزا، فراوانبوونی ڕووبەری شاری هەڵەبجەو کاریگەرییە ژینگەییەکانی، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)،پێشکەشی کۆلێژی ئەدەبیات کراوە، زانکۆی صەلاحەدین، هەولێر، 2013، ل 65.

2– حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS.

3– نەخشەی بنەڕەتی هەڵەبجە ساڵی 2014 بە پێوەری 1: 460 م.

ئەمەش لەئەنجامی هەمان ئەو فاکتەرانەی سەرەوەیەو لە کۆتای ئەم قۆناغەشدا کە ساڵی (2009)یە ژمارەی دانیشتوان دەگاتە نزیکەی (55963) و ڕێژەی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە بۆ کۆی دانیشتوانی قەزا بەرزبۆتەوە بۆ (62٪) ئەمەش بەراورد بەسەرەتای ئەم قۆناغە (11.1٪) ڕێژەکە بەرز بۆتەوە بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فاکتەرانەی کەوا لەپێشتردا ئاماژەمان بۆکردووە.

سەبارەت بە ژمارەی گەڕەکەکانی ئەم شارە لەساڵی (2002-2009) بەژمارەیەکی زۆر زیادی کردووە کە (18) گەڕەك زیادبووە بەراورد بە قۆناغی پێشوتر، واتە کۆی گشتی گەڕەکەکان (37) گەڕەکە وەك لەخشتەی ژمارە(5)ئاماژەمان بۆ کردبوو، گەڕەکە زیادبووەکانیش ئەمانەن (شەهیدفاتیح- ماردین- تەقتەقان- مامۆستایانی2- بەفری میری- شاری- کاریز- سازگار- هەولێر- بامۆك- حاجی حسن- چەمی قەیغە- حسن ئاوا- سەروەران 1- یادگاری- ڕاپەرین- ناوچەی پیشەسازی- خڕی خەزێنە). بەم شێوەیە سەرجەمی ئەو ڕووبەرەی کەوا ئەم شارە لەم قۆناغەدا هەیبووە نزیکەی (1540) هێکتار بووە، واتە بەراورد بە ڕووبەری شارەکە لە قۆناغی پێشووتردا نزیکەی (1081) هێکتار شارەکە فراوانبووەئەم فراونبوونە کە بەسەر شاری هەڵەبجەدا هاتووە لە نەخشەی (6) دیارە.

**قۆناغی چوارەم: 2009–2015**

هەرچەندە لەم قۆناغەدا هیچ جۆرە سەرژمێریەك بۆ دانیشتوان لە ناوچەکەدا نەکراوە،بەڵام ئێمە لەبەر ڕۆشنایی داتاکانی ساڵانی پێشوو وەك لە ساڵی( 2009) و گرنگی بۆ بابەتەکە هەوڵماندراوە لە ڕێگەی یاسای پێشبینی کردن بۆ ژمارەی دانیشتوان کۆی دانیشتوانی ناوچەکە وەربگرین بەم پێیەش لەساڵی (2009) لەسەرەتای قۆناغەکەدا ناوچەی لێکۆڵینەوە (55963)کەس بووە تاکو ساڵی (2015) دانیشتوانی شارەکە گەیشتۆتە(66823) کەس بۆیە بەراورد بەقۆناغی پێشوتر واتە تاکو ساڵی (2009) نزیکەی(10860)کەس بۆ دانیشتوانی شارەکە زیادی کردووە ڕێژەی گەشەی ساڵانەش(3٪) بووە قەزای هەڵەبجەش دانیشتوانی لەم ساڵەدا گەیشتۆتە (107678 )کەس و ڕێژەی گەشە زیادی کردووە بەڕێژەی( 2٪) واتە گەشەی دانیشتوانی قەزاکە بەرزبۆتەوە بۆ (3٪).

لەڕووی فراوانبوونی ڕووبەری شاریشەوە لەم قۆناغەدا گەشەکردنی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە بەڵام بەشێوەیەکی کەمتر بەراورد بەقۆناغی پێشوو تەنها (3) گەڕەکی نوێ ئەوانیش (گۆران سیتی، شۆڕش، سەروەران2)ن لەگەڵ زیاد بوونی ڕووبەری هەندێ گەڕەکی تر کە پێشتر هەبوون، دروست بوونی ئەمانەش شارەکەی بەرەو فراونبونی زیاتر بردووە، تاکو دەوروبەری ساڵی (2013) لەم ساڵە بەدواوە بە هۆی دۆخی نەخوازراوی ناوچەکەو هەرێمی کوردستان بەگشتی پرۆسەی ئاوەدانی و فراوانبوونی شار کەوتە قۆناغێکی سست و لاوازترەوە و هیچ گەڕەکێکی نوێ دروست نەبووە، چونکە لایەنی ئابوری و داهاتی دانیشتوان بەشێوەیەکی وا نزم بۆتەوە تاکو ساڵی(2015)و دواتریش دروست نەبووە نەلەلایەن کەرتی تایبەتەوە نە لەلایەن کەرتی حکومییەوە، بەم شێوەیە ژمارەی گەڕەکەکانی ئەم شارە بۆتە (40) گەڕەك، بڕوانە نەخشەی (7) ئەوگەڕەکانەی کەوا تازە دروستبوون نیشاندراوە.

نەخشەی (6)

شاری هەڵەبجە لە قۆناغی سێیەمدا (2002–2009)




سەرچاوە:کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:

1- Satellite Image .2009

2- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS.

3– نەخشەی بنەڕەتی هەڵەبجە ساڵی 2014 بە پێوەری 1: 460 م.

نەخشەی(7)

شاری هەڵەبجە لە قۆناغی چوارەمدا (2009–2015)




سەرچاوە:کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:

1– نەخشەی (5و6)

2- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS.

3– نەخشەی بنەڕەتی هەڵەبجە ساڵی 2014 بە پێوەری 1: 460 م.

ئەو ڕووبەرەشی کەوا زیاد بووە بۆ گەڕەکەکانی قۆناغی پێشوو لە نەخشەی دواتردا نیشان دەدەرێت هەر بۆیە ڕووبەری ئەم گەڕەکانەش بەسنوری ناوچەی توێژینەوەوە گەیشتۆتە (2568.95) هێکتار بۆ خشتەی (5) بگەڕێوە، هۆکاری ئەم زیادبوونە زۆرەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوا ئەو سنورەی شارەکە هەیەتی لەم قۆناغەدا بەشێکی بەرفراوانەو دەکرێت لەداهاتوودا دەیان گەڕەکی نوێی لێدروست بێت ، هەرچەندە لە ئێستاشدا بە ڕێژەیەکی زۆر کەم یەکەی نیشتەجێبوون کراوە بەڵام بەشی هەرە زۆری ئەو سنورەی لە دەوری شارەکەدا بوونی هەیە و سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوەیە بۆ ئێمەو لە بەکارهێنانی زەوی بۆ مەبەستی کشتوکاڵی زیاتر سودی لێوەرگیراوە نەوەك بۆ خزمەتگوزاریی و نیشتەجێ بوون، بەڵام لەگەڵ باشتر بوونی دۆخی ئابووری بێگومان بۆ جارێکی تر پرۆسەی ئاوەدانی دەست پێدەکاتەوە لە شارەکەدا و ئەوەی ئێستا بە سنوری شار دانراوە گۆڕانکاری بەسەردا دێت،زیاتر ڕوو لە فراوانبوون دەکات.

بەگشتی لەنێوان ساڵانی( 1977–2015) دا ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی شار(2.69٪) و ڕێژەی گەشەی ساڵانەی قەزا (0.42٪)ە، ئەمانەش لەئەنجامی ئەو فاکتەرانەن کە ئاماژەمان پێداون لە باسکردنی هەریەکە لە قۆناغەکانی پێشووتردا .

لەڕووی فراوانبونی ڕووبەری شاریشەوە قۆناغ لە دوای قۆناغ و ساڵانە ژمارەیەك گەڕەك لەگەڵ ڕووبەری گەڕەکە کۆنەکانیش زیادی کردووەو بوونەتە هۆی زیاتر فراوانبوونی شارەکە، لە نەخشەی (8) سەرجەم گەڕەکەکانی قۆناغە جیاوازەکان نیشان دراوە، کە بێگومان ئەو فراوانبوون و زیادبوونی خێرای دانیشتوانە کەوا لە شاری هەڵەبجەدا بووە کاریگەری لەسەر خزمەتگوزاریی فێرکاری هەیە ئەمەش لە باسی دووەمدا ڕوونی دەکەینەوە.

نەخشەی (8)

فراوانبوونی شاری هەڵەبجە لەنێوان 1977–2015




سەرچاوە:کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:

1- نەخشەی ( 4 – 7 )

**باسی دووەم : خزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجە:**

**پێشەکی:**

لەم باسەدا هەوڵدەدەین باس لە گرنگی خزمەتگوزاریی فێرکاری بکەین، وەك بەشێکی گرنگ لەژیانی کۆمەڵگە، هەروەها لەڕووی مێژووییەوە باس لە سەرهەڵدان و چۆنیەتی زیادبوونی لەشاری هەڵەبجەدا بکەین.

**یەکەم: خزمەتگوزاریی فێرکاری و گرنگیەکەی**

خزمەتگوزارییەکان لە گرنگترین کەرتەکانن لەژیانی ئادەمیزاددا، لەڕووی گرنگیەوە پاش هەردوو کەرتی کشتوکاڵی و پیشەسازی خزمەتگوزاریی بەپلەی سێیەم دێت، هەر لەبەرئەوەشە جوگرافیای مرۆیی لێکۆڵینەوە دەکات لە سەرجەم بوارەکانی خزمەتگوزاریی و ڕۆڵیان لەکۆمەڵگەدا دەست نیشان دەکات، ئەم خزمەتگوزارییانە پەیوەندییان بە دابەشبوون و ئاست و گوزەرانی دانیشتوانەوە هەیە، ئەمەش لەشارێك یان هەرێمێك یان لەوڵاتێکدا بێت، بەگشتی خزمەتگوزاریی چەندین شێوەی جیاوازی هەیە [1]. ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە لەم توێژینەوەدا باسی لێوەبکەین خزمەتگوزاریی فێرکارییە، کە لەبەشی یەکەمدا چەمکەکەی ناسێنراو و لێرەشدا دەمانەوێت گرنگیەکانی دەست نیشان بکەین، چونکە هەر ئەو ڕۆڵ و گرنگیە زۆرەی کە هەیەتی وادەکات توێژەران بایەخ بەتوێژینەوە بدەن لەم بوارەدا، لەبەرئەوەی ئەم خزمەتگوزارییە پەیوەندیی بە دروستکردنی کەسایەتی لێهاتوو و گەشەپێدانی لایەنی مێشکیەوە هەیە [2]. بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕوون گرنگی ئەم کەرتە باس بکەین، دەکرێت لەچەند خاڵێکدا بە کورتی تیشك بخەینە سەری بەم شێوەی لای خوارەوە:

1- ئاڕاستەیەکی ڕوونە بۆ گەشەپێدان بەمانا فراوانەکەی، کە هەموو لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە، لەو چوارچێوە شوێنییەی کە کۆمەڵگەی تێدا دەژی، لەبەرئەوەش دەکرێت بلێن ئەم خزمەتگوزارییە کرۆکی گەشەپێدانە[3].

2- خزمەتگوزاریی فێرکاری کە بنەمایەکی گرنگە لە بنەما سەرەکیەکانی ژیان لەکۆن و ئێستا و داهاتووشدا بە پێوەرێك بۆ پێشکەوتن دادەنرێت و وادەکات مرۆڤ فێربێت و لێکۆڵینەوە بکات و بگاتە ئەنجام و چارەسەرکردنی کێشەکان[4].

3- بەهۆی گرنگی ئەم کەرتەوە ئاستی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگە بەهێز دەبێت و خوێندکاران جگە لەزمانی دایك فێری زمانەکانی تری وەك عەرەبی و ئینگلیزی دەبن، ئەمەش لەداهاتوودا ئاستی زانست و زانیاریی میللەت بەرەوپێشەوە دەبات لەبەرئەوەی لەڕێگەی کرداری فێرکردنەوە، مرۆڤ توانای هەیە پسپۆری

---

(1) فتحى محمد ابوعيانة، الجغرافية البشرية، الجزء الثاني، دارالمعرفة الجامعية للطبع والنشر، الاسكندرية، 2007، ص159-163.

(2) ياسين العطوانى، النظام التربوي والتعليمي في العراق، دارالكتاب العربي، الطبعة الاولى، بغداد، 2013، ص67.

(3) سعدون شلال ظاهر، سحر عبدالهادي حسين، واقع تركيب التعليمي في محافظة بابل وافاق مستقبل، مجلة بحوث الجغرافية، كلية التربية للبنات، جامعة الكوفة، العدد(13)، سنة 2011، ص79-80.

(4) محمد جواد عباس شبع، تقويم كفاءة الخدمات التعليمية والصحية في محافظة كربلاء، مجلة بحوث الجغرافية، كلية التخطيط العمراني، جامعة الكوفة، العدد 20، بدون سنة طبع، ص368.

خۆی بخاتە گەڕ لەبواری  وەبەرهێنان و ڕێکخستنی کاردا بۆ نەوەکانی دواتر، بۆیە فێرکردن گرنگەو ڕۆڵی بۆ دروستکردنی پەیوەندیی وەبەرهێنان و زیادبوونی هەیە [1].

4- هەر لەڕێگەی ئەم خزمەتگوزارییەوە بەها ڕەوشتی و ئاکارە جوان و بەرزەکانی کۆمەڵایەتی لەنێوان خوێندکاراندا بلاّو دەبێتەوە، بەمەش پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەهێزتر دەبێت و دانیشتوانیش لە دۆخێکی باشتردا دەژین و ڕێزو خۆشەویستی بوونی دەبێت.

5- دەرخستنی بەهرەی خوێندکاران و ئاڕاستەکردن و یارمەتی دانیان بۆ گەشەکردنی ئەم بەهرانە لەبەرئەوەی دەبنە بناغەیەك بۆ داهاتووی ولاّت و لەژیانی خۆیانو کۆمەڵگەدا سودی لێوەردەگرن.

6- ڕاهێنانی خوێندکاران بۆئەوەی زیاتر هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەن و ڕێز لەسیستەم و یاساکان بگرن و باشترین کار پێشکەش بکەن و لە کۆمەڵگەدا ئەنجامی بدەن.

7- خزمەتگوزاریی فێرکاری فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ بەرەوپێشبردنی ولاّت بەتایبەت لەبواری ڕۆشنبیریدا، بێگومان ئەو میللەتانەی ئاستێکی ڕۆشنبیریی بەرزیان هەیە خاوەن کۆمەڵێك دامودەزگای گرنگی فێرکارین و ئەمانەش بەشێوازێکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاردەکەنە سەر کەرتەکانی ولاّت لە کۆتایدا بەقازانج و بەرەو پێشبردنی ولاّت ئەنجامی لێدەکەوێتەوە، هەروەها لە بواری ئابوریشدا دەرفەتی کار دروستدەکات بۆتاکەکانی کۆمەڵگە.

**دووەم: خزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجە:**

لێکۆڵینەوە لەمێژووی خزمەتگوزاریی فێرکاری یەکێکە لە گرنگترین لایەنەکان، کە سروشتی گەشەکردنی کەرتی خزمەتگوزاریی فێرکاری لەناوچەیەکی دیاریکراو و لەماوەیەکی دیاریکراودا ڕوون دەکاتەوە، لەگەڵ ئەو چوارچێوە کاتی و شوێنیە وادەکات ئەم کەرتە گەشە بکات بەهەموو جۆرەکانیەوە لەشارێکدا یان هەر ناوچەیەکی تری ئاوەدانی و بۆمان ڕووندەکاتەوە[2]. لەهەرکاتو سەردەمێکدا ئاستی گوزەران باشبێت زیاتر گرنگی بەم کەرتە دەدرێت، چونکە بارودۆخی ئابوری وادەکات ئەم خزمەتگوزارییە چالاکتربێتو گەشەکردنی خزمەتگوزارییەکان بەهەموو شێوەکانیەوە بەدوای خۆیدا دەهێنێت و بەشی هەرەزۆری گروپی تەمەنی تایبەت بەخوێندن لەم کەرتە بەشدار دەبن، هەر ئەو بەرزی ئاستی ئابوورییە لەکۆمەڵگەکان وادەکات کەوا خێزانەکان بەشێوەیەکی زیاتر بەئاراستەی خزمەتگوزارییەکە هەنگاوهەڵگرن هەوڵی  ئەوە نادرێت منداڵانیان بخەنە بەر پیشە جۆراوجۆرەکان و کارکردن[3]. لایەنی خزمەتگوزاریی فێرکاریی لەولاّتی عێراقدا بەگشتی لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا پەرەیان سەندووە و بەتایبەتیش لەسەردەمی والی(مدحت پاشا)دا [4].

---

(1) خليل اسماعيل محمد، اربيل دراسة ديموغرافية– اقتصادية، الطبعة الاولى، اربيل، مطبعة وزارة الثقافة، 2003، ص169.

(2) عمر حسن حسين رواندزى، تحليل المكاني والوظيفي للخدمات التعليمية في المدينة سوران باستخدام نظم المعلومات الجغرافية، مصدر سابق، ص35.

(3) عادل عبدالله خطاب،جغرافية المدن، مطبعة تعليم العالى، جامعةبغداد، بدون سنة الطبع، ص31.

(4) ابراهيم خليل احمد، حركة التربية والتعليم والنشر، كتاب حضارة العراق، جزء الحادي العشر، دارالحرية للطباعة، بغداد، 1985، ص289– 296.

لەشاری هەڵەبجەشدا پێش ئەوەی خوێندنگە دابمەزرێت حوجرە و مزگەوتەکان ڕۆڵیان بووەو بەڕێز( مەلا عبدالله خەرپانی) یەکێك بووە لەو کەسایەتیانەی ڕۆڵی لەو بوارەدا گێراوە [1].

سەرچاوە مێژووییەکان ئەوە پشت ڕاست دەکەنەوە یەکەم قوتابخانە لەشاری هەڵەبجە لەسەردەمی دەسەلاَتی عوسمانییەکاندا لەساڵی(1892)دا کراوەتەوە بەناوی قوتابخانەی(ئەوەلی هەڵەبجە)* پاش چەند ساڵێك داخراوە، دوای هاتنی ئینگلیزەکان بۆ جارێکی تر لەساڵی(1919) دا هەمان خوێندنگە کراوتەوە، ئەم خوێندنگەیە سێ پۆلی هەبووە تاکو(1920/6/10)، سەبارەت بەتەمەنی خوێندکارانی لەنێوان(6–12) ساڵدا بووە، خوێندکاران زۆر پەرۆشی خوێندن بوون و زۆربەشیان جولەکەو هەورامی بوون و لەو بابەتانەش کە خوێندراون (حساب و هەندەسەو جوگرافیا و مێژوو) بوون، لەخوێندکارە ناسراوەکانی (ئەحمەد مختارجاف) ماوەیەکی کەم و (گۆرانی شاعیر وحیلمی علی شەریف و شێخ مارف قەرەداغی ) و چەندین خوێندکاری تری لەهەردوو ڕەگەز [2]. لە سەرەتادا تاکو چەند ساڵێك لە ماڵاندا بووە دواتر کۆمەڵێك لە خەڵکی شارەکەش یەکێك لەوانەش (ئەحمد مختار جاف) و کۆمەڵەیەك بە ناوی (کۆمەڵەی ئیعانەی مەکتەبی هەڵەبجە)** دروست دەکەن، یەکەم خوێندنگەی کچانیش لەساڵی (1932) دا دروستکراو تاکو ئەم ساڵە ئەم دوو خوێندنگەیە هەبوون چونکە شار زۆر بچوك بووە و ژمارەی ماڵەکان لە هەڵەبجەدا تاکو ساڵی (1930) لە (500) ماڵ تێپەڕی نەکردووە، ئەمەش لەچوار گەڕەکی سەرەکی پێك هاتبوون کە (گەڕەکی پاشا– پیرمحمد– گەڕەکی کانی عاشقان– گەڕەکی جولەکان ) بەلاَم دواتر بەهۆی گرنگی دانی زیاتر بەلایەنی فێرکار یەکەم خوێندنگەی ناوەندیش لەساڵی (1945) دروستکراوە، قوتابخانەی (هەڵەبجەی دووەم) پاشکۆی (5)، هەندێك جاریش بە(مەکتەبی پەرۆ)*** ناو دەبرا لە ساڵی(1952)دا دروستکراوە و تاکو ساڵی(1960)ماوەتەوە، هەندێك جاریش بە مەکتەبی سەرا ناوبراوە، چونکە شوێنەکەی لە پشت سەراوە بووە [3]. پێویستە ئەوەش بوترێت کە

---

(1) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز،فەیروز حسن، مامۆستای زانکۆ و مامۆستای کۆنی شارەکە، ڕێکەوتی 2016/2/23

*ئەم خوێندنگەیە 1 مامۆستاو 30 خوێندکاری هەبووە، لەم سەردەمەدا بەخوێندکار وتراوە شاگرد و بەمامۆستاش وتراوە ئەفەندی،ئەم قوتابخانەیە بینای نەبوە لەخانویەکی حامید بەگی مەجیدبەگی وەسمان پاشادا خوێندویانە خوێندن بەزمانی تورکی بووە تەنانەت ڕێزمانی عەرەبیش هەر بەتورکی خوێندراوە.

(2) عادل صدیق، چەندلاپەڕەیەك لە مێژووی هەڵەبجە زنجیرەلێکۆڵینەوەیەکی مێژوییە، سەرچاوەی پێشوو، ل15–19.

(**) ئەم کۆمەڵە لەساڵی (1926) دروستکراوە ئەحمدمختارجاف یەکێك بووە لەئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە و لەبەشی خواروی شارەکەوە پارچەزەویەك دابین دەکات بۆئەوەی خوێندنگەیەکی تێدا بنیاد بنرێت ،ئەوخوێندنگەش بنیادنرا کۆمەڵێك کەسایەتی شارەکە خەرجی و تێچوەکانیان لەئەستۆ گرتبوو، ئەم خوێندنگە زەوییەکی بەرفراوانی هەبوە لەچوار دەوریدا درەختێکی زۆر و حەوزێکی ئاویش لەناویدا دروستکراوە بەم پێیە خوێندنگەکە زۆر خۆشترو گونجاوتر بووە لەشوێنی پێشووی کە لەماڵاندا بووە .

بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: شێخ علی، شارەکەم هەڵەبجەیە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، 2012، ل52.

***ئەم مەکتەبە لەبەر ئەوەی بیناکەی زۆر باش نەبووە هەندێك جار خوێندکارانیش دۆشەکیان لەگەڵ خۆیان بردووە بۆ خوێندنگەکە لەبەر ئەوەی کورسی زۆر نەبووە بەگشتی بیناکەی باش نەبووە بۆیە هەندێك جار بەو ناوە ناوبراوە لەلایەن خەڵکەوە. یەکەم بەڕێوەبەریش کاظم فەنی بووە. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز عبدالرحمن فرج کەسایەتی کۆنی شارەکەو مامۆستا لە پێش ساڵی 1988. ڕێکەوتی 2016/1/12.

(3) خەبات عبدوڵلاّ، هەڵەبجە مەملەکەتی ژیان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی،2010، ل17–21 .

تەنها بینای ناوەندی هەڵەبجە، کە لە ساڵی(1947–1948)دا لەلایەن میرییەوە دروست کراوە و شوێنەکەی هەمان شوێنی خوێندنگەی هەڵەبجەی کچانی ئێستایە لە گەڕەکی سەرا [1]. پاشان لەساڵی (1956) دا قوتابخانەی هەڵەبجەی سەرەتای کچان لە شوێنی قوتابخانەی شاهۆی ئێستا بووە،هەر لەم ساڵەشدا قوتابخانەی (تێکەڵ) دروستکراوە[2]. لەساڵی (1956–1957)ەوە بەشی ناوخۆی کراوەتەوە بۆ وەرگرتنی خوێندکاری دەرەوەی شار کە بووە هۆکارێکی بەرەو پێشبردنی لایەنی خوێندن و فێرکاری ، پاش ساڵی(1958) بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسیەی لەو سەردەمەدا ڕۆڵی هەبوو فیکرەو ئاڕاستەی باش بۆ کرانەوەی زیاتری دانیشتوان و بەتایبەت کچانیش بەڕووی لایەنی خوێندندا دروست بوو بەراورد بەساڵانی پێشتر، بۆیە ئەمە بە وەرچەرخانێکی گرنگ لەبواری پەروەردە و فێرکردندا دادەنرێت، خوێندکاران تێڕوانینی باشیان بۆ داهاتوو هەبوو، هەوڵی زۆریان داوە بۆگەیشتن بەو ئومێدی تەواوکردنی خوێندنە[3]. لەساڵی (1959– 1960) خوێندنگەی (تقدم) لەگەڕەکی مۆردانە دروستکراوە و دواتر لە ساڵی ( 1970)دا دوای بەیانی یازدەی ئازار خوێندنگەی ناوەندیی شارەزوور دروستکراوە[4]. هەر لەساڵانی حەفتاکاندا دواناوەندیی دیراساتی ئیسلامی کراوەتەوە، چەند ساڵێك لە بینای ناوەندی شارەزوور و مزگەوتی پاشادا دەوامیان کردووە، هەر لەهەمان سەردەمدا خوێندنگەیەکی دیراساتی ئیسلامی کراوەتەوە لەگەڕەکی کانی عاشقان، کە بەڕێز ( مەلا عومەر )بەڕێوەبەری بووە[5].

بۆیە دەکرێت بڵێین شاری هەڵەبجە لە بواری کۆمەڵایەتی و ئاینی و ئەدەبیدا ناوەندێکی ڕۆشنبیری بووە هەربۆیە ئەو خوێندنگەیانەی لە شارەکەدا بونیان هەبووە کە لەبواری پێگەیاندنی کەسایەتی خوێنەواردا دەستیان هەبووە و چەندین کەسایەتی ناوداری پێگەیاندووە بۆ میللەتەکەمان و ڕۆلیان هەبووە لە پێش خستن و گەشەپێدانی بواری ڕۆشنبیری و ئەدەبیی و ئاینی لە ناوچەکەو هەرێمی کوردستانیش[6]. ئەو زوڵم و ستەمەی بەرانبەر ئەم ناوچەو سەرجەم ناوچە کوردستانیەکان کراوە لەلایەن دەسەڵاتداران و داگیرکەرانەوە بوەتە هۆی ئەوەی خەڵکی زیاتر بەڕووی ئەم خزمەتگوزارییەدا بکرێنەوەو هەنگاو هەڵبگرن تاکو بتوانن لەم ڕێگەیەوە به نوسین و شیعر و هۆنراوە گوزارشت لەو زوڵم و ستەمانە بکەن کە بەرانبەریان کراوە[7]. تاکو پێش کارەساتی کیمیابارانیش ئەم شارە چالاکی فێرکاری زۆری بووە. بڕوانە پاشکۆی (6)، ئەمانەش وایانکردبوو لە نموونەی شارە گەشاوەو

(1) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە، ڕێبەرێك بۆ باخچەو قوتابخانە و خوێندنی خێراو ناوەندیی و دواناوەندیی ئامادەیی و پیشەیی و پەیمانگا و کۆلێژ لەسایەی مێژووەوە بۆ مێژوو، ساڵی خوێندنی 2005–2006، ئامادەکردنی عبدالرحیم حمه امین عنایه‌ت، بەڕێوەبەری پلان و نەخشەکێشان، ل39.

(2) بەکر حمه صدیق، سەرچاوەی پێشوو، ل39–40.

(3) فەیروز حسن، چاوپێکەوتن، سەرچاوەی پێشوو.

(4) ئازاد حمه قادر، هەڵەبجەوکەسایەتیەکان(مشتێك لەخەروارێك) چاپی یەکەم، چاپخانەی بابان، سلێمانی، 2005، ل24–26.

(5) سەلام شێخ کەریم، کورتەیەك لەمێژووی خوێندنو زانست لەشاری هەڵەبجەی شەهیددا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانەیە، یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەری دەکات، ژمارە (3922)، 2006/3/16، ل9.

(6) ساڵنامەی سلێمانی، گۆڤارێکی ساڵانەیە لەبلاوکراوەکانی پارێزگای سلێمانیە، چاپی یەکەم، سلێمانی، 1999، ل162–163.

(7) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز: ئەحمەد رەنجبار، نووسەرو کەسایەتی شارەکە، ڕێکەوتی 2016/2/21.

پێشکەوتووەکان هەژمار بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانین باشتر و وردتر باسی خزمەتگوزاریی فێرکاری بکەین بەپێی ئەو داتایانەی کەوا دەستمان کەوتووە لەچوار قۆناغدا بەم شێوەی خوارەوە باسی دەکەین.

**قۆناغی یەکەم :(1977–1987) :**

شاری هەڵەبجە هەر لەکۆنەوە خاوەنی مێژوو و پێگەی خۆی بووە، لەسەرەتای بنیاد نانەوەی ئەم شارە تاکۆتای ئەم قۆناغە وەك زۆربەی شارەکانی تری هەرێمی کوردستان لە سەرجەم لایەنەکانی ژیاندا خاوەنی تایبەتمەندی خۆی بووە، ئەو گۆڕانکارییە زۆرەشی بەسەر دانیشتوان و ناوچەکەدا هاتبوو ڕووبەڕووی خزمەتگوزاریی فێرکاریش بوبویەوە لەبەرئەو دۆخەش نەتوانراوە بەشێوەی وردتر لەبارەی ئەم خزمەتگوزاریە لەو سەردەمەدا بدوێین. لەم قۆناغەدا بەراورد بەساڵانی پێشتر کە مێژووەکەی باسی لێوەکرا ژمارەیەکی زیاتر خوێندنگەو خوێندکار لەم شارەدا بوونیان هەبووە و بەگشتی ژمارەی خوێندنگەکانی هەڵەبجە لەم قۆناغەدا نزیکەی(25–30)خوێندنگە بوون، کە ئەمانەن (حمدون1954، شاهۆ1963 ، سالم1966، شارەزوور 1972) لەگەڵ (یەقزەم، تەئمیم، بێساران، سرود، دەرسیم، شنروێ، دەلێن، گوڵان، شارا، سەرکەوتن، سازگار، سەرخێل، وەنەوشە، ئاشتی، زەڵم، شالاو، وەزگێل)[1]. سەبارەت بەخوێندنی ناوەندیی لەساڵی (1977–1987)چەند خوێندنگەی ناوەندی هەبووە ئەو داتایانەی دەستکەوتوون ئەوەمان پێدەڵێن تەنها لەساڵی خوێندنی( 1977– 1978 )، چوار ناوەندیی* هەبوون دوان لەم ناوەندییانەش کوڕان بوون، یەکێکیش تێکەڵ و کۆتا دانەشیان کچان بووە، کۆی گشتی خوێندکاران (441) بووە (36) مامۆستاش هەبوون[2]. لەو ناوەندییانەش کەلەم قۆناغەدا هەبوون (هەڵەبجەو کانی عاشقان و هەورامان و اسلامی) تاکو کۆتای ئەم قۆناغە و سەرەتای قۆناغی دووەم (6) خوێندنگەی دیکەش دامەزراوە. بڕوانە خشتەی (6)، بەم شێوەیە لە کۆتایی ئەم قۆناغەدا نزیکەی (32) خوێندنگە لەم شارەدا بوونی هەبووە.

بەتێبینی کردنی خشتەی(6)، دەردەکەوێت کەوا لەم قۆناغەدا شاری هەڵەبجە بەپێی ئەو داتایانەی کە دەستمان کەوتوون تەنها(6)خوێندنگەی تێدا دامەزراوە، واتە تاکو سەرەتای قۆناغی دووەم ژمارەی خوێندنگەکانی شارەکە گەیشتۆتە (32) خوێندنگە، لەساڵی پاشان لەساڵی(1979) دا یەکەم خوێندنگەی سەرەتای (هەڵەبجە، ئامادەی کشتوکاڵ، ئامادەیی پیشەسازی کراوەتەوە پاش ساڵێك و لە ساڵی(1980) هەردوو خوێندنگەی (بەمۆ، شەپۆل) لەم قۆناغەدا دامەزراون، پاشان لەساڵی (1983) خوێندنگەی نێرگزیش کراوەتەوە، پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە لەبەر مێژووی کۆنی هەندێك لە خوێندنگەکان و ئەو دۆخە ناهەموارو نەخوازراوانەی بەسەر شارەکەدا هاتوون داتاکان بەشێوەیەکی زۆر بەدەست نەهاتووە ئەوانەشی کە دەست کەوتن پاش گەڕان و سەردانی کردنی دامودەزگاکان و ئەوکەسانەی لەڕێگەی چاوپێکەوتنەکانەوە کە ئەنجاممانداوە بەدەستهاتوون، بەتایبەت لەگەڵ ئەو

---

(1)چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێزعبداللە عبدالعزیز، مامۆستای خانەنشین، ڕێکەوتی 2015/12/18.

*ناوەندی و دواناوەندی پێکەوە هەژمارکراوە.

(2)جمهوریةالعراق، وزارة التخطیط، جهازالمرکزی للاحصاء، تعلیم الثانوی في العراق للعام الدراسی 1977–1978 تقریر احصائي الاولی، جدول رقم 37، ص70.

## خشتەی (6)

## خوێندنگە تازە دامەزراوەکانی* قۆناغی یەکەم(1977–1987)

| ناوی خوێندنگە | ساڵی دامەزراندن | ناوی خوێندنگە | ساڵی دامەزراندن |
| --- | --- | --- | --- |
| هەڵبجەی سەرەتای | 1979 | بەمۆ | 1980 |
| ئامادەی کشتوکاڵ | 1979 | شەپۆل | 1980 |
| ئامادەی پیشەسازی | 1979 | نێرگز | 1983 |

سەرچاوە:کاری توێژەربەپشت بەستن بە:

بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردەی هەڵبجە،بەشی پلاندانان،چاپکراوە بەکۆمپوتەر،زانیاری بلاَونەکراوە.

سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ خوێندنگەکان لەڕێکەوتی (12و2016/1/13)

*هەندێك لەخوێندنگەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە لەوانەش خوێندنگەی شارەزوور ( 1972 ) دامەزراوە دوای ڕاپەڕین ناوەکەی گۆڕاوە بۆ (زمناکۆ)، جارێکیتر لەساڵی (2009) ناوەکەی کراوەتەوە بە شارەزوور، چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز:

م.راضي يارأحمد مجيد، بەڕێوەبەری خوێندنگەی شارەزوور، ڕێکەوتی 2016/1/12.

هەروەها ئامادەی کشتوکاڵ لەساڵی( 1979) دامەزراوە ئەمەش پاش ئەوە دێت  کە ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکاری ناوچەکە لە کشتوکاڵی بەکرەجۆ خوێندویانە بۆیە بڕیاردراوە بە کردنەوەی ئەم ئامادەییە لە شارەکەدا کە تاکو ساڵی( 1984–1985) بەردەوامبووە لەو ماوەیەشدا سەرجەمی ئەوانەی کە دەرچووی ئەم ئامادەییە بوون نزیکەی 246 خوێندکار بوون، بەڵام پاش ئەو ساڵەش داخراوە بەهۆی خراپی دۆخی ناوچەکەوە هەتاکو 2007/9/24 جارێکی تر کراوەتەوە. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز:

م. نزار  بەڕێوەبەری خوێندنگە، ڕێکەوتی 2016/1/13.

خوێندنگەی شەپۆلیش ناوی شارابووە دوای ڕاپەڕین ناوەکەی بۆتە شەپۆلی سەرەتای.  چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز:

م.صباح بەڕێوەبەری خوێندنگە، ڕیکەوتی 2016/1/12.

مامۆستا و کەسایەتیانەی کە لەسەردەمێکی زووەوە لەشارەکەدا کاریان لەم خزمەتگوزارییانەدا کردووە وەك مامۆستا، بەتایبەتی تر ساڵانی پێش کیمیابارانکردن، لەقۆناغەکانی دوای ڕاپەڕینیش بەهەمان شێوە بەهۆی چەندین هۆکاری وەك نەبوونی بوجەی پێویست و کەرەستەی باش بۆ نوسینو پاراستنی زۆرێك لە زانیاریەکان و گۆڕانکاری ئیداری بەراورد بە ئێستا و گۆڕینی بەڕێوەبەرەکانی خوێندنگەکان دوای چەند ساڵێك و گواستنەوەی خوێندنگەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر وای کردووە داتا و زانیاری ئەم خزمەتگوزارییە بەشێوەیەکی سادە سەیر بکرێت، تەنانەت لەکاتی گواستنەوەی خوێندنگەکاندا بەشێکی تووشی ونبوون و لەناوچون بن، لەبەرئەوە توێژەر هەوڵی داوە لەڕێگەی چاوپێکەوتنەکانەوە بەپێی ساڵی دامەزراندنی ئەو خوێندنگانەی، کە تایبەتن بەقۆناغی دووەمەوە داتا کۆبکاتەوە، بەڵام هەندێك لە داتا کانیانیش لەڕاستیەوە نزیك نەبووە و لەگەڵ دۆخی شارەکە لەو سەردەمەدا یەکی نەدەگرتەوە، چونکە ژمارەی خوێندکار و مامۆستا بەپێی بۆچوونی مامۆستاکان دەگۆڕیت و یەك دەنگ نەبوون لە هەندێك شوێنیشدا تۆمارێکی ڕێکوپێکی نەبووە کە بتوانین بەباشی سوودی لێوەربگرین و پشتی پێ ببەستین، بۆیە لەقۆناغی دووەمدا تەنها باس لەدامەزراندنی خوێندنگە نوێیەکان دەکەین و دواتر لە قۆناغەکانی تردا بەدرێژی و وردی باس دەکرێت، چونکە داتاکان تاڕادەیەکی باش پارێزراونو ڕاستی ئەم خزمەتگوزراییە نیشاندەدەن.

**قۆناعی دووەم:(1987–2002):**

لەسەرەتای ئەم قۆناغەدا بەهۆی ڕووداوەکانی ناوچەکەو کارەساتی کیمیابارانەوە بوونەتە هۆی لە ناو چوونی بەشێکی زۆری ئەم خزمەتگوزرارییەو وێران بوونی بینای هەندێك لە خوێندنگەکان بە داتا و زانیارییەکانیشیانەوە چەندین قوتابخانە لە ناو چوون و ئاساواریان نەماوەو بەسەدان خوێندکار و مامۆستاش هەربەهۆی ئەو کارەساتەوە شەهید بوون[1]، بەلاَم دواتر پاش ڕاپەرین و گەڕانەوەی بەشێکی زۆری دانیشتوانی شارەکە و دروستبوونی حکومەتی هەرێم سەرلەنوێ خوێندنگەکان ڕووی لە زیادبوون کردووە و لەڕووی دروستبوونی خوێندنگەی نوێ ودروستکردنەوەی هەندێك لە بینا ڕووخاو وێران بووەکان بەراورد بە قۆناغی یەکەم، بڕوانە خشتەی (7)، هەر لەم قۆناغەدا بۆیەکەمین جار لەشاری هەڵەبجەدا دوای ئەوکارەساتە یەکەمین خوێنگەی ئامادەیی ئەکادیمی کراوەتەوە لەساڵی(1991)دا ئەویش ئامادەی (ئەحمەدمختارجاف) بووە، هەندێکی تر لەخوێندنگەکانی پێش کیمیاباران لەم قۆناغەدا جارێکی تر بەفەرمی دامەزراونەتەوە، بۆیە سەرجەم ئەو خوێندنگانەی لەم قۆناغەدا بوون نزیکەی (25) خوێندنگە بوون، کۆتا خوێندنگەش کە دامەزراوە دواناوەندیی بالأمبۆیە لەساڵی (2001) هەروەها یەکەم باخچەش کە لەساڵی(1994) باخچەی مندالأنی (هەڵەبجە) بووە لەناو شاری هەڵەبجەدا تەنها ئەم باخچەی مندالأنە بوونی هەبووە.

بەتێبینی کردنی خشتەی (7) ئەوەمان بۆدەر دەکەوێت، کە لەم قۆناغەدا(18) خوێندنگە و (1) باخچەی مندالأن دامەزراوە، (8) خوێندنگەیان سەرەتایی بوون. تازەترین خوێندنگەش لەم قۆناغەدا دوای ڕاپەرین دروستکراوە خوێندنگەی (زمناکۆیە) لە ساڵی(1991)دا دروستکراوە ، (2) خوێندنگەی ئامادەیی (أحمد مختار جافی کوڕان و هەڵەبجەی کچان )یشە کۆتا خوێندنگەش لەساڵی (2001)، کە ئێستا ئامادەیی بالأمبۆیە لەوکاتەدا دواناوەندیی بووە، ئامادەیی (شەهیدانی کیمیابارانی کچان) بەهەمان شێوە دواناوەندیی نێرگزبووە، ئەمانەش پێشتر ڕونکراوتەوە هەر بۆیە دەکرێت بلێین لە بەرئەوەی لەم ماوەیەدا ئەم خوێندنگانە کراونەتەوە ، لەقۆناغی پێشووشدا چەندین خوێندنگەی تر دامەزراون کاریگەری زۆریان دروستکردووە لەسەر خزمەتگوزاریی فێرکاریی لەم قۆناغەدا ، دەکرێت بە فاکتەرێکی کاریگەر بۆ فراوانتر بوونی خزمەتگوزارییەکە و شارەکەش هەژمار بکرێت، لە ڕووی دابەشبوون و پێکهێنانی ڕێژەی جیاواز بۆ هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی خوێندن لەناوچەی لێکۆڵینەوەدا.

لەکۆتایشدا دەکرێت بڵێن کۆی گشتی خزمەت گوزارییەکانیی فێرکاری لەم شارەدا گەیشتوەتە نزیکەی (25) خوێندنگەو باخچەی مندالأن بوونی هەبووە، واتە هیچ زیادبوونێك ڕووینەداوە بەلأم خوێندنگەی تازە دامەزراوە و هەندێکی تریش نەماون بەهۆی بارودۆخی ناوچەکەوە.

(1) لەقۆناغی سەرەتایدا 506 خوێندکار و قۆناغی ناوەندی 144 و80 خوێندکاری ئامادەییەکان و35 مامۆستاو 7 دەرچوی ئامادەیی شەهید بوون. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

فەخرەدین سلیم حمە یوسف، کەشکۆڵی قوربانیەکی کیمیابارانی هەڵەبجە، دەستنووس، مۆنۆمێنتی هەڵەبجە، 2004، ل207.

## خشتەی (7)

## خوێندنگە تازە دامەزراوەکانی* شاری هەڵەبجە لە قۆناغی دووەمدا (1987–2002)

| ناوی خوێندنگەکان | ساڵی دامەزراندن | ناوی خوێندنگەکان | ساڵی دامەزراندن |
|---|---|---|---|
| ئا.احمدمختارجافی کوران | 1991 | ن.گۆرانی تێکەڵاو | 1996 |
| زمناکۆ | 1991 | ئا.هەڵەبجەی کچان | 1996 |
| وەزگێڵ | 1991 | صلاح الدین سەرەتای | 1997 |
| مۆردانە | 1992 | ئا.شەهیدانی کیمیا باران | 1997 |
| شنرویێ | 1992 | ئا.شەهید عبدالرحمن میرزا | 1998 |
| ئیسلامی | 1992 | ن.کاردۆخی | 2001 |
| باخچەی منداڵانی هەڵەبجە | 1994 | شەهیدانی خێڵی حمە | 2001 |
| ن. بەدرخان کچان | 1994 | شەهیدئازاد | 2001 |
| بورهان | 1995 | ئا.بالآمبۆ | 2001 |
| ن.دەرسیم کوڕان | 1995 | – | |

سەرچاوە:کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان ،وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە، بەشی پلاندانان، داتاو زانیاری بلآونەکراوە.

*ناوەندیی بەدرخانی کچان ساڵی 1994 دامەزرا وەك ناوەندیی 2006– 2007 بۆتە دواناوەندیی پاشان لەساڵی 2009–2010 لەگەڵ خوێندنگەی مۆردانەدا بوونەتە یەك خوێندنگەی بنەڕەتیی بەناوی مۆردانەی بنەڕەتیی تاکو ساڵی 2014–2015 دواتر لە 2015/11/3 بۆتە ڕێنواری بنەڕەتیی 7–9، چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز : م. ڕوخۆش عثمان قادر، بەرێوەبەری خوێندنگە، ڕێکەوتی 2016/1/13.

هەروەها 1997 بەناوی ئامادەیی نێرگز بەردەوام بووە تاکو ساڵی 2006 لەم ساڵەدا ناوەکەی بۆتە شەهیدانی کیمیاباران، چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز : م.تارا عبدالرحمن فرەج، بەڕێوەبەری خوێندنگە، ڕێکەوتی 2016/1/11.

هەروەها سەرەتای دامەزراندنی ئەم خوێندنگەیە 1998 بەناوی ناوەندی سازان، لەساڵی 2000 بۆتە دواناوەندی، بەردەوام دەبێت تاکو ساڵی خوێندنی 2010–2011 لەوساڵەدا دەبێتە ئامادەی شەهید عبدالرحمن میرزای کچان.

ناوەندیی کاردۆخیش دامەزراندنی پاش ئەوە دێت کەوا بڕیار درا پەیمانگای اسلامی دابخرێت لەبەر کەمبونی ژمارەی خوێندکاران، لەبەر ئەوە بۆ ساڵی خوێندنی 2001–2002 بووە بەناوەندیی کاردۆخی و ستافی ئیداریی ئەم ناوەندییەش بەشی هەرەزۆری مامۆستایانی پەیمانگای اسلامی بوون، وەك ناوەندیی بەردەوامبووە تاکو ساڵی 2007–2008 پاش ئەم ساڵە و لەساڵی خوێندنی 2008–2009 لەگەڵ خوێندنگەی شنرویێ تێکەڵکراوە بۆتە شنرویێی بنەڕەتیی (1–9) بەڵام لەساڵی خوێندنی 2015–2016 بۆتەوە بە خوێندنگەی کاردۆخی(7–9) بنەڕەتیی .چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز: م.ڕێبوار عابد محمد، بەڕێوەبەری خوێندنگەی کاردۆخی، ڕێکەوتی 2016/1/14.

ئامادەی بالآمبۆ لەساڵی 2001 وەك ناوەندی دامەزراوە دواتر بۆتە دواناوەندی و لە ئێستادا ئامادەییەو قۆناغی(10–12) تێدایە.

### قۆناغی سێیەم:(2002– 2009)

جیاواز لە قۆناغەکانی پێشوو لەم قۆناغەدا گۆڕانکاری زۆر بەسەر جۆرەکانی خزمەتگوزاریی فێرکاری هاتووە، لە ڕووی ژمارەوە نزیکەی (42) جۆری جیاواز هەبووە، واتە بەراورد بە قۆناغی پێشتر(17)جۆر زیادی کردووە. لەم ژمارەیەش (9) خوێندنگە دامەزراون. بڕوانە خشتەی (8).

## خشتەی (8)

## باخچەی منداڵان و خوێندنگە تازە دامەزراوەکانی قۆناغی سێیەم (2002–2009)

| ناوی خوێندنگەوباخچەکان | ساڵی دامەزراندن | ناوی خوێندنگەوباخچەکان | ساڵی دامەزراندن |
|---|---|---|---|
| شێخ حمەمین | 2003 | د.مهابادی ئێوارانی کچان | 2007 |
| عادیلە خانم | 2004 | | |
| باخچەی منداڵانی خونچە | 2005 | ئایندە | 2008 |
| خوێندنی خێرا* | 2005 | باخچەی منداڵانی پەریان | 2008 |
| پێشکەوتن | 2007 | باخچەی منداڵانی شنە | 2008 |

سەرچاوە:کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی پەروەردە،بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە ،بەشی پلاندانان.

*پێشتر ئەم خوێندنگەیە بەناوی نەوجەوانانی هەڵەبجەوە بووە، لە ئێستادا ئەم خوێندنگەیە تایبەتکراوە بۆ ئەو خوێندکارانەی کەوا دابڕاون و لە خوێندنگەکانی تر وەرناگیرێن، مەرجی تەمەنیش دانراوە لە نێوان (9– 20) ساڵ ، لەم خوێندنگەدا لە یەك ساڵی خوێندن دوو پۆل دەبڕدرێت ، ئاست دانراوە واتە ئاستی 1 پۆلی (1و2)ی قۆناغی بنەڕەتیە، لەم ساڵی خوێندندا 2015– 2016 تا ئاستی 4 هەیە واتە تاکو پۆلی 8 بنەڕەتیی . چاوپێکەوتن لە گەڵ بەرێز: م. محمد کریم محمد، بەڕێوەبەری خوێندنگە، ڕێکەوتی 2016/1/4.

بەتێبینی کردنی خشتەی (8) بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە ئەو جۆرانەی خزمەتگوزاریی فێرکاری لەم قۆناغەدا دامەزراون (9) جۆری جیاوازن لەم ژمارەیەش باخچەی منداڵان(3)، کە بریتین لە(خونچە، پەریان، شنە) هەروەها(4) ی سەرەتایین ئەوانیش (شێخ حمەمینو عادیلەخانمو پێشکەوتنو ئایندە)ن، خوێندنی خێراش کۆتا خوێندنگەی نوێی ئەم قۆناغە بووە، هەر لەم قۆناغەدا خوێندنگەی کچان لە ئێواراندا کراوەتەوە ئەویش (دواناوەندیی مهابادی ئێوارانی کچانە). ئەوەی گرنگە لەم قۆناغەدا باسی لێوەبکەین کۆی گشتی خزمەتگوزارییەکەیە بە هەموو جۆرەکانیانەوە، لەگەڵ ژمارەی پۆلەکانی خوێندن و خوێندکاران و مامۆستایان بۆ دەرخستنی ئەو جیاوازیانەی کەوا لەگەڵ قۆناغەکانی تردا هەیانە، بڕوانە خشتەی (9).

بەتێبینی کردنی خشتەی(9) دەبینین کەوا بۆ ساڵی خوێندنی (2007–2008) کۆی گشتی ئەم خزمەتگوزارییە (44) باخچەی منداڵانو خوێندنگە بوون، باخچەی منداڵان تەنها (2) باخچە بووە، کە (4.5٪)ی ڕێژەی گشتی ئەم خزمەتگوزارییانە پێکدەهێنێت و لەڕووی ژمارەی منداڵەوە (458) بوون و ڕێژەی (3.2٪)ی کۆی گشتی خوێندکارانی قۆناغە جۆراو جۆرەکان پێك دەهێنێت، سەبارەت بەمامۆستاو ڕێژەی لە کۆی گشتی مامۆستایانی ناوچەکە لەو ساڵەی ئەم قۆناغەدا (29) مامۆستای هەبووە و ڕێژەی (2.2٪)ی کۆی گشتی مامۆستایان پێك دەهێنێت، زۆرترین ژمارەو ڕێژەی خوێندنگەو خوێندکار و مامۆستا تایبەتە بە قۆناغی سەرەتای و لەپلەی یەکەمدا دادەنرێت، لەو ساڵەدا (18) خوێندنگە لەکۆی (44) پێکدەهێنێت، کە ڕێژەی (41٪) گشت قۆناغەکانی خوێندنی ئەم خزمەتگوزارییە پێك دەهێنێت، هەروەها ژمارەی خوێندکاریش(7963)بوون، کە ڕێژەی(56.6٪)ی

پێکدەهێنێت، لەکۆی (14058) خوێندکار، سەبارەت بە ژمارەی مامۆستایان لەم قۆناغی خوێندنەدا (737) مامۆستا بووە  لە کۆی (1272)

خشتەی (9)

خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجە  ساڵی (2007–2008)

| قۆناغی خوێندن | ژمارەی | ٪ | ژ.خوێندکار | ٪ | ژ.مامۆستا | ٪ | ژ.پۆل | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| باخچەی منداڵان | 2 | 4.5 | 458 | 3.2 | 29 | 2.2 | 15 | 3.2 |
| سەرەتایی | 18 | 41 | 7963 | 56.6 | 737 | 58 | 190 | 42 |
| ناوەندیی دواناوەندی و ئامادەیی* | 17 | 38.6 | 4195 | 30 | 386 | 30.3 | 184 | 40.4 |
| پیشەیی | 3 | 6.8 | 472 | 3.3 | 35 | 2.8 | 36 | 8 |
| خوێندنی خێرا | 1 | 2.2 | 36 | 0.2 | 12 | 1 | 6 | 1.3 |
| پ.مەڵبەندی مامۆستایان | 1 | 2.2 | 485 | 3.4 | 38 | 3 | 12 | 2.6 |
| پ.تەکنیکی هەڵەبجە | 1 | 2.2 | 194 | 1.3 | 14 | 1.1 | 5 | 1 |
| ک.تەکنیکی هەڵەبجە | 1 | 2.2 | 255 | 2 | 21 | 1.6 | 7 | 1.5 |
| کۆی گشتی | 44 | 100 | 14 058 | 100 | 1 272 | 100 | 455 | 100 |

سەرچاوە:کاری توێژەر بەپشت بەستن بە

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە، بەشی پلاندانان، داتای بلاۆنەکراوە، 2007–2008.

*لەبەر هەژمارکردنی سەرجەم قۆناغەکانی ناوەندیی و دواناوەندیی و ئامادەیی  بەیەکەوە لەو ساڵەدا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە،بەشی پلاندانان، بۆیە توێژەریش بەهەمان شێوە پێکەوە هەژماری کردوون.

مامۆستا ڕێژەی (58٪)ی کۆی گشتی مامۆستایان پێکدەهێنێت، لەپلەی دووەمدا لەڕووی خوێندنگە و خوێندکار و مامۆستاوە خوێندنگە ناوەندیی و دواناوەندیی و ئامادەییەکان دێت، کەمترین ڕێژەش لەڕووی مامۆستا و خویندکارەوە لە خوێندنی خێرادایە، بەڵام لەڕووی پۆلی  خوێندنەوە پەیمانگای تەکنیکی هەڵەبجە نزمترین ڕێژەی هەیە، سەبارەت بە پۆلی خوێندنیش (455) پۆل هەبووە و زۆرترین ڕێژەش لە قۆناغی سەرەتاییدایەو کەمترین ڕێژەش لە پەیمانگای تەکنیکی دایە. بڕوانە شێوەی (2)،  پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت  کە لەساڵی ( 2008– 2009) دوو باخچەی منداڵان (پەریان و شنە) دامەزراون و بەم شێوەیە ژمارەی باخچەی منداڵان بۆتە(4)، هەرچی خوێندنگە سەرەتاییەکان و ناوەندیەکانن بونەتە (خوێندنگەی بنەڕەت)* ، هەردوو پەیمانگای(مەڵبەندی مامۆستایان و تەکنیکی هەڵەبجە)و(کۆلێژی  تەکنیکی هەڵەبجە) هەر لەم قۆناغەدا نەماون، بەگشتی لەم قۆناغەدا بەراورد بەقۆناغی پێشوو(19) باخچەوخوێندنگە زیادیکردووە لە چوارچێوەی خزمەتگوزاریی فێرکاریدا لەبەرئەوە لە سەرەتای قۆناغی چوارەمەوە تاکو دۆخی ئێستای ئەم خزمەتگوزارییانە کە لەبەشی سێیەمدا بە درێژی باسی لێوەدەکەین ساڵ لەدوای ساڵ لەسەرجەم لایەنەکانی خزمەتگوزاریی فێرکاری جیاوازیی دەبینرێت و گۆڕانکاری تێیدا ڕوویداوە.

*خوێندنگەی بنەڕەتیی  ئەو خوێندنگانەیە کە لەپۆلی (1– 9) دەگرێتەوە ئەمەش بە پێی خوێندگەکان دەگۆڕێت هەندێکیان قۆناغی (1–6) بنەڕەتییە و هەندێکی تر قۆناغی ( 1– 9)  و (7– 9) دەگرێتەوە .

شێوەی (2)

خزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجە ساڵی (2007–2008)




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە : خشتەی(9)

**قۆناغی چوارەم:(2009–2015)**

کۆتا قۆناغی ئەم بەشەیە کە تێیدا ژمارەو ڕێژەی خوێندنگەو خوێندکاران بەشێوەی جیاواز لە قۆناغەکانی پێشووتر دەردەکەون و چەندین بینای خوێندن و باخچە دروستکراون، سەبارەت بە باخچەی منداڵان لەساڵی(2010) باخچەکانی (باخی میر و بینایی) دامەزراون و کۆتا باخچەش (لەندی) لەساڵی (2013) دا دامەزراوە، واتە تاکو کۆتایی ئەم قۆناغە ژمارەیان گەیشتۆتە (7) باخچەی منداڵان ئەمە جگە لە (5) خوێندنگە کە (3) خوێندنگەیان خوێندنگەی بنەڕەتین، ئەوانیش (ڕەهەندی ئێواران و مەولەوی بنەڕەتیی و شەهید ئەنوەر)ن و (1) خوێندنگەی ئامادەیش ئەویش ئامادەیی(پێشەنگ)ە، (1) دواناوەندییش کە کۆلیژی نموونەی هەڵەبجەیە. بڕوانە خشتەی (10)، بەم شێوە سەرجەم جۆرەکانی خزمەتگوزاریی فێرکاریی لەم قۆناغەدا گەیشتۆتە نزیکەی (47) ، هەروەها ژمارەی مامۆستاو خوێندکار و پۆلیش زیادیکردووە تاکو پێش کۆتای ئەم قۆناغە، وەك لە خشتەی(11) هاتووە.

خشتەی (10)

باخچەی مندالآن و خوێندنگە تازە دامەزراوەکان لە قۆناغی چوارەمدا (2009–2015)

| ڕەهەندی ئێواران | 2009 | باخچەی مندالآنی بینای | 2010 |
|---|---|---|---|
| مەولەوی بنەڕەتی | 2009 | ئا.پێشەنگ | 2011 |
| دواناوەندیی( کۆلێژی هاوبەشی کوڕان) | 2009 | شەهید ئەنوەری بنەڕەتی | 2012 |
| باخچەی مندالآنی باخی میر | 2010 | باخچەی مندالآنی لەندی | 2013 |

سەرچاوە:کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

سەردانی مەیدانی توێژەر لە ڕێکەوتی (15/ 2015/12).

بە تێبینی کردنی خشتەی(11) دەبینین، کە زیادبونێکی زۆر لەزۆربەی قۆناغەکانی خوێندندا بەدی دەکرێت، ئەو زیاد بوونەش بەراورد بەقۆناغەکانی پێشوو بەم شێوەی خوارەوە دەردەکەون:

1–خوێندنگە بنەڕەتییەکان لەپلەی یەکەمدان و ژمارەیان(28)ن لەکۆی (47)خوێندنگەو باخچەی مندالآنو (11659) خوێندکارو (1318) مامۆستاییان هەیە، هەریەکەیان ڕێژەی (59.5٪)ی خوێندنگەی ئەم خزمەتگوزارییە پێکدەهێنێت و(67.5٪)ی کۆی گشتی خوێندکار، لەگەڵ (74.1٪)ی مامۆستا پێکدەهێنێت.

خشتەی (11)

خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجە ساڵی(2012–2013)

| قۆناغی خوێندن | ژمارەی | ٪ | ژ.خوێندکار | ٪ | ژ.مامۆستا | ٪ | ژ.پۆل | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| باخچە | 6 | 13 | 1267 | 7.3 | 122 | 7 | 37 | 5.7 |
| بنەڕەتیی | 28 | 59.5 | 11659 | 67.5 | 1318 | 74.1 | 420 | 65 |
| ئامادەیی | 8 | 17 | 3579 | 20.8 | 227 | 12.7 | 140 | 21.7 |
| پیشەیی | 3 | 6.3 | 458 | 2.6 | 76 | 4.2 | 30 | 4.6 |
| دواناوەندی | 1 | 2.1 | 182 | 1 | 12 | 0.6 | 12 | 1.8 |
| خوێندنی خێرا | 1 | 2.1 | 124 | 0.8 | 24 | 1.3 | 8 | 1.2 |
| کۆی گشتی | 47 | 100 | 17269 | 100 | 1779 | 100 | 647 | 100 |

سەرچاوە:کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان،وە زارەتی پەروەردە،بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە، بەشی پلاندانان.

سەبارەت بەپۆلی خوێندنیش زۆرترین ڕێژەی هەیەو ئەویش( 420) پۆلە لەکۆی (647) پۆلی خوێندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە، هۆکاری ئەو ژمارەو ڕێژانەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەو گروپەی تەمەنی دانیشتوانی شارەکە زۆرترین گروپن بەراورد بە گروپەکانی تر، واتە ئەوانەی لە تەمەنی خوێندندان، ئەمەش وادەکات پێداویستی زۆر بێت بۆ خوێندنگەو پۆل و مامۆستاش بەراورد بەقۆناغەکانی تر.

2- ئامادەییەکان لەڕووی ژمارەوە(8) خوێندنگەیە، کەڕێژەی (17٪)ی ئەم خزمەتگوزارییە پێك دەهێنێت، هەرچی ژمارەی خوێندکاریشە (3579) خوێندکارن، کە ڕێژەی (20.8٪)ی کۆی خوێندکارانی ئەم خزمەتگوزاریە لەخۆ دەگرێت و پاشان مامۆستا و پۆلی خوێندن دێت، کە هەریەکەیان ڕێژەی (12.7٪)ی مامۆستا و(21.7٪)ی پۆلی خوێندن لەناوچەی لێکۆڵینەوەدا دەگرێتەوە.

3- باخچەی منداڵان دێت لەڕووی ژمارەوە (6) باخچە و (37) پۆلی خوێندن لەکۆی (647) پۆل لەخۆ دەگرێت، ئەمەش ڕێژەی (5.7٪)ی پۆلەکانە لە شارەکەدا، هەروەها ڕێژەی (7.3٪)ی خوێندکاران و (7٪)ی مامۆستایان پێکدەهێنێت.

4- دواتر خوێندنگە پیشەییەکان دێت، کە ژمارەیان(3) خوێندنگەن، سەبارەت بەڕێژەی خوێندکارو مامۆستاو پۆلی خوێندن هەریەکەیان بەدوای یەکدا ڕێژەی( 2.6٪ و4.2 ٪و4.6٪ )ی پێك دەهێنن لەشاری هەڵەبجە هۆکاری ئەو ڕێژانە کەمانەش بۆ کەمی ژمارەی خوێندنگەو ژمارەی خوێندکارو مامۆستاو پۆلی خوێندن دەگەڕێتەوە بەراورد بە زۆرێك لە قۆناغەکانی تر.

5- دواناوەندیی دێت، کە لەڕووی خوێندکار و مامۆستاو پۆلەوە ڕێژەی (1٪ و 0.6 ٪ و 1.8٪)ی لە ناوچەی توێژینەوەدا پێکدەهێنێت، کۆتا قۆناغ و نزمترین ڕێژەش لە خوێندنی خێرادایە وەك لەخشتەی (11) ڕونکراوەتەوە.

لەکۆتای ئەم بەشەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی بلێین، کە شاری هەڵەبجە یەکێکە لە شارە کۆنەکانی هەرێمی کوردستانو گۆرانکاری زۆر بەسەر دانیشتوانەکەیدا هاتووە چ لەکۆندا یان لەماوەی توێژینەوەدا (1977- 2015) و ئەمانەش لەئەنجامی کۆمەڵە فاکتەرێکی سروشتی و مرۆیین، لەئەنجامدا گۆڕانکاری لە دانیشتوان و گەشەیان ڕوودەدات.

بێگومان لەڕووی فراوانبوونی سنوری شارەوانی ناوچەکە گۆڕانکاری دروست دەکات، ئەم شارەو خزمەتگوزاریی فێرکاری مێژووی کۆنی هەیەو پێش سەرهەڵدان و دروستبوونی خوێندنگەکان حوجرەکان و شوێنە ئاینییەکان لەبواری پەروەردەو فێرکردندا ڕۆڵیان هەبووە و یەکەم خوێندنگەش کە دامەزراوە لە ساڵی(1892)دا لەسەردەمی عوسمانییەکاندا بووە، ئەم خزمەتگوزارییانە مێژووی گەشەکردنی بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوەو گۆڕانکاری زۆر ڕوویداوە تاکو کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و پاش خراپ بوونی بارودۆخی ئەم کەرتەو سەرجەم لایەنەکانی تر لەم شارەداو لەو ساڵە پڕ نەهامەتیەدا، هەروەها پاش گەڕانەوەی ئاوارەکان لەدوای ڕاپەڕینەوە بەشێوەیەکی لەسەرخۆ دووبارە ئەم شارە ڕووی لەگەشە کردن و فراوان بوون کردووەو ئەم خزمەتگوزارییەش بەهەمان شێوە لەزۆربەی قۆناغەکانداو ساڵ لەدوای ساڵ زیادیکردووە، هەربۆیە لەبەشی دواتردا هەوڵ دەدەین ئەو شێوازەی کە ئەم خزمەتگوزارییە هەیەتی لەشارەکەدا لەڕووی دابەشبوونیانەوە بەپێی ژمارەو قۆناغو ڕەگەزو ڕووبەر و موڵکیەتی بینایانەوە بیخەینە ڕوو.

## بەشی سێیەم/ دۆخی خزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجە:

**پێشەکی:**

خزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجەدا لە ئێستادا کە ساڵی خوێندنی(2015-2016)یە جیاواز لە قۆناغەکانی تر کە لەبەشی یەکەم و دووەمدا ئاماژەمان بۆ کردووە تایبەتمەندی و گرنگی خۆی هەیە لە ڕووی ژمارەی ئەم خزمەتگوزاریانەوە لەسەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا، هەروەها لەڕووی ژمارەی خوێندکارو مامۆستاو ژمارەی پۆلیشەوە، بۆیە ئێمە هەوڵدەدەین لەم بەشەدا ئەو دۆخە بخەینە ڕوو کەوا ئەم خزمەتگوزاریە لەشارەکەدا هەیەتی بۆ ئەم مەبەستەش لە (3) باسدا ئامانج و ئەنجامەکانی دەستنیشان دەکەین. لەپێناو گەیشتن بەڕاستی دابەشبوونی ئەم خزمەتگوزارییە لەشاری هەڵەبجەدا هەوڵمانداوە لەڕێگەی سەردانە مەیدانیەکان و دروستکردنی نەخشەوە ڕاستیودۆخی ئەو دابەشبوونە نیشان دەدەین .

**باسی یەکەم :دابەشبوون و پێکهاتەی دانیشتوان لەشاری هەڵەبجە:**

**یەکەم : دابەشبوونی جوگرافیی دانیشتوان :**

دابەشبوونی جوگرافی ڕەگەزێکی گرنگە لەلێکۆڵینەوە جوگرافیەکاندا، دیاردە جوگرافیەکانیش جیاوازن لەیەکتری دابەشبوونی هەریەکێ لەو دیاردانەش سەرەتایەکە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لەبەرئەوەی جوگرافیاش زانستێکە گرنگی زۆر ئەدات بە دیاردەکان بۆیە زۆرێك لە جوگرافی ناسان جەخت دەکەنەوە لەسەری[1].گرنگیدان بە دانیشتوان کە بەگرنگترین ڕەگەزەکانی جوگرافیای مرۆیی دادەنرێت لەڕووی دابەشبوون و ژمارەیان لە هەر هەرێم و ناوچەیەکدا ئەمەش لەشارێك بێت،یان لەوڵاتێکدا لە بابەتە سەرەکیەکانن لە بواری لێکۆڵینەوە جوگرافیەکاندا، چونکە دانیشتوان بەردەوام لە گۆڕانکاریدایە[2]. دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوانیش وەك بابەتێکی سەرەکی ئەم باسە ڕۆڵێکی زۆر دیاری هەیە لە شیکردنەوەکان و لێکۆڵینەوەکانی زانستی جوگرافیادا،ئەمەش سەرەتایەك دەبێت بۆ تێگەیشتن لەجیاوازیی دانیشتوانی هەرێمەکاندا لەسەر ڕووی زەوی بەم هۆیەشەوە دەتوانرێت ئاستی ئابوری و ڕادەی خۆشگوزەرانی دانیشتوان دیاری بکەین لە بواری گەشەپێداندا[3]. ئەم دابەشبوونەش یەك شێوە وەر ناگرێت بەڵکو لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر جیاوازی هەیە لە هەموو شوێنێکدا کە مرۆڤی تێدا نیشتەجێیە دانیشتوانەکەی بەشێوەیەکی جیاواز دابەشبوون لەئەنجامی فاکتەرە سروشتی و مرۆییەکانە[4]. ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە دابەشبونی دانیشتوانی شاری هەڵەبجەیە لەسەر ئاستی گەڕەکەکان کە کاردەکاتە سەر دابەشبوون و شێوازی خزمەتگوزاریی فێرکاری،

---

(1) جبر عطية جودة، محمد كريم جنيط، كفاءة التوزيع المكاني لرياض اطفال، مجلة واسط للعلوم الانسانية، العدد27، ص49.

(2) سعدي محمدصالح سعدي و اخرون ، مصدرسابق، ص65 .

(3) ماهية محسن الداودي، قضاء طوز دراسة في جغرافية السكان، رسالة ماجستير(غير منشورة)، قدمت الى مجلس كلية التربية، جامعة تكريت ، 2003، ص 70 .

(4) عدنان سيد حسين، جیۆگرافیای ئابوری- دانیشتوانی جیهانی هاوچەرخ، وەرگێرانی فەرمان عبدالرحمن و محمد فاتح، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی ،2002،ل120-121.

لەم شارەدا دابەشبوونی دانیشتوان بەپێی گەڕەکەکان جیاوازی زۆری بەسەردا دێت هەروەها بەپێی ساڵەکانیش بەهەمان شێوە، پێویستە ئەوەش بووترێت کەوا ژمارەی گەڕەکەکانی شاری هەڵەبجە وەك لەبەشی یەکەمدا باسی لێوەکراوە 40 گەڕەك بووە بەڵام ئەو گەڕەکانە دەکرێت بڵێن هەندێکیان بەکەمی دانیشتوانی تێدا نیشتەجێیە  وەك (گەڕەکی شۆڕش و بەشێکیش لە گەڕەکی گۆران سیتی لەگەڵ خڕی خەزێنەو ناچەی پیشەسازی و حاجی حسن)، بەڵام لەسەر نەخشەی شارەوانی شارەکە جیاکراونەتەوە لەبەر ئەوە ئێمە هەوڵ دەدەین سەرجەم ئەو گەڕەکانە دەست نیشان بکەین کەوا دانیشتوانی تێدا نیشتەجێیەو خزمەگوزاریی تێدایە و ڕوونکردنەوەی لەسەر بدەین. وەك لە خشتەی (12) دیارە.

خشتەی (12)

دابەشبوونی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە بەپێی قەبارەیان لەسەر ئاستی گەڕەك ساڵی (2016)

| گروپەکان | ژمارەی گەڕەك | % | ژمارەی دانیشتوان | % |
|---|---|---|---|---|
| نزم  کەمتر لە  1500 کەس | 5 | 25 | 3 672 | 5.3 |
| مام ناوەند  (1500 –5000) کەس | 8 | 40 | 24 595 | 35.7 |
| بەرز زیاتر لە (5000) کەس | 7 | 35 | 40 559 | 59 |
| کۆی گشتی | 20* | 100 | 68 827 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشتت بەستن بە:

1– بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، فەرمانگەی ئاماری هەڵەبجە، ئەنجامی ژمارەلێدان و گەمارۆ سازی (حصروترقیم) بۆساڵی 2009، داتای بلاّونەکراوە.

2– بەکارهێنانی هاوکێشەی  پێشبینی کردنی دانیشتوان بۆ ساڵی 2016.

* ژمارەی ئەوگەڕەکانەی کەوا لەشارەکەدا دانیشتوانی تێدانیشتەجێیە بەشێوەیەکی زۆر (27–30) گەڕەکە لەکۆی (40) بەپێی نەخشەی بنەڕەتی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەڵام لەبەر ئەوەی لەکاتی ئاماری دانیشتوان و پرۆسەی ژمارە لێدان و گەمارۆ سازی ساڵی (2009) چەند گەڕەك خراوەتە یەك بازنەوە بۆیە سنورو دانیشتوانەکەی پێکەوە هەژمارکراوە ئەمە لەکاتێکدایە ئەوگەڕەکانەش لەنەخشەی شارەوانیدا سنوریان جیاکراوەتەوە، لەبەرئەوە توێژەر پشتی بەستووە بەو داتایانەی کەوا لە (2009) بەدەستهاتوون  بەڵام لەڕووی سنورەوە گەڕەکەکانمان جیاکردۆتەوە.

بە  سەرنجدان لەخشتەی(12) ئەوەمان  بۆ دەردەکەوێت کە جیاوازیەکی زۆر لە قەبارەی دانیشتوانی گەڕەکەکانی هەڵەبجەدا** هەیە لەگروپی  نزمدا کە کەمتر لە (1500) کەسە(5) گەڕەکمان هەیە لە ناوچەکەدا ئەوانیش (شنروێ و حسن ئاواو بختیاری و مۆردیین و بامۆك) ە کە ڕێژەی(25٪)ی کۆی گشتی گەڕەکەکانی شارو(5.3٪)ی کۆی گشتی دانیشتوانی شار پێك دەهێنن، بۆساڵی(2016) سەبارەت بە دوو گەڕەکی (حسن ئاوا و بامۆك) گوندی سەر بە قەزای ناوەندی ئەم پارێزگایە بوون بەڵام

** سنوری ئەم گەڕەکانە بەم شێوەیە بوون (گەڕەکەکانی تەقتەقان و شاریێ و بەشێك لە بەفری میری  سەرجەمیان بە شنرویێ ) ناو براوە، بەشێکی گەڕەکی (دەروازەی شار بە مۆردین) ناوبراوە، گەڕەکی(جولەکان لە سنوری  گەرەکی سەرا) دا هەژمار کراوە، گەڕەکەکانی (پاشاو ستی سەنتەر بە شەهیدان)ناوبراوە، گەڕەکی(شەهیدان بە بەدابان) ناوبراوە ، بەشێك لە گەڕەکی(یادگاریو دەروازەی شار بە بالآمبۆ) ناوبراوە، گەڕەکی(پیرمحمد لەسنوری گولآندا)هەژمار کراوە، گەڕەکی(تنقیحیش لەسنوری مەرزەبۆتۆ) دا هەژمار کراوە،گەڕەکەکانی (شێخ سمایلوسەروەران1 بە یادگاری) ناوبراون، بەشێکی سنوری(گەڕەکی هەولێر بە کاژاو ) ناوبراوە،گەڕەکی (شەهیدفاتیح لەسنوری فەرمانبەران) دا بوو، (مامۆستایانی 2 لە سنوری مامۆستایانی 1) هەژمارکراوە،(کانی قوڵکە1 لە سنوری کانی قوڵکەی 2 ) هەژمارکراوە.

بەهۆی فراوانبونی شارەوە بونەتە دوو گەڕەکی شارەکە، هەروەها گروپی مامناوەند (1500– 5000) کەس لەخۆدەگرێت ژمارەی گەڕەکەکانی (8) گەڕەکە بە پێی بازنە ئاماریەکان ئەوانیش( دەروازەی شار و سەراو دابان و بالأمبۆ و شەهیدان و یادگاریو کاژاو و شارەوانی1) ئەم گەڕەکانەش کە بەگروپی مامناوەند هەژمار دەکرێت (40٪)ی کۆی گەڕەکەکانی شارو ڕێژەی (35.7٪)ی کۆی گشتی دانیشتوانی شارەکە پێك دەهێنێت، سەبارەت بەگروپی بەرز کە (زیاتر لە5000) کەسە بۆ هەر گەڕەکێك ئەمانەش (گولان و پیرمحمد) و (مەرزەبۆتۆ و تنقیح) و فەرمانبەرانو مۆردانە (باخی میروکانی عاشقان) و شارەوانی2 مامۆستایان کانی قولکە1) ڕێژەی (35٪)ی گەڕەکەکانی شار پێك دەهێننو ڕێژەی (59٪)ی دانیشتوان پێك دەهێنن بۆسالی (2016)، هۆکاری ئەم ڕێژە زۆرەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کەوا زۆرێك لەم گەڕەکانە مێژووی کۆنی هەیە و خێزانی زۆر نیشتەجێبوون و هەروەها لە سەنتەرونزیك سەنتەری شاردان و بەڕێژیەکی زۆرتر خزمەتگوزاریی فێرکاری و سەرجەم خزمەتگوزارییەکانی تر بەراورد بە گەڕەکەکانی تری شارەکە تێدا کۆبۆتەوە.

بەگشتی دانیشتوان لەم شارەدا بەشێوەیەکی جیاواز دابەشبوون بەسەر گەڕەکەکانی شارەکەدا و بەشێکیان دانیشتوان تێدا زیاترەو ئەم زیادیەش دەگۆڕیت لەسەر ئاستی گەڕەکەکان بەهۆی ئەو فاکتەرانەی کەوا لەسەرەوە باسمان لێوەکرد.

**دووەم : پێکهاتەی دانیشتوان (الترکیب السکان):**

پێکهاتەی دانیشتوان مانایەکی فراوانی هەیەو ڕستەیەکی پەیوەندارە بە دانیشتوانەوە، ئەم پێکهاتە جیاوازی هەیە لە نێوان کۆمەلگەکاندا لە ڕووی زیاد بوونی سروشتی دانیشتوانەکەی و لایەنی ئابوری و کۆمەلایەتیەوە و جوگرافی ناسەکان لەلێکۆلینەوەکانیاندا گرنگی پێدەدەن بۆ دەرخستنی جیاوازی لەنێوان ولات و هەرێمەکان و شارو لادێکاندا، هەروەها گرنگیەکی گەورەی هەیە لەبەر ئەوەی باسی دانیشتوان دەکات لە ڕووی گروپی تەمەن و داهاتی ئابوری و گۆرانکاریە دیمۆگرافیەکان[1]. ئەم پێکهاتە لە شاردا کاریگەریەکی ڕوونی هەیە لەسەر چالاکیە ئابوری و کۆمەلایەتیەکان و بلاوکردنەوەی ئەم خزمەتگوزاریە لە شاردا ، پێکهاتەی دانیشتوان لە شاری هەلەبجەشدا سوودی زۆری هەیە بەتایبەت لە کاتی پلاندانانداندا چونکە لە ڕێگەی ئەم پێکهاتەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەوا ئەم خزمەتگوزاریە چ جۆرو قۆناغێکی لەسەر ئاستی گەڕەکەکاندا هەیەو جیاوازیەکانیان چارەسەر بکرێت، پێکهاتەی دانیشتوانیش چەندین جۆر دەگرێتەوە، ئەوەی بۆئێمە گرنگە لەم توێژینەوەدا باسی لێوەبکەین ئەمانەی لای خوارەوەن:

---

(1) احمد حمود محسين السعدي، تحليل المكاني لتباين التركيب السكان في محافظة القادسية للمدة من(1987–1997) اطروحة دكتوراه (غيرمنشورة)، قدمت الى مجلس كلية الاداب، جامعة بغداد، 2005، ص3 .

**1– پێکهاتەی تەمەن (التركيب العمري):**

ئاشکرایە بەگشتی جیهان لەڕووی دیمۆگرافیای دانیشتوانەوە دابەش دەبێت بۆ وڵاتی گەنج و پیر و مامناوەند هەروەها ئەم پێکهاتەیە زۆر گرنگە و کاریگەری هەیە لەسەر گەشەی دانیشتوان [1]. لەبەرئەوەیە بەیەکێك لەگرنگترین پێکهاتەکان دادەنرێت بەهۆی ئەم پێکهاتەوە ئاستی بەهێزی کۆمەڵگە دەستنیشان دەکرێت لەبواری بەرهەم هێنان و سەرجەم چالاکیەکاندا[2]. هەروەها ئەم پێکهاتەیە ڕۆڵو گرنگی هەیە بۆ کۆمەڵگەکان و ڕونکردنەوەی هەندێك لەکردارە دیمۆگرافیەکان و دیاری کردنی ڕێژەی نێر و مێ و دەبێتە هۆی تێگەیشتن و زانینی ڕاست و دروستی گروپی چالاکی ئابوریو وەبەرهێنان و هەروەها ئەوانەشی کە توانای وەبەرهێنانیان کەمە یان نیە[3]. زانینی ئەم پێکهاتەیە بۆ خزمەتگوزاریی فێرکاری، تاڕادەیەکی باش دەتوانرێت چارەسەری هەندێك لەکێشەی شار بکرێت لەڕووی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان و دابەشکردنیان لە ناوچەکەدا، ئەم پێکهاتەیەش دابەش دەبێت بۆ سێ گروپ[4].

1– تەمەن بچوك (0–14) (صغار السن)

2– تەمەن مام ناوەند(15–64) (متوصط السن)

3– تەمەن گەورەکان 65 و زیاتر (کبار السن).

لە شاری هەڵەبجەشدا ئەم پێکهاتەیە بەشێوەیەکی جیاواز دابەش بووە:

**1– تەمەن بچوك (0–14) (صغار السن) :**

لە جوگرافیای دانیشتواندا ئەم گروپە بنکی هەرەمی دانیشتوان پێك دەهێنێت، لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا بەپێی داتای دانیشتوان بۆ ساڵی (2016) ڕێژەی (28٪) کۆی گشتی پێك هاتەی دانیشتوان پێك دەهێنێت کە (19271) کەسە بە هەردوو ڕەگەزەوە، خشتەی (13) ئەوە نیشان دەدات کەوا هەر لەم گروپەشدا ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە نێوان (5–9) ساڵیدایە ڕێژەی(10٪) سەرجەم گروپەکانی دانیشتوان پێك دێنێت نزمترین ڕێژەش(0–4) ڕێژەی(8.8) دانیشتوانن.

**2– تەمەن مام ناوەند(15–64) (متوسط السن):**

ئەم گروپە گرنگترین گروپە لە هەموو کۆمەڵگەکاندا لەبەرئەوەی گروپی بەرهەم هێنەو گروپەکانی تریش پشت بەم گروپە دەبەستن لە شاری هەڵەبجەدا ئەم گروپە ڕێژەی (67.6٪) دانیشتوان پێك دەهێنیت، کۆی گشتی ئەو کەسانەی کەوا لەم تەمەنەدان (46459) کەسە و بەرزترین ڕێژەش لە تەمەنی نێوان (30–34) ساڵیدایە کە (6813) نزمترینیش لەنێوان (60–64 ) کە (1927 ) هەریەکەیان یەك لەدوای یەك ڕێژەی (9.9٪و2.7٪) کۆی گشتی گروپەکان تەمەن و دانیشتوان پێك دەهێنن.

---

(1) علی لبیب، جوگرافیای دانیشتوان جێگیرو ناجێگیر، وەرگێرانی سەعید بشیر خەرپانەیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، 2011، ل131.

(2) جزا توفيق طالب، المقومات الجيوبولتيكية للأمن القومى في اقليم كرستان، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية ، 2005، ص226.

(3) ماهر ابوصالح، مدينة نابلس دراسة في التركيب السكاني و الخصائص المسكن، رسالة ماجستير(غيرمنشورة)، قدمت الى كلية دراسات العليا، جامعة نجاح الوطنية، نابلس، 1998، ص15.

(4) فتحى محمد ابو عيانة، الجغرافية السكان اسس وتطبيقات، الطبعة الرابعة، السكندرية، 1993، ص293–294.

## خشتەی(13)

## پێکهاتەی تەمەن وجۆری دانیشتوان  لە شاری هەڵەبجە ساڵی 2016

| گروپی تەمەن | ژمارەی نێر | % ڕێژەی نێر | ژمارەی  مێ | ڕێژەی مێ  % | کۆی نێر و مێ | % کۆ | %ڕێژە گروپی سیانی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 4-0 | 3029 | 8.8 | 3028 | 8.7 | 6 057 | 8.8 | 28 |
| 9 -5 | 3510 | 10.3 | 3441 | 9.9 | 6 951 | 10 | |
| 14-10 | 3166 | 9.2 | 3097 | 8.9 | 6 263 | 9.1 | |
| **کۆی گروپی کەمترلە15** | 9705 | 28.4 | 9566 | 27.5 | 19 271 | 28 | |
| 19-15 | 3235 | 9.4 | 3441 | 9.9 | 6 676 | 9.7 | 67.6 |
| 24-20 | 2753 | 8 | 3097 | 8.9 | 5 850 | 8.5 | |
| 29-25 | 2891 | 8.4 | 3166 | 9.1 | 6 057 | 8.9 | |
| 34-30 | 3372 | 9.8 | 3441 | 9.9 | 6 813 | 9.9 | |
| 39-35 | 2891 | 8.4 | 3097 | 8.9 | 5 988 | 8.7 | |
| 44-40 | 2616 | 7.6 | 2547 | 7.3 | 5 163 | 7.5 | |
| 49-45 | 2065 | 6 | 1652 | 4.7 | 3 717 | 5.4 | |
| 54-50 | 1102 | 3.2 | 1101 | 3.1 | 2 203 | 3.2 | |
| 59-55 | 964 | 2.8 | 1101 | 3.1 | 2 065 | 3 | |
| 64-60 | 895 | 2.6 | 1032 | 2.9 | 1 927 | 2.7 | |
| **کۆی گروپی15-64** | 22 784 | 66.2 | 23 675 | 68.1 | 46 459 | 67.5 | |
| 65زیاتر | 1 583 | 4.6 | 1 514 | 4.3 | 3097 | 8.9 | 4.4 |
| **کۆی گشتی گروپەکانی  تەمەن** | 34072 | 49.5 | 34755 | 50.4 | 68827 | 100 | 100 |
| **ڕێژەی نێر** | 34072 | **ڕێژەی مێ** | 34755 | **ڕێژەی نێر بەرانبەر بە مێ** | | 98 | |

سەرچاوە:کاری توێژەر بەپشت بەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، بەڕێوەبەرایەتی پسوڵەی خۆراکی سلێمانی، بەشی پسوڵەی خۆراك، داتای دانیشتوانی شاری  هەڵەبجە بۆ مانگی 2016/2، بلاونەکراوە

**3– تەمەن گەورەكان 65و زیاتر (كبار السن):**

ئەم گروپە لەشاری هەڵەبجەدا كەمترین ڕێژەی كۆی گشتی دانیشتوان پێك دەهێنێت، كۆی گشتی ئەو كەسانەی كەوا لەم تەمەنەدا دەژین (3097) كەسە و ڕێژەی (4.4٪) دانیشتوانی شارەكە پێك دەهێنن، سەرجەم پێكهاتەكانی تەمەن كە لەخشتەی(13)نیشاندرابوو لەشاری هەڵەبجەدا دەكرێت بەشێوەیەكی ڕوونتر لە هەرەمێكدا بخەینە ڕوو . بڕوانە شێوەی (3).

لەم توێژینەوەدا گروپی تەمەن گەورەكان بەلامانەوە گرنگ نیە، چونكە گرنگی بە دانیشتوان دەدەین لە تەمەنی خوێندندا، ئەمەش زیاتر ئەو دانیشتوانە دەگرێتەوە كە لە گروپی تەمەن بچوك (4–14) ساڵ و گروپی تەمەن مامناوەندەكاندان (15–17)، گرنگە بەلامانەوە و ئەمانەش نزیكەی(24846) كەسنو ڕێژەی ( 36٪) دانیشتوانن لە ناوچەی لێكۆڵینەوەدا.

شێوەی (3)

هەرەمی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە ساڵی 2016




سەرچاوە:كاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

خشتەی ( 13 ).

## 2- پێکهاتەی جۆر یان ڕەگەز (الترکیب النوعی):

پێکهاتەی جۆرو ڕەگەزی دانیشتوان یەکێکی ترە لە گرنگترین تایبەتمەندیەکانی زانستی دانیشتوان بەشێوەکی ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر وڵات، لەڕێگەی ئەم پێکهاتەوە ژماری نێرومێ دیاری دەکرێت و جیاوازیەکانیشیان دەخرێتە ڕوو[1]. ڕێژەی جۆریش مەبەست لێی ڕێژەی نێرە بەرانبەر مێ و لە ڕووی زاستییەوە سەلمێنراوە کەوا (105) نێر بەرانبەر(100) مێ بێت ئەمەش وەك ناوەندێك وەرگیراوە لەبەرئەوەی هەندێك لە پسپۆرانی زانستی دانیشتوان(107) هەندێکی تر(102) نێر بەرانبەر(100)مێ هەژمار دەکەن[2]. زانینی ئەم پێکهاتەو ڕێژەکانیان یارمەتی دەرە بۆ خزمەتگوزاریی فێرکاری ودەست نیشانکردنی ڕێژەی نێرومێ لەشارو هەروەها ڕێژەی ئەوانەشی کەوا لەم پرۆسەیەدا بەردەوامن و جیاوازیەکانی نێوانیشان، بەتێبینی کردنی خشتەی(13) دەردەکەوێت کەوا ڕێژەی نێر بەرانبەر بەمێ کەمترە واتە(98) نێر بەرانبەر (100) مێیە، ئەمەش کەمترە لەو ڕێژەیەی کەوا دیاری کراوە وەك ڕێژەیەکی سروشتی هۆکاری ئەمەش بۆ کۆچی گەنجان و ئەو شەڕانەی کەپێشتر لە ناوچەکەدا بوون و هەروەها نەبوونی داتای دروستیش فاکتەرێکی ترە بۆ نزمی ئەم ڕێژەیە.

## 3- پێکهاتەی فێرکاری (الترکیب التعلیمی):

مەبەست لەم پێکهاتەیە قەبارەی دانیشتوان لە ناوچەیەك دەگرێتەوە کە لە پرۆسەی خوێندندان بە پێی تەمەن و قۆناغە فێرکاریەکانی خوێندن، بۆیە لە ڕوانگەی ئەم پێکهاتەوە دەکرێت پۆلێنی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە بکەین بەپێی تەمەن و ڕەگەز و دابەشبوونیان بەسەر قۆناغەکانی خوێندندا، وەك لەخشتە (14) هاتووە .

خشتەی(14)

پێکهاتەی فێرکاری دانیشتوانی شاری هەڵەبجە بەپێی تەمەنی خوێندن ساڵی(2015-2016)

| گروپەکان | نێر | % | مێ | ٪ | کۆ | کۆی دانیشتوان % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 4-5 | 2 202 | 15.5 | 2 065 | 19.3 | 4 267 | 6.1 |
| 6-11 | 5 781 | 40.7 | 2 202 | 20.6 | 7 983 | 11.6 |
| 12-14 | 2 960 | 20.8 | 2 891 | 27.1 | 5 851 | 8.5 |
| 15-17 | 3 235 | 23 | 3 510 | 33 | 6 745 | 9.8 |
| کۆی گشتی | 14 178 | 100 | 10 668 | 100 | 24 846 | 36 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، بەڕێوەبەرایەتی پسوڵەی خۆراکی سلێمانی، بەشی پسوڵەی خۆراك، داتای دانیشتوانی شاری هەڵەبجە بۆ مانگی 2016/2، بڵاونەکراوە.

بە سەرنجدان لە خشتەی(14) بۆمان ڕووندەبێتەوە ئەو کەسانەی کە لە تەمەنی خوێندندان بەپێی ئەم داتایانە (24846) کەسە لەم ژمارەیەش (14178) کەس لە ڕەگەزی نێرە و (10668) کەسیش لە ڕەگەزی مێیە، ئەمانەش ڕێژەی (36٪) کۆی گشتی دانیشتوان پێکدەهێنن لە ناوچەی توێژینەوەدا کە زیاتر

(1) انعام سمیر محي العبادي، مصدر سابق ، ص113.

(2) بیان علی حسین، سکان مدینة السلیمانیة دراسة الجغرافیة، رسالة ماجستیر(غیرمنشورة) قدمت الی کلیة الاداب، جامعة بغداد، 2001،ص95.

لەسێ یەکی کۆی دانیشتوانی هەڵەبجە پێك دەهێنێت،بەرزترین ڕێژەش لە گروپەکانی پێك هاتەی فێرکاری بەپێی تەمەنی خوێندن لە ڕەگەزی نێردا گروپی (6–11)ساڵەو ڕێژەی(40.7)ی ڕەگەزی نێر لەم پێکهاتەدا پێك دەهێنێت، نزمترین ڕێژەش لە گروپی (4–5) ساڵە کە تەمەنی قۆناغی باخچەی منداڵان دەگرێتەوە و ڕێژەی(15.5٪)ی ڕەگەزی نێری ئەم پێکهاتەیەن، بەهەمان شێوەش بۆ ڕەگەزی مێ بەرزترین ڕێژە لە گروپی تەمەن (15–17) ساڵدایە و نزمترین ڕێژەش لە گروپی تەمەن(4–5) ساڵدایە هەریەکەیان یەك لەدوای یەك ڕێژەی (33٪ و 19.3٪ )ی ڕەگەزی مێ پێك دەهێنن لەشاری هەڵەبجەدا، ئەم ڕێژانەش بەپێی گروپی تەمەن و قۆناغی خوێندن بۆ کۆی گشتی هەردوو ڕەگەز دەگۆڕێت. سەبارەت بە گروپی تەمەن (4–5) ساڵ کە قۆناغی باخچەی منداڵان دەگرێتەوە (4267) کەس و ڕێژەی (6.1٪)ی کۆی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە پێکدەهێنن، پاشان گروپی (6–11) ساڵ کە تایبەت بەقۆناغی (1–6) بنەڕەتیی نزیکەی (7983)کەسن ڕێژەی (11.6٪)ی دانیشتوانی ناوچەی لیکۆڵینەوە پێك دەهێن، هەروەها گروپی (12–14) ساڵ کە قۆناغی بنەڕەتیی (7–9) دەگرێتەوە نزیکەی (5851) کەسە و ڕێژەی (8.5٪)ی کۆی دانیشتوان پێك دەهێن، کۆتا گروپی تەمەن لەم پێکهاتەیە (15–17) کە قۆناغی ئامادەیی دەگرێتەوە ڕێژەی (9.8٪)ی دانیشتوان پێکدەهێنن.

بەگشتی لەڕووی ئەم پێك هاتەوە ڕەگەزی نێر زیاترە لەمێ، لەڕاستیشدا بە هەمان شێوە خوێندکاری ڕەگەزی نێر لەڕەگەزی مێ زیاترە، سەبارەت بە ژمارەی ئەو کەسانەی کەوا تەمەنیان لە تەمەنی هەریەکە لە قۆناغەکاندان بێگومان لەگەڵ ڕاستیدا جیاوازی هەیە، ئەمەش تاڕادەیەك پەیوەندیی بە نادروستی داتاکانەوە هەیە و مەرجیش نیە هەموو منداڵێکی تەمەن (4–5) ساڵ لەلایەن خێزانەکانیەوە بخرێنە باخچەی منداڵانەوە، هەروەها بۆ قۆناغەکانی تریش بەهەمان شێوە هەندێك کەسی ئەو گروپی تەمەنانە دوورن لە خوێندن و بەدەیان خوێندکار دابڕاون لەخوێندن ئەمە جگەلەوەی کەوا خوێندکاریش هەیە زیاتر لەو تەمەنانەو هێشتاکە بەردەوامە لەخوێندن. بۆیە دەکرێت بڵێین بەهۆی ئەم پێك هاتەوە دەتوانین قەبارەی ئەم خزمەتگوزاریە دیاری بکەین کەوا بەشی پێداویستی خوێندکار و ئەو کەسانە بکات کەوا تەمەنیان لە تەمەنی خوێندندایە.

لەکۆتای ئەم باسەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەوا بڵێین دانیشتوانی شاری هەڵەبجە بەشێوەیەکی جیاواز دابەشبوون لەسەر ئاستی گەڕەکەکان، لەڕووی پێکهاتەی دانیشتوانەوە کۆی گروپەکان جیاوازییان هەیەو زۆرترین ڕێژەی دانیشتوانیش لەگروپی تەمەن مامناوەندە، لەڕووی پێکهاتەی ڕەگەزەیش، ڕەگەزی نێر کەمترە لەبەرانبەر ڕەگەزی مێ کە(98) نێر بەرانبەر (100) مێیە وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، لەڕووی پێکهاتەی فێرکارییەوە زۆرترین ڕێژەی ئەوانەی لەم پێکهاتەدان لە قۆناغی بنەڕەتیی (1–6) کە گروپی تەمەنی (6–11) ساڵ دەگرێتەوە. بێگومان گروپی تەمەنو ڕەگەزو پێکهاتەی فێرکاری پەیوەندی هەیە بەژمارەی بینای خوێندنو ژمارەی پۆلومامۆستاو خوێندکار کە لەباسی دووەمدا باسیان لێدەکەین.

**باسی دووەم: دابەشبوونی شوێنی و ڕێژەی خزمەتگوزاریی فێرکاری بەپێی قۆناغەکانی خوێندن لە شاری هەڵەبجەدا:**

پێشەکی:

هەموو دیاردەیەکی جوگرافی خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندی خۆیەتی و شوێنێکی لەسەر ڕووی زەوی هەیە و جیاوازە لەوانی تر، هەر لەبەر ئەوەش توێژەران لە توێژینەوەکانیاندا بایەخی زۆر دەدەن بە دابەشبوون، چونکە دابەشبوون سەرەتایەکە بۆ توێژینەوە لەو دیاردانەی کە لە ناوچەیەکی دیاری کراودا هەن و لەڕێگەی توێژینەوەکانەوە ئەو خاڵە جیاوازو تایبەتمەندانەی ئەو دیاردەیە دەستنیشان دەکرێت [1]. هەر ئەو توێژینەوانەش گرنگی کەرتی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شارەکاندا بەپێی ئاست و قۆناغەکانی خوێندن دەستنیشان دەکەن کە لە شاردا دابەشدەبن بۆ چەند جۆرێك و لە شێوەی زنجیرەیەکی پلە بە پلە لە دوای یەکترەوە دێن، فێرکاریش بە هەموو ئاستو قۆناغەکانیەوە خزمەتی دانیشتوانی شارودەوروبەری دەکات بەپێی دابەشبوونیان و تەمەن و پێکهاتەیان، ئەم خزمەتگوزاریە لە هەموو وڵاتێکدا وەك یەك نییە واتە بەپێی سیستم و یاسای وڵات جیاوازی هەیە. بەگشتی بنەمایەکی سەرەکییە بۆ دەرخستنی وزە و مێشك و بیری خوێندکار، پێویستە لەهەموو شارێکدا وەك لایەنێکی گرنگ بایەخی پێ بدرێت. پەروەردەو فێرکردن ئامانجی ئەم کەرتەیە بەرپسایەکی تەواوکەری یەکتر دادەنرێت کە کۆمەڵێك ڕەگەز دەبەستێتەوە بەیەکەوە هەموو ئەو لایەن و ڕەگەزانەش لە پرۆسەیەکدا تەواوکەری یەکترن [2]. ئێمە لەم باسەدا هەوڵ دەدەین باس لە دۆخی ئەو دابەشبوونە بکەین هەر لەقۆناغی باخچەی منداڵانەوە تاکو قۆناغی ئامادەیی ،لەگەڵ باسکردن لە شوێن و گۆڕانکارییە ڕێژەییەکان و بیناو ڕووبەری ئەم خزمەتگوزارییانە بەپێی قۆناغە جیاوازەکان :

**یەکەم:دابەشبوونی شوێنی باخچەی منداڵان(توزیع المکانی لریاض الاطفال):**

باخچەی منداڵان بەیەکێك لەجۆرەکانی خزمەتگوزاریی فێرکاری دادەنرێت، لە سەرەتاترین قۆناغی فێرکاری هەژمار دەکرێت و ڕۆڵێکی گرنگ لەم بوارەدا دەگێرێت، بەهۆی باخچەی منداڵانەوە کە گرنگی دەدات بەفێرکردن و پەروەردەکردنی منداڵ لە سەرەتای تەمەنیاندا هاوکاری زۆری خێزان دەکات و ڕۆڵیشی بۆ کەمکردنەوەی بەرپرسیاریەتی دایکان هەیە وادەکات بە شێوەیەکی ئاسانتر کارو فەرمانی ڕۆژانەیان ئەنجام بدەن، هەروەها ڕۆلیشی بۆ گەشەپێدانی مێشکی منداڵان لەبواری پەروەردەو فێرکردندا هەیە [3]. دابەشبونی شوێنی باخچەی منداڵانیش لەئێستادا لەناوچەی لێکۆڵینەوەدا

---

(1) ترکی حومدعلی الجورانی، کفاءة الخدمات التعلیمیة (الابتدائیةوالثانوی) في قضاء الخالص، رسالة ماجستیر(غیرمنشورة)، قدمت الی مجلس کلیة التربیة العلوم الانسانیة، جامعة دیالی، 2013، ص70.

(2) علی لفتةسعید، ایمان عبدالحسین شعلان، تقیم کفاءةالخدمات التعلیمیة والصحیة في المدینة الحیدریة، مجلة البحوث الجغرافیة، کلیة الاداب ، جامعة الکوفة، العدد(19)، بدون السنة الطبع، ص319.

(3)Waled lagrab,Nora akin, analysis of educational services distribution – based geographic information system(Gis), international journal of scientific, technology research volume 4, issueo 3,march, 2015, p115.

بەشێوەیەکی جیاواز بەسەر گەڕەکاندا دابەشبوون بۆساڵی خوێندنی (2015– 2016) تەنها (7) باخچەی منداڵان لە شارەکەدا هەیە. وەك لە خشتەی (15) و نەخشەی(9)دا هاتووە.

خشتەی (15)

دابەشبوونی باخچەی منداڵان و ڕێژەی منداڵ و مامۆستا و پۆلیان لەسەر ئاستی گەڕەك لەشاری هەڵەبجە ساڵی (2015–2016)

| باخچەی منداڵان | گەڕەك | ژ. منداڵ | ٪ | ژ. مامۆستا | ٪ | ژ.پۆل | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خونچە | سەرا | 203 | 14 | 19 | 13.1 | 10 | 21.7 |
| هەڵەبجە | مامۆستایان1 | 234 | 16.2 | 24 | 16.5 | 6 | 13 |
| شنە | فەرمانبەران | 249 | 17.3 | 23 | 15.9 | 6 | 13 |
| پەریان | شارەوانی 2 | 300 | 20.8 | 27 | 18.6 | 10 | 21.7 |
| باخی میر | گەشتیاری | 215 | 14.8 | 20 | 13.7 | 6 | 13 |
| بینای | سەروەران | 150 | 10.3 | 16 | 11.1 | 5 | 10.8 |
| لەندی | کانیەقوڵکە1 | 96 | 6.6 | 16 | 11.1 | 3 | 6.5 |
| کۆی گشتی | 7 | 1447 | 100 | 145 | 100 | 46 | 100 |

سەرچاوە:کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:

1– سەردانی مەیدانی توێژەر لەڕێکەوتی 27 / 1 / 2016

2– حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە، بەشی پلاندانان، داتاوزانیاری لەسەر قۆناغی باخچەی منداڵان، ساڵی خوێندنی 2015–2016، بڵاونکراوە.

بۆمان دەردەکەوێت کەوا زۆربەی باخچەکان کەوتونەتە ناوەڕاستی شار و سنوری شارەوانیەکەی، ئەمەش زیاتر بەهۆی ژمارەی دانیشتوانەوەیە لەو گەڕەکانەدا سەبارەت بە ژمارەو ڕێژەی منداڵان و پۆل و مامۆستا، باخچەی پەریان لەگەڕەکی (شارەوانی 2) پلەی یەکەمی هەیە و زۆرترین ژمارەی منداڵ لەخۆ دەگرێت، کە(300)منداڵە لەکۆی (1447)منداڵ بۆ ساڵی خوێندنی (2015– 2016) و ڕێژەی (20.8٪)ی کۆی گشتی منداڵانی باخچە پێك دەهێنێت هۆکاری ئەمەش زیاتر پەیوەندی بە شوێنی باخچەکەوە هەیە کەوا لەدەوروبەریدا باخچەی تر بوونی نییە و ژمارەیەك گەڕەکیش لەدەوروبەری دان، و ئەستەمە بتوانن بگەنە باخچەی منداڵی تر لە شارەکە هەربۆیە زۆرترین منداڵ لەخۆدەگرێت بێگومان ئەمەش وادەکات ژمارەی مامۆستاو پۆلیش زیاتر بێت، زۆرترین ژمارەی مامۆستاش پێکدەهێنێت کە (27) مامۆستا لەکۆی (145)مامۆستا، نزمترین ژمارەو ڕێژەش باخچەی منداڵانی (لەندی) لەگەڕەکی (کانی قوڵکەی1) کە(96) منداڵ و(16) مامۆستا و (3) پۆلی لەخۆگرتووە هەریەکەیان ڕێژەی (6.6٪)ی منداڵان و(11.1٪)ی مامۆستاو (6.5٪)ی پۆل ناوچەی لێکۆڵینەوە پێك دەهێنێت.

نەخشەی(9)

دابەشبوونی شوێنی باخچەی منداڵان لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015–2016




سەرچاوە:کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:

1– حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS.

2– خشتەی (15)

**دووەم: دابەشبوونی شوێنی خوێندنگە بنەڕەتییەکان:**

ئەم قۆناغە بە بنچینەی دامەزراوە فێرکارییەکان دادەنرێت  کە منداڵان ڕووبەڕووی دەبنەوە لە ژیانی خوێندنیاندا، ئەم گروپە لە زۆربەی شارەکانی هەرێمی کوردستاندا ڕێژەی زۆرترە بەراورد بە گروپەکانی تر، ئەم قۆناغەی  خوێندنی خزمەتگوزاریی فێرکاری بەگشتی ئەو منداڵانە دەگرێتەوە کەوا تەمەنیان لە نێوان (6–15) واتە لەدوای قۆناغی باخچەی منداڵانەوە تاکو(15) ساڵی تەمەن دەگرێتەوە، بەڵام لە هەندێك حاڵەتدا بەهۆی مانەوەی خوێندکار لەچەند قۆناغێکدا هەندێك جار دەگاتە سەروو (15) ساڵ ، هەر لەم قۆناغەدا گرنگی دەدرێت بە گەشەپێدان و پەروەدە و فێرکردنی منداڵان و لایەنی بیری و دروست کردنی گیانی کۆمەڵایەتی و کەسایەتی بەسوود[1]. ئەم خوێندنگە بنەڕەتیانەش لە شاری هەڵەبجەدا دابەشدەبن بەسەر سێ قۆناغدا (1–6)و(7–9)و(1–9) لەبەرئەوەی ئێمەش بە شێوەیەکی وردتر لە بارەیانەوە بدوێین هەوڵ دەدەین هەرقۆناغێك بەجیا باس بکەین، ئەمانەش دابەشبوون بەسەر چەندین گەڕەك و شوێنی شارەکەدا.بەم شێوەیەی لای خوارەوە.

**1– دابەشوونی شوێنی خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (1–6):**

ئەم قۆناغە تەمەنی (6–11) ساڵ دەگرێتەوە ئەو خوێندنگەیانەش کە تایبەتن بەم قۆناغەوە ژمارەیان (21) خوێندنگەیە، لەڕووی ڕەگەزی خوێندکارەوە سەرجەمیان تێکەڵاون، لەم ژمارەیەش خوێندنگەی (بورهانی حاجی محمد) لەگەڕەکی (مامۆستایانی 1) لەپلەی یەکەمدایە لە ڕووی ژمارەی خوێندکارەوە لەکۆی (7187) خوێندکاری شارەکە لەم قۆناغەدا (586) پێك دێنێت و ڕێژەی (8.1٪)ی خوێندکاران و هەروەها ژمارەی مامۆستایانی (84) مامۆستایە لە کۆی (1010) کە ڕێژەی (8.3٪)ی کۆی گشتی مامۆستایانی قۆناغی( 1–6) و (24) پۆلی خوێندن کە ڕێژەی (8.6٪)ی کۆی پۆلی خوێندنی ئەم قۆناغە پێك دێنێت لە ناوچەی توێژینەوەدا، بڕوانە خشتەی (16)، لە پلەی دوەمیشدا خوێندنگەی(حمدونە) (562) خوێندکارو (73)مامۆستا و (24) پۆل  یەك لەدوای یەك ڕێژەی (8٪)ی کۆی گشتی خوێندکاران و (7.2٪)ی کۆی گشتی مامۆستایان و (9٪)ی کۆی گشتی پۆلەکانی خوێندنی ئەم قۆناغە پێك دەهێنێت، پاشان خوێندگەی(شەپۆل لەگەڕەکی شاڕێ ) و(شارەزوور لە گەڕەکی شارەوانی2) و(بزاڤ لە گەڕەکی مامۆستایان1) و (هەڵەبجە لە گەڕەکی کانی قوڵکەی2)  (سالم لە گەڕەکی باخی میرو کانی عاشقان) و (شێخ حمەمین لە گەڕەکی سەرا) دێت یەك لەدوای یەك لەڕووی ژمارەی خوێندکارەوە(553–458–439–437–422–404)  کەمترین ژمارەو ڕێژەی خوێندکار و مامۆستا و پۆلی خوێندن لە خوێندنگەی (بانەیە) لە گەڕەکی کارێزە کە (75) خوێندکار و (5) مامۆستا و(4) پۆلی خوێندنی هەیە ئەمانەش ڕێژەی (1٪) خوێندکارو (0.4٪) مامۆستاو(1.4٪) پۆلی خوێندن پێك دەهێنێت ئەم ڕێژە کەمەش بەهۆی ئەوەیە کەوا خوێندنگەیەکی تازەیە و لە گەڕەکێکی تازەدایە بەراورد بە گەڕەکەکانی تر بێگومان ژمارەی دانیشتوانیشی کەمترە لەبەرئەوەی زۆرێك لە گەڕەکەکان مێژووی کۆنی هەیە و یەکەی نیشتەجیبوون و دانیشتوانی زۆرترە،

---

(1) رافد موسى عبدالحسون العامری، كاظم جبار الشيبانی، تحليل مكاني لوظيفة التعليم الابتدائي في مدينة السماوة، مجلة القادسية في الاداب والعلوم التربوية، جامعة القادسية، المجلد(8)، العدد(4)، سنة 2009، ص155.

## خشتەی (16)

## دابەشبوونی خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (1–6) لەسەر ئاستی گەڕەك لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015–2016

| خوێندنگە | گەڕەك | ژ.خوێندکار | ٪ | ژ.مامۆستا | ٪ | ژ.پۆل | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سالم | باخی میر و کانی عاشقان | 422 | 6 | 61 | 6 | 19 | 7 |
| حمدون | گوڵان | 562 | 8 | 73 | 7.2 | 24 | 9 |
| صلاح الدین | سەرا | 266 | 3.7 | 56 | 5.6 | 12 | 4.3 |
| عادیلەخانم | سەرا | 232 | 3.2 | 50 | 5 | 12 | 4.3 |
| مەرزەبۆتۆ | مەرزە بۆتۆ | 368 | 5.2 | 57 | 5.7 | 15 | 5.3 |
| بزاڤ | مامۆستایان1 | 439 | 6.2 | 51 | 5 | 13 | 4.6 |
| شنرۆێ | شارێ | 360 | 5 | 51 | 5 | 12 | 4.3 |
| هەڵەبجە | کانی قولکەی2 | 437 | 6.1 | 55 | 5.4 | 14 | 5 |
| شێخ حمەامین | سەرا | 404 | 5.6 | 65 | 6.4 | 14 | 5 |
| شەهیدانی خێڵی حمە | پیرمحمد | 319 | 4.4 | 50 | 5 | 12 | 4.3 |
| پێشکەوتن | شەهید فاتیح | 359 | 5 | 38 | 4 | 13 | 4.6 |
| شەپۆل | شارێ | 553 | 7.6 | 62 | 6.1 | 18 | 6.4 |
| حسن ئاوا | سەروەران1 | 278 | 3.8 | 30 | 3 | 10 | 3.5 |
| شاهۆ | جولەکان | 162 | 2.2 | 41 | 4 | 11 | 4 |
| بورهانی حاجی محەمەد | مامۆستایانی 1 | 586 | 8.1 | 84 | 8.3 | 24 | 8.6 |
| مۆردانە | چەمی قەیەغە | 327 | 4.5 | 43 | 4.2 | 12 | 4.3 |
| مەولەوی | ڕاپەرین | 338 | 4.7 | 37 | 3.7 | 13 | 4.6 |
| بامۆك | بامۆك | 102 | 1.4 | 23 | 2.2 | 6 | 2.1 |
| شارەزوور | شارەوانی2 | 458 | 6.3 | 56 | 5.6 | 15 | 5.3 |
| شاری | ماردین | 140 | 2 | 22 | 2.1 | 6 | 2.1 |
| بانە | کارێز | 75 | 1 | 5 | 0.4 | 4 | 1.4 |
| کۆی گشتی | 18 | 7187 | 100 | 1010 | 100 | 279 | 100 |

سەرچاوە:کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:

1– سەردانی مەیدانی توێژەر لە ڕێکەوتی 10 / 2 /2016.

2– حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە، بەشی پلاندانان، داتاوزانیاری لەسەر خوێندنگە بنەڕەتیەکانی قۆناغی(1–6)، ساڵی خوێندنی(2015–2016)، بلاونکراوە.

ژمارەی مامۆستاوخوێندکارو پۆلی خوێندن و ڕێژەکانیان لە یەکتر جیاوازن ئەم جیاوازیەش لەشێوەی (4) نیشاندراوە .

شێوەی(4)

خوێندکارومامۆستاو پۆلی خوێندنی خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (1–6) لەشاری هەڵەبجەسالّی

2016–2015




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی(16)

لەسەر ئاستی گەڕەکەکانیش وەک لە خشتەی (16) ئاماژەمان بۆ کردبوو خوێندنگەکان بەشێوەیەکی جیاواز لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا دابەشبوون . بڕوانە نەخشەی (10).

## نەخشەی(10)

## دابەشبوونی شوێنی خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (1– 6) لە شاری هەڵەبجە ساڵی 2015–2016




سەرچاوە:کاری توێژەر بەپشت بەستن بە :

1– حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS.

2– خشتەی (16)

**2- دابەشبوونی شوێنی خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (7-9):**

بەتێبینیکردن لەخشتەی (17) دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەوا لەم قۆناغی خوێندنەدا (14) خوێندنگە هەیە، ئەو تەمەنەشی کە لەم قۆناغەدا دەخوێنن لە نێوان (12-14) ساڵدان ، لەو ژمارەیەش (7) خوێندنگەیان تایبەتن بەڕەگەزی کوڕان و ئەوانیش بریتین لە (کەمالی لە گەڕەکی سەرا - کاردۆخی لە گەڕەکی شاڕێ - گۆران لە گەڕەکی مەرزەبۆتۆ - کانی عاشقان لە گەڕەکی باخی میرو کانی عاشقان- ڕەهەندی بنەڕەتیی ئیواران لە گەڕەکی سەرا - شەهید ئەنوەر لە گەڕەکی ماردین - شارۆ لە گەڕەکی ڕاپەڕین) و ژمارەی ئەو خوێندنگانەی کەوا تایبەتە بە کچانەوە بەهەمان شێوە (7)خوێندنگەیە کە بریتین لە (شەهید ئازاد هەورامی لە گەڕەکی مامۆستایان1- ڕێنوار لە گەرەکی چەمی قەیەغە- نێرگز لە گەڕەکی مەرزەبۆتۆ- ئایندە لە گەڕەکی شارەوانی2 - وەزگێڵ لە گەڕەکی گەشتیاری - سازگار لەگەڕەکی جولەکان- شەن لە گەڕەکی کانی قولکەی 2).

کۆی گشتی خوێندکارانی ئەم قۆناغە (3814)خوێندکارو مامۆستاش (351)و پۆلی خوێندن (143)ن لەکۆی ئەم ژمارەیەش خوێندنگەی گۆران لەڕووی ژمارەی خوێندکارەوە لە پلەی یەکمدایە (424) خوێندکار و (30)مامۆستاو(15)پۆلی خوێندنی هەیە، کەڕێژەی (11.1٪)ی کۆی خوێندکاران و(8.6٪)ی مامۆستاو (10.4٪)ی کۆی پۆلی خوێندن لە ناوچەکەدا پێکدەهێنن، پاشان سازگاری کچان و شەهید ئەنوەری کوڕان و کەمالی کوڕان ، سەبارەت بەژمارەی خوێندکارو مامۆستاو پۆلی خوێندنیان یەك لەدوای یەك (356 خوێندکار و 35 مامۆستا و11پۆلی خوێندن) پاشان شەهید ئەنوەری کوڕان کە (352 خوێندکارو 29 مامۆستاو 14 پۆلی خوێندن پێك دێنێت، دواتر کەمالی کچان (384) خوێندکارو (30) مامۆستاو (12) پۆل پێکدەهێنێت لە ناوچەی توێژینەوەدا، کەمترین ژمارەی ئەم قۆناغە خوێندنگەی وەزگێڵی کچانە کە پێکهاتەکەی (82) خوێندکار لەخۆدەگرێت لەگەڵ (12) مامۆستا لەکۆی (351) و تەنها (4) پۆلی خوێندنی هەیە. هۆکاری ئەوەش کەوا خوێندنگەی وەزگێڵی کچان ژمارەی خوێندکارو مامۆستاو پۆلی کەمە بێگومان شوێنی خوێندنگەکە بەپلەی یەکەم هۆکارە بۆ کەمبوونی ژمارەو ڕێژەکەی، چونکە لە گەڕەکی گەشتیارییەو دانیشتوانی تێدا کەمترە بەراورد بە زۆرێك لەگەڕەکەکانی تر کە خوێندنگەکانی تێدا بڵاو بوونەتەوە، هەروەها نەبوونی بینای خوێندنی تایبەت بەخۆیان وادەکات بەشێوەی زیاتر لە خوێندنگەکانی تری ئەم قۆناغە ساڵانە بگوازنە بۆ بینایەکی تر بۆ نمونە ساڵی خوێندنی (2014-2015) لە بینای خوێندنگەی کانی عاشقان بووە، بەڵام لەساڵی (2015-2016) لە بینای ئامادەی باڵامبۆیە بەشێوەی میوان بووە ئەمەش وادەکات خوێندکاران کەمتر ئارەزوویان بۆ ئەم جۆرە خوێندنگانە هەبێت، هەر بۆیە دەبینین کەوا ژمارەو ڕێژەکانی بەراورد بە خوێندنگەکانی تر کەمتر دەبینرێت.

خشتەی (17)

دابەشبوونی خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (7–9) لەسەر ئاستی گەڕەك لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015–2016

| خوێندنگە | گەڕەك | خوێندكار | ٪ | ژ.مامۆستا | ٪ | ژ.پۆل | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| كەماڵی كوڕان | سەرا | 348 | 9.1 | 30 | 8.6 | 12 | 8.3 |
| شەهید ئازاد هەورامی كچان | مامۆستایانی 1 | 283 | 7.4 | 30 | 8.6 | 12 | 8.3 |
| كاردۆخی كوڕان | شاری | 335 | 8.8 | 33 | 9.4 | 12 | 8.3 |
| ڕێنواری كچان | چەمی قەیەغە | 226 | 6 | 25 | 7.1 | 9 | 6.2 |
| گۆرانی كوڕان | مەرزەیۆتۆ | 424 | 11.1 | 30 | 8.6 | 15 | 10.4 |
| كانی عاشقانی كوڕان | باخی میر و(كانی عاشقان) | 241 | 6.3 | 27 | 7.7 | 9 | 6.2 |
| نێرگزی كچان | مەرزەبۆتۆ | 307 | 8 | 29 | 8.2 | 12 | 8.3 |
| ئایندەی كچان | شارەوانی 2 | 344 | 9 | 36 | 10.2 | 12 | 8.3 |
| وەزگێلی كچان | گەشتیاری | 82 | 2.1 | 12 | 3.4 | 4 | 2.7 |
| سازگاری كچان | جولەكان | 356 | 9.3 | 35 | 10 | 11 | 8 |
| ڕەهەندی بنەڕەتیی ئێوارانی كوڕان | سەرا | 175 | 4.7 | 15 | 4.2 | 7 | 5 |
| شەهید ئەنوەری كوڕان | ماردین | 352 | 9.2 | 29 | 8.2 | 14 | 10 |
| شەنی كچان | كانی قوڵكە 2 | 154 | 4 | 10 | 2.9 | 7 | 5 |
| شارۆی كوڕان | ڕاپەڕین | 187 | 5 | 10 | 2.9 | 7 | 5 |
| كۆی گشتی | 12 | 3814 | 100 | 351 | 100 | 143 | 100 |

سەرچاوە:كاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

1– سەردانی مەیدانی توێژەر لە ڕێكەوتی 2016/2/14

2–حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە، بەشی پلاندانان، داتای خوێندنگەی بنەڕەتی قۆناغی(7–9) ساڵی 2015–2016، بلاٌونەكراوە.

بێگومان لە ڕووی پێك هێنانی ژمارەی خوێندنكارو مامۆستاو پۆلی خوێندنەوە لەگەڵ ڕێژەكانییان لە ناوچەی توێژینەوەدا جیاوازی زۆر بەدی دەكرێت وەك لەسەرەوە باسی لێكراوە ، دەكرێت ئەو جیاوازیانە لەشێوەیەكدا بەڕوونی نیشان بدەین، بڕوانە شێوەی (5).

شێوەی(5)

خوێندکارومامۆستاو پۆلی خوێندن خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی 7– 9 لە شاری هەڵەبجەساڵی 2015–2016




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی (17)

لەڕووی شوێنی خوێندنگەکانیشەوە بەهۆی زۆری دانیشتوانەوە هەروەها نەبوونی بینای سەربەخۆ وادەکەن کە تاڕادەیەك دابەش بوونەکە لەسەر ئاستی گەڕەکەکان جیاوازی زۆری نەبێت لەگەڵ قۆناغی پێشوو، چونکە بەشی زۆرییان هەمان بینای خوێندنە کە دوو قۆناغی بنەڕەتیی جیاواز لەخۆدەگرێت، ئەم خوێندنگانەش بەگشتی لەناوەڕاستی شاردا کۆبونەتەوەو هەندێکی تریان لەهەندێك گەڕەکدا بەشێوەیەکی بڵاو دەردەکەون، وەك لە نەخشەی (11) دیارە.

## 3– دابەشبوونی شوێنی خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی(1–9)

ئەم قۆناغەی خوێندنی بنەڕەتیی لەڕووی ژمارەی خوێندنگەوە کەمترە، ژمارەیان سێ خوێندنگەن و هەرسێ خوێندنگەکەش ڕەگەزیان لە جۆری تێکەڵن سەبارەت بە خوێندکار و مامۆستاش بەراورد بە قۆناغەکانی تری کە لەپێشەوە ئاماژەمان بۆکردووە. بڕوانە خشتەی (18) .

نەخشەی (11)

دابەشبوونی شوێنی خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (7–9) لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015–2016




سەرچاوە:كاری توێژەر بەپشت بەستن بە:

1– حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS.

2– خشتەی(17)

خشتەی(18)

دابەشبوونی خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (1–9) لەسەر ئاستی گەڕەك لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015–2016

| خوێندنگە | گەڕەك | خوێندکار | ٪ | ژ.مامۆستا | ٪ | ژ.پۆل | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەمۆ | سەروەران1 | 554 | 51.1 | 49 | 38.8 | 19 | 40.4 |
| ئالآ | کاریز | 354 | 32.7 | 47 | 37.4 | 19 | 40.4 |
| سەردەشت | گۆران سیتی | 175 | 16.1 | 30 | 23.8 | 9 | 19.2 |
| کۆی گشتی | 3 | 1083 | 100 | 126 | 100 | 47 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

1– حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە ،بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە،بەشی پلاندانان،داتای خوێندنگە بنەڕەتیەکان قۆناغی 1–9 ساڵی 2015–2016،بلاونەکراوە.

2– سەردانی مەیدانی توێژەر لە ڕێکەوتی 16/ 2 / 2016

لەخشتەی(18) بۆمان ڕووندەبێتەوە، کەوا کۆی گشتی خوێندکاری ئەم قۆناغە (1083) خوێندکارە و (126) مامۆستا و(47) پۆلی خوێندن، کە لەقۆناغی (1–9) بنەڕەت زۆرترین ڕێژەی خوێندکاریش لە خوێندنگەی بەمۆیە لە گەڕەکی سەروەران1 کە (554) خوێندکار و(51.1٪) ڕیژەی خوێندکاری ئەم قۆناغە پێك دەهێنێت، مامۆستای ئەم خوێندنگەیەش (49) کە (38.8٪)ی کۆی مامۆستایان پێك دەهێنێت، هەروەها ( 19) پۆلی خوێندنی هەیە لەکۆی (47) پۆل، پاشان خوێندنگەی ئالآ دێت لەگەڕەکی کاریز کە(354)خوێندکارو(47)مامۆستاو(19)پۆلی هەیە ئەمانەش هەریەکەیان ڕێژەی (32.7٪)ی خوێندکار و(37.4٪)ی مامۆستا و (40.4٪)ی پۆلەکان پێك دەهێنێت. کەمترین ژمارەش لە خوێندنگەی سەردەشتە لە گەڕەکی گۆران ستی کە (175) خوێندکارو (30) مامۆستاو (9) پۆلی خوێندنی هەیە هەریەك لەمانەش ڕێژەی (16.1٪)ی خوێندکار و(23.8٪)ی مامۆستا و (19.2٪)ی پۆلەکان پێك دەهێنن. ئەم خوێندنگەیانەش بەشێوەیەکی بلاّو دابەشبوون لەسێ گەڕەکی کەناری شاردان،بەهۆی نەبوونی بینای خوێندن لەوگەڕەکانەو بوونی دانیشتوان تێیدا وای کردووە ئەو جۆرە دابەشبوونە وەرگرنو ئەم قۆناغەش دروست بێت چونکە لەو تەمەنەدا کارێکی ئاسان نیە خوێندکار ڕێگای دوور ببڕێت بۆ خوێندنگە، وەك لە نەخشەی (12) هاتووە. بەگشتی قۆناغی خوێندنی بنەڕەتیی لەناوچەی توێژینەوەدا ژمارەی خوێندنگەکانی(38) و کۆی گشتی ژمارەی خوێندکارانی ئەم قۆناغە (12084) خوێندکارە، هەروەها ژمارەی مامۆستایانیشی (1487) مامۆستایە سەبارەت بە پۆلی خوێندنیش (469) پۆلی خوێندن لەم قۆناغەدا هەیە. خشتەی (19). سەرجەم ئەم خوێندنگانەش دابەشبووە بەسەر ژمارەیەك لەگەڕەکەکانی شارەکەدا وەك لەنەخشەی (13) هاتووە، زۆر ترین خوێندنگەی بنەڕەتیی لە گەڕەکی سەرایە کە (5) خوێندنگەیە، ئەو گەڕەکانەشی کەوا کەمترین خوێندنگەی تێدایە بریتین لە(گۆران سیتی–بامۆك–شەهید فاتیح) هەردووگەڕەکی گۆران سیتیوشەهید فاتیح گەڕەکی نوێی ناوچەی لێکۆڵینەوەن، گەڕەکی بامۆکیش گوندێکەو بەهۆی فراوانبوونی شارەوە بەدیلکراوە و بۆتە گەڕەکێکی ناوچەی لێکۆڵینەوە، ئەمانە تارادەیەك دانیشتوان تێیاندا کەمترە، هەروەها نەبوونی پلانو تێڕاونین بۆ داهاتووی شار لەکاتی دامەزراندنی خوێندنگەکان، وادەکەن کەوا دابەش بوونەکە لەسەر ئاستی گەڕەکەکان جیاواز بێت.

## نەخشەی (12)

## دابەشبوونی شوێنی خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی(1–9)لە شاری هەڵەبجە ساڵی 2015–2016




سەرچاوە:کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:

1– حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS.

3– خشتەی (18)

## خشتەی(19)

## دابەشبوونی خوێندنگە بنەڕەتییەکان لەشاری هەڵەبجەساڵی 2015–2016

| خوێندنگە | گەڕەك | ژ. خوێندكار | ژ.مامۆستا | ژ.پۆل |
|---|---|---|---|---|
| سالم | باخی میر و کانی عاشقان | 422 | 61 | 19 |
| حمدون | گوڵان | 562 | 73 | 24 |
| صلاح الدین | سەرا | 266 | 56 | 12 |
| عادیلەخانم | سەرا | 232 | 50 | 12 |
| مەرزەبۆتۆ | مەرزە بۆتۆ | 368 | 57 | 15 |
| بزاڤ | مامۆستایان1 | 439 | 51 | 13 |
| شنرویَ | شارِیَ | 360 | 51 | 12 |
| هەڵەبجە | کانی قوڵکەی 2 | 437 | 55 | 14 |
| شێخ حمەامین | سەرا | 404 | 65 | 14 |
| شەهیدانی خێڵی حمە | پیرمحمد | 319 | 50 | 12 |
| پێشکەوتن | شەهید فاتیح | 359 | 38 | 13 |
| شەپۆل | شارِیَ | 553 | 62 | 18 |
| حسن ئاوا | سەروەران1 | 278 | 30 | 10 |
| شاهۆ | جولەکان | 162 | 41 | 11 |
| بورهانی حاجی محەمەد | مامۆستایانی 1 | 586 | 84 | 24 |
| مۆردانە | چەمی قەیەغە | 327 | 43 | 12 |
| مەولەوی | ڕاپەڕین | 338 | 37 | 13 |
| بامۆك | بامۆك | 102 | 23 | 6 |
| شارەزوور | شارەوانی2 | 458 | 56 | 15 |
| شارِی | ماردین | 140 | 22 | 6 |
| بانە | کارێز | 75 | 5 | 4 |
| کەمالی | سەرا | 348 | 30 | 12 |
| شەهید ئازاد هەورامی | مامۆستایانی 1 | 283 | 30 | 12 |
| کاردۆخی | شاری | 335 | 33 | 12 |
| ڕێنوار | چەمی قەیەغە | 226 | 25 | 9 |
| گۆران | مەرزەبۆتۆ | 424 | 30 | 15 |
| کانی عاشقان | باخی میر و(کانی عاشقان) | 241 | 27 | 9 |
| نێرگز | مەرزەبۆتۆ | 307 | 29 | 12 |
| ئایندەی کچان | شارەوانی 2 | 344 | 36 | 12 |
| وەزگێلی کچان | گەشتیاری | 82 | 12 | 4 |
| سازگاری کچان | جولەکان | 356 | 35 | 11 |
| ڕەهەندی بنەڕەتیی ئێواران | سەرا | 175 | 15 | 7 |
| شەهید ئەنوەر | ماردین | 352 | 29 | 14 |
| شەن | کانی قوڵکە 2 | 154 | 10 | 7 |
| شارۆ | ڕاپەڕین | 187 | 10 | 7 |
| بەمۆ | سەروەران1 | 554 | 49 | 19 |
| ئالا | مامۆستایان 1 | 354 | 47 | 19 |
| سەردەشت | گۆران سیتی | 175 | 30 | 9 |
| کۆی گشتی | 19 | 12084 | 1487 | 469 |

سەرچاوە:کاری توێژەر بە پشت بەستن بە :خشتەی (16 و17و 18 ) .

## نەخشەی (13)

## دابەشبوونی شوێنی خوێندنگە بنەڕەتییەکان لەشاری هەڵەبجە ساڵی (2015–2016)




سەرچاوە:کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:

1– حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS.

2– خشتەی(19).

**سێیەم: دابەشبوونی شوێنی خوێندنگە ئامادەییەکان:** قۆناغێکی تری خزمەتگوزاریی فێرکارییە کە پاش قۆناغی بنەڕەتیی دەستپێدەکات واتە لە دوای تەمەنی(15) سالیەوە کە ماوەکەی (3) ساڵە خوێندکار بەپێی حەزوو ئارەزوو هەروەها توانای جەستەیی ڕوودەکاتە ئامادەییەکان بۆ یەکێك لە بەشەکانی بۆ سەرەتای دەست پێکردنی قۆناغێکی نوێی خوێندن، لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا ئەم خوێندنگەیە دابەش دەبێت بۆ دوو جۆری سەرەکی هەریەك لەوبەشە سەرەکیانەش چەندین لقی تری لێدەبێتەوە[1]. لەبەرئەوە ئێمەش هەوڵدەدەین باس لە هەریەکە لەم جۆرانە بکەین بەشێوەی سەربەخۆ.

**سێیەم: 1- خوێندنگەی ئامادەیی:** لەم قۆناغی خوێندنەدا خوێندکار بەپێی ئاستی بیری خۆی بڕیار دەدات چ بەشێك هەڵبژێرێت و درێژە بە خوێندن بدات، ئەم ئامادەییانە دەبنە دوو بەش (وێژەی و زانستی) پێشتر لەدوای قۆناغی چوارەمی گشتیەوە زانستی و وێژەی جیادەبوویەوە، بەڵام لە ئێستادا هەر لەقۆناغی چوارەوە وێژەی و زانستی جیا دەبنەوە، ئەمانەش دەبنە بنەمایەك بۆ ئامادەکردنی خوێندکار بۆ قۆناغی زانکۆ[2]. لەشاری هەڵەبجەدا خوێندنگەکانی ئەم قۆناغە ژمارەیان( 8) خوێندنگەیە(4)تایبەتە بە کوڕان و(4) بۆ کچان وەك لە خشتەی(20)هاتووە، لەو ژمارەیەش (2) خوێندنگەی ئێواران بوونی هەیە (1) تایبەتە بە کوڕان و ئەوی دیکەش تایبەتە بەکچان.

خشتەی(20)

دابەشبوونی خوێندنگەی ئامادەیی لەسەر ئاستی گەڕەك لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015 -2016

| خوێندنگەی | گەڕەك | ژ.خوێندکار | ٪ | ژ.مامۆستا | ٪ | ژ.پۆل | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەحمدمختارجافی کوڕان | مامۆستایانی 1 | 741 | 19.8 | 58 | 17.1 | 30 | 20.1 |
| پێشەنگی کوڕان | شەهیدان | 285 | 7.5 | 34 | 10 | 13 | 8.8 |
| بالأمبۆی کوڕان | گەشتیاری | 402 | 10.7 | 40 | 11.8 | 17 | 11.4 |
| هەڵەبجەی ئێوارانی کوڕان | مامۆستایانی 1 | 243 | 6.4 | 27 | 8 | 11 | 7.3 |
| شەهیدانی کیمیابارانی کچان | شارەوانی 1 | 631 | 16.8 | 48 | 14.1 | 24 | 16.1 |
| هەڵەبجەی کچان | سەرا | 716 | 19 | 56 | 16.4 | 23 | 15.4 |
| شەهید عبدالرحمن میرزای کچان | سەروەران 1 | 562 | 15 | 49 | 14.4 | 21 | 14 |
| مهابادی ئێوارانی کچان | سەرا | 180 | 4.8 | 28 | 8.2 | 10 | 6.8 |
| کۆی گشتی | 8 | 3760 | 100 | 340 | 100 | 149 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە : 1- سەردانی مەیدانی توێژەر لە ڕێکەوتی 27 / 2 / 2016.

2- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە، بەشی پلاندانان، داتای خوێندنگەی ئامادەیی، ساڵی 2015-2016، بلاونەکراوە.

لەخشتەی (20) بۆمان دەردەکەوێت کەوا خوێندنگەی ئامادەیی ئەحمدمختارجافی کوڕان لە گەڕەکی (مامۆستایانی1) لە پلەی یەکەمی ئەم قۆناغەدایە، لەکۆی(3760)خوێندکار (741)خوێندکار پێکدەهێنێت، لەکۆی(340) مامۆستاش(58) مامۆستا لەم خوێندنگەیەن، هەروەها(30)پۆلی خوێندنی هەیە. ئەمانەش

(1) فهمی جلال أحمد، مستوى ممارسة مدرسي التأريخ في المرحلة الأعدادية لمهارات التدريس فعال في المراكز محافظات اقليم كوردستان- العراق، رسالةماجستير(غيرمنشورة) قدمت الى مجلس كلية التربية اساسية، جامعة دهوك، 2015، ص12.

(2) كامران ولي محمود، التوزيع الجغرافي الحالي والمثالي للمدارس الاعدادية في مدينة اربيل، رسالة ماجستير(غيرمنشورة)، قدمت الى مجلس كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، اربيل، 2006، ص10.

ڕێژەی (19.8٪ و17.1٪ و20.1٪) پێك دەهێنن، پاشان ئامادەیی هەڵەبجەی کچان دێت لە گەڕەکی سەرا لە ڕووی خوێندکار و مامۆستاوە لە پلەی دووەمدایە ژمارەی خوێندکارانی ئەم خوێندنگەیە(716) خوێندکارە و (56) مامۆستای لەخۆ گرتووەو (23) پۆلی خوێندنی هەیە،هەریەکەیان ڕێژەی(19٪و16.4٪و15.4٪)ی نزمترین ژمارەو ڕێژەش لە خوێندنگەی ئامادەیی مهابادی ئێوارانی کچانە کە (180) خوێندکار و(28) مامۆستاو(10) پۆلی خوێندنی ئەم قۆناغەی پێك هێناوە هەر یەکە لە مانەش ڕێژەی (4.8٪ و8.2 ٪ و 6.8٪ )ی ناوچەی لێکۆڵینەوە پێك دەهێنن، ،وەك لە شێوەی(6)دا دیارە.

شێوەی(6)

خوێندکارومامۆستاو پۆلی خوێندنی خوێندنگەی ئامادەیی ئەکادیمی لە شاری هەڵەبجە ساڵی 2015–2016




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بەخشتەی 20.

بێگومان زۆری ژمارەو ڕێژەکانیش لە خوێندنگەی(ئەحمەدموختارجافی کوڕان و ئامادەی هەڵەبجەی کچان و پاشان شەهیدانی کیمیابارانی کچان) هۆکارەکەی بۆ شوێنی ئەم خوێندنگانە دەگەڕێتەوە کە نزیکە لە ناوەڕاستی شارو ئەو گەڕەکەش دانیشتوانی زۆر لەخۆ گرتوو، ئەمەجگە لە هەبوونی مێژوویەکی کۆن بەتایبەت ئەحمد موختار جاف و هەڵەبجەی کچان کە چەندین نەوەیان پێگەیاندووە و ئەمانە دەکرێت وەك فاکتەرێکی بەهێز هەژمار کرێت بۆ ڕاکیشانی خوێندکار. بەگشتی لە ڕووی دابەشبوونەوە لەسەر ئاستی گەڕەك وەك لە خشتەی (20) ئاماژەی بۆکرابوو، ئەم خوێندنگانە لە (6) گەڕەکی شاری هەڵەبجەدا دابەشبوون، بڕوانە نەخشەی(14). گەڕەکەکانیش ئەمانەن(گەڕەکی مامۆستایانی1 هەردوو خوێندنگەی ئەحمدمختارجافو هەڵەبجەی ئێوارانی کوڕان لەخۆدەگرێت و بەهەمان شێوەش لە گەڕەکی سەرا هەڵەبجەی کچان و مهابادی ئێوارانی کچان) پێکەوە لە دوو کاتی جیاوازدا لە هەمان بینا دەوام دەکەن.

نەخشەی(14)

دابەشبوونی شوێنی خوێندنگە ئامادەییەکان لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015–2016




سەرچاوە:کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:

1– حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS.

2–خشتەی(20)

**سێیەم 2– دابەشبوونی شوێنی خوێندنگەی ئامادەیی پیشەیی:**

قۆناغێکی تری خزمەتگوزاریی فێرکارییە، لە چوارچێوەی پرۆسەی فێرکاریدا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە هەموو شارێکدا و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە گەشەپێدانی شارەوە هەیە، لەبەرئەوەی دەبێتەهۆی پێگەیاندنی کادری پسپۆڕ و شارەزا لە بواری پیشەکانی وەك(بازرگانی و کشتوکاڵی و پیشەسازی) بەهەموو جۆرەکانیانەوە[1]. ئەم پیشانە پسپۆڕەکانیان دەبنە هۆی  گۆڕانکاری لە شاردا لە بواری ئابوری‌و کۆمەڵایەتیدا، چونکە فاکتەرێکی سەرەکین بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە و لایەنی ئابوری هەروەها گرنگی‌و ئامانجی هەموو جۆرەکانی فێرکاری پیشەیی دەکرێت لە دوو ڕوانگەوە باسی لێوەبکرێت:

**أ– ڕوانگەی کۆمەڵایەتی:** ئەم پیشانە بەگشتی دەبنە هۆی بەرزکردنەوەی توانای بەرهەمهێنان و پێشخستنی لایەنی ئابوری لەئەنجامی ئەمانەشدا گەشەپێدانی کۆمەڵگە و پێشخستنی لێدەکەوێتەوە.

**ب– ڕوانگەی کەسی (فردی):** گەشەپێدانی توانا کەسیەکانی ئەوانەی لەم پیشەیەدان بۆ ئەوەی بگەنە ئاستێکی بەرزتر بەمەش داهاتی کەسییان پێ زیاد دەبێت و بەلایەنێکی باش هەژماردەکرێت لە ژیانیاندا[2]. ئەم خوێندنگانەش لەشاری هەڵەبجە ئەو ڕۆڵ و گرنگیەی هەبووە لەکۆن وئێستاشدا بونەتە هۆی پێگەیاندنی چەندین کادرو کەسی شارەزاو لێهاتوو لەسەرجەم بوارە پیشەییەکانی ئەم خوێندنگانەدا لەبەرئەوەی ئەم خوێندنگانە چەندین بەشن لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا، هەریەکە لەو بەشانەش چەندین لقی تری لێدەبێتەوە بۆیە هەوڵ دەدەین بە جیا باس لە هەریەکە لەم خوێندنگانە بکەین بەم شێوەی لای خوارەوە.

**2– 1 – ئامادەیی پیشەسازی /** ئەم ئامادەییە لە شاری هەڵەبجەدا مێژووی دامەزراندنی دەگەرێتەوە بۆ ساڵەکانی (1979–1980) لەلایەن کۆمەڵێك مامۆستای دڵسۆزی شارەکەوە، پێداویستی وەرشەی بۆ دابین کراوە کەبەشێکی زۆریان لە شارەکانی ترەوە هێنراوە بەتایبەت شاری سلێمانی، ئەم ئامادەییە لەو سەردەمەدا پێك هاتبوو لە بەشەکانی ( کارەبا و ئۆتۆمبێل و کانزاکان) ژمارەی خوێندکاری زۆربووە و هەر لەبەر ئەوەش لەساڵی(1984– 1985) ئامادەیی پیشەسازی کارەبای لێدروست بووە و ناونراوە (ئامادەیی پیشەسازی سیروان) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تاکو ئەو ماوەیە لە شاری هەڵەبجە دوو ئامادەیی پیشەسازی تێدا هەبووە[3]. خوێندن لەم ئامادەییە بەردەوام بووە تاکو ساڵی (1988) پاش کیمیاباران لەسەر دەستی بەڕێز (مامۆستا مشیرمصطفی) دروستکراوەتەوە کە پێشتر لەنێوان (1980– 1986) بەڕێوەبەر بووە، پاشان دواتر لەسەر دەستی بەڕێز (مامۆستا جمال عبدالقادر) پاش ڕاپەرینی

---

(1) سعد ابراهیم عبدالرحیم واخرون، واقع التعلیم المهنی واستراتیجیة اصلاحه، مجلة دراسات التربویة، العدد التاسع، کانون الثانی، 2010، ص159–161.

(2) فیصل علی، التعلیم والتنمیة الموارد البشریة، منشورات مرکزکردستان للدراسات الاستراتیجیة، طبعة الاولی، سلیمانیة، 2008،ص132–133.

(3) عومەر علی محمد، ئامادەی پیشەسازی هەڵەبجە، کتێبی هەڵەبجە و تیشکێك لەسەر بنەماڵەکانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی ، ل110.

(1991) گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ شارەکە کراوەتەوەو تاکو ساڵی (1996) بەڕێز (فهمی عەزین) بۆتە بەڕێوەبەری ئەم ئامادەییە، بەڵام لەبەر نەبوونی خوێندکاری پێویست لەساڵی(1996–1997) داخراوە بەم شێوەیە تاکو ساڵی (2006) و لەمانگی شەشدا جارێکی تر لەسەر دەستی بەڕێز (جمال عبدالقادر) دروستکراوەتەوە [1]. لە ڕووی ژمارەی خوێندکاریشەوە هەر لەساڵانی هەشتاکانەوە تاکو ئێستا گۆڕانکاری زۆر بەسەر ژمارەو ڕێژەی خوێندکاراندا هاتووە. سەبارەت بە دۆخی ئێستای ئەم ئامادەییە لەشاری هەڵەبجەدا بۆ ساڵی خوێندنی(2015–2016) دەبینین کەوا(207) خوێندکار و(38) مامۆستاو(14) پۆلی خوێند پێك دێنێت ئەمانەش هەریەکەیان ڕێژەی(62٪)ی کۆی گشتی خوێندکاران و (48.1٪)ی ڕیژەی مامۆستایان و(63.6٪)ی پۆلەکان خوێندنی قۆناغی پیشەیی پێك دەهێنێت.سەرجەم بەشەکانی قۆناغە پیشییەکان(334) خوێندکارن، وەك لە خشتەی(21)و شێوەی(7)دا دیارە.

خشتەی(21)

دابەشبوونی خوێندنگە پیشەییەکان لەسەر ئاستی گەڕەك لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015–2016

| خوێندنگە | گەڕەك | خوێندکار | ٪ | ژ.مامۆستا | ٪ | ژ.پۆل | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئا.پیشەسازی | شەهیدفاتیح | 207 | 62 | 38 | 48.1 | 14 | 63.6 |
| ئا.کـشـتوکاڵ | ڕاپەرین | 34 | 10.1 | 21 | 26.6 | 3 | 13.6 |
| ئا.بازرگانی | شەهیدان | 93 | 27.9 | 20 | 25.3 | 5 | 22.8 |
| کۆی گشتی | 3 | 334 | 100 | 79 | 100 | 22 | 100 |

سەرچاوە:-کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

1– سەردانی مەیدانی توێژەر لە ڕێکەوتی 28 / 2 /2016.

2– حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە، بەشی پلاندانان، داتای خوێندنگە پیشەییەکان، 2015–2016، بلاونەکراوە.

شێوەی(7)

خوێندکارومامۆستاو پۆلی خوێندنی خوێندنگەی پیشەیی لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015–2016




سەرچاوە:کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: خشتەی(21).

---

(1) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز جمال عبدالقادر، مامۆستای ئامادەی پیشەسازی، ڕێکەوتی 2015/12/27.

**2– 2 – ئامادەیی کشتوکاڵ:**

وەك لەبەشی دووەمدا باسی لێوەکراوە بۆ یەکمجار(1979) ئەم خوێندنگەیە کراوەتەوە تاکو ساڵی خوێندنی (1984–1985) بەردەوام بووە دواتر بەهۆی تێکچوونی بارودۆخی سیاسیو بوونی شەڕ لەناوچەکەدا بۆتە هۆی داخستنی تاکو ساڵی (2007–2008) جارێکی تر دەکرێتەوە ، لە ناوچەکەدا ساڵانە ژمارەیەك لەخوێندکاری لەخۆگرتووە، سەبارەت بە دۆخی ئێستای ئەم خوێندنگەیە بەتێبینی کردنی خشتەی (21) و شێوەی (8) دەردەکەوێت کەوا ئەم خوێندنگەیە بەراورد بەخوێندنگە پیشەییەکانی تر لەڕووی خوێندکار و مامۆستاوە لەپلەی سێیەمدایە،کۆی گشتی خوێندکاری (34) خوێندکارە کە ڕێژەی (10.1٪)ی خوێندکارانی پیشەیی پێکدەهێنێت، سەبارەت بە مامۆستاش (21) مامۆستای هەیە ڕێژەی (26.6٪)ی مامۆستایان پیشەیی پێکدەهێنێت و تەنها (3) پۆلی خوێندنی هەیە کە(13.6٪)ی کۆی پۆلەکانی قۆناغی پیشەییەکان پێکدەهێنێت.

**2–3– ئامادەیی بازرگانی:**

ئەم خوێندنگەیە لەساڵی(2007–2008) دامەزراوە کۆی خوێندکارانی لەساڵی خوێندنی (2015–2016) (93) خوێندکارو (20) مامۆستاو (5) پۆلی خوێندنی) هەیە هەریەکەیان یەك لەدوای یەك ڕیژەی (27.8٪ و 25.3٪ و 22.8٪)ی خوێندنگە پیشەییەکان پێك دێنێت. بۆخشتەی (21) و شێوەی (8) بگەڕێوە.

سەبارەت بە دابەشبوونیشیان لەسەر ئاستی گەڕەکەکانی شاری هەڵەبجە خوێندنگە پیشەییەکان جیاواز لە قۆناغەکانی تری خزمەتگوزاریی فێرکاری تەنها لە سێ گەڕەکی شارەکەدان وەك لە نەخشەی (15) نیشاندراوە.

نەخشەی(15)

دابەشبوونی شوێنی خوێندنگەی ئامادەیی پیشەیی لەشاری هەڵەبجە ساڵی(2015–2016)




سەرچاوە:کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:

1 – حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS.

2– خشتەی (21).

## چوارەم : دابەشبوونی شوێنی خوێندنگەی دواناوەندیی*:

ئەم خوێندنگەیە لە هەڵەبجەدا لەڕووی ژمارە و ڕێژەوە بەشێکی کەمی خزمەتگوزاریی فێرکاری پێك دەهێنن ئەگەر بەراوردی بکەین بەسالآنی خوێندنی(2005–2008) هۆکاری ئەمەش بۆ گۆڕینی سیستمی خوێندن دەگەڕێتەوە پاش تێکەڵکردنی قۆناغەکانی سەرەتای و ناوەندی و کردنیان بە قۆناغی بنەڕەت ئیتر ئەم خوێندنگەیە کەمی کردووە و ئەوانەشی کە دواناوەندیی بوون لە ئێستادا ئامادەیین، سەبارەت بە دۆخی ئێستای ئەم خوێندنگە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە کۆی گشتی خوێندکارانی (338) خوێندکارە بڕوانە خشتەی (22) زۆرترین خوێندکار لە پۆلی یازدەی زانستیە کەمترینیش لە (12) زانستییە، بڕوانە شێوەی (8)، لەڕووی دابەشبونی شوێنیەوە ئەم ئەم قۆناغە لە دوو گەڕەکی شارەکەدان. نەخشەی(16).

خشتەی(22)

دابەشبوونی خوێندنگەی دواناوەندیی لەسەر ئاستی گەڕەك لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015–2016

| خوێندنگە | گەڕەك | خوێندکار | ژ.مامۆستا | ژ.پۆل |
|---|---|---|---|---|
| دواناوەندیی | گۆران سیتی | 338** | 18 | 15 |

سەرچاوە:کاری توێژەر بەپشت بەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەدەی هەڵەبجە، بەشی پلاندانان، داتای خوێندنگە دواناوەندی،2015–2016، بلآونەکراوە.

** لەو ژمارەیە (189) خوێندکاری قۆناغی (10–12) و(149) لە قۆناغی(7–9) دەخوێنن.لە پۆلی (7تا 12)یەك لەدوای یەك بەم شێوەیە ژمارەکان پێك دەهێنێت (50،50،49،64،86،39)

شێوەی (8)

ژمارەی خوێندکار بەپێی پۆلی خوێندنو ژمارەی مامۆستا لەخوێندنگەی دواناوەندیی لە شاری هەڵەبجە ساڵی(2015–2016)




سەرچاوە :کاری توێژەر بە پشت بەستن بە :

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە، بەشی پلاندانان، داتای خوێندنگەی دواناوەندی، 2015–2016، بلآونەکراوە.

---

* مەبەست لە خوێندنگەی دواناوەندیی ئەو خوێندنگەیانەن کە جیاوازن لە خوێندنگەی قۆناغەکانی تر، بەشێوەیەك لەم خوێندنگەیەدا خوێندکاری لە قۆناغی (7– 12) لەخۆ گرتووە. ئەم خوێندنگەیە لە (2) گەڕەکی شارەکەدایە هەرچی پۆلی (7–9) لە گەڕەکی(شێخ سمایلە) و پۆلی(10– 12) زانستی لە گەڕەکی گۆران سیتیە، لەم خوێندنگەیەدا زمانی خوێندن زمانی ئینگلیزییەو جیاواز لە خوێندنگەکانی تر هەر ئەوەش وادەکات بەشێك لەمامۆستایانی لە هەردوو قۆناغەکەدا وانە بڵێنەوە و کۆی گشتی ئەو مامۆستایانەی لەم خوێندنگەیەن (18) مامۆستان.

نەخشەی(16)

دابەشبوونی شوێنی خوێندنگەی دواناوەندیی لەشاری هەڵەبجە ساڵی (2015– 2016)




سەرچاوە:کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

1– حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS.

2– خشتەی(22).

## پێنجەم / دابەشبوونی شوێنی خوێندنگەی خوێندنی خێرا:

لەبەشی دووەمدا باس لەم جۆرە خوێندنگەیە کراوە ئایا کێ و چ تەمەنێ دەگرێتەوە، لە شاری هەڵەبجەدا بۆساڵی خوێندنی (2015-2016) ژمارەی خوێندکاری دەگاتە (59)، بڕوانە خشتەی (23) و شێوەی(9) هەروەها مامۆستاش (24) ژمارەی پۆلی خوێندن (4) ، ئەم ژمارەیەش دابەش بووە بەسەر(3) قۆناغدا (قۆناغی دووەم 8)خوێندکارەو (قۆناغی سێیەم 9) خوێندکارەو (قۆناغی چوارەم 42) خوێندکارە، بەلأم قۆناغی یەکەم لەم ساڵی خوێندندا هیچ خوێندکارێکی نیە ، سەبارەت بە شوێنی ئەم خوێندنگە لە گەڕەکی باخیی میرو کانی عاشقاندایە وەك لە نەخشەی(17) هاتووە.

خشتەی (23)

دابەشبوونی خوێندنگەی خوێندنی خێرا لەسەر ئاستی گەڕەك لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015-2016

| خوێندنگە | گەڕەك | ژ.خوێندکار | ژ.مامۆستا | ژ.پۆل |
|---|---|---|---|---|
| خوێندنی خێرا | باخی میروکانی عاشقان | 59 | 24 | 4 |

سەرچاوە :کاری توێژەر بە پشت بەستن بە :

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە، بەشی پلاندانان، داتای خوێندنگەی خوێندنی خێرا، 2015 -2016، بلأونەکراوە.

شێوەی (9)

خوێندکارو مامۆستاو پۆلی خوێندنی خوێندنگەی خێرا لەشاری هەڵەبجە ساڵی(2015 -2016)




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی(23).

نەخشەی(17)

دابەشبوونی شوێنی خوێندنگەی خوێندنی خێرا لە شاری هەڵەبجە  ساڵی 2015–2016




سەرچاوە:كاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

1 – حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS.

2– خشتەی(23)

**باسی سێیەم : دابەشبوونی ڕێژەی خزمەتگوزاریی فێرکاری و بیناو ڕووبەریان بەپێی قۆناغەکانی خوێندن لەسەرئاستی گەڕەك:**

**یەکەم/ دابەشبوونی ژمارەی و ڕێژەی خزمەتگوزاریی فێرکاری بەپێی ڕەگەز:**

کۆی خزمەتگوزاریی فێرکاری له شاری هەڵەبجە بەپێی قۆناغەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت ، لەڕووی ژمارەی خوێندکارومامۆستاو پۆلی خوێندنەوە، خوێندنگە بنەڕەتییەکان لەپلەی یەکەمدان له ڕووی ژمارەو ڕێژەی خوێندکار و مامۆستا و پۆلی خوێندنەوە و دواتر ئامادەییەکان دێت لە پلەی دووەم و کەمترین ڕێژەش لەخوێندنگەی خوێندنی خێرا دایە .وەك لەخشتەی (24) هاتووە.

به تێبینی کردنی ئەم خشتەیە دەبینین کەوا خزمەتگوزاریی فێرکاری لەسەرجەم قۆناغەکاندا ژمارەو ڕێژەی جیاوازیان هەیە دەکرێت ئەو جیاوازیانەش بەم شێوەی خوارەوە بخەینە ڕوو:

**1- ژمارەی خوێندکار و ڕێژەیان:** کۆی گشتی خوێندکاران لەناوچەی لێکۆڵینەوەدا (18022) خوێندکارە لەم ژمارەیەش ڕەگەزی نێر(9156) خوێندکارن و(8866) خوێندکاریش لە ڕەگەزی مێیە و هەریەکەش لەمانە ڕێژەی جیاوازیان هەیە، کە بەپێی قۆناغەکان دەگۆڕێت.بەم شێوەیە.

سەبارەت به قۆناغی بنەڕەتیی کە بەرزترین ژمارەی خوێندکاری لەخۆ گرتووە ڕەگەزی نێر (6202) کە ڕێژەی (67.8٪)ی کۆی خوێندکارانی ڕەگەزی نێر پێك دێنێت لەم خزمەتگوزارییەدا ، ڕەگەزی مێ ژمارەی (5882) خوێندکارن و (66.4٪)ی کۆی خوێندکارانی ڕەگەزی مێ پێکدێنێت وجیاوازییەکی کەم هەیە لە نێوان ڕێژەی خوێندکاری هەردوو ڕەگەزدا، واتە قۆناغی بنەڕەتیی لەشاری هەڵەبجەدا (12084) خوێندکاری هەیە لە کۆی (18022) و دوو لەسەر سێ خوێندکارانەو ڕێژەی (67.1٪)ی کۆی گشتی خوێندکارانە لەشاری هەڵەبجە، ئەم ژمارەو ڕێژانەش بەراورد بە قۆناغەکانی تر زیاترە لە نیوەی خوێندکارانی ناوچەی لێکۆڵینەوە ئەمەش بۆ زۆری ئەم گروپەی تەمەن دەگەڕێتەوە کەوا لە پرۆسەی خوێندندان هەر ئەمەشە وادەکات کەوا ڕێژەی مامۆستایان و پۆلی خوێندن زیاتر بێت لە قۆناغەکانی تر. لەپلەی دووەمدا قۆناغی ئامادەیی دێت کە(3760) خوێندکاری هەیەو ڕێژەی (20.9٪)ی کۆی گشتی خوێندکارانی شاری هەڵەبجە پێك دەهێنن، لەو ژمارەش (1671) خوێندکاری ڕەگەزی نێرە (2089) ڕەگەزی مێیە هەریەکەیان ڕێژەی (18.2٪ و23.6٪)ی خوێندکاری نێرو مێ لە ناوچەی توێژینەوەدا پێك دەهێنن. پاشان باخچەی مندالآن ژمارەی مندالی (1447) مندالەو (8٪)ی کۆی خوێندکارانی ناوچەکە پێك دەهێنن و لەپلەی سێیەم دێت، لەو ژمارەیەش ڕەگەزی نێر (714) منداڵە و ڕێژەی (7.8٪)ی کۆی خوێندکارانی ڕەگەزی نێر پێکدەهێنێت لە ناوچەی توێژینەوەدا، مندالی ڕەگەز مێ ژمارەی (733) منداڵە ڕێژەی (8.3٪)ی کۆی خوێندکارانی مێ پێك دەهێنن. دواتر پیشەییەکان و دواناوەندیی دێت و خوێندنی خێراش لە کۆتایدا هەریەکەیان یەك لەدوای یەك لەڕووی ژمارەی خوێندکارەوە (334و338و59) لەم ژمارەیەش خوێندنگەی پیشەیی خوێندکاری ڕەگەزی نێر (178) ڕێژەی (2٪)ی کۆی خوێندکاری نێرە و ژمارەی خوێندکاری ڕەگەزی مێ (156)خوێندکارەو (1.7٪)ی کۆی خوێندکاری ڕەگەزی مێ پێك دەهێنن. بەلآم خوێندنگەی دواناوەندیی (3.7٪)ی ڕەگەزی نێر پێك دەهێنێت لە شاری

## خشتەی(24)

## دابەشبوونی ژمارەی و ڕێژەی خزمەتگوزاریی فێرکاری بەپێی ڕەگەز ساڵی (2015–2016)

| قۆناغی | ژمارەی خوێندکار | | | | | | ژمارەی مامۆستا | | | | | | ژمارەی پۆل | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | % | مێ | % | کۆی نێرومێ | % | نێر | % | مێ | % | کۆی نێرومێ | % | | |
| باخچەی منداڵان | 714 | 7.8 | 733 | 8.3 | 1447 | 8 | 5 | 0.5 | 140 | 12.9 | 145 | 7.1 | 46 | 6.6 |
| بنەڕەتی | 6202 | 67.8 | 5882 | 66.4 | 12084 | 67.1 | 700 | 70 | 787 | 72.1 | 1487 | 71 | 469 | 66.6 |
| ئامادەیی | 1671 | 18.2 | 2089 | 23.6 | 3760 | 20.9 | 193 | 19.3 | 147 | 13.4 | 340 | 16.2 | 149 | 21.1 |
| پیشەیی | 178 | 2 | 156 | 1.7 | 334 | 1.8 | 64 | 6.4 | 15 | 1.3 | 79 | 3.8 | 22 | 3.1 |
| دواناوەندیی | 338 | 3.7 | - | - | 338 | 1.8 | 18 | 1.8 | - | - | 18 | 0.8 | 15 | 2.1 |
| خوێندنی خێرا | 53 | 0.5 | 6 | 0.0 | 59 | 0.3 | 20 | 2 | 4 | 0.3 | 24 | 1.1 | 4 | 0.5 |
| کۆی گشتی | 9156 | 100 | 8866 | 100 | 18022 | 100 | 1000 | 100 | 1093 | 100 | 2093 | 100 | 705 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

1– خشتەی(17– 21 ).

2– حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە، بەشی پلاندانان، داتای خوێندنگەی خوێندنی خێرا، 2015 –2016، بلاْونەکراوە.

هەڵەبجەو هیچ ڕێژەیەك پێك ناهێنێت لە خوێندكاری ڕەگەزی مێ چونكە ئەم خوێندنگەیە تایبەتە بە كوڕانەوە، كۆتا قۆناغ خوێندنی خێرایە كە (0.5٪)ی خوێندكارانی ڕەگەزی نێرو (0.0٪ )ی ڕەگەزی مێ لە ناوچەكە پێك دێنن.

**2– ژمارەی مامۆستا و ڕێژەیان:**

كۆی گشتی مامۆستایانی خزمەتگوزاریی فێركاری لە شاری هەڵەبجە لە گشت قۆناغەكاندا (2093) مامۆستایە لەم ژمارەیەش (1000)مامۆستا لە ڕەگەزی نێرە و(1093) لە ڕەگەزی مێیە.

سەبارەت بە بەرزترین ژمارەو ڕێژەكان قۆناغی بنەڕەتیی بەهەمان شێوەی خوێندكاران زۆرترین ڕێژەی مامۆستایان لەهەردوو ڕەگەز پێك دەهێنێت، كۆی گشتی (1487) مامۆستایە و ڕێژەی (71٪) سەرجەم مامۆستایانی ناوچەی لێكۆڵینەوە پێك دەهێنن، لەم ژمارەو ڕێژانەش مامۆستای ڕەگەزی نێر دەگاتە (700) مامۆستا و ڕێژەی (70٪)ی مامۆستایانی ڕەگەزی نێر لە ناوچەكە پێك دێنێت، ڕەگەزی مێ دەگاتە (787) مامۆستایە و ڕێژەی (72.1٪)ی كۆی مامۆستای ئەم ڕەگەزە پێك دەهێنن.

پاشان قۆناغی ئامادەیی دێت بە پلەی دووەم لەڕووی ژمارەو ڕێژەی مامۆستاوە، كە كۆی گشتی مامۆستایان (340) مامۆستایە و نزیكەی (16.2٪)ی سەرجەم مامۆستایان پێك دەهێنن، لەم ژمارەو ڕێژەیە (193) مامۆستای لە ڕەگەزی نێرە و(147) مامۆستاش لە ڕەگەزی مێیە هەریەكەیان ڕێژەی (19.3٪)ی و(13.4٪)ی ڕەگەزی نێر و مێی مامۆستایان پێك دێنن.

لەپلەی سێیەمدا قۆناغی باخچەی منداڵان دێت (145) مامۆستای هەیە و ڕێژەی (7.1٪)ی سەرجەم مامۆستایانی ناوچەی لێكۆڵینەوە پێك دەهێنن، لەو ژمارەیەش و تەنها(5)مامۆستا لەڕەگەزی نێرەو (0.5٪) مامۆستایانی ڕەگەزی نێر لە ناوچەكەدا پێك دێنێت و(140) مێیە و (12.9٪)ی گشت مامۆستایانی مێ پێكدێنێت، ئەگەر تێبینی بكەین جیاوازیەكانی ئەم دوو ڕەگەزە لەم قۆناغەدا زۆر زۆرە بێگومان ئەمەش بۆ ئەو پێویستی و دۆخە دەگەڕێتەوە كەوا پێویستە لەم قۆناغەدا هەبێت لەوانەش بۆ ڕاهێنان و چاودێری كردنی منداڵان ئەوەش بۆ ڕەگەزی نێر كارێكی ئاسان نیە بەراورد بە ڕەگەزی مێ كە توانای فێركردن  چاودێری كردن و ئارامگرتنی زیاترە .

دواتر قۆناغی پیشەیی و  خوێندنی خێرا و دواناوەندیی بەشێوەیەك كەوا كۆی مامۆستای قۆناغی پیشەیی(79)مامۆستایە(64) لەڕەگەزی نێرەو (15) لە ڕەگەزی مێ هەریەكەیان ڕێژەی (6.4٪ و1.3٪)ی مامۆستایانی ڕەگەزی نێرومێ پێك دێنن هۆی ئەم جیاوازیەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە كەوا خوێندنگە پیشەییەكان زیاتر كارەكانیان كردارین و پێویست بەتاقیگە و وەرشە و كاروباری كیڵگەی هەیە ئەمەش وادەكات بەوشێوەیە جیاوازی دروست بێت و هەموو مامۆستایەكی ڕەگەز مێ بەهۆی كاروباری ژیان و بارودۆخیان كەمتر بتوانن لەم قۆناغەدا درێژە بە كرداری فێركردن بدەن.

پاشان (18) و (24)  مامۆستاش بۆ هەریەك لە دواناوەندیی و خوێندنی خێرا، سەبارەت بەڕێژەی هەر یەكەیان لەكۆی گشتی مامۆستای شاری هەڵەبجە ڕێژەی (0.8٪ و 1.1٪)ی مامۆستایانی شارەكە پێك دەهێنێت و لەو ژمارەو ڕێژانەش لە خوێندنی خێرادا (20)مامۆستا لە ڕەگەزی نێرەو(4)مامۆستاش

لەڕەگەزی مێ و هەریەکەیان ڕێژەی (2٪)ی و (0.3٪)ی کۆی گشتی مامۆستایانی هەردوورەگەز پێکدەهێنن.

سەرجەم مامۆستایانی دواناوەندیی لەڕەگەزی نێرەو (1.8٪)ی مامۆستایانی ڕەگەزی نێرەو هیچ مامۆستایەکی لەڕەگەزی مێ پێك ناهێنێت لە ناوچەکەدا.

**3- ژمارەی پۆلی خوێندن و ڕێژەیان:**

لە ناوچەی توێژینەوەدا (705) پۆلی خوێندن هەیە بۆ سەرجەم قۆناغەکانی خزمەتگوزاریی فێرکاری ، زۆرترین ژمارەی پۆل لە قۆناغی خوێندنی بنەڕەتییە کە(469) پۆلی خوێندن هەیە و(66.6٪)کۆی پۆلەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە پێك دەهێنێت، دواتر قۆناغی ئامادەیی و باخچەی مندالآن دێت، کە هەریەکەیان ژمارەیان دەگاتە (149و46) پۆل کە ڕێژەی (21.1٪ و 6.6٪)ی کۆی گشتی پۆلەکانی خوێندن پێکدەهێنن، پاشان قۆناغی پیشەیی‌و دواناوەندیی دێت و خوێندنی خێراش کە(4)پۆلی هەیەو کەمترین ژمارەوڕێژەی هەیە، هەریەکەیان (3.1٪ و2.1٪ و 0.5٪)ی پۆلی خوێندن پێك دەهێنن.

بەگشتی هۆی زۆری ژمارە و ڕێژەکان لەقۆناغی بنەڕەتیی بۆئەوە دەگەڕێتەوە کەوا ئەم زۆری ژمارەی خوێندکارانەی ئەم قۆناغە وادەکات پێداویستی زیاتری بە هەبوونی ژمارەی خوێندنگە هەبێت، ئەم زۆری خوێندنگەش دەبێتە هۆی ئەوەی پۆلی خوێندن زۆر بێت و لەگەڵ ئەوەشدا زۆرترین مامۆستا ڕۆڵی هەبێت لەپێگەیاندنی ئەم گروپەی خوێندندا هەر لەبەرئەوەیە کەوا قۆناغی بنەڕەتی زۆرترینی ڕێژەکان پێکدەهێنێت بەراورد بە قۆناغەکانی تر، کەمترین ڕێژەش لەقۆناغی خوێندنی خێرادایە، چونکە تەنها یەك خوێندنگەیە و ژمارەی خوێندکار و مامۆستا و پۆل و ڕێژەیان زۆر گۆرانی بەسەردا نایەت و گروپێکی دیاری کراوی تەمەن دەگرێتەوە و ئەمەش بەپێی ئەو یاسا و مەرجانەی کە بۆیان دیاری کراوەو لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەوە، بۆیە هەمووکەس ناتوانێت لەم خوێندنگەیە بخوێنیت، ئەمانەش هەموو پێکەوە هۆکاری کەمی ڕێژەکانن.

سەبارەت بە ژمارەی خوێندکاران و مامۆستا بەپێی ڕەگەز ڕونکرایەوە کەوا ژمارەی خوێندکاری ڕەگەزی نێر زیاترە لە ژمارەی خوێندکاری ڕەگەزی مێ، ئەمەش پەیوەندیی بەوەوە هەیە کەوا لە گروپی پێك هاتەی تەمەنی فێرکاری کە لە خشتە(14) باسکرا کەوا ژمارەو ڕێژەی نێر زیاترە بەراورد بە ژمارەو ڕێژەی مێ. هەروەها بۆ ڕەگەزی مامۆستاش زۆرترینی ئەوکەسانەی لە گروپی تەمەن مام ناوەندبوون ڕەگەزی مێ زیاتر بووە وەك لە ڕەگەزی نێر ئەمەش وادەکات کەوا لەڕووی دابەش بووونی ڕێژەییەوە بەپێی ڕەگەز ژمارەی مامۆستای مێ زیاترە لە ژمارەی مامۆستای نێر.

**دووەم: دابەشبوونی بینای خوێندنگەکان بەپێی قۆناغی خوێندن :**

بینای خوێندن لەبنەما سەرەکیەکانی خزمەتگوزاریی فێرکارییە ئەمەش بریتییە لە شوێنێکی پلان بۆ داڕێژراو مەبەست لێی بۆ درێژەدانە بەکاری خوێندن، خوێندکار لەماوەی ساڵی خوێندنی ڕۆژانە ڕووی تێ دەکات بەمەبەستی تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندن، بینای خوێندنیش چەندین شێوەی جیاواز لەخۆ

دەگرێت بەپێی قۆناغی خوێندن و جۆری موڵكیەتی دەگۆڕێت ئەمانەش لەڕووی ژمارە و ڕووبەرەوە جیاوازی هەیە[1]. ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش گرنگی زیاتری پێدراوە لەكۆنەوە تاكو ڕۆژگاری ئەمڕۆش وەك فاكتەرێكی كارا لەپلانی پەروەردەیدا، بیناكانیش ڕۆڵی هەیە لەبورای فێركردندا چونكە جیاوازی زۆر هەیە لە نێوان بینایەك كە سادەبێت لەگەڵ بینایەك كە بواری ئەنجامدانی چالاكی لەلایەن خوێندكارەوە هەبێت، لەگەڵ شوێنی بیناش دەبێت گونجاوبێت لەڕووی گەیشتن پێی و شوێنێكی هێمن بێت ئەمەش جیاوازیەكان دەردەخات لەگەڵ بینا سادەكان و خوێندكار زیاتر ئارەزووی خوێندن دەكات و توانای تێگەیشتنی زیاتر دەبێت[2]. لەبەرئەوە هەبوونی ژمارەیەكی پیوێست لەم بینایانە بەتایبەتمەندیەكی باش ڕەهەندێكی گرنگی پەروەردەوفێربوونە لە كاری پلاندانان و توانای ئەم خزمەتگوزارییە بۆ خزمەتكردن و گەشەكردنی شار ئەمەش هۆكارێكی گرنگە بۆ ئامانجی فێركردن لەسەر بنەماو پێوەرەكان بۆ هەریەك لە قۆناغەكانی خوێندن، بۆ نمونە بینای باخچەی مندالأن پێویست بەوەدەكات یەك نهۆم بێت چونكە منداڵ لەو تەمەندا هەست بەوە ناكەن كەوا بینای بەرز كاریگەری خراپی هەیە بۆیان لە هاتوچۆكردن و مەترسی كەوتنە خوارەوەیان، زەوییەكی تەخت و فراوانی هەبێت بۆ یاری كردن و گەڕان، بەلأم بۆ خوێندنگەی بنەڕەتیی دوو نهۆم یان زیاتر كێشەیەكی ئەوتۆی نابێت، لە ڕووی شوێنیشەوە دەبێت لەسەر شەقام و شوێنە گشتیەكان نەبێت و دوور بێت لەژاوەژاو و بەئاسانی و بێ ترس هاتوچۆ بكرێت لە نێوان خوێندنگە وماڵەكاندا[3].

گرنگی ئەم باسە لەم بەشەدا بۆ دەسنیشان كردنی بینای خوێندنگەكانە لەڕووی ژمارەو جۆری خاوەندارێتیان بزانین ئایا خوێندنگەكان بینای تایبەتی خۆیانە یان بە شێوەی میوان دەخوێنن تێیدا و لەچ گەڕەكێكی شارەكەدان.

لەناوچەی توێژینەوە سەرجەمی باخچەو خوێندنگەكان (58) جۆرن بەلأم كۆی گشتی بیناكان (34) واتە ئەمەش بەپێی قۆناغەكانی خوێندن دەگۆڕێت هەر قۆناغەو ژمارەو ڕێژەی خۆی هەیە وەك لەخشتەی (25) ڕونكراوەتەوە، كەوا سەرجەمی خزمەتگوزاریی فێركاری لەشاری هەڵبجەدا ژمارەیان (58) لەم ژمارەیەش قۆناغی خوێندنی بنەڕەتیی زۆرترینی پێكهێناوە كە(38) خوێندنگەیە و ڕێژەی (65.5٪)ی كۆی خزمەتگوزرایی فێركارییە لەڕووی ژمارەوە پاشان لەڕووی بینای خوێندنەوە(21) خوێندنگە خاوەنی بینای تایبەت بە خۆیانن و ڕێژەی(61.7٪)ی كۆی بینای خاوەن بۆ خوێندنگەكان پێكدەهێنێت و (17) خوێندنگەش میوانە (74٪)ی ڕێژەی گشتی بینای میوان پێكدەهێنێت لە ناوچەی توێژینەوەدا.

---

(1) غادة عبداللة أحمد طاهر، مبانى مدارس التعليم العام للبنات في محافظة الاحساء دراسة تقويمية باستخدام نموذج مكليري، رسالة ماجستير (غيرمنشورة)، قدمت الى كلية التربية، جامعة ملك سعود، 2007، ص7–8.

(2) فهد بن سليمان ابراهيم الغنيم، معايير اختيار مواقع المباني المدرسية في المملكة العربية السعودية حالة دراسة منطقة القصيم، رسالة ماجستير (غيرمنشورة)، قدمت الى مجلس كلية العمارة والتخطيط، جامعة الملك السعود، 2009، ص8.

(3) حاتم حمودي حسن الجبوري، تحليل واقع التوزيع الخدمات التعليمية في مدينة كاظمية دراسة في الجغرافية المدن، رسالة ماجستير (غيرمنشورة)، قدمت الى مجلس كلية التربية– ابن رشد، جامعة بغداد، 2006، ص،116–117.

خشتەی (25)

بینای خزمەتگوزاریی فێرکاری لەڕووی موڵکیەتەوە بە پێی قۆناغەکانی خوێندن لە شاری هەڵەبجە 2015–2016

| قۆناغ | ژمارەی | % | موڵکیەتی بینا | | | | | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | خاوەن | % | میوان | % | کرێ | |
| باخچەی منداڵان | 7 | 12.1 | 5 | 14.7 | 0 | 0 | 2 | 100 |
| بنەڕەتی | 38 | 65.5 | 21 | 61.7 | 17 | 74 | - | - |
| ئامادەیی | 8 | 13.8 | 6 | 17.6 | 2 | 8.7 | - | - |
| پیشەیی | 3 | 5.1 | 1 | 3 | 2 | 8.7 | - | - |
| دواناوەندیی* | 1 | 1.7 | 1 | 3 | 1 | 4.3 | - | - |
| خوێندنی خێرا | 1 | 1.7 | - | - | 1 | 4.3 | - | - |
| کۆی گشتی | 58 | 100 | 34 | 100 | 23 | 100 | 2 | 100 |

سەرچاوە : کاری توێژەر بە پشت بەستن بە : 1– سەردانی مەیدانی توێژەر لەڕێکەوتی 26 و 27/ 2/ 2016

2–حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە ،بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەدەی هەڵەبجە،بەشی پلاندانان،داتای بلاَونەکراوە.

* دواناوەندیی(کۆلێژی هاوبەشی کوڕان) یەك خوێندنگەیە و دوو بینای خوێندنی هەیە یەکەمیان لە ڕووی موڵکیەتەوە خۆی خاوەنیەتی لە گەڕەکی گۆران سیتیە،تەنها قۆناغی(10–12) تێدایە، بەڵام ئەو بینایەی کە وەك میوان قۆناغی (7–9) تێدایە لە گەڕەکی شێخ سمایلە، لەبەرئەوە یەك بینا زیاد دەبێت بۆ کۆی گشتی قۆناغەکانی خزمەتگوزاریی فێرکاری و دەکرێت بلێن ئەم خوێندنگەیە تاکە خوێندنگەیە لە شارەکەدا کەوا لە دوو بینادا بێت.

پاشان باخچەی منداڵان دێت کە (7) باخچەیە (12٪)ی ڕێژەی گشتی بینای خوێندن پێك دێنێت، لەم ژمارەیەش (5) باخچەی منداڵان خاوەنی بینای خۆیەتی بەڵام (2) باخچەیان کە (لەندی و بینایی)یە لە بینای کرێدان، تاکە جۆری ئەم خزمەتگوزارییە کە لەبینای کرێدابن، دواتر خوێندنگە ئامادەییەکان دێت کە (8) خوێندنگەیە تەنها (2) خوێندنگە میوانن و بینای تایبەتی خۆیان نیە ئەوانیش (ئامادەی هەڵەبجەی ئێوارانی کوڕان و ئامادەی مهابادی ئێوارانی کچان)ن ڕێژەی (8.7٪)ی بینای میوان پێك دێنن ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا (6) خوێندنگە بینای تایبەتی خۆیان هەیە و ڕێژەی (17.6٪)ی بینای خاوەن پێك دێنن . پاشان قۆناغی پیشەیی دێت کە (3) خوێندنگەیە و ڕێژەی (5.1٪)ی جۆرەکانی خزمەتگوزاریی فێرکاری پێکدەهێنێت، تەنها خوێندنگەی ئامادەیی پیشەسازی لەبینای خۆیدایە و ڕێژەی (3٪)ی بینای خاوەن پێك دەهێنن (8.7٪)ی بینای میوان پێك دەهێنن.

پاشان دواناوەندیی و خوێندنی خێرا هەردووکیان وەك یەك ڕێژەی (1.7٪)ی خزمەتگوزاریی فێرکاری پێك دەهێنن. هەرچی دواناوەندییە خاوەن بینای تایبەت بەخۆیەتی بەڵام لەبەر زۆری وخوێندکاران هەبوونی خوێندنگەیەکی تر لەم بینادا کە خوێندنگەی سەردەشتە بۆیە قۆناغی (7–9) لەبینای میواندان، خوێندنی خێراش بەهەمان شێوە لە بینای میواندایەو هەردوو قۆناغەکەش (4.3٪)ی بینای میوان پێك دەهێنن لەشاری هەڵەبجەدا.

بەگشتی دەکرێت بلێین کەوا کۆی گشتی خزمەتگوزاریی فێرکاری ئەوەی خاوەن بینای تایبەتن (34) و (23) خوێندنگەش میوانن و(2) باخچەی منداڵانیش لەبینای کرێدان. ئەمەش لەسەر ئاستی گەڕەکەکان جیاوازی هەیە کە دواتردا ئەو جیاوازییە دەخەینە ڕوو.

## سێیەم: دابەشبونی بیناکانی خوێندن لەسەر ئاستی گەرەك

ئەو بینایانەی تایبەتن بەسەرجەم جۆرەکانی خزمەتگوزاریی فێرکاری لەڕووی موڵکیەتەوە بە شێوەیەکی ڕێك دابەشنەبوون بەسەر گەڕەکەکانی شاردا، هۆکاری ئەمەش بۆ زیادوکەمی دانیشتوان و لەگەڵ کۆن و نوێی بیناکان دەگەڕێتەوە، لەهەندێك گەڕەك زیاتر لەخوێندنگەیەك بونی هەیە هەندێکی تر بەچەند گەڕەکێکەوە تەنانەت خوێندنگەیەکیشی لێنییە، بێگومان دانیشتوان وناڕێکی دابەشبوونی خزمەتگوزارییەکە لەسەر ئاستی گەڕەکەکان بەفاکتەری سەرەکی دادەنرێت. بڕوانە خشتەی(26).

خشتەی(26)

دابەشبوونی بینای خزمەتگوزاریی فێرکاری لەسەر ئاستی گەڕەك ساڵی (2015–2016)

| ناوی گەڕەك | ژ.خزمەتگوزاریی فێرکاری | ژ.بینا | بینای خزمەتگوزاریی فێرکاری | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | خاوەن | ٪ | میوان | ٪ | کرێ | ٪ |
| سیتی سەنتەر | – | – | – | – | – | – | – | – |
| تنقیح | – | – | – | – | – | – | – | – |
| جوولەکان | 2 | 1 | 1 | 3 | 1 | 4.3 | – | |
| پاشا | 1 | 1 | 1 | 3 | – | – | – | – |
| سەرا | 8 | 5 | 5 | 14.7 | 3 | 13 | – | |
| پیرمحمد | 1 | 1 | 1 | 3 | – | – | – | – |
| مەرزەبۆتۆ | 3 | 2 | 2 | 5.8 | 1 | 4.3 | – | |
| کانی قولکە1 | 1 | 1 | – | – | – | – | 1 | 50 |
| کانی قولکە 2 | 2 | 1 | 1 | 3 | 1 | 4.3 | – | |
| شەهیدان | 2 | 1 | 1 | 3 | 1 | 4.3 | – | – |
| مامۆستایان 1 | 5 | 3 | 3 | 8.8 | 2 | 8.6 | – | – |
| مامۆستایان 2 | – | – | – | – | – | – | – | – |
| شارەوانی 1 | 1 | 1 | 1 | 3 | – | – | – | – |
| شارەوانی 2 | 3 | 2 | 2 | 5.8 | 1 | 4.3 | – | – |
| باخی میر | 3 | 2 | 2 | 5.8 | 1 | 4.3 | – | – |
| بەفری میری | – | – | – | – | – | – | – | – |
| گولان | 1 | 1 | 1 | 3 | – | – | – | – |
| شهید فاتیح | 2 | 1 | 1 | 3 | 1 | 4.3 | – | – |
| فەرمانبەران | 1 | 1 | 1 | 3 | – | – | – | – |
| دەروازەی شار | – | – | – | – | – | – | – | – |
| خری خەزینە | – | – | – | – | – | – | – | – |
| ڕاپەرین | 3 | 1 | 1 | 3 | 2 | 8.6 | – | – |
| حسن ئاوا | – | – | – | – | – | – | – | – |
| شێخ سمایل | 1 | 1 | – | – | 1 | 4.3 | – | – |
| بامۆك | 1 | 1 | 1 | 3 | – | – | – | – |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ماردین | 2 | 1 | 1 | 3 | 1 | 4.3 | – | – |
| تەقتەقان | – | – | – | – | – | – | – | – |
| گۆران سیتی | 2 | 1 | 1 | 3 | 1 | 4.3 | – | – |
| شۆرش | – | – | – | – | – | – | – | – |
| هەولێر | – | – | – | – | – | – | – | – |
| سازگار | – | – | – | – | – | – | – | – |
| یادگاری | – | – | – | – | – | – | – | – |
| حاجی حسن | – | – | – | – | – | – | – | – |
| ناوچەی پیشەسازی | – | – | – | – | – | – | – | – |
| شاریَ | 3 | 2 | 2 | 5.8 | 1 | 4.3 | – | – |
| چەمی قەیەغە | 2 | 1 | 1 | 3 | 1 | 4.3 | – | – |
| گەشتیاری | 3 | 2 | 2 | 5.8 | 1 | 4.3 | – | – |
| سەروەران 1 | 4 | 2 | 1 | 3 | 2 | 8.6 | 1 | 50 |
| سەروەران 2 | – | – | – | – | – | – | – | – |
| كاریَز | 2 | 1 | 1 | 3 | 1 | 4.3 | – | – |
| كۆی گشتی | 59 | 37 | 34 | 100 | 23 | 100 | 2 | 100 |

سەرچاوە: كاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

1– سەردانی مەیدانی توێژەر لە ڕێكەوتی (21و22و23 / 2 / 2016). 2– خشتەی (25).

بەتێبینی كردنی خشتەی (26) بۆمان دەردەكەوێت، كەوا (59) جۆر خزمەتگوزاریی لە شاری هەڵەبجەدا هەیە، (37)بینای خوێندن هەیەو(34)باخچەی مندالآنوخوێندنگە خاوەن بینای خۆیانن لە شاری هەڵەبجەدا و (23) خوێندنگەش بەشێوەی میوان بونی هەیەو (2) باخچەش بە شێوەی كریَ لەم پرۆسەیەدان، سەرجەم ئەم بینایانەش بەهۆی ئەو فاكتەرانەی كە لەسەرەوە ئاماژەی بۆكرا دابەش بوون بەسەر چەند گەڕەكێكدا لەو ژمارەیەش بەرزترین ژمارە لە گەڕەكی سەرایە كە (8) خوێندنگەی تێدایە مێژووی كۆنی گەڕەكەكەو نزیكی لە ناوەڕاستی شارو كۆبونەوەی دانیشتوان بەشێوەیەكی زیاتر لەو هۆكارانە هەژمار دەكرێت كەوا بۆتە فاكتەری ئەو ژمارەو ڕێژە زۆرە، لە ڕووی موڵكیەتەوە (5) خاوەنی بینای خۆیانن كە ڕێژەی (14.7٪)ی سەرجەم خاوەن بیناكانی ئەم خزمەتگوزارییە پێك دەهێنێت لە شاری هەڵەبجەدا، ڕێژەی(13٪) بینای میوانی ئەم خزمەتگوزارییە پێك دەهێنێت، پاشان گەڕەكەكانی (مامۆستایانی1و باخی میرو شارەوانی2) هەریەكەیان بەدوای یەكدا (5و4و3) جۆری ئەم خزمەتگوزارییەی تێدایەو ڕێژەی (8.8 ٪و 5.8٪و 5.8٪)ی بینای خاوەنو ڕێژەی (8.6٪و 4.3٪ و 4.3٪)ی بینای میوان لەناو شاری هەڵەبجەدا پێكدەهێنن، گەڕەكی مەرزەبۆتۆ (5.8٪)ی خاوەن بیناكانی شار و(4.3٪)ی بینای میوان پێكدەهێنیت، واتە لەم گەڕەكەدا (3)خوێندنگە بوونی هەیە، گەڕەكی سەروەران1 ڕێژەی (2.8٪)ی بینای خاوەن و (8.6٪)ی بینای میوان پێكدەهێنن، و گەڕەكی ڕاپەڕین (2.8٪ و 8.6٪)ی بینای خاوەنو میوان پێك دەهێننو گەڕەكی جولەكەكان (3٪)ی بینای خاوەن و(4.3٪)ی بینای میوان پێكدەهێنێتو پاشان گەڕەكەكانی (پاشا و پیرمحمد و گولآن و فەرمانبەران و كانی قوڵكەی 2 و شاریَ و

چەمی قەیغە و گەشتیاری) هەریەکەیان ڕێژەی (2.8٪)ی بینای خاوەن پێکدەهێنن، جگە لە (گەڕەکەکانی تنقیح و سیتی سەنتەر)کە لە سەنتەری شارن وهەروەها گەڕەکەکانی (بەفری میری و سەروەران2 وشۆڕش دەروازەی شار و خڕی خەزێنە و حسن ئاواو هەولێر و سازگار و تەقتەقان) هیچ بینایەکی ئەم خزمەتگوزارییەی تێدا بەدی ناکرێت* لەم ساڵی خوێندندا، گەڕەکەکانی (کانیەقولکەی1 و سەروەرانی1 ) بینای کرێ هەیە ئەمانەش هەردوو باخچەی منداڵانی(لەندی و بینای)ە هەریەکەیان (50٪)ی بینای کرێ لەناوچەی توێژینەوە پێکدەهێنن.

**چوارەم : دابەشبوونی شوێنی و ڕێژەی ڕووبەری خزمەتگوزارییە فێرکاریەکان:**

ڕووبەر خزمەتگوزاریی فێرکاری جیاوازە بەپێی قۆناغەکانی خوێندن و ژمارەی خوێندکار و بەپێی توانای فراوانبون و گەشەکردنی لە داهاتوودا، لە شاری هەڵەبجەشدا جیاوازیەکی زۆر هەیە لەنێوان بەکارهێنانەکانی زەوی خزمەتگوزاریی فێرکاری، ئەو جیاوازیەش دەگەڕێتەوە بۆ جۆراوجۆری لەڕووی چەندێتیو چۆنیەتی بیناکانەوە، کۆی گشتی ئەو ڕووبەرەی کەوا ئەم خزمەتگوزارییە پێکیهێناوە لە شارەکەدا پاش بەدەستهێنانی هەندێك لە داتاکان لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە لەگەڵ سەردانە مەیدانیەکان بۆ پێوانەکردنی ڕووبەری خزمەتگوزارییەکە بۆمان دەرکەوت کەوا لە شاری هەڵەبجە بۆساڵی خوێندنی (2015–2016) بەکارهێنانی زەوی بۆ خزمەتگوزاریی فێرکار (139 018.91)م$^2$ کەدەکاتە ڕێژەی (0.5٪) سەرجەم بەکارهێنانەکانی زەوی لە شارەکەدا. بڕوانە خشتەی(27). جیاوازیەکانی ڕووبەری بەکارهێنانی زەوی ئەم خزمەتگوزارییە لەشارەکەد نیشاندەدات، دەکرێت بگەینە ئەو ئەنجامەی کەبڵێین بەکارهێنانی زەوی ئەم خزمەتگوزاریە بەپێی قۆناغەکان دەگۆڕێت.

**1– قۆناغی باخچەی منداڵان :**

ڕووبەری بەکارهاتووی زەوی شار بۆ ئەم قۆناغەی خوێندن (662 13)م$^2$ لەکۆی (139 018.91)م$^2$ ڕووبەری گشتی خزمەتگوزاریی فێرکاری، ئەمەش ڕێژەی (9.8٪)ی کۆ گشتی ڕووبەری خزمەتگوزارییەکەیە لەشاری هەڵەبجە، بڕوانە خشتەی (27)، ئەم خزمەتگوزارییە بەراورد بەژمارەی باخچەکان ڕێژەیەکی کەمی بەکارهێنانی زەوی بۆ خزمەتگوزاریی فێرکاری پێکهێناوە ئەگەر بەراورد بکرێت بەپێوەری پلاندانان کە لەبەشەکانی دواتردا باسدەکرێت، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوا هەردوو باخچەی (لەندی و بینای) نەك تەنها ڕووبەریان کەمە بەراورد بە ڕووبەری باخچە بەپێی پێورەکانی پلاندانان کە لەبەشی دواتردا ڕووندەکرێتەوە، بەڵکو لەبینای نیشتەجێبووندان بە شێوەی کرێ کە ڕووبەریی گشتیان نزیکەی (490)م$^2$ ئەمانەش بەخالێکی لاواز هەژمار دەکرێت لەم قۆناغەدا، جارێکی تر ڕووبەری زەوی لە خودی ئەم قۆناغەدا جیاواز لەسەر ئاستی ئەو گەڕەکانەی کەوا دابەشبووە بەسەریدا و بەرزترین ڕێژە لەگەڕەکی (شارەوانی2) ئەویش باخچەی پەریانە کە (27.6٪)ی کۆی ڕووبەری ئەم قۆناغە پێك دەهێنێت، نزمترین ڕێژەش لەگەڕەکی (سەروەران1) باخچەی بیناییە کە ڕێژەی (1.7٪)ی کۆی ڕووبەری باخچەکان دەگرێتەوە.

---

*بەومانایە نییە کەوا سەرجەمیان هەر خوێندنگەی تێدا نەبێت چونکە لە ساڵی خوێندنی (2015–2016) بینای تێدا نیە بۆ خوێند چونکە هەندێك گەڕەکەك بینای تێدا بووە زۆر لە مێژەوە بۆ نموونە گەڕەکی ( حسن ئاوا و دەروازەی شار) خاوەنی دوو خوێندنگەن ئەوانیش خوێندنگەی (حسن ئاوای بنەڕەتیی قۆناغی 1– 6 و بەمۆی بنەڕەتیی قۆناغی 1– 9) بەهۆی کاری نۆژەنکردنەوەوە خوێندنگە و خوێندکارانی گوازراونەتەوە بۆ خوێندنگەی (ئامادەیی شهید عبدالرحمن میرزای کچان) ئەمەش بەهۆی نزیکی لەو دوو گەڕەکەوەیە.

## خشتەی (27)

### دابەشبوونی ڕووبەری* زەوی خزمەتگوزاریی فێرکای بە(م $^{2}$ )** لەسەر ئاستی گەڕەك لەشاری هەڵەبجە ساڵی(2015– 2016)

| ژ | گەڕەك | باخچە | % | خ.بنەڕەتی | % | ئامادەیی | % | پیشەیی | % | دواناوەندیی | % | کۆ | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | سیتی سەنتەر | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – |
| 2 | تنقیح | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – |
| 3 | جوولەکان | – | – | 2 185.5 | 3 | – | – | – | – | – | – | 2 185.5 | 1.5 |
| 4 | پاشا | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – |
| 5 | سەرا | 1960 | 14.4 | 7893 | 10.7 | 4088 | 10.7 | – | – | – | – | 13 941 | 10 |
| 6 | پیرمحمد | – | – | 900 | 1.2 | – | – | – | – | – | – | 900 | 0.6 |
| 7 | مەرزەبۆتۆ | – | – | 7 890 | 10.7 | – | – | – | – | – | – | 7 890 | 5.6 |
| 8 | کانی قولکە1 | 250 | 1.8 | – | – | – | – | – | – | – | – | 250 | 0.1 |
| 9 | کانی قولکە 2 | | | 2 500 | 3.3 | – | – | – | – | – | – | 2 500 | 1.7 |
| 10 | شەهیدان | – | – | – | – | 6 386.11 | 16.8 | – | – | | | 6 386.11 | 4.5 |
| 11 | مامۆستایان 1 | 2437 | 17.9 | 10 386.86 | 14 | 8 500 | 22.4 | – | – | – | – | 21 323.86 | 15.3 |
| 12 | مامۆستایان 2 | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – |
| 13 | شارەوانی 1 | | | 7 151.43 | 9.6 | 4 789.06 | 12.6 | – | – | – | – | 11 940 .49 | 8.6 |
| 14 | شارەوانی 2 | 3775 | 27.6 | 3 111 | 4.1 | – | – | – | – | – | – | 6886 | 5 |
| 15 | باخی میر | – | – | 5 215 | 7 | – | – | – | – | – | – | 5215 | 3.7 |
| 16 | بەفری میری | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – |
| 17 | گولان | – | – | 3 040 | 4.1 | – | – | – | – | – | – | 3 040 | 2.1 |
| 18 | شهید فاتیح | – | – | – | – | – | – | 7 000 | 100 | – | – | 7000 | 5 |
| 19 | فەرمانبەران | 2500 | 18.3 | – | – | – | – | – | – | – | – | 2 500 | 1.7 |
| 20 | دەروازەی شار(زمقی) | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – |
| 21 | خری خەزینە | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – |
| 22 | ڕاپەرین | – | – | 5 064 | 7 | – | – | – | – | – | – | 5 064 | 3.6 |
| 23 | حسن ئاوا | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – |

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 24 | شێخ سمایل | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – |
| 25 | بامۆك | – | – | 891 | 1.2 | – | – | – | – | – | – | 891 | 0.6 |
| 26 | ماردین | – | – | 7770 | 10.4 | – | – | – | – | – | – | 7770 | 5.5 |
| 27 | تەقتەقان | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – |
| 28 | گۆران سیتی | – | – | – | – | – | – | – | – | 6 338.11 | 100 | 6 338.11 | 4.5 |
| 29 | شۆرش | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – |
| 30 | هەولێر | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – |
| 31 | سازگار | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – |
| 32 | یادگاری | – | – | – | – | - | | – | – | – | – | – | – |
| 33 | سەروەران1 | 240 | 1.7 | – | – | 8 937.84 | 23.5 | – | – | – | – | 9177.84 | 6.6 |
| 34 | حاجی حسن | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – |
| 35 | ناوچەیپیشەسازی | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – |
| 36 | شارێ | – | – | 3 120 | 4.2 | – | – | – | – | – | – | 3 120 | 2.2 |
| 37 | چەمی قەیەغە | – | – | 7000 | 9.4 | – | – | – | – | – | – | 7000 | 5 |
| 38 | گەشتیاری | 2500 | 18.3 | – | – | 5 200 | 13.7 | – | | | | 7700 | 5.5 |
| 39 | سەروەران 2 | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – |
| 40 | کارێز | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – |
| | **کۆی گشتی** | **13 662** | **100** | **74 117.79*** | **100** | **37 901.01** | **100** | **7000** | **100** | **6 338.11** | **100** | **139 018.91** | **100** |
| | **کۆی ڕێژەکان** | **13 662** | **9.8** | **74117.79** | **53.3** | **37 901.01** | **27.3** | **7000** | **5** | **6338.11** | **4.5** | **139018.91** | **100** |

سەرچاوە:کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:

1– سەردانی مەیدانی توێژەر لەرێکەوتی 24 و 25 و 26 / 2 / 2016.

2– وەزارەتی پەروەردە، بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە، بەشی بیناسازی، داتای بلاْونەکراوە.

*ڕووبەرەکان لەسەر بنەمای موڵکیەتی بینای خزمەتگوزاریی فێرکاری دانراوە واتە تەنها بینای کرێ و خاوەن هەژمار کراوە بێجگە لە بینای میوان، چونکە مەبەستمان دەرخستنی ئەو ڕووبەرەی زەویە کەوا ئەم خزمەتگوزارییە پێکی هێناوە لە بەکارهینانی زەوی شاری هەڵەبجەدا.

** لەبەر کەمی ڕووبەرەکان لەسەر ئاستی گەڕەکەکانی شاری هەڵەبجەدا ژمارەو ڕێژەکانمان بە $م^2$ هەژمار کردووە لەبری هێکتار چونکە بەکارهێنانی هێکتار بۆ ئەو ڕووبەرە کەمانە زۆربەی زۆری ئەنجامەکان کەمتر لە ژمارە (یەك) دەردەچن

***لەو ژمارەیەش خوێندنگەی بنەڕەتیی (1–6) ڕووبەرەکەی = 42382 $م^2$ ، خوێندنگەی بنەڕەتیی (7– 9) ڕووبەرەکەی = 28615.7 $م^2$ ، خوێندنگەی بنەڕەتیی (1– 9) ڕووبەرەکەی = 3120 $م^2$

**2- خوێندنگە بنەڕەتییەکان :**

سەبارەت بە ڕووبەری زەوی بەکارهاتوو بۆ ئەم قۆناغەی خزمەتگوزرایی فێرکاری زۆرترین ڕێژە پێك دەهێنیت کە دەگاتە (74 117.79)م$^2$ کە ڕێژە(53.3٪)ی بەکارهێنانی زەوی ئەم خزمەتگوزارییە دەگرێتەوە هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوا ئەم قۆناغە زۆرترین خوێندنگەی هەیە لەکۆی گشتی سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن، بێگومان بەشێوەیەکی جیاواز ڕێژەکان دابەشبوون بەسەر گەڕەکەکانی شارەکەدا بەرزترین ڕێژەش لە گەڕەکی مامۆستایانی1 کە (14٪)ی ئەم قۆناغەی خزمەتگوزاریی فێرکاریەو نزمترین ڕێژەش لە گەڕەکی بامۆك کە(1.2٪)ی هۆکاری ئەمانەش بۆ فراوانی ڕووبەری گەڕەکەکان و ژمارەی دانیشتوان و کەمی ژمارەو ڕووبەری خوێندنگەکە دەگەڕێتەوە .

**3- خوێندنگە ئامادەییەکان:**

ڕووبەری بەکارهێنانی زەوی خزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجەدا لەم قۆناغەدا دەگاتە (37901.01)م$^2$، ڕێژەی(27.3٪)ی کۆی گشتی بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە ناوچەی توێژینەوەدا پێك دەهێنێت، ژمارەی ئەم خوێندنگانەش(8)خوێندنگەیە، بەڵام تەنها (6) خوێندنگە خاوەن بینای تایبەتی خۆیانن ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا ئەم ڕووبەرە تایبەتە بەخوێندنگەی ئامادەی ڕووبەرێکی کەم بەراورد بە ژمارەی خوێندنگەکان، بەرزترین ڕێژەش لەم قۆناغەدا خوێندنگەی (شەهید عبدالرحمن میرزای کچانە) لە گەڕەکی (سەروەران1) ئەمەش ڕێژەی (23.5٪) بەکارهێنانی زەوی ئەم قۆناغەی پێك هێناوە و نزمترین ڕێژەی ئەم قۆناغەش خوێندنگەی ئامادەیی هەڵەبجەی کچانە لە گەڕەکی سەرا کە کۆی گشتی ڕووبەری زەوی بەکارهاتوو (4088)م$^2$، ڕێژەی (10.7٪) ئەم قۆناغە پێك دێنێت.

**4- خوێندنگە پیشەییەکان:**

ئەم خوێندنگانە تەنها(3)خوێندنگەیە لە ناوچەی توێژینەوەدا ڕووبەری گشتی( 7000م$^2$ ) لە کۆی (139 018.91)م$^2$ و ڕێژەی (5٪)ی کۆی گشتی ڕووبەری بەکارهاتووی زەوی ئەم خزمەتگوزاریە پێکدەهێنن ئەمەش ڕێژەیەکی کەمە،چونکە ئەم قۆناغە تایبەتمەندی خۆی هەیە و لە ڕووی ڕووبەرەوە پێویستە شوێنێکی فراوانی بێت و چەندین جۆر پۆلی وانە خوێندنی تێدابێت بۆ وانە تیۆری و پراکتیکییەکان، هۆکاری ئەم کەمبونەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەتەنها ئامادەیی پیشەسازی خاوەن بینای تایبەت بەخۆیەتی کە دەکەوێتە گەڕەکی شەهید فاتیحەوە .

**5- خوێندنگەی دواناوەندیی :**

ئەمەش تەنها دواناوەندیی هاوبەشی کوڕانە کە (4.5٪) کۆی بەکارهێنانی ڕووبەری زەوی خزمەتگوزاریی فێرکاری پێك دەهێنێت، کە دەکەوێتە گەڕەکی گۆران سیتیەوە ئەم ڕێژەیەش بەکەم هەژمار ناکرێت، چونکە تەنها یەك دواناوەندیی هەیە لەشاری هەڵەبجەدا.

سەبارەت بە خوێندنی خێرا هیچ ڕووبەرێکی ئەم خزمەتگوزارییە پێك ناهێنێت لەبەرئەوەی بەشێوەی میوان لەخوێندنگەی کانی عاشقانی بنەڕەتییە لە گەڕەکی باخیی میرو کانی عاشقان .

لەکۆتای ئەم بەشەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەوا دانیشتوان لە شاری هەڵەبجەدا بەشێوەیەکی جیاواز دابەش بوون بەسەر گەڕەکەکانی شاردا بەپێی کۆن و نوێی دروست بوونی گەڕەکەکان و بەپێی زۆرو کەمی خزمەتگوزارییەکانیش، لە ڕووی پێکهاتەشەوە بەرزترین گروپی تەمەن گروپی مام ناوەندییە کە(67٪)ی دانیشتوان پێك دەهێنێت، لەڕووی پێکهاتەی ڕەگەزەوە ڕێژەی مێ زیاترە بەرانبەر بە نێر، لەڕووی پێکهاتەی فێرکاریەوە زۆرترین ئەو کەسانەی کەوا لەتەمەنی خوێندندان لە تەمەنی قۆناغی بنەڕەتیدان، سەبارەت بە دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری جیاوازیەکی زۆری تێدا بەدی دەکرێت لە ڕووی ژمارەی خزمەتگوزارییەکە کە (38) خوێندنگەی بنەڕەتی و (8) ئامادەیی و (7) باخچەی منداڵان و (3) پیشەیی و (1) دواناوەندیی و (1)خوێندنی خێرایە، لەگەڵ جیاوازی ڕێژەی منداڵان و خوێندکار و مامۆستا و پۆلی خوێندنیش بەهەمان شێوەیەو لە ڕووی دابەش بوونیشیان بەسەر گەڕەکەکانی شاردا و بیناو ڕووبەرەی کەوا لەشارەکەدا پێکی دەهێنن لەسەر ئاستی گەڕەکەکانیش، سەرجەم ڕووبەری بەکارهاتووی زەوی ئەم خزمەتگوزارییە نزیکەی (139 018.91)م$^2$ ئەمەش نزیکەی (0.5٪) کۆی سەرجەم بەکار هێنانەکانی زەوی دەگرێتەوە لە ناوچەی توێژینەوەدا، لەو ڕێژەیەش (53.3 ٪)ی تایبەتە بە قۆناغی بنەڕەتیی کە لەپلەی یەکەمدایە و (27.3 ٪)ی تایبەتە بە ئامادەییەکان و(9.8 ٪) بۆ باخچەی منداڵانەو پیشەییەکانیش نزیکەی (5 ٪) و دواناوەندیش (4.5 ٪).

زانینی ئەو دۆخەی کەوا ئەم خزمەتگوزارییە هەیەتی لەڕووی ژمارەو ڕێژەو جۆریانەوە کارێکی گرنگەو دەبێتە هۆی ئەوەی بتوانین ئەو دابەشبوون و جیاوازیانەی کەوا لە خزمەتگوزارییەکەدا هەیە و کاریگەریان هەیە لەسەر شێوازی دابەشبوون و ئاڕاستەشیان لە ناوچەی توێژینەوەدا بیان خەینە ڕوو ئەمانەش لە بەشی دواتردا باسیان لێوە دەکرێت.

## بەشی چوارەم:

## شیکردنەوەی تایبەتمەندی شوێنی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجە

دەستپێك:

لەبەشی سێیەمدا باس لە دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری لەناوچەی لێكۆڵینەوە کرا، دابەش بوونی شوێنیش دەکرێت پشتی پێ بەسترێت بۆ دیاری کردن و ئاڕاستە و خاڵەسەنتەریەکان و شێوازەکانی بڵاوبونەوە و کۆبونەوەی دیاردەکان و دیاری کردنیان، بۆئەوەی بزانین ئەو دابەشبوونە بەچ ئاڕاستەیەکدا ڕۆیشتووەو بە چ شێوازێکە ئەوا لەم بەشەدا هەوڵدەدەین ئەو تایبەتمەندیان بخەینەڕوو، بۆ ئەم مەبەستەش دەکرێت بەشێوەیەکی سەرەکی پشت ببەستین بە بەکارهێنانی پرۆگرامی GIS و ئامێری GPS کە بۆ وەرگرتنی شوێنی هەندێك لە خزمەتگوزارییەکان بەکار هاتووە، بەم شێوەی خوارەوە دەکرێت لە دوو باسدا لەبارەیانەوە بدوێین:

### باسی یەکەم: ئاڕاستەکانی دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری :

هەموو جۆرە دابەش بوونێك تایبەتمەندیوئاڕاستەی دیاری کراوی خۆی هەیە، لەم باسەدا هەوڵ دەدەین کەوا باس لەو ئاڕاستانە بکەین لەسەرجەمی خزمەتگوزاریی فێرکاریدا، بۆئەم مەبەستەش پشتمان بەستووە بە هەندێك لە پێوەرەکان وەك پشتێنەی کاریگەر و خاڵە سەنتەرییەکان ودووری پێوانەی لە ناوچەکەدا بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کەوا ئاڕاستەی دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجەدا بە چ ئاڕاستەیەکدایە، لەڕێگەی نەخشەوە نیشان دەدرێتو شیکردنەوەی بۆ دەکرێت بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

### یەکەم: پشتێنەی کاریگەر (نطاق التأثير)

ئەم شێوازە بەکاردێت لە خزمەتگوزاریی فێرکاریدا بۆ شیکردنەوەی قۆناغەکانی ئەم خزمەتگوزارییە لە ڕووی ئەوەی کەوا ئەم پشتێنەیە تاچەند کاریگەری هەیە لەسەر ناوچەی نیشتەجێبوونی دەوروبەری و ڕادەی خزمەتکردن لەم خزمەتگوزارییەدا تاچەند دەڕوات، بۆ ئەم مەبەستەش پشت دەبەسترێت بە پێوەری دووری* کەوا خوێندکاران دەیبڕن لەناوچەی نیشتەجێبونیەوە تاکو شوێنی خوێندنگەکەی[1]. ئەم پێوەرەش لەبەشی یەکەمدا لەکاتی ناساندنی ئەم پشتێنەیە لەباسی چەمك و زاراوەکاندا ئاماژە بۆ دووریەکان کراوەو لەبەشی دواتردا جێبەجێ دەکرێت بەسەر قۆناغەکانی ئەم خزمەتگوزاریەدا، بەڵام

* پێوەری دووری ئەوەی کەوا لەلایەن وەزارەتی پلاندانانی عێراقەوە دانراوە بۆ باخچەی منداڵان (150–300)م دانراوە، قۆناغی بنەڕەتیی (1– 6) (300– 400)م قۆناغی بنەڕەتیی (7– 9) (400– 700)م ، هەردوو قۆناغی ئامادەیی و دواناوەندیش دووری نێوان شوێنی نیشتەجێبوونو خوێندنگە (700– 1000)م بۆ هەریەکەیان. بەڵام لەبەرئەوەی کەوا لەکاتی جێبەجێکردنی ئەم پێوەردا لە بەرنامەی سیستەمی زانیارییە جوگرافیەکان GIS بەو شێوەیە کارناکات لەگەڵ (2) دووریدا، بۆیە ناچار بووین بۆ گەیشتن بە ئامانجی ئەم باسە جگە لە باخچەی منداڵان کە 300 م وەك پێوەری دووری دانراوە بۆ ئەم پشتێنەیە ئەمەش لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆری منداڵان بەئۆتۆمبێل هاتوچۆدەکەن، بۆ قۆناغەکانی تری خوێندن ناوەندی دووریەکەنمان وەرگرتووە، واتە قۆناغی بنەڕەتیی (1– 6) 350م و قۆناغی بنەڕەتیی (7– 9) (550 م لەگەڵ 850 م) بۆ هەریەکە لەئامادەییەکان و دواناوەندییەکان، هەروەها خوێندنی خێراش 550م دانراوە بۆ نیشاندانی پشتێنەی کاریگەری خزمەتگوزارییەکە.

(1) کاید عثمان ابو صبحة، جغرافية المدن، دار وائل، الاردن، الطبعة الاولى، 2003، ص48.

لێرەدا هەوڵ دەدەین بزانین ئاستی خزمەتکردنی دەوروبەری بەپێی پێوەرەکە تاچەند لە گەڕەکێکدا دەڕوات و ئەو گەڕەکانەش کەوا ئەم پشتێنەیە دەیگرێتەوە کامانەن و دەستنیشان بکرێتو ڕادەی کاریگەرییان لەسەر ناوچەکانوگەڕەکەکانی دەوروبەریان چەندە. هەربۆیە بە تێبینی کردن لەخشتەی (28) بۆمان ڕووندەبێتەوە کەوا :

1- ڕووبەری پشتێنەی کاریگەر بۆ خزمەتگوزاریی فێرکاری قۆناغی باخچەی منداڵان (198) هێکتارە ئەمەش ڕێژەی (7.7٪)ی لە ڕووبەری شارەکە پێك دەهێنێت و خزمەتی دەکات، واتە ڕێژەی (92.3٪) شارەکە ئەم خزمەتگوزارییەی تێدا بەدی ناکرێت و پشتێنەکەی نایگرێتەوە، هەر بۆیە لەکاتی گەیشتنی منداڵان بۆ ئەم خزمەتگوزارییە کاتو ماندووبونی زۆری دەوێت بۆ ئەو منداڵانەی کە بەپیادە دەگەنە باخچەی منداڵانو کارێکی قورسترە بەراورد بە منداڵانی ناو سنوری پشتێنەکە بۆ گەیشتنیان بە باخچەی منداڵان.

سەبارەت بەخوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (1-6) ڕووبەری ئەم پشتێنەیە دەگاتە (923.6) هێکتار ئەمەش ڕێژەی (35.9٪)ی شار دەگرێتەوەوە لەڕووی خزمەتکردن بە دانیشتوانەکەی خزمەتی دەکات بەم پێیەش ڕێژەی (64.1٪)ی شارەکە بێبەشە لەم پشتێنەیە لەبەرئەوە دەکرێت بلێین کەوا ئەم ڕێژەیە ڕێژەیەکی زۆرە کەوا پشتێنەی ئەم خزمەتگوزارییە نایگرێتەوە لەبەر ئەوەی خوێندنگان بەزۆری لەناوەڕاست و نزیك سەنتەری شاردان .

پاشان خوێندنگەی قۆناغی (7- 9) دێت ڕووبەری پشتێنەکەی (1235.4) هێکتار، پشتێنەی ئەم قۆناغە نزیکەی (48٪)ی شارەکە دەگرێتەوە واتە (52٪)ی ڕووبەری شارەکە لەم پشتێنەیە بێبەشە.

خشتەی(28)

بەهای پشتێنەی کاریگەر بۆ خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجە ساڵی 2015 -2016

| جۆری خزمەتگوزاریی | ڕووبەری پشتێنەی کاریگەر / هێکتار | ٪ ڕووبەری شار دەگرێتەوە | ٪ بێبەش لە خزمەتگوزاریەکە |
|---|---|---|---|
| باخچەی منداڵان | 198 | 7.7 | 92.3 |
| بنەڕەتیی قۆناغی (1-6) | 923.6 | 35.9 | 64.1 |
| بنەڕەتیی قۆناغی (7-9) | 1235.4 | 48 | 52 |
| بنەڕەتیی قۆناغی (1-9) | 132.3 | 5.1 | 94.9 |
| ئامادەیی | 1589 | 61.8 | 38.2 |
| پیشەیی | 681 | 26.5 | 73.5 |
| دواناوەندیی | 454 | 17.6 | 82.4 |
| خوێندنی خێرا | 96 | 3.7 | 96.3 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

بەکارهێنانی پرۆگرامی (Arcmap GIS 10) وە جێبەجێکردنی هاوکێشەی پشتێنەی کاریگەر (Buffer) و (Calculate geometry).

هەروەها خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (1–9) نزیکەی (132.3) هێکتار لە ڕووبەری شار دەگرێتەوە ئەم پشتێنەیەش (5.1٪) ڕووبەری شار دەگرێتەوە واتە (94.9٪) بێبەشە لەم پشتێنەیە.

قۆناغی ئامادەیی ڕووبەری پشتێنەکەی (1589) هێکتارە و زۆرترین ڕووبەر داگیر دەکات بەراورد بە قۆناغەکانی تر، هەروەها زۆرترین ڕێژەش کە (61.8٪) ڕووبەری شارەکە لەژێر کاریگەری ئەم پشتێنەدان و تەنها (38.2٪) ڕووبەری شارەکە بێبەشە لەپشتێنە کەی.

قۆناعی پیشەیی ڕووبەری ئەم پشتێنەیە (681) هێکتارەو ڕێژەی (26.5) شار دەگرێتەوەو (73.5) ڕووبەری شار ناگرێتەوە.

قۆناغی دواناوەندیش ڕووبەری پشتێنەکەی(454) هێکتارە ئەمەش ڕێژەی (17.6٪) شارەکە دەگرێتەوەو ڕێژەی (82.4٪) بێبەشە لەپشتێنەی ئەم قۆناغە.

قۆناغی خوێندنی خێراش ڕووبەری پشتێنەکەی (96) هێکتارە و ڕێژەی (3.7٪) شارەکە دەگرێتەوە و ڕێژەی کەمی ئەم پشتێنەیەش واتە ئەو ڕووبەرەی کەوا بێبەشە لەپشتێنەی ئەم قۆناغە شار ناگرێتەوە (96.3٪).

2– ئەو گەڕەکانەی کەوا پشتێنەی باخچەی منداڵان دەیگرێتەوە بریتین لەگەڕەکەکانی (پاشا– شەهیدان–سەرا–مامۆستایانی1–مامۆستایانی2– کانی قولکەی1– کانی قولکەی2 – شارەوانی2– ماردین – مەرزەبۆتۆ– فەرمانبەران– شەهید فاتیح– شێخ سمایل– سەروەران1– گوڵان– گەشتیاری– چەمی قەیەغە– باخی میروکانی عاشقان) بەڵام مەرج نیە هەموو ئەم گەڕەکانە بەشی زۆری پشتێنەکەی بەرکەوێت چونکە هەندێکیان بەشێکی کەمی پشتێنەکەی پێدەگات، کە تەنها گۆشەیەکی سنوری گەڕەکەکە دەگرێتەوە وەك لە نەخشەی(18) هاتووە. هەروەها ئەوانەشی کەوا ئەم پشتێنەیە نایگرێتەوە ژمارەیان (22) گەڕەکە ئەمەش زیاترە لە نیوەی گەڕەکەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەیە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی باخچەی منداڵان لە لایەکەوە و لەلایەکی ترەوە ئەو ژمارە کەمەش کە لەشاری هەڵەبجەدا هەیە زۆربەیان کەوتونەتە ناوجەرگەی شارەوە زیاتر گەڕەکە نوێیەکان بێبەشن لە باخچەی منداڵان جگە لەوەش هیچ گەڕەکێکیش نیە کەوا دوو پشتێنە لەخۆ بگرێت ئەمەش بەهۆی ئەو دابەش بوونەوەیە کە لەناوچەکەدا هەیانە لەسەر ئاستی گەڕەکەکان.

3– پشتێنەی کاریگەری خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (1–6) زۆرێك لە گەڕەکەکان دەگرێتەوە ، ئەوانیش(ستی سەنتەر–جولەکان– تنقیح– پیرمحمد– پاشا– شەهیدان– سەرا– هەولێر– مامۆستایانی 1 – مامۆستایانی2– کانی قولکەی1– کانی قولکەی2 – شارەوانی – شارەوانی2– تەقتەقان– شاڕێ – ماردین – مەرزەبۆتۆ– فەرمانبەران– شەهید فاتیح– شێخ سمایل–دەروازەی شار (زەمەقی)– ڕاپەڕین– گوڵان– گەشتیاری– چەمی قەیەغە– باخی میروکانی عاشقان– حاجی حسن– بامۆك) بەڵام ژمارەی ئەو گەڕەکانەی کەوا بێبەشن لە بوونی ئەم پشتێنەیە (11) گەڕەکن لە هەمان کاتیشدا هەندێکیش لەگەڕەکەکان بەشێکی کەمیان لەو پشتێنەیە تێدا بەدی دەکرێت هەندێکی تریش بەتایبەت

نەخشەی(18)

پشتێنەی کاریگەری باخچەی منداڵان لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015 –2016




سەرچاوە:کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

1– نەخشەی (9)

2– حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS.

ئەوانەی لە ناوەڕاستی شاردان زیاتر لە پشتێنەی کاریگەری خوێندنگەیەك دەیگرێتەوە،هۆکارەکەشی بۆ کەمیی ڕووبەری گەڕەکەکانو زۆری خوێندنگەکان و کۆبونەوەیان بە شێوەیەکی ناڕێك لە دەوروبەری یەکتر دەگەڕێتەوە. وەك لە نەخشەی(19) هاتووە.

4- سەبارەت بە خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (7-9) وەك لە نەخشەی (20) هاتووە. بەشی زۆری گەڕەکەکانی لەژێر کاریگەری پشتێنەکەدان ئەمەش زیاتر لە نیوەی گەڕەکەکانەکە بریتین لە (سیتی سەنتەر-جولەکان- تنقیح- پیرمحمد- پاشا- شەهیدان- سەرا- هەولێر- مامۆستایانی1- مامۆستایانی2 - کانی قولکەی1- کانی قولکەی2 - شارەوانی1 - شارەوانی2-شاڕێ-ماردین - مەرزەبۆتۆ- فەرمانبەران- شێخ سمایل-دەروازەی شار (زەمەقی)-ڕاپەڕین-گولان- گەشتیاری- چەمی قەیەغە- باخی میروکانی عاشقان-حاجی حسن) ژمارەی ئەو گەڕەکانەشی کەوا ئەم پشتینەیە ناگات بە سنوورەکەی (14) گەڕەکە هەندێکیش لە گەڕەکەکان زیاتر لە یەك پشتێنە دەیگرێتە بەتایبەتی گەڕەکەکانی ناوەڕاستی شار بۆ نموونە گەرەکی (ستی سەنتەر - تنقیح - پیرمحمد- باخی میروکانی عاشقان ).

5- خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (1- 9) سەبارەت بەو گەڕەکانەی کەوا پشتێنەکە دەیگرێتەوە ئەمانە (گۆران سیتی- بەفری میری- تەقتەقان- شۆڕش-کارێز- شەهیدان-مامۆستایان2-شاڕێ- سەروەران1-شیخ سمایل-حسن ئاوا) بڕوانە نەخشەی (21).

6- خوێندنگە ئامادەییەکانیش بەهەمان شێوەی قۆناغەکانی تری خوێندن ئەو پشتێنەیەی کەوا دروستی دەکات ناوچەیەکی فراوانتر دەگرێتەوە، گەڕەکەکانیش ئەمانەن(سیتی سەنتەر-جولەکان- تنقیح- پیرمحمد- پاشا- شەهیدان- سەرا- هەولێر- مامۆستایانی1- مامۆستایانی2 - کارێز- سازگار-بەفری میری- بامۆك- کانی قولکەی1- کانی قولکەی2 - شارەوانی1 - شارەوانی2-شاڕێ- ماردین - مەرزەبۆتۆ- فەرمانبەران- شێخ سمایل- سەروەران1- یادگاری -حسن ئاوا- دەروازەی شار (زەمەقی)-ڕاپەڕین-گولان- گەشتیاری-چەمی قەیەغە- باخی میروکانی عاشقان-حاجی حسن) ژمارەی ئەو گەڕەکانەی کەوا بێبەش دەبن لە پشتێنەکە (7) گەڕەکە لەناوچەی لێکۆڵینەوەدا ،ئەمەش ئەوە ناگەینەێت کەوا هەموو گەڕەکەکان لەڕووی پشتێنەی کاریگەرەوە ناوچەیەکی زۆری گرتبێتەوە چونکە هەندێك لە گەڕەکەکان تەنها ڕووبەرێکی زۆر بچوکی دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو پشتێنەیە وەك (بامۆك-حاجی حسن). بڕوانە نەخشەی(22).

نەخشەی (19)

پشتێنەی کاریگەری خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی(1–6) لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015–2016




سەرچاوە:کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

1– نەخشەی(10)

2– حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS.

نەخشەی(20)

پشتێنەی کاریگەری خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی(7–9) لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015–2016



سەرچاوە:کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

1– نەخشەی(11)

2– حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS.

نەخشەی(21)

پشتێنەی کاریگەری خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (1–9) لە شاری هەڵەبجە ساڵی 2015–2016




سەرچاوە:کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

1–  نەخشەی(13)

2– حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS.

## نەخشەی(22)

## پشتێنەی کاریگەری خوێندنگەیی ئامادەیی لەشاری هەڵەبجەساڵی(2015– 2016)




سەرچاوە:کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

1– نەخشەی(14)

2– حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS.

7- خوێندنگە پیشەییەکانیش تەنها سێ خوێندنگەن، ئەو گەڕەکانەی کەوا لە ژێر کاریگەری ئەم پشتێنەدان ئەمانەن(کارێز-شەهیدان- شاڕێ-بەفری میری-مامۆستایان1-مامۆستایانی2- سەرا-سازگار - هەولێر- بامۆك- کانی قولکەی1- کانی قولکەی2- مەرزەبۆتۆ- شێخ سمایل-فەرمانبەران- شەهید فاتیح- ماردین- ڕاپەڕین-دەروازەی شار(زەمەقی)-حسن ئاوا- ناوچەی پیشەسازی -خڕی خەزێنە)واتە ژمارەی ئەو گەڕەکانەی کەوا بێبەشن (17) گەڕەکە. نەخشەی(23).

8- سەبارەت بەخوێندنگەی دواناوەندیی گەڕەکەکانی(گۆران سیتی-شاڕێ-تەقتەقان-شۆڕش-بەفری میری- شێخ سمایل-پیر محمد- تنقیح- مەرزەبۆتۆ- فەرمانبەران-سەروەران-گولان) دەگرێتەوە، ژمارەی ئەو گەڕەکانەی بێبەشن لە پشتێنەی کاریگەری ئەم قۆناغە (29) گەڕەکە . نەخشەی(24).

9- خوێندنی خێراش بەهۆی کەمی خوێندنگەکەیەوە لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا ژمارەیەکی کەم لە گەڕەك لە ژێرکاری پشتێنەکەیدایە گەڕەکەکانیش ئەمانەن (باخی میرو کانی عاشقان-گەشتیاری-گولان-چەمی قەیەغە-جولەکان) ژمارەی ئەو گەڕەکانەی کەوا بێبەشن لە بوونی پشتێنەی کاریگەری ئەم قۆناغە (35) گەڕەکە لەبەر ئەوەی کەوا تەنها خوێندنگەیەکە بۆیە گەڕەکەکانی بەو ژمارە زۆرە بێبەشبووە. نەخشەی (25).

بەگشتی سەبارەت بە پشتێنەی کاریگەری سەرجەم قۆناغەکان بە پێی دووری و ژمارەی خوێندنگەکەی جیاوازیان هەیە، بەڵام بە تێبینی کردنی نەخشەی پشتێنەکانی سەرجەم خوێندنگەو قۆناغەکان کە لەپێشەوە ئاماژەمان پێداوە، دەتوانین بڵێین کەوا بەیەك گەیشتنی زۆر هەیە لە نێوان پشتێنەی قۆناغە جیاوازەکان و هەروەها لە یەك قۆناغیش دا ئەوە دەبینرێت، واتە چەندین خوێندنگە ئەو پشتێنەی کەوا لەچواردەوری لەشێوەی بازنەدا دەردەکەوێت لە سنوری گەڕەکێدا بەریەك دەکەونو بەشێکیش لە بازنەکان بەشێوەی کەڵەکەبوو لەسەر یەك دەبینرێن ئەمەش واتای ئەوەیە ئەو گەڕەکانەی لەچوارچێوەی ئەو بەریەکەوتن و بەیەك گەیشتنەدا بن دەتوانن سوود لەزیاتر لە خوێندنگەیەك و زیاتر لە قۆناغێکیش وەرگرن بەتایبەتیش گەڕەکەکانی ناوەڕاستی شار و بە ئاڕاستەی ڕۆژهەڵات و باشوری ڕۆژهەڵات پاشان بە ئاڕاستەی باشوری ڕۆژئاوای ناوچەکە، ئەمەش هۆکارەکەی زیاتر پەیوەستە بەوەی کەوا ژمارەیەکی زیاتر لە خوێندنگەی قۆناغە جیاوازەکان لەو ناوچانەدا بوونی هەیە، ژمارەی دانیشتوانیان بەراورد بە ناوچەکانی پەراوێز و کەناری شار زیاترە ئەمەش هۆکارێکی تری ئەو بەیەك گەیشتنەیە.

نەخشەی(23)

پشتێنەی کاریگەری خوێندنگەی ئامادەیی پیشەیی لەشاری هەڵەبجەساڵی 2015–2016




سەرچاوە:کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

1– نەخشەی(15)

2– حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS.

نەخشەی(24)

پشتێنەی کاریگەری خوێندنگەی دواناوەندیی لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015–2016




سەرچاوە:کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

1– نەخشەی(16)

2– حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS.

نەخشەی(25)

پشتێنەی کاریگەری خوێندنگەی خوێندنی خێرا لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015–2016




سەرچاوە:کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

1– نەخشەی(17)

2– حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS.

**دووەم: خاڵە سەنتەرییەکان :**

ئامانج و مەبەست لە بەکارهێنانی خاڵە سەنتەریەکان لەسەر نەخشەی ناوچەی لێکۆڵینەوە، هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ زیاتر ناسین‌و هەنگاونان بەرەو دەرخستنی ڕادەی کۆبوونەوەو بڵاوبونەوەی خوێندنگەکان لە شارەکەدا. خاڵەکانیش ئەمانەی لای خوارەوەن:

**1- خاڵی سەنتەری ڕووبەریی ناوچەی لێکۆڵینەوە(Areal Center)**

ئەم خاڵە وەك لە ناوەکەیەوە دیارە خاڵێکە کەوا ناوەڕاستی ناوچەی لێکۆڵینەوە پێك دەهێنێت لە ڕووی ڕووبەرەوە.وەك لە نەخشەی(26) دیارە ، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەوا ئەم خاڵە بە دیاری کراوی دەکەوێتە گەڕەکی (پاشا)وە.

**2- دیاردەی سەنتەری یان خاڵی کێشکردنی ناوەند (الوسيط المكاني):(central feature)**

ئەم خاڵە لەسەر نەخشە دیاری دەکرێت و دەکەوێتە ئەو شوێنەی کەوا خزمەتگوزاریی فێرکاری لە دەوری خۆیدا دابەشدەکات ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا خزمەتگوزاریی فێرکاری بەسەرجەم قۆناغەکانیەوە بەشێوەیەکی یەکسان بە هەرچوار ئاڕاستەکەی خۆیدا دابەشدەکات[1]. وەك لە نەخشەی (26)دا هاتووە، هەروەها ئەم خاڵە بە ناوەندی کێشکردنی سەرجەم خاڵەکانی خزمەتگوزاریی فێرکاری دادەنرێت لەناو دابەشبوونەکەدا[2]. واتە ناوەندی دابەشوونەکە نیشان دەدات لەناوچەی لێکۆڵینەوە ئەمەش بە دیاری کراوی دەکەوێتە گەڕەکی(کانی قولکەی2) لە نزیك خوێندنگەی بنەڕەتیی(هەڵەبجە) قۆناغی 1-6 و خوێندنگەی بنەڕەتیی (شەن) قۆناغی 7- 9 و نزیك باخچەی منداڵانی لەندی لەهەمان گەڕەك .

(1) محمد مهدی کریم، دابەشبوونی شوێنی نشینگە مرۆییەکانی ئیدارەی گەرمیان، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە) پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی ئاداب کراوە، زانکۆی گەرمیان، 2016، ل42.

(2) صبحی احمدالسعيد ،نمط التوزيع المكاني والتركيب الوظيفي لمراكز الاستيطان البشري في المنطقة نجد، الطبعةالاولى، مطابع جامعة الملك سعود، 1986، ص81.

نەخشەی(26)

خاڵە سەنتەریەکان وئاڕاستەی دابەشوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجە ساڵی 2015–2016




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

1- نەخشەی(9-17)

2- بەکارهێنانی پرۆگرامی (ArcMap 10.2.2).

## 3- خاڵی سەنتەری ناوەندی* (المركز المتوسط): (Mean Center):

بەیەکێك لە پێوەرە سەنتەریەکانی دابەشبوون هەژمار دەکرێت لە زانستی ئاماریدا ئەمەش لەئەنجامی دابەشکردنی کۆی گشتی بەهاکان بەسەر ژمارەی خاڵەکاندا دەردەکرێت(1). لەچوارچێوەی هاوکێشەیەکی تایبەتدا ئەم خاڵەش دەکەوێتە ناوەڕاستی سەرجەم خزمەتگوزارییەکانەوە(خاڵەکانەوە) کەوا لە ناوچەکەدا بوونیان هەیەو بڵاوبونەتەوە. هەتاکو لەم خاڵەش دورکەوینەوە بە ئاڕاستەکانی دەوربەری خاڵی سەنتەری ناوەندیدا ئەوا دوری ئەو خاڵەی دێتە ڕێگەمان کەمترە لە خاڵەکەی دوای خۆی بە مانایەکی تر لەکاتی دوور کەوتنەوە لە خاڵی سەنتەری ناوەندی کۆمەڵێك خوێندنگە دەبینرێت کە دووری ئەو خوێندنگەی سەرەتا دێتە ڕێگەمان کەمترە لەدووری ئەو خوێندنگەی کە لە دواتردا دێتەوە ڕێگەمان (2). لەسەر نەخشەی ناوچەی لێکۆڵینەوەدا خاڵی سەنتەری ناوەند دەکەوێتە گەڕەکی (کانی قوڵکەی2 )و لەنزیك خوێندنگەی بنەڕەتیی هەڵەبجە.

بەگشتی دیاری کردنی ئەم خاڵانە ئاماژەن بۆ دابەشبوونی شوێنی خزمەتگوزاریی فێرکاری دەکرێت لەڕێگەیەوە تاڕادەیەك بتوانرێت ناوەندی دابەشبوونی خزمەتگوزاریەکە دەستنیشانبکرێتو بەم هۆیەشەوە دەتوانرێت هەوڵبدرێت بۆ هاوسەنگکردنەوەی دابەشبوونی دیاردەکە، ئەگەر هاتوو ئەم خاڵانە کە ئاماژەن بۆ دابەشبوونی شوێنی خزمەتگوزاریی فێرکاری بکەونە سەر یەکتری ئەوا ئەوکات دابەشبوونەکەمان نموونەیی دەبێت ئەم حاڵەتەش زۆر بەدەگمەن ڕوو دەدات (3). بەم هۆیەشەوە شێوازی دابەشبوونەکە هیچ جۆرە باس و شیکردنەوەیەکی ئەوتۆ هەڵناگرێت. بەڵام لەبەرئەوەی لەشاری هەڵەبجە خاڵە سەنتەریەکان لەسەر نەخشەکەدا نەکەوتونەتە سەر یەکتری، بۆ نەخشەی(26) بگەڕێرەوە ئەوەمان پێدەڵێت کەوا کۆمەڵێك فاکتەر کاریان کردۆتە سەر شێوازی دابەشبوونی خوێندنگەکانو بە ئاڕاستەیەکدا بەرجەستەیان کردووە، هەر ئەو ئاراستەیەش شێوازی تایبەتی بە دابەشبوونی خزمەتگوزارییەکە دەبەخشێت لەشاری هەڵەبجەدا، ئەو شێوازو ئاڕاستانەش لە دواتردا باسی لێوە دەکرێت.

---

*خاڵی سەنتەری ناوەندی دەکاتە:

$$\left(\bar{X} = \frac{\sum xi}{n} * \bar{Y} = \frac{\sum yi}{n}\right)$$

$\bar{x}$ = تێکرای تەوەری x

$\sum$ = کۆ

Xi= بەهاکانی تەوەری x لەهەر رەگەزێکی دیاردەکەدا.

$\bar{y}$ = تێکڕای تەوەری Y

YI = بەهاکانی تەوەری Y لەهەر ڕەگەزێکی دیاردەکەدا.

n = ژمارەی ڕەگەزەکان

بڕوانە: سامي عزيز عباس العتبي و ايد عاشور الطائي، مصدر سابق، ص132-133.

(1) محمد ازهر السماك و على عبد عباس، البحث الجغرافي بين منهجية التخصصية والاساليب الكمية وتقنيات المعلوماتية المعاصرة GIS، الطبعة الثانية، دار اليازوري، عمان، 2011، ص163.

(2)سامي عزيز عباس العتبي و ايد عاشور الطائي، مصدر سابق، ص 131.

(3) محمد مهدى كريم، سەرچاوەی پێشوو، ل42-43.

## سێیەم: ئاڕاستەی دابەشبوون(اتجاه التوزيع) (Directional Distribution)

دابەشبوونی شوێنی دیاردەکان وێنەی کۆتای کۆمەڵێك لە پەیوەندییەکانی نێوان دیاردە جیاوازەکانە[1]. دابەشبوونیش بێگومان ئاڕاستەی تایبەتی خۆی هەیەو لەئەنجامی کۆمەڵە فاکتەرێکە ئەم ئاڕاستەیەش هەندێك جار بە شێوازی هێلکەیی ناودەبرێت بۆ پێوانەکردن و دیاری کردنی پلەی بڵاوبوونەوە، ئەگەر هاتوو دیاردەکەمان کە توێژنەوەی لەسەر دەکرێت ئاڕاستەیەکی دیاری کراوی بێت، بە هۆی ئەم پێوەرەوە دەکرێت شێوەیەکی هێلکەیمان دەست کەوێت کە گوزارشت لە تایبەتمەندیەکانی ئاڕاستەی دابەشبوون دەکاتو سەنتەری ئەم شێوە هێلکەییە لەسەر نەخشەکەدا دەکەوێتە سەر یەکێك لەخاڵە ناوەندیەکان ئەویش سەنتەری ناوەندە[2]. بۆیە بۆ دیاریکردنی ئاڕاستەی دابەشبوونی خوێندنگەکان لەسەر ڕووی زەوی ناوچەی لێکۆڵینەوە، لەسەر بنەمای بەکارهێنانی (سەنتەری ناوەندی) بۆ خزمەتگوزاریی فێرکاری لەشارەکەدا لەگەڵ خاڵەکانی تری (سەنتەری ڕووبەرو کێشکردنی ناوەندیش) دەکرێت ناوەندی دابەشبونەکان دەستنیشان بکرێت لەناوچەی توێژینەوەدا .

بەجێبەجێکردنی ئەم پێوەرە لەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکرێت بڵێین کەوا ئاڕاستەی دابەشبوونەکە شێوازی هێلکەی وەرگرتووە ئەم شێوازەش گوزارشت لە تایبەتمەندی ئاڕاستەی دابەشبوونی خزمەتگوزاریەکە دەکات، کە نموونەیی نییە چونکە ئەگەر نموونەیی بێت، ئەوا ئەو شێوازە هێلکەییە دەگۆڕدرێت بۆ شێوازی بازنەی تەواو. بۆیە بەگەڕانەوە بۆ نەخشەی (26)، دەبینین کەوا شێوە هێلکەییەکە دەرچووە، لەمەشەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بەهۆی کاریگەری کۆمەڵە فاکتەرێکی کاریگەرەوە بووە کە ئەو شێوازو ئاراستەیە دروستبووە لە دابەشبوونەکەداو دواتریش ڕوندەکرێتەوە.

سەبارەت بە ئاڕاستەی دابەشبوونی سەرجەم قۆناغەکانی خزمەتگوزارییەکە دەکرێت بڵێن کەوا لە باشوری ڕۆژهەڵاتەوە بە ئاڕاستەی باکوری خۆرئاوایە، ئەمەش بێگومان لەئەنجامی ژمارەی دانیشتوانو شێوازی دابەشبوونیان لەسەر ئاستی گەڕەکەکانو دروستبوونی باخچەی منداڵانو خوێندنگەکان تێیدا بەشێوەیەکی زیاترە بەراورد بە هەندێك گەڕەکیتر کە خزمەتگوزاریی فێرکاری بەشێوەیەکی کەمتر تێیدا بڵاوبۆتەوە.

بەڵام ئەم ئاڕاستەی دابەشبوونە بەپێی خوێندنگەکانی قۆناغەکان جارێکی تری گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بەمانایەکی تر هەر قۆناغێك بە پێی خاڵە سەنتەریەکانی دابەشبوونەکەی ئاڕاستەیەکی تایبەتی خۆی هەیە وەك لە نەخشەی(27) هاتووە.

دەبینین کەوا لەشاری هەڵەبجە باخچەی منداڵان ئاڕاستەکەی لە باکوری خۆرهەڵاتەوە بەرەو باشوری خۆرئاوایە و خاڵی سەنتەری ناوەند لەم قۆناغەی خزمەتگوزارییەکەدا لە گەڕەکی (کانی قوڵکەی2) باخچەی (لەندی)ش نزیکترین باخچەیە لێیەوە واتە دەکرێت ئەو باخچەیە بە ناوەندی سەرجەم باخچەکان دابنرێت.

---

(1) صفوح خير، الجغرافية (موضوعها ومناهجهاوأهدافها) دار الفكر، دمشق، سورية، 2000، ص343.

(2) جمعة محمد داود، اسس تحليل المكانى في اطار نظم المعلومات الجغرافية، الطبعة الاولى، بدون اسم مطبعة، مكة المكرمة، الملكة العربية السعودية، 2012، ص41.

نەخشەی(27)

ئاڕاستەی دابەشوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجە ساڵی2015– 2016




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

1– نەخشەی(26)

2– بەکارهێنانی پرۆگرامی (ArcMap 10.2.2).

دواتر خوێندنگە بنەڕەتیەکانی قۆناغی(1– 6) ئاڕاستەی دابەشبوونی ئەم خوێندنگانە لە باکورەوە بەرەو باشورە، خاڵی سەنتەری ئەم قۆناغەش لەسەر ڕێگای سەرەکی شارەکەیە لەنێوان گەڕەکەکانی (مامۆستایانی 1وپاشاو کانی قوڵکەی 2) نزیکترین خوێندنگەش لێیەوە (بورهانی حاجی محمد) .

هەروەها خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (7– 9) ئاڕاستەی دابەشبوونەکەی لە باکورەوە بەرەو باشورە، بەهەمان شێوەی قۆناغی پێشووتر و خاڵی سەنتەری ناوەندی دەکەوێتە گەڕەکی (کانی قوڵکەی 2)لەنزیك خوێندنگەی (شەن)دایە. پاشان خوێندنگە بنەڕەتییەکان قۆناغی (1–9) ئاڕاستەی دابەشبوونی لەخۆرهەلاّتەوە بۆ خۆرئاوا کەوتووەخاڵە سەنتەریەکەی لە گەڕەکی (مامۆستایان1) لەنزیك خوێندنگەی شەهید ئازاد هەوارامی بنەڕەتیی(1–6) هەرچی خوێندنگە ئامادەیی پیشەییەکانە ئاڕاستەی دابەشبوونی لەباشوری ڕۆژهەلاّتەوە بۆ باکوری ڕۆژئاوایە و خاڵی سەنتەری ناوەندی دەکەوێتە نێوان گەڕەکی (مەرزەبۆتۆ و شەهید فاتیح)ەوە لە نزیك خوێندنگەی (ئامادەیی پیشەسازییە). سەبارەت بە قۆناغی ئامادەیی ئاڕاستەی دابەشبوونی لە خۆرهەلاّتەوە بەرەو خۆرئاوایە وە خاڵی سەنتەری ناوەند ئەم قۆناغەش لە نێوان گەڕەکی (سیتی سەنتەر و جولەکان) دایە خوێندنگەی (شاهۆ)ی بنەڕەتیی نزیکترین خوێندنگەیە لە خاڵەکەیەوە. بۆیە لە ڕوانگەی ئاڕاستەی دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری دەتوانین بڵێین کەوا جیاوازی دابەشبوونی دانیشتوانو ناڕێکی دابەشبوونەکە لەهۆکارە کاریگەرەکان هەژمار دەکرێت بۆدروست بوونی ئاراستەکان، هەروەها ئەمانەش شێوازی جۆراوجۆر نیشاندەداتو دواتر لەبارەیەوە دەدوێن.

**چوارەم: دووری پێوانەیی*(المسافة المعيارية)Standard Distance**

لە دابەشبوونی شوێنیدا دووری پێوانەیی ڕۆڵی خۆی هەیە و بەکاردێت بۆ پێوانەکردنی پلەی کۆبونەوە کەوا خاڵەکان هەیانە لە دیاردەیەکی شوێنیدا، دەکرێت لەڕێگەی ئەم پێوەرەوە زانیاریمان دەست کەوێت دەربارەی ڕادەی بلاّو بوون و کۆبونەوەو دووری شوێنی دیاردەکان لەیەکترەوە، جێبەجێکردنی ئەم پێوەرەش بەکێشانی بازنەیەك دەبێت کەپێی دەوترێت (Standard Circle)، ناوەڕاستی ئەم بازنەیەش بریتیە لە خاڵێك کە ناسراوە بە خاڵی سەنتەری ناوەند(Mean Center) هەتاکو بەهای ئەم پێوەرە زۆر بێت ئەوەندەش قەبارەی بازنەکە گەورە دەبێت ، لەمەشەوە بۆمان ڕوندەبێتەوە کەوا دابەشبوونی خاڵەکان بەشێوەیەکی پەرشوبلاّوە[1]. بەپێچەوانەشەوە هەتاکو بەهای بازنەکە کەمتر بێت، ئەوە دابەشبوونی

---

*بەهای دووری پێوانەیی

$$SD = \sqrt{\frac{\Sigma \boldsymbol{i}(x_i - \bar{X})^2}{n} + \frac{\Sigma \boldsymbol{i}(y_i - \bar{Y})^2}{n}}$$

SD= دووری پێوانەیی  $\Sigma \boldsymbol{i}$ = سەرجەمی خاڵەکان  $x_i$ = بەهاکانی تەوەری ئاسۆی

$\bar{X}$ =ناوەندی تەوەری ئاسۆی  $y_i$ = بەهاکانی تەوەری ستونی  $\bar{Y}$ =ناوەند تەوەری ستوونی

n=ژمارەی ڕەگەزەکانی دیاردە دابەشبووەکان(خاڵەکانی سەر نەخشەکە)

بروانە:یمان سنكري،التحليل الاحصائي للبيانات المكانيةفي نظم المعلومات الجغرافية،الطبعة الاولى، مطبعة شجاع، حلب، سورية، 2008، ص54.

(1) جمعة محمد داود، مصدر سابق، ص44.

خاڵەکان یان دیاردەکان بە شێوەیەکی کۆبووەوە دەبێت، لەپاش ئەوەی کەوا بازنەی پێوانەی دەکێشرێت تێبینی ئەوە دەکرێت کەوا لەسەر نەخشەی دابەشبوونی دیاردەکە هەندێك لەخاڵەکان لەناو بازنەکە دەبنو هەندێکیش لە دەرەوەی بازنەکە، ئەو خالآنەی دەکەونە ناو بازنەکەوە دووریان لە سەنتەری ناوەندیەوە کەمترە لە دووریە پێوانەییەکە بەلأم ئەو خالأنەی کەوا دەکەونە دەرەوەی سنوری بازنەکەوە دووریان لە خالّی سەنتەری ناوەندیەوە زیاترە بەراورد بە دووری پێوانەیی[1]. لە خشتەی (29)و نەخشەی(28) بەهای دووری پێوانەیی بۆ خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجەدا ڕونکراوەتەوە بەپشت بەستن بە پێوەری دووری پێوانەیی.

خشتەی(29)

بەهای دووری پێوانەیی بۆ خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجە ساڵی 2016

| خزمەتگوزاریی | بەهای دووری پێوانەیی بە مەتر | ڕووبەری بازنە بە هێکتار | ٪ی لە ڕووبەری شار | ژ.خزمەتگوزاریی | ژ.خزمەتگوزاریی ناو بازنەکە | ٪ ی خزمەتگوزاریی ناو بازنەکە لە کۆی گشتی خزمەتگوزارییەکەی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| باخچە | 1581.87 | 786 | 30.5 | 7 | 4 | 57.1 |
| 1- 6 | 980.27 | 302 | 11.7 | 21 | 15 | 71.4 |
| 7- 9 | 1246.16 | 488 | 18.9 | 14 | 10 | 71.4 |
| 1- 9 | 1312.34 | 541 | 21 | 3 | 2 | 66.6 |
| پیشەیی | 996.34 | 1066 | 41.4 | 3 | 1 | 33.3 |
| ئامادەیی | 1842.2 | 312 | 12.1 | 8 | 4 | 50 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە :

بەکارهێنانی بەرنامەی (Arcmap 10.2.2) و بەدەستهێنانی زانیاریەکان پاش جێبەجێکردنی پێوەری دووری پێوانەیی .

لەخشتەی (29) بۆمان ڕووندەبێتەوە کەوا :

1- قۆناغی باخچەی مندالآن (57.1٪)ی خزمەتگوزاییەکانی دەکەونە ناو بازنەی دووری پێوانەییەوە ئەمەش زیاتر لەنیوەی خزمەتگوزاریەکەیە، لەکاتێکدا کە بەهای دووری پێوانەی (1581.87)م، ڕووبەری بازنەکەی (786) هێکتارەو (30.5٪)ی لە ڕووبەری شار داگیردەکات. ژمارەی ئەو باخچانەی کەوا دەکەونە ناو بازنەکەی 4 باخچەی مندالآنە لەکۆی 7 ئەمەش(57.1٪)ی خزمەتگوزاریی ناو بازنەکەی دەگرێتەوە.

پێویستە ئاماژە بەوەبدرێت لەبەرئەوەی ژمارەیەك لەخوێندنگەکان بەشێوەی میوان لەبینای خوێندنگەی تردان بۆیە ژمارەیەك لەخاڵەکان(بیناکان) لەسەر یەك دەبینرێتو لەنەخشەکەدا کۆتاخاڵ (بینای خوێندنی قۆناغەکە) نیشاندەدات کەوا کۆتا جار دانراوە لە ناو نەخشەی شارەکە.

(1) محمد مهدی کریم، سەرچاوەی پێشوو، ل43-44.

نەخشەی(28)

دووری پێوانەیی بۆ خزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015– 2016




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

1– نەخشەی (26و27)

2– بەکارهێنانی پرۆگرامی (ArcMap 10.2.2).

2- خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی(1-6) ڕێژەی ئەو خوێندنگانەی کەوا لە ناو بازنەی دووری پێوانیە (71.4٪)ئەمەش ڕێژەیەکی زیاترە بەراورد بە قۆناغی پێشوتر ئەوەش نیشان دەدات کە زیاتر کۆبوونەوەی خوێندنگەکان دەبینرێت لەدەوری یەکترو لەناو بازنەکەو خاڵی سەنتەریدا ، بەهای دووری پێوانەی ئەم قۆناغە (980.27)م ڕووبەری بازنەکەی (302) هێکتارە تەنها (11.7٪) ڕووبەری شار داگیر دەکات لە قۆناغی باخچەکان کەمترە. لەبەرئەوەی باخچەکان زیاتر بڵاوبونەونەتەوە هەرچەندە ژمارەشیان کەمترە بۆیە ئەو بڵاویە وادەکات باز نەکە فراوانتر بێت. لەکۆی(21) خوێندنگە (15) لەناو بازنەکەدایە کە ڕێژەی (71.4٪)ی خزمەتگوزرایەکەی لەناو بازنەکەدان

3- خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (7-9) وەك قۆناغی (1-6) ڕێژەی ئەو خوێندنگانەی کەوا لە ناو بازنەی دووری پێوانییە (71.4٪) ڕێژەیەکی زۆرە، کۆبوونەوەی خاڵەکان لەدەوری یەکتر نیشان دەدات بەهای دووری پێوانەیی (1246.16)م ڕووبەری بازنەکەی (488) هێکتارەو نزیکەی (18.9٪)ی ڕووبەری شار دەگرێتەوە. سەرجەم خوێندنگەکانی (14) ژمارەی ئەوانەی ناو بازنەکەی (10) واتە نزیکەی (71.4٪)ی خوێندنگەکانی لەناو سنوری بازنەکەیدایە.

4- خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (1-9) بەهای دووری پێوانەیی(1312.34)م رووبەری بازنەکەی (541) هێکتارەو(21٪)ی شار پێکدەهێنێت، ڕێژەی ئەو خوێندنگانەی دەکەونە نێو بازنەکە (2) لەکۆی (3) ئەمەش نزیکەی (66.6٪)ی خزمەتگوزاریی ناو بازنەکەیەتی.

5- خوێندنگەی پیشەیی بەراورد بە قۆناغی بنەڕەتی (1-9) زیاتر بڵاو دەردەکەون، چونکە لەڕووی ژمارەوە وەك یەکن،بەڵام پیشەییەکان تەنها 1 خوێندنگەی لەناو بازنەی دوری پێوانەیە ئەمەش کەمترین کۆبونەوەیە لەدەوری خاڵی سەنتەری ناوەندی قۆناغەکەی خۆی، لەڕووی بەهای دووری پێوانەیی (996.34)م، ڕووبەریش (1066) هێکتارەو نزیکەی (41.4٪)ی شار داگیر دەکات.

6- قۆناغی ئامادەییش بەهای دووری پێوانەی زیاترە لە سەرجەم قۆناغەکانی تر کە نزیکەی (1842.2)م و ڕووبەری بازنەکەی (312) هێکتارەو (12.1٪)ی ڕووبەری شار داگیر دەکات لەو ژمارەی کە هەیەتی نیوەی لە چوار چێوەی بازنەکەدان و(50٪)ی خوێندنگەکانی قۆناغەکەیەتی.

ئەمەی لەسەرەوە باسی لێکرا دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی بڵێین کەوا هەردوو قۆناغی بنەڕەتیی (1- 6 و 7- 9) زۆرترین کۆبونەوەیان هەیە لەدەوری خاڵی سەنتەری و پاشان قۆناغەکانی تر دێت کەمترین کۆبونەوەی شوێنی خوێندنگەکان لە دەوری خاڵی سەنتەری لە قۆناغی پیشەییە.

بەگشتی وەك لەپێشەوە باسمان لێکرد پشتێنەی کاریگەر و خاڵەسەنتەریەکان و ئاڕاستەی دابەشبوونو دووری پێوانەی سەرجەم قۆناغەکانی خزمەتگوزاریی فێرکاری وەك یەك نەبوو ، هەر ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە بتوانین بڵێین کەوا شێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا وەك یەك نیە زیاتر لە شێوازێك بوونی هەیە، بۆیە بۆ دەرخستنی ئەم شێوازانە هەوڵ دەدەین بۆ هەریەك لە قۆناغەکانی خوێندن شێوەیەکی تایبەتی نیشان بدەین و بەگوێرەی بەهاو ئەنجامەکانی ئەو هاوکێشەی کە جێبەجێی دەکەین بەسەریاندا ڕاڤە و شیکردنەوەی جوگرافیی بۆ بکەین

، بەڵام ئەمە جگە لەو خوێندنگەو قۆناغانەی کەوا خاڵەکانیان لەسەر نەخشەی شارەکە کەمترە لە دوو خاڵ، چونکە هیچ شێوازێکی دروست پێك ناهێنێت، بەم پێیەش ئەو قۆناغەی کەوا بێبەش دەبێ لە دروست بوونی شێوازی دابەشبوون قۆناغی خوێندنی خێرایە. بەڵام سەرجەم قۆناغەکانی تر لەچەند شێوە و گرافێکدا لە باسی دووەمدا نیشان دەدرێت.

**باسی دووەم : شێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجە:**

شێوازەکانی* دابەشبوون دیاردەیەکە گرنگیەکی زۆری هەیە لە مەیدانی زانستی جوگرافیادا و لەلایەن جوگرافی ناسەکانەوە بایەخی گەورەی پێدەدرێت، ئەو شێوازانەی کەوا دیاردەکان وەری دەگرن چەندین جۆر لەخۆ دەگرێت و لەڕێگەی چەندین جۆر لەپێوەری ماتماتیکی و ئاماریەوە ئەم بابەتە شیدەکرێتەوە.لەڕێگەی چەند ئامرازێکی ئاماری و بەرنامەی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان (GIS) [1] دەکرێت ئەو دابەشبوونە بخرێتە ڕوو لە هەموو ناوچەیەکدا، سەبارەت بەشێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجە بێگومان دابەشبوونیان یەك شێواز وەرناگرێت بەڵکو زیاتر لەشێوازێك لەخۆ دەگرێت کە دەکرێت، بەم ڕێگەیەی خوارەوە شیکردنەوەی بۆ بکرێت:

**1- نزیکترین دراوسێ(صلة الجوار او جار الاقرب)(Nearst neighbor analyses)**

لەبەشی یەکەمدا ئەم هاوکێشەیە ناسێنراوە، گرنگی بەکارهێنانی ئەم هاوکێشەیەش لەوەدایە کەوا شێوازەکانی دابەشبوون نیشان دەدات هەروەها لەکاتی شیکارکردنی بەهاکانی نزیکترین دراوسێدا بە پێداویستی دەزانین کەوا ئەو دوو گریمانەیە کە هەیە لەسەر ئەم هاوکێشەیە باس بکەین کەوا پشت بە بەهاکانی ناو ئەنجامی هاوکێشەکە دەبەستێت، ئەو گریمانانەش ئەمانەن:

أ/ گریمانەی پرنسیپی دەڵێت: (دابەشبوونی خاڵەکانی دیاردەکە شێوازەکەی هەڕەمەکییە) واتە بە ڕێکەوت دابەشبوون کارێکی ئاسان نیە کەوا شیکردنەوەیان بۆ بکرێت.

ب/ گریمانەی شوێن گرەوە دەڵێت: (شێوازی دابەشبوونی خاڵەکان شێوازێکی دیاری کراوەو پەیوەستە بە کاریگەریەکانی کۆمەڵێك فاکتەری دیاری کراوەوە[2]. سەبارەت بە بەهای نزیکترین دراوسێ بۆ دیاریکردنی شێوازی دابەشبوونەکە چەندین شێوازی لێ دەکەوێتەوە کە دەکرێت بە شێوەیەکی ڕوون پۆلێن بکرێت وەك لەخشتەی (30) ئاماژەمان بۆ کردووە.

---

*شێواز: بریتیە لەو ئاراستە و ڕوخسارەی کەخاڵەکانی دیاردە جوگرافیەکان وەری دەگرن لەکاتی دابەشبوونیاندا لەسەر ڕووی زەوی و پەیوەندیی شوێنی نێوانیان ڕووندەکاتەوە وەك ئەوەی خاڵەکان لەیەك نزیکن بە دووریەکی یەکسان یان نایەکسان یان خاڵەکان لەیەك دوورن بەدوریەکی یەکسان یان بەدوریەکی هەڕەمەکی و نایەکسان. ئەگەر دابەشبوونەکە یەك شێوەی وەرگرت ئەوە کۆمەڵە فاکتەرێك لەپشت دروست بوونی ئەو شێوازەیە، بەپێچەوانەشەوە ئەوا پێویستی بەشیکردنەوەی ئەو فاکتەرانە هەیە کە ئەوشێوەی دروستکردووە.

بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:

1-نسیم برهم و اخرون، مدخل الى الجغرافية البشرية، الطبعة الاولى، عمان، الاردن، ص30.

2- قاسم الدويكات و آمال الشيخ و الباحثة آيات خضر، التوزيع الجغرافي للحدائق العامة في أمانة عمان الكبرى، بحث متاح على موقو الاكترونيwww.kau.edu.sa . سنةالنشر 2007، تاريخ اضافة الى الموقع، Tuesday/23december/2008، 2016/3/14، ص22.

(1) صبحى احمدالسعيد، مصدر سابق، ص1.

(2)محمد مهدى كريم، سەرچاوەی پێشوو، ل56.

خشتەی(30)

پۆلێنکردنی بەهاکانی نزیکترین دراوسێ بە پێی شێوازەکانی دابەشبوون

| بەهای نزیکترین دراوسێ | شێوازی سەرەکی | بەهای نزکترین دراوسێ | شێوازی لاوەکی |
|---|---|---|---|
| 0.00- 0.09 | کۆبووەوە | 0.1- 0.49 | کۆبووەوەیەکی نارێك |
| 1 | هەڕەمەکی | 0.50- 0.99 | مەیلەو هەڕەمەکی |
| | | 1.1-1.99 | پەرشوبلاوی نارێك |
| 2 زیاتر | پەرشوبلاو | 2 | پەرشوبلاوی ڕێکوپێك |

سەرچاوە:کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:

عادل مكي عطية الحجامي و أخرون،تحليل أنماط التوزيع المكاني للخدمات التعليمية في مدينة الشطرة،مجلة جامعة زيقار،كلية التربية للعلوم الانسانية،المجلد 4،العدد 1،اذار ،2014.ص221.

پاش بەکارهێنانی پرۆگرامی (Arcmap 10.2.2) و جێبەجێکردن و بەکارهێنانی هاوکێشەی نزیکترین دراوسێ بۆ شیکارکردنی شێوازەکانی دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری تێیدا بۆمان دەرکەوتووە کەوا لە ناوچەی توێژینەوەدا چەند شێوازێك لە دابەشبوون بۆخزمەتگوزاریی فێرکاری دروست بووە بەپشت بەستن بە بەهای نزیکترین دراوسێ و ئەنجامەکانمان بە دەست هێناوە وەك لە خشتەی (31) هاتووە دەکرێت بەشێوەیەکی پوخت باسیان لێوەبکەین و دواتر شێوازەکانی دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری نیشانبدەین:

خشتەی(31)

بەهاکانی نزیکترین دراوسێ بۆ خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجەدا

ساڵی 2015 –2016

| خزمەتگوزاریی فێرکاری | بەهای نزیکترین دراوسێ | بەهای Z (Z score) | بەهای ڕەخنەیی | بەهای P-value |
|---|---|---|---|---|
| باخچەی مندالآن | 0.845622 | −0.781388 | −2.58 تا 2.58 | 0.434574 |
| بنەڕەتیی قۆناغی(1−6) | 1.016118 | 0.141307 | −2.58 تا 2.58 | 0.887627 |
| بنەڕەتیی قۆناغی(7−9) | 0.714730 | −2.041975 | −2.58 تا 2.58 | 0.041054 |
| بنەڕەتیی قۆناغی(1−9) | 0.000000 | −5.061508 | −2.58 تا 2.58 | 0.000000 |
| ئامادەیی | 0.564467 | −2.356660 | −2.58 تا 2.58 | 0.018440 |
| پیشەیی | 1.520628 | 1.725118 | −2.58 تا 2.58 | 0.084506 |
| دواناوەندیی | 1.672840 | 1.820363 | −2.58 تا 2.58 | 0.068704 |
| سەرجەم قۆناغەکان | 0.301373 | −10.266016 | −2.58 تا 2.58 | 0.000000 |

سەرچاوە: شێوەکانی (10−17).

بەلآم پێویستە ئاماژەش بۆ ئەوە بکەین کەوا بەهای پێوانەیی (Z) بۆ سەرجەم خاڵەکانی دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجەدا دەکاتە (−10.266016) واتە نەکەوتۆتە چوارچێوەی بەهای ڕەخنەییەوە (Critical Value) (−2.58 تا 2.58) لەبەرئەمەشە کەوا ئێمە

گریمانەی پرەنسیپی ڕەتدەکەینەوەو گریمانەی شوێن گرەوە پەسەند دەکەین کە دەڵێت کۆمەڵێك  فاکتەر ئەم شێوازەی دروست کردووە.بە پێچەوانەشەوە ئەگەر بەهای نزیکترین دراوسێ کەوتە نێوان (2.58- تا 2.58) ئەوکاتە شێوازی دابەشبوونەکە لەهەر قۆناغێکی خزمەتگوزاریی فێرکاریدا بێت دابەشبوونێکی هەڕەمەکیەو هیچ جۆرە شیکردنەوەیەك هەڵناگرێت.

سەبارەت بە شێوازی دابەشبوون  بۆ سەرجەم قۆناغەکانی خزمەتگوزاریی فێرکاری  پاش بەکار هێنانی پرۆگرامی (Arcmap 10.2.2) و هاوکێشەی نزیکترین دراوسێ بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەوا ئەم خزمەتگوزارییە شێوازی (کۆبووەوەیەی ناڕێکی) هەیە لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا. وەك لە شێوەی ( 10) نیشاندراوە.

شێوەی (10)

بەهای نزیکترین دراوسێ بۆ شێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجە ساڵی 2015 -2016




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:   زانیاریە بەدەست هاتووەکان لە چوارچێوەی بەرنامەی (Arc map GIS 10.2.2) پاش جێبەجێکردنی هاوکێشەی نزیکترین  دراوسێ.

ئەو کۆبونەوەیەش دووری نێوان زۆرێك لە خوێندنگەکان کەمە بەشێکی زۆری لەنزیك یەکەوەن لە ڕووبەرێکی کەمدا لەکاتێکدا زۆرێك لەگەڕەکەکانی  ناو ڕووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە زۆر بەکەمی خوێندنگەکەی تێدا بلاو بۆتەوە، یاخود هەر تێیدا بەدی ناکرێت ، هەروەها ناڕێکیەکەشی بەشێوەیەکە کەوا هەموو خوێندنگەکان لەیەك شوێندا کۆنەبۆتەوە بەڵکو لەشێوەی چەند تۆپەڵێك (هێشووی)

دەردەکەون لەچەند گەڕەکێکی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەڵام هەرچی بەهای مەعنەویشە( Significant Level) کە بۆ هەڵبژاردنی گریمانەکان فاکتەرێکی پشت ڕاست کەرەوەیە ، دەبینین کەوا سەرجەمی خزمەتگوزاریی فێرکاری ئاستی مەعنەوی دەکاتە (0.01٪)ی ئەمەش واتای ئەوەیە بەڕێژەی (99.9٪)ی ئەگەری دابەش بوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری بۆ هۆکاری دیاری کراو و ئاڕاستەکراو دەگەڕێتەوە ، وەك جیاوازی دابەش بوونی دانیشتوان لەسەرجەم گەڕەکەکاندا ، ئەو جیاوازیەش وادەکات جیاوازی لە دابەشبوونی خزمەتگوزارییەکەدا دروست بێت، لەگەڵ نەبوونی بینای سەربەخۆ و تایبەت بە هەموو خوێندنگەکان وادەکات هەندێك بینا دوو یان سێ خوێندنگە لەخۆ بگرێت ، ئەمەش وادەکات لە هەندێك گەڕەك چەندین بینای ئەم خزمەتگوزاریە کۆبێتەوەو لەناو سنورو ڕووبەرێکی بچووکدا ، هەروەها فراوانبوونی شار بەشێوەیەکی خێراو بەهۆی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوریەوە، فاکتەری کارگێڕیو نەبوونی ماستەر پلان لە شارەکەدا لەلایەن ئیدارەی پەروەردەی ناوچەکە تایبەت بە خزمەتکردنی سەرجەم گەڕەکەکانی شار بەشێوازێکی هاوسنگ وادەکات ئەم شێوازە دروست بێت. بەڵام کە کاتێك باسی قۆناغەکان دەکەین بەشێوەی سەربەخۆ دەبینین ئەو شێوازە دەگۆڕێت بەپێی هەریەك لە بەهاو ئەنجامی هاوکێشەی نزیکترین دراوسێ بۆ هەریەکەیان و دەیسەلمێنێت، ئەوەش بەم لەچەند شێوەیەکدا نیشاندەدەین:

### 1- شێوازی دابەشبوونی باخچەی مندالآن لەشاری هەڵەبجە:

باخچەی مندالآن لە شاری هەڵەبجەدا دابەش بوون بەسەر گەڕەکەکانی (سەرا – مامۆستایانی1 – کانی قولکەی 1- شارەوانی2 – فەرمانبەران – سەروەران1 – باخی میروکانی عاشقان) ئەمەش واتای ئەوەیە زۆربەری گەڕەکەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بێبەشن لە بوونی ئەم جۆرەی خزمەتگوزاریی فێرکاری، لەشێوەی (11) پاش جێبەجێکردنی پێوەری نزیکترین دراوسێ دەرکەوتووە کەوا شێوازی دابەشبوونی باخچەکان لە شاری هەڵەبجەدا بریتییە لە (مەیلەوهەڕەمەکی) (Random)، واتە ئەو دووریەی هەیە لە نێوان باخچەکان دووریەکی یەکسان نییە، هەندێکیان لەیەك نزیکن و هەندێکی تریان لە یەکترەوە دوورن، ئەمەش واتای ئەوەیە بە شێوەیەکی ناڕێك دابەشبوون و دەکرێت لە چوارچێوەیەی شێوازی مەیلەوهەڕەمەکی هەژماری بکەین، ئەو بەهایەش کەوا ئەو ڕاستیەمان بۆ دەسەلمێنێت بریتییە لە (0.845622) پلەی پێوانەیش بۆ شێوازی ئەم قۆناغە دەکاتە ( 0.781388-).وەك لە خشتەی(27) هاتبوو، ئەم بەهایەش لەبەرئەوەی دەکەوێتە نێوان بەهای ڕەخنەییەوە (2.58- تا 2.58) بۆیە گریمانەی شوێنگرەوە ڕەتدەکرێتەوە و گریمانەی پرەنسیپی ڕوڵ دەگێرێت و ئەم گریمانەیەش زۆر گرانە شیکردنەوە و ڕاڤەی بۆبکرێت.

شێوەی(11)

بەهای نزیکترین دراوسێ بۆ شێوازی دابەشبوونی باخچەی مندالآن لەشاری هەڵەبجە

ساڵی 2015-2016




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

زانیاریە بەدەست هاتووەکان لە چوارچێوەی بەرنامەی (Arc map GIS 10.2.2) پاش جێبەجێکردنی هاوکێشەی نزیکترین دراوسێ.

### 2– شێوازی دابەشبوونی خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (1–6):

سەبارەت بەم قۆناغەش لە ئەنجامی جێبەجێکردنی هاوکێشەی نزیکترین دراوسێ کە بەهاکەی دەکاتە (1.016118) و پلەی پێوانەیش بۆ شێوازی ئەم قۆناغە دەکاتە(0.141307)، ئەم بەهایەش لەبەرئەوەی دەکەوێتە نێوان بەهای ڕەخنەییەوە(2.58–2.58–) وەك قۆناغی پێشتر هیچ جۆرە راڤەکردنێك هەڵناگرێت بەهۆی ئەوە کەوا گریمانەی پرەنسیپی کارایە، بەپشت بەستن بە بەهاو ئەنجامی هاوکێشەکە بۆمان دەرکەوت کەوا شێوازی دابەشبوونی خوێندنگەکانی ئەم قۆناغەش بە شێوەیەکی بلاّو و بەناڕێکی دابەشبوون بەسەر هەندێك لە گەڕەکەکانی شارەکە هەر ئەوەش وادەکات بەهای نزیکترین دراوسێ ئەو ئەنجامە بدات بەدەستەوە و قۆناغەکەش لە شێوازی (پەرشو بلاّوی ناڕێك) دەردەکەوێت وەك لە شێوەی (12) دەبینرێت.

شێوەی(12)

بەهای نزیکترین دراوسێ بۆ شێوازی دابەشبوونی خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (1–6) لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015–206




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

زانیاریە بەدەست هاتووەکان لە چوارچێوەی بەرنامەی (Arc map GIS 10.2.2) پاش جێبەجێکردنی هاوکێشەی نزیکترین دراوسێ.

### 3- شێوازی دابەشبوونی خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (7- 9)

پاش جێبەجێکردنی بەهای نزیکترین دراوسێ لەسەر خوێندگەکانی ئەم قۆناغە وەك لە خشتەی (31) هاتبوو، بەهای نزیکترن دراوسێ دەکاتە (0.714730) و پلەی پێوانەی ئەم قۆناغەش (Z score) دەکاتە(2.041975-) ئەمەش بەهەمان شێوە لەچوارچێوەی بەهای ڕەخنەیدایە، لەبەر ئەوەش ناتوانرێت شیکردنەوەی جوگرافیی بۆ بکرێت.

لەگەڵ ئەوەی بەهاو ئەنجامەکان بەو شێوەیە بوون ئەو شێوازەی کەوا بەهاکان و دابەشبوونی خوێندنگەکان لەم قۆناغەدا دروستی دەکەن بریتییە لە شێوازی ( مەیلەو هەڕەمەکی) وەك لە شێوەی (13) دەردەکەوێت ، کە هەندێك لە خوێندنگەکانی لەشێوەی کۆبووەوەی هێشووی دەردەکەون هەندێکی تریش لە شێوەی هەڕەمەکی بە پەرشو بڵاوی دەبینرێت. بەڵام بەگوێرەی بەهاکان نزیکترین دراوسێ (شێوازی مەیلە هەڕەمەکی) لەم قۆناغەدا ڕەنگیداوەتەوە.

شێوەی (13)

بەهای نزیکترین دراوسێ بۆ شێوازی دابەشبوونی خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (7-9) لەشاری هەڵبجە ساڵی 2015-2016




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

زانیاریە بەدەست هاتووەکان لە چوارچێوەی بەرنامەی (Arc map GIS 10.2.2) پاش جێبەجێکردنی هاوکێشەی نزیکترین دراوسێ.

### 4- شێوازی دابەشبوونی خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (1-9) :

شێوازی دابەش بوونی ئەم قۆناغەی خزمەتگوزاریی فێرکاری جیاوازتر لە قۆناغەکانی پێشووتر پاش جێبەجێکردنی هاوکێشەی نزیکترین دراوسێ کە بەهاکەی دەکاتە (0.000000) و پلەی پێوانەیش (Z Score) دەکاتە (-5.061508) کە ئەم بەهایەش ناکەوێتە نێوان بەها ڕەخنەییەکەوە لەبەرئەوە گریمانەی پرەنسیپی ڕەتدەکەینەوە و گریمانەی شوێن گرەوە پەیرەودەکرێت، واتە هۆکاری ئاڕاستەکراو لەپشت دروست بوونی ئەم شێوازەوەیە کە بریتیە لەشێوازی (کۆبووەوەی نارێك) و بەهای مەعنەویشە (Significant Level)، دەبینین کەوا کۆی خوێندنگەکانی ئەم قۆناغەی خزمەتگوزاریی فێرکاری ئاستی مەعنەوی دەکاتە (0.01٪)ی ئەمەش واتای ئەوەیە بەڕێژەی (99.9٪)ی هۆکاری کاریگەر ئەو شێوەیان دروستکردووە بڕوانە شێوەی (14) لەو هۆکارانەش کەوا ئەو شێوازەی دروستکردووە وەك شێوەی(14)

بەهای نزیکترین دراوسێ بۆ شێوازی دابەشبوونی خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (1-9) ساڵی 2015-2016




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

زانیاریە بەدەست هاتووەکان لە چوارچێوەی بەرنامەی (Arc map GIS 10.2.2) پاش جێبەجێ کردنی هاوکێشەی نزیکترین دراوسێ.

ژمارەی کەمی خوێندنگەکانی ، لەگەڵ دووری ئەو گەڕەکانەی کەوا ئەم قۆناغەی تێدایە تاڕادەیەك لە کەنارو پەراوێزی شاردا هەڵکەوتوون کارێکی ئاسان نییە خوێندکار لەو تەمەنەدا ڕێگای دوور ببڕێت بۆ گەیشتن بەخوێنگە دوورەکان، هۆکارێکی تر نەبوونی بیناو زۆری خوێندکارە وادەکات بەناچارییەوە ئەم قۆناغە (9–1)دروست ببێت چونکە زۆربەی زۆری خوێندنگەکان دوو دەوامو سێ دەوامن.

**5– شێوازی دابەشبوونی خوێندنگەی ئامادەیی:**

بەگەڕانەوە بۆ خشتەی (31) دەبینین پاش جێبەجێکردنی بەهای نزیکترین دراوسێ لەسەر خوێبدنگە ئامادەییەکان بەهای نزیکترین دراوسێ دەکاتە (0.564467) و پلەی پێوانەی ئەم قۆناغەش ( Z score) دەکاتە (–2.356660) ئەمەش بەهەمان شێوە لەچوارچێوەی بەهای ڕەخنەیدایە لەبەرئەوەش ناتوانرێت شیکردنەوەی بۆ بکرێت .

لەگەڵ ئەوەی بەهاو ئەنجامەکان بەو شێوەیە بوو ئەو شێوازەی کەوا بەهاکان و دابەش بوونی خوێندنگەکان لەم قۆناغەدا پێمانی دەڵێن و دەمان گەیەنێتە ئەوەی کەوا بزانین دابەشوونی خوێندنگەی ئەم قۆناغە شێوازی ( مەیلەو هەڕەمەکی) وەربگرێت وەك لە شێوەی (15) دیارە .

شێوەی(15)

بەهای نزیکترین دراوسێ بۆ شێوازی دابەشبوونی خوێندنگە ئامادەییەکان لە شاری هەڵەبجە ساڵی 2015– 2016




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

زانیاریە بەدەست هاتووەکان لە چوارچێوەی بەرنامەی (Arc map GIS 10.2.2) پاش جێبەجێکردنی هاوکێشەی نزیکترین دراوسێ.

## 6-شێوازی دابەشبوونی خوێندنگەی پیشەیی:

بەهەمان شێوەی قۆناغەکانی پێشوو پاش جێبەجێکردنی بەهای نزیکترین دراوسێ لەسەر خوێندنگەکانی ئەم قۆناغە وەك لە خشتەی (31) ئاماژەی بۆکراوە، بەهای نزیکترین دراوسێ دەکاتە (1.520628) و پلەی پێوانەیش بۆ ئەم قۆناغەش (Z score) دەکاتە(1.725118.) ئەمەش بەهەمان شێوە لەچوارچێوەی بەهای ڕەخنەیدایە بۆیە گریمانەی پرەنسیپی جێبەجێ دەبێت بەسەریاندا ، بەپشت بەستن بە بەهاو ئەنجامەکان لە هاوکێشەکەو جێبەجێکردنیدا دەردەکەوێت ئەو شێوازەی کەوا بەهاکان و دابەش بوونی خوێندنگەکان لەم قۆناغەدا وەری دەگرن بریتییە لە شێوازی ( پەرشوبڵاوی ناڕێك) وەك لە شێوەی (16) دیارە.

شێوەی(16)

بەهای نزیکترین دراوسێ بۆ شێوازی دابەشبوونی خوێندنگەی پیشەیی لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015-2016




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

زانیاریە بەدەست هاتووەکان لە چوارچێوەی بەرنامەی (Arc map GIS 10.2.2) پاش جێبەجێکردنی هاوکێشەی نزیکترین دراوسێ.

**7- شێوازی دابەشبوونی خوێندنگەی دواناوەندیی لەشاری هەڵەبجە:**

قۆناغی دواناوەندی بەهای نزیکترین دراوسێ لەسەر خوێندنگەکانی ئەم قۆناغە وەك لە خشتەی (27) ئاماژەی بۆکراوە، بەهای نزیکترین دراوسێ دەکاتە (1.67284) و پلەی پێوانەی بۆ ئەم قۆناغەش (Z score) دەکاتە(1.820363.) ئەمەش وەك زۆربەی قۆناغەکانی تر لەچوارچێوەی بەهای ڕەخنەیدایە لەبەرئەوەش ناتوانرێت شیکاری بۆ هۆکاری دروستکردنی شێوەکەی بکرێت، چونکە گریمانەی پرەنسیپی جێبەجێ دەبێت بەسەریدا، بەپشت بەستن بە بەهاو ئەنجامەکان لە هاوکێشەکەو جێبەجێکردنی دەردەکەوێت ئەو شێوازەی کەوا دابەش بوونی خوێندنگەکان لەم قۆناغەدا وەری دەگرن بریتییە لە شێوازی ( پەرشوبڵاوی نارێك) وەك لە شێوەی (17) هاتووە.

شێوەی(17)

بەهای نزیکترین دراوسێ بۆ شێوازی دابەشبوونی خوێنگەی دواناوەندیی لەشاری هەڵەبجە

ساڵی 2015-2016




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

زانیاریە بەدەست هاتووەکان لە چوارچێوەی بەرنامەی (Arc map GIS 10.2.2) پاش جێبەجێکردنی هاوکێشەی نزیکترین دراوسێ.

لەكۆتای ئەم بەشەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی كە بڵێن ئاڕاستەو شێوازی دابەشوونی خزمەتگوزاریی فێركاری لەشاری هەڵەبجەدا جیاوازی زۆری تێدا بەدی دەكرێت، ئەو جیاوازیەش پەیوەندیی بە ژمارەی خوێندنگەكان‌و ژمارەی دانیشتوانەوە هەیە لەگەڵ ئەو ئاڕاستەو شێوازانەشی كەوا باسكراوە بەپشت بەستن بە هاوكێشەو پێوەر و پرۆگرامی(Arcmap GIS 10.2.2) ئەنجامدراون .

هەربۆیە زۆر بەڕوونی هەموو ئاڕاستە جیاوازەكان‌و شێوازە جیاوازەكانی خزمەتگوزاریی فێركاری نواندووە لەسەر نەخشەی ناوچەی لێكۆڵینەوە، بەپشت بەستن بەو بەهاو ئەنجام و هۆكارانەی كەوا ئەو جۆرە شێوازەی دابەشبوون كە نیشاندراوە لە شارەكەدا دەتوانین بڵێین كەوا ئەم خزمەتگوزارییە بەشێوەیەكی پلەبەندی‌و بەپێی پێوەرەكان دابەش نەبوون بەسەر گەڕەكەكانی شارەكەدا، لەبەرئەوە لەكاتی جێبەجێكردنی پێوەرەكانی پلاندانانی خزمەتگوزاریی فێركاری بەسەر كۆی قۆناغەكاندا بەهەمان شێوەی جیاوازیەكانی شێوازی دابەشبوون جیاوازیش دروست دەبێت لەنێوان پێوەرەكانی پلاندانان و خوێندنگەكاندا جا ئەو جیاوازیەش لە یەك ئاستدا نییە بەڵكو كەمیی و زیادی هەیە، ئەگەری ئەوەی هەیە بەشێوەیەكی باش بكەوێتەوە، واتە لەسودی خوێندكاران و دانیشتوانی ناوچەكە و سنوری دەوروبەری خوێندنگەكان بێت، بەمانایەكی تر ئەو شێوازانەی كەوا نیشاندراون لەبارەی دابەشبوونی خوێندنگەكانەوە ئەگەری ئەوەی هەیە لەهەندێك لەخوێندنگەو گەڕەكەكاندا بێتە هۆی ئەوەی كەوا لەكاتی بەراوردكاری بە پێوەرەكان لەسودی خوێندكاران و دانیشتوانی گەڕەكەكانیدا بێت، چونكە زۆر بوونی خوێندنگە لە هەندێك گەڕەك وا دەكات ژمارەی خوێندكاری ئەو خوێندنگانە كەم بێت، یان ڕووبەری زیاتری لەخوێندنگە بەركەوێت و بەكات و ماندوو بوونێكی كەمتر بگاتە خوێندنگە، یان بەپێچەوانەوە بەخاڵێكی لاواز هەژماردەكرێت، یان ئەگەری هاوتابوون هەیە لەگەڵ پێوەرەكان كە ئەمەش ڕادەی گونجانی پێوەرەكان و خزمەتگوزارییەكە نیشاندەدات، بۆیە لەبەشی دواتردا هەوڵ دەدەین گرنگترین ئەو پێوەرانە دیاری بكەین كەوا خزمەتی دانیشتوان و خزمەتگوزاریی فێركاری دەكات لە ناوچەی لێكۆڵینەوەدا، پاشان لەڕوانگەی ئەنجامی ئەمانەشەوە دەكرێت پێشبینی بكەین بۆ دەیان ساڵی داهاتووی ئەم خزمەتگوزارییە بە مەبەستی پەیڕەوكردنی لە هەلومەرجێكی لەباردا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوچەكەوە بە ئامانجی كەمكردنەوەی هەندێك لەو كێشەو گرفتانەی كەوا ڕووبەڕووی ئەم كەرتی خزمەتگوزارییە بۆتەوە لە ناوچەی لێكۆڵینەوەدا.

## بەشی پێنجەم :

## پێوەرەکانی پلاندانان و داهاتووی خزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجە

خزمەتگوزاریی فێرکاری وەك لە بەشەکانی پێشوودا بەدرێژی لێی دواین، لە گرنگترین خزمەتگوزار یەکانن لە شاردا ئەمانەش بەپێی وڵاتان دەگۆڕێت بەتایبەت لە کاتی دروستکردنی بینای یەکێك لە قۆناغەکانی ئەم خزمەتگوزارییە، ئەوە گرنگ نیە کەوا چۆن ئەم بینایانە دروست دەکرێت، بەڵکو پێویستە بە شێوەیەکی باش و بەپێی پێوەرەکان بیر لە دروستکردنی ئەم بینایانە بکرێتەوە، ئەم پێوەرانەش زۆر گرنگن لەبواری پلاندانانداو دەبێتە هۆی پێوانی چۆنیەتی کارکردنی خزمەتگوزاریی فێرکاری بۆ شارەکان، چەندین جۆری هەیە ئەوەی بۆئێمە گرنگە لێرەدا بەم شێوەیەی خوارەوە باسی لێوەدەکەین:

**باسی یەکەم: جێبەجێکردنی پێوەرەکانی پلاندانانی خزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجە**

**1- پێوەری دانیشتوان (المعیار السکان):**

باخچەی منداڵان بەپێی شارەکان و ژمارەی دانیشتوان و ڕێژەیان دەگۆڕێت ئەو شارانەی کەقەبارەی دانیشتوانی نزیکەی (50000) کەس بێت بەلایەنی کەم پێویستە (2-3) باخچەی منداڵان هەبێت، ئەو منداڵانەی کە دەخرێنە قۆناغی باخچەی منداڵانەوە تەمەنیان (4-5) ساڵە ئەم تەمەنەش لە گرنگترین قۆناغەکانی گەشەی (منداڵە)وکاردەکاتە سەر ژیانی کۆمەڵایەتی و چۆنیەتی تێگەشتن و هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ خێزان و کۆمەڵگەدا[1]. بەڵام بەپێی پێوەری پلاندانانی عێراقی کە ئێمە لەم توێژینەوەدا لەسەر ئەم پێوەرە دەڕۆین دیاریکراوە کەوا هەر (4000-5000) کەس لە دانیشتوان پێداویستی بە یەك باخچەی منداڵان هەیە، بۆ هەر (2500) کەس لە دانیشتوانی ناوچەیەك پێدویستی بە خوێندنگەیەکی بنەڕەتیی قۆناغی (1-6)، بەڵام کە دانیشتوان گەیشتە(5000)کەس پێداویستی بە خوێندنگەیەکی بنەڕەتیی (7-9) هەیە و (10000) کەسیش ئامادەییەکی پێویستە، سەبارەت بە پیشەییەکان (10000-20000) کەس دانراوە بۆ خوێندنگەیەکی پیشەیی. لەشاری هەڵەبجەشدا ژمارەی دانیشتوان بۆ ساڵی( 2016) نزیکەی (68827) کەسە بەم پێیەش بەپێی پێوەری دانیشتوان پێویستە چەندین باخچەو خوێندنگە هەبێت. وەك لە خشتەی (32)دا دیارە.

لەخشتەی (32) بۆمان دەردەکەوێت کەوا خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شارەکەدا بەپێی پێوەری ناوخۆی عێراقی لەسەر بنەمای ژمارەی دانیشتوان جیاوازیەکی زۆر دەبینرێت چونکە جگە لە خوێندنگەی ئامادەیی جۆرەکانی تری خزمەتگوزاریەکە بەپێی پێوەری ژمارەی دانیشتوان کەمیان هەیە، هەرچەندە ژمارەکەش کەمە لەچەند هەزار دانیشتوانێکدا خۆی دەبینتیەوە، سەبارەت بەباخچەی منداڵان(7-8) باخچەی منداڵان کەمە بەراورد بەپێوەرەکە، خوێندنگەی بنەڕەتی قوناغی(1- 6) نزیکەی (3-4) خوێندنگە لەشارەکەدا کەمی هەیە بەڵام لەقۆناغی (7- 9) هیچ زیادوکەمێك بەدیناکرێت، هەرچی پیشەییەکانە بەهەمان شێوە هیچ زیادو کەمی تێدا بەدیناکرێت.

---

(1)مازن عبدالرحمن الهیتی، مصدر سابق، ص97.

خشتەی(32)

خزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجە بەپێی پێوەری ژمارەی دانیشتوان ساڵی2015– 2016

| خزمەتگوزاریی فێرکاری | پێوەر/1خزمەتگوزاریی | دۆخی ئێستا | کەم | زیاد |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| باخچەی منداڵان | 5000 | 7 | 7 | – |
| خوێندنگەی بنەڕەتیی (1-6)* | 2500 | 24 | 4–3 | – |
| خوێندنگەی بنەڕەتیی (7-9) | 5000 | 14 | – | – |
| ئامادەیی | 10000 | 8 | 0 | 1 |
| دواناوەندی** | – | – | – | – |
| پیشەیی | 20000-10000 | 3 | 0 | – |
| خوێندنی خێرا *** | – | – | – | – |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

(1)دیار محمد أحمد، تحلیل وتخطیط الخدمات الاجتماعیة في مدینة شقلاوة (دراسة في الجغرافیة الحدمات) رسالة ماجستیر(غیرمنشورة)، قدمت الی كلیة الاداب، جامعة الصلاح الدین، اربیل، 2014، ص21–24.

* هەرسێ خوێندنگەی بەمۆ و ئاڵاو سەردەشت هەژمار کراوە لەگەڵ خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی 1–6 لەبەر ئەوەی ئەم سێ خوێندنگەیە قۆناغی 1– 9 هەیە و هیچ پێوەرێك نایگرێتەوە، هەروەها زۆربەی زۆری خوێندکارانی لە قۆناغی1– 6 بنەڕەتین.

**سەبارەت بە دواناوەندی بەو شێوەی ئێستا کە لەپۆلی 7–12 هەیە هیچ سەرچاوەیەك ئاماژەی پێنەداوە چەندێك لە دانیشتوان پێداویستی بە 1 دواناوەندیە، ئەمەش پێدەچێت بەهۆی ئەوەبێت کەوا ئەم شێوە لەناوچەکانی تری عێراق بوونی نەبێت تەنها لەهەرێم هەیە لەکاتی ئێستادا.

*** بەهەمان شێوەی دواناوەندیی ئاماژەی بۆنەکراوە، چونکە ژمارەیەکی کەم لەو خوێندکارانە دەگرێتەوە کەوا دابڕاون لەخوێندن و دواکەوتوون بۆ ماوەی چەند ساڵێك، بگەڕێرەوە بۆ بەشی دووەم لاپەرەی (49).

## 2– پێوەری ژمارەی خوێندکار:(المعیار عدد الطلاب)

ژمارەی خوێندکار لەسەرجەم قۆناغەکانی ئەم خزمەتگوزاریەدا جیاوازە بەپێی پێوەری پلاندانانی عێراقی، بۆ زانیاری زیاتر. بڕوانە پاشکۆی (8) سەرجەم پێوەرەکان نیشان دەدات تێیدا باخچەی منداڵان (100–120) منداڵ دیاری کراوە بۆ یەك باخچە، خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی 1– 6 (432) خوێندکار و خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی7–9(360) و ئامادەییەکانیش (408) خوێندکارن، بڕوانە خشتەی (33و34و35 و36) سەبارەت بەباخچەی منداڵان ئەگەر بەراوردی بکەین بەم پێوەرە ئەوا دەبینین کەوا تەنها (باخچەی لەندی) لەپێوەر کەمترە* هۆکارەکەشی بۆ نەبوونی بینای شیاو دەگەڕێتەوە، سەرجەم باخچەکانی تر لەپێوەر زیاترە واتە باخچەی منداڵان نییە لەناوچەی لێکۆڵینەوەدا کەوا هاوتای پێوەر بێت بڕوانە خشتەی(33)، ناوەندی ژمارەی منداڵ لەباخچەی منداڵاندا (206.7) ئەمەش لەپێوەری ناوخۆی زیاترە بەنزیکەی(86.7) منداڵ، بەگشتی دەکرێت بڵێین کەوا تاکو ژمارەی منداڵانی باخچەکان هاوتا یان نزیك بن لەپێوەر کاریگەری دەبێت لەسەر زیاتر ڕاهێنانو فێربوونو چاودێری کردنی منداڵان، پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە.

---

*لەکاتی جێبەجێکردنی پێوەرەکانی پلاندانان بۆ خزمەتگوزاریی فێرکاری لەناوچەی لێکۆڵینەوە ئەم هێمایانەی لای خوارەوە بەکار دەهێنین بە مەبەستی بەراورد کردنی خوێندنگەکان لەگەڵ پێوەرەکاندا :

1– * واتە کەمترە لە پێوەر

2– ** واتە هاوتای پێوەرە

3– *** واتە زیاترە لە پێوەر

## خشتەی ( 33)

### پێوەری ژمارەی منداڵ بۆ باخچەی منداڵان لە شاری هەڵەبجە ساڵی (2015–2016)

| ناوی باخچە | ژمارەی منداڵ | ناوی باخچە | ژمارەی منداڵ |
|---|---|---|---|
| خونچە | ***203 | باخی میر | ***215 |
| هەڵەبجە | ***234 | بینای | ***150 |
| شنە | ***249 | لەندی | *96 |
| پەریان | ***300 | ناوەند | ***206.7 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە :

1- سەردانی مەیدانی توێژەر لە ڕێکەوتی 26و2016/1/27.

2- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە، بەشی پلاندانان، داتای بڵاونەکراوە.

3- پاشکۆی(8).

سەبارەت بەخوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی(1–6) ژمارەی خوێندکارانی بەپێی پێوەرە ناوخۆیەکان جیاوازیەکی زۆر بەدی دەکرێت و هیچ خوێندنگەیەك هاوتای پێوەر نییە، بەڵام خوێندنگەکانی (سالم وصلاح الدینو عادیلەخان و بزاۆشنروێ و شێخ حەمەمین و شەهیدانی خێڵی حەمەو پێشکەوتن و حسن ئاوا و شاهۆو مۆردانەو مەولەوی شارێ و بامۆکو بانە) لەپێوەر کەمترە ئەمانەش زیاتر لە نیوەی خوێندنگەکانی ئەم قۆناغەن لە شاری هەڵەبجەدا و ئەوە دەگەیەنێت کە ژمارەی خوێندکاران کەمترە لە پێوەر لە خوێندنگەکەدا لەبەرئەوەش خوێندکاری کەمتر لەپۆلێکداو بەشی زیاتریان بەردەکەوێت لەڕووبەر و فاکتەرێکی باشە بۆ زیاتر فێربوونی خوێندکاران و گەیاندنی زانیاری پێویست بۆیان لەلایەن مامۆستاکانەوە ، خوێندنگەکانی تر کە ژمارەیان (6) خوێندنگەیە لە پێوەر زیاترن سەبارەت بە ناوەندی خوێندکاری ئەم قۆناغە بۆ خوێندنگەکان (342.2) واتە نزمترە لەپێوەر ، وەك لە خشتەی (34) هاتووە.

## خشتەی(34)

### پێوەری ژمارەی خوێندکار بۆ خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی(1–6) لەشاری هەڵەبجە ساڵی (2015–2016)

| خوێندنگە | خويندكار | خوێندنگە | خوێندکار | خوێندنگە | خوێندکار |
|---|---|---|---|---|---|
| سالم | *422 | هەڵەبجە | ***437 | بورهان | ***586 |
| حمدون | ***562 | شێخ حەمەمین | *404 | مۆردانە | *327 |
| صلاح الدین | *266 | شەهیدانی خێڵی حەمە | *319 | مەولەوی | *338 |
| عادیلەخانم | *232 | پێشکەوتن | *359 | بامۆک | *102 |
| مەرزەبۆتۆ | *368 | شەپۆل | ***553 | شارەزوور | ***458 |
| بزاۆ | ***439 | حسن ئاوا | *278 | شارێ | *140 |
| شنرۆێ | *360 | شاهۆ | *162 | بانە | *75 |
| ناوەند | | | | | *342.2 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە :1 –حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی پەروەردە،بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە،بەشی پلاندانان،داتای بڵاونەکراوە.

2- پاشکۆی(8).

سەبارەت بەخوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی(7–9) سەرجەمیان لەپێوەر کەمترە،ئەمەش بەلایەنێکی باشی ئەم خزمەتگوزارییە دادەنرێت بۆ ئەم پێوەرە، هۆکارەکەشی بۆ زۆری ئەم خوێندنگانە دەگەڕێتەوە کەوا تایبەت کراوە بەم قۆناغە لەبەرئەوەش دەبینین ناوەندی خوێندکارانیش لەم قۆناغەدا کەمترە لەپێوەر کە (272.4) خوێندکارە بۆ هەرخوێندنگەیەك .بڕوانە خشتەی(35).

خشتەی(35)

پێوەری ژمارەی خوێندکار بۆخوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (7–9) لەشاری هەڵەبجە ساڵی (2015–2016)

| خوێندنگە | ژمارەی خوێندکار | خوێندنگە | ژمارەی خوێندکار |
|---|---|---|---|
| کەمالی | 348* | ئایندەی کچان | 344* |
| شەهید ئازاد هەورامی | 283* | وەزگێلی کچان | 82* |
| کاردۆخی | 335* | سازگاری کچان | 356* |
| ڕێنوار | 226* | ڕەهەندی بنەڕەتیی ئێواران | 175* |
| گۆران | 424* | شەهید ئەنوەر | 352* |
| کانی عاشقان | 241* | شەن | 154* |
| نێرگز | 307* | شارۆ | 187* |
| ناوەند | | | 272.4* |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە :

1– حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە، بەشی پلاندانان، داتای بڵاونەکراوە.

2– پاشکۆی(8).

سەبارەت بەخوێندنگە ئامادەییەکان 4 خوێندنگە لەپێوەر کەمترە ئەوانیش (پێشەنگی کوڕان و بالامبۆی کوڕان و هەڵەبجەی ئێوارانی کوڕان و مهابادی ئێوارانی کچانە)ە، خوێنگەکانی ( احمدمختارجاف کوڕان و شەهیدانی کیمیابارانی کچان و شەهید عبدالرحمن میرزای کچان و هەڵەبجەی کچان ) لەپێوەر زیاترە بڕوانە خشتەی (36). هۆکاری ئەم زیادبوونەش پەیوەندی بە مێژووی کۆنی خوێندنگەکانەوە هەیە

خشتەی(36)

پێوەری ژمارەی خوێندکار بۆخوێندنگە ئامادەییەکان لە شاری هەڵەبجە ساڵی2015–2016

| خوێندنگە | ژ.خوێندکار | خوێندنگە | ژ.خوێندکار |
|---|---|---|---|
| أحمدمختارجافی کوڕان | 741*** | شەهیدانی کیمیابارانی کچان | 631*** |
| پێشەنگی کوڕان | 285* | هەڵەبجەی کچان | 716*** |
| بالأمبۆی کوڕان | 402* | شەهید عبدالرحمن میرزای کچان | 562*** |
| هەڵەبجەی ئێوارانی کوڕان | 243* | مهابادی ئێوارانی کچان | 180* |
| ناوەند | | | 470*** |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە :

1– حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە، بەشی پلاندانان، داتای بڵاونەکراوە.

2– پاشکۆی(8)

هەروەها شوێنەکەیان بەپێی ناوچەی نیشتەجێبوونی دانیشتوان لەبەرئەوە لەڕووی ژمارەی خوێندکارەوە زۆر زیاترە لە خوێندنگەکانی تر کە لەپێوەر نزمترە هەر بۆیە ئەمەش وادەکات ناوەندی ژمارەی خوێندکار بۆ خوێندنگە بگاتە (470) خوێندکار کە لەپێوەر بەرزترە.

## 3- پێوەری ژمارەی پۆلەکان(معيار عدد الصفوف)

ئەم پێورە لە ولآتیك بۆ ولآتیکی تر جیاوازی هەیە و تەنانەت لە ناوخۆی ولآتێکیشدا بە هەمان شێوە جیاوازە سەبارەت بە باخچەی مندالآن بەپێی پێوەری پلاندانانی عێراقی(4)پۆلە و خوێندنگەی بنەڕەتیی و ئامادەیی هەریەکەیان (12) پۆل کراوە بە پێوەر. پاشکۆی (8)و خشتەی(37).

سەبارەت بە باخچەی مندالآن هیچ باخچەیەك نییە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە هاوتای پێوەر بێت، تەنها باخچەی لەندی کە لەپێوەر کەمترە ئەوەش بەهۆی ئەوەی لە بینای نیشتە جێبوون دان و ڕووبەری کەمە، بەلآم سەرجەم باخچەکانی تر لەپێوەر زیاترە ئەمەش بەخاڵێکی باش دادەنرێت چونکە ژمارەی پۆلی خوێندن زیاترە لەپێوەرو بەمەش ژمارەیەکی کەمتر مندالآن لەپۆلێك دەبن. وەك لە خشتەی (37) هاتووە.

خشتەی(37)

پێوەری ژمارەی پۆل بۆ باخچەی مندالآن لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015-2016

| ناوی باخچە | ژمارەی پۆل | ناوی باخچە | ژمارەی پۆل |
|---|---|---|---|
| خونچە | 10*** | باخی میر | 6*** |
| هەڵەبجە | 6*** | بینای | 6*** |
| شنە | 6*** | لەندی | 3* |
| پەریان | 10*** | ناوەند | 6.5*** |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە :

1- سەردانی مەیدانی توێژەر لەڕێکەوتی 26و2016/2/27

2- حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی پەروەردە،بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە، بەشی پلاندانان، داتای بلآونەکراوە.

3- پاشکۆی(8).

هەرچی خوێندنگە بنەڕەتیەکان* قۆناغی (1-6) ژمارەیان (21) خوێندنگەیە، لەم ژمارەیەش (5) خوێندنگە هاوتای پێوەرە ئەوانیش (صلاح الدينو عادیلەخانمو شنرویۆ شەهیدانی خێلی حمەو مۆردانە) لەبەرانبەر ئەمەشدا خوێندنگەکانی (حسن ئاوا و بامۆك و شارێ ) کەمترن لەپێوەر، هۆکارەکەشی بۆکەمی خوێندکار دەگەڕێتەوە بەتایبەت (حسن ئاوا و بامۆك) کە گوندی سەر بە شارەکەن و بەهۆی فراوانبوونی شار و بەدیلی کردنیان بوونەتە دوو گەڕەك لەشارەکە، ژمارەی پۆلی

---

* خوێندنگەکانی بەمۆ و ئالآ و سەردەشت بەپشت بەستن بەوەی کەوا ژمارەی خوێندکاری 1- 6 زیاترە لە 7-9 و لەبەرئەوەی کەوا جیانەکراونەتەوە و پێوەرێکیش نیە تایبەت بێت بەم قۆناغە چونکە دوو تەمەنی جیاواز لەخۆدەگرێت ، لەبەرئەوە زۆربەی کات بۆ بەراورد کردنی بەپێوەرکان هەمان پێوەری (1- 6) بەسەردا جێبەجێ دەکەین. لە دواتردا سەرجەم پێوەرەکانی لە خشتەی ( 63) ڕوندەکرێنەوە.

خوێندنیش کەمە  لەو خوێندنگانەدا. هەروەها خوێندنگەکانی تر کە ژمارەیان (13)یە لە پێوەر زیاترن، ئەمەش بەهۆی زۆری خوێندکارەوە لەو خوێندنگانەدا، بۆ ئەوەی کەوا باشتر پرۆسەکە بەرێوە بچێتو زیاتر سوودی لێوەرگیرێت پۆلەکان زیاد دەکەن و تاکو ژمارەیەکی کەمتر لەخوێندکار تێیدا بخوێنێت. بڕوانە خشتەی(38).

خشتەی (38)

پێوەری ژمارەی پۆل بۆخوێندنگەی بنەڕەتی قۆناغی 1–6 لەشاری هەڵەبجە ساڵی2015– 2016

| خوێندنگە | ژمارەی پۆل | خوێندنگە | ژمارەی پۆل | خوێندنگە | ژمارەی پۆل |
|---|---|---|---|---|---|
| سالم | 19*** | هەڵەبجە | 14*** | بورهانی حاجی محەمەد | 24*** |
| حمدون | 24*** | شێخ حمەامین | 14*** | مۆردانە | 12** |
| صلاح الدین | 12** | شەهیدانی خێڵی حمە | 12** | مەولەوی | 13*** |
| عادیلەخانم | 12** | پێشکەوتن | 13*** | بامۆك | 6* |
| مەرزەبۆتۆ | 15*** | شەپۆل | 18*** | شارەزوور | 15*** |
| بزاڤ | 13*** | حسن ئاوا | 10* | شاری | 6* |
| شنروێ | 12** | شاهۆ | 11* | بانە | 4* |
| ناوەند | | | | | 13.2*** |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە :

1– حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە، بەشی پلاندانان، داتای بلاَونەکراوە.

2– پاشکۆی (8).

سەبارەت بەخوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی 7–9 لە خشتەی (39) ڕوون بۆتەوە کەوا لەم قۆناغەدا (5) خوێندنگە (کمالی و شەهیدئازاد هەورامی و کاردۆخی و نێرگز و ئایندەی کچانە) هاوتایە لەگەڵ پێوەردا جگە لەخوێندنگەکانی (گۆران و شەهیدانوەر)کە لە پێوەر زیاترە،(7) خوێندنگەکەی تر لەپێوەر نزمترە،وناوەندی پۆلی خوێندنی خوێندنگەکانی ئەم قۆناغەش لەپێوەر کەمترە کە (10.2)ی پۆلی خوێندن دەگرێتەوە.

هەرچی خوێندنگە ئامادەییەکانە لەشاری هەڵەبجەدا سەرجەمیان (8) لەڕووی پێوەری پۆلەوە هیچ خوێندنگەیەك هاوتای پێوەر بێت بەلاَم (6) خوێندنگە (أحمدمختارجاف، پێشەنگ، بالأمبۆ، شەهیدانی کیمیاباران، هەڵەبجەی کچان و شەهید عبدالرحمن میرزا) لە پێوەریش بەرزترە ئەمەش بەلایەنێکی باش تەماشا دەکرێت،چونکە ژمارەی پۆل زیاترە بەراورد بە پێوەری ناوخۆی، لە هەمان کاتدا خوێندنگەکانی هەڵەبجەی ئێواران‌ومهابادی ئێواران) بەراورد بە پێوەر ژمارەی پۆلی کەمترە.بڕوانە خشتەی(40).

## خشتەی (39)

### پێوەری ژمارەی پۆل بۆ خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (7- 9)لەشاری هەڵبجە ساڵی 2015- 2016

| خوێندنگە | ژمارەی پۆل | خوێندنگە | ژمارەی پۆل |
|---|---|---|---|
| کەمالی | **12 | ئاێندەی کچان | **12 |
| شەهید ئازاد هەورامی | **12 | وەزگێلی کچان | *4 |
| کاردۆخی | **12 | سازگاری کچان | *11 |
| ڕێنوار | *9 | ڕەهەندی بنەڕەتیی ئێواران | *7 |
| گۆران | ***15 | شەهید ئەنوەر | ***14 |
| کانی عاشقان | *9 | شەن | *7 |
| نێرگز | **12 | شارۆ | *7 |
| ناوەند | | | *10.2 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە :

1- حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵبجە، بەشی پلاندانان، داتای بلاۆنەکراوە. 2- پاشکۆی(8).

## خشتەی (40)

### پێوەری ژمارەی پۆل بۆخوێندنگە ئامادەییەکان لەشاری هەڵبجە ساڵی 2015-2016

| خویندنگە | ژ.پۆل | خویندنگە | ژ.پۆل |
|---|---|---|---|
| أحمدمختارجاف | ***30 | شەهیدانی کیمیاباران | ***24 |
| پێشەنگ | ***13 | هەڵبجەی کچان | ***23 |
| بالأمبۆ | ***17 | شەهید عبدالرحمن میرزا | ***21 |
| هەڵەبجەی ئێواران | *11 | مهابادی ئێواران | *10 |
| ناوەند | | | ***17.3 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە :

1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵبجە،بەشی پلاندانان، داتای بلاۆنەکراوە.

2- پاشکۆی(8).

### 4-پێوەری ژمارەی خوێندکار بۆ پۆلی خوێندن:

بە پێی پێوەری وەزارەتی پلاندانانی عێراقی ئەوەی کە دیاری کراوە بۆ مندالأنی باخچە لە یەك پۆلدا پێویستە (25-30) مندالّ و خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی 1-6 (25-36) وقۆناغی 7-9 (30-25) و قۆناغی ئامادەییش (30) خوێندکارن.وەك لە خشەی(41و42و43و44) هاتووە.

سەبارەت بە باخچەی مندالأن لەکۆی (7) باخچە تەنها(2) باخچە هەیە کەوا هاوتای پێوەربێت، ئەوانیش (پەریان و بینایی)ن و باخچەی خونچەش لە پێوەر کەمترە بە شێوەیەکی باشوئەرێنی، بەلأم باخچەکانی تر لەپێوەر زیاترن و ناوەندی باخچەکانیش بەهەمان شێوە لە پێوەر زیاترە، کە(32.1)ی

خوێندکارە، هۆکاری ئەمەش بۆ کەمی باخچەی منداڵان دەگەڕێتەوە لەشارەکە. بۆیە زۆری ژمارەی منداڵان لە باخچەکاندا وادەکات کە ژمارەیان لە پۆلێکدا زیاتر بێت، بڕوانە خشتەی (41).

خشتەی(41)

پێوەری ژمارەی خوێندکار بۆ پۆلی خوێندن لە باخچەی منداڵانی شاری هەڵەبجە ساڵی (2015-2016)

| ناوی باخچە | خوێندکار/ پۆلی خوێندن | ناوی باخچە | خوێندکار/ پۆلی خوێندن |
|---|---|---|---|
| خونچە | *20.3 | باخی میر | ***35.8 |
| هەڵەبجە | ***40.5 | بینای | **25 |
| شنە | ***41.5 | لەندی | ***32 |
| پەریان | **30 | ناوەند | ***32.1 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە :

1- سەردانی مەیدانی توێژەر. لە ڕێکەوتی 26و2016/2/27.

2- خشتەی( 33 و 37 ).

3- پاشکۆی (8).

پاشان خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (1-6 ) دەبینین کەوا (10) خوێندنگە لەپێوەر کەمترە ئەوانیش (سالم-حمدون-صلاح الدین- عادیلەخان - مەرزەبۆتۆ- شاهۆ- بورهان- بامۆک - شارێ - بانە) ئەمانەش بەلایەنێکی باش دادەنرێت لەڕووی ئاستی تێگەیشتن و بەشداریی پێکردنی خوێندکار لەئەرکی ڕۆژانەو وانەکاندا لەو خوێندنگانەی ئەم قۆناغەدا هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ زۆری و بڵاوبونەوەی ئەم خوێندنگانە بەشێوەیەکی زیاتر لەشارەکەدا بەراورد بەقۆناغەکانی تر، سەرجەم خوێندنگەکانی تر کە ژمارەیان 11 خوێندنگەن هاوتای پێوەرە لەبەرئەوە دەبینین هیچ خوێندنگەیەك لەپێوەر زیاتر نیە و ناوەندی خوێندکاریش بۆ خوێندنگەکان لەم قۆناغەدا (25.2)ئەمەش هاوتای پێوەرە، بڕوانە خشتەی(42).

بەڵام کە دێینە سەر جێبەجێکردنی ئەم پێوەرە بەسەر خوێندنگەی بنەڕەتیی لەقۆناغی(7-9)دا دەبینین کەوا تەنها(3)خوێندنگە (شەهید ئازاد- وەزگێڵ- شەن) کەمترە لەپێوەر، واتە بەشی زۆری خوێندنگەکان هاوتای پێوەرە کە ژمارەیان (10) خوێنگەن و بریتین لە (کمالی - کاردۆخی - ڕێنوار- گۆران - کانی عاشقان- نێرگز- ئایندە- ڕەهەند - شەهید انوەر- شارۆ) وەك لە خشتەی (43) هاتووە بە تەنها خوێندنگەی (سازگار) زیاترە لەپێوەر، ئەمەش بۆ زۆری ژمارەی خوێندکاری دەگەڕێتەوە بەراورد بە هۆڵەکانی خوێندنی چونکە لەخوێندنگەی شاهۆدا بەشێوەی میوان لەنهۆمی دووەمدان، ناوەندی خوێندکارانی خوێندنگەی ئەم قۆناغەش بۆ پۆلی خوێندن (26.1)ی خوێندکارە ئەمەش هاوتای پێوەرە ئەمەش بەگشتی بەلایەنێکی باش بۆ ئەم قۆناغە دادەنرێت.

خشتەی(42)

پێوەری ژمارەی خوێندکار بۆ پۆلی خوێندن لەخوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی 1– 6 لەشاری هەڵبجە ساڵی 2015–2016

| خوێندنگە | خوێندکار/ پۆل | خوێندنگە | خوێندکار/ پۆل | خوێندنگە | خوێندکار/ پۆل |
|---|---|---|---|---|---|
| سالم | *22.2 | هەڵەبجە | **31.2 | بورهان | *24.4 |
| حمدون | *23.4 | شێخ حمەامین | **28.8 | مۆردانە | **27.2 |
| صلاح الدین | *22.1 | شەهیدانی خێڵی حمە | **26.5 | مەولەوی | **26 |
| عادیلەخانم | *19.3 | پێشکەوتن | **27.6 | بامۆك | *17 |
| مەرزەبۆتۆ | *24.5 | شەپۆل | **30.7 | شارەزوور | **30.5 |
| بزاڤ | **33.7 | حسن ئاوا | **27.8 | شاڕێ | *23.3 |
| شنروێ | **30 | شاهۆ | *14.7 | بانە | *18.7 |
| ناوەند | | | | | **25.2 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە :

1– خشتەی(34و38).

2– پاشکۆی(8).

خشتەی (43)

پێوەری ژمارەی خوێندکار بۆ پۆلی خوێندن لە خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی( 7–9) لەشاری هەڵبجە ساڵی (2015–2016)

| خوێندنگە | خوێندکار/پۆل | خوێندنگە | خوێندکار/پۆل |
|---|---|---|---|
| کەمالی | **29 | ئایندەی کچان | **28.6 |
| شەهید ئازاد هەورامی | *23.5 | وەزگێلی کچان | *20.5 |
| کاردۆخی | **27.9 | سازگاری کچان | ***32.2 |
| ڕێنوار | **25.1 | ڕەهەندی بنەڕەتیی ئێواران | **25 |
| گۆران | **28.2 | شەهید ئەنوەر | **25.1 |
| کانی عاشقان | **26.7 | شەن | *22 |
| نێرگز | **25.5 | شارۆ | **26.7 |
| ناوەند | | | **26.1 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە :

1– خشتەی(35و39).

2– پاشکۆی(8).

هەرچی خوێندنگە ئامادەییەکانیشە ژمارەیان (8) خوێندنگەن (6) لەپێوەر کەمترە بەگشتی، هۆکاری ئەم کەمیەش بۆ زۆری هۆڵی خوێندن دەگەڕێتەوە و بەشێکی بۆ کەمی خوێندکار دەگەڕێتەوە وەك لەخوێندنگەی (مهابادی ئێوارانو هەڵەبجەی ئێواران)دا دەبینرێت، تەنها خوێندنگەی(هەڵەبجەی کچان) بەرێژەیەکی کەم لەپێوەر زیاترە هۆکارەکەشی پەیوەندیی بەزۆری ژمارەی خوێندکارەوە هەیە،

سەبارەت ناوەند خوێندکارانیش لە خوێندنگەکاندا(24.2)خوێندکارە بۆ هەر یەکێك لە پۆلەکانی خوێندن. وەك لە خشتەی (44) دیارە.

خشتەی(44 )

پێوەری ژمارەی خوێندکار بۆ پۆلی خوێندن لە خوێندنگە ئامادەییەکانی شاری هەڵبجە سالْی (2015–2016)

| خوێندنگە | خوێندکار/ پۆل | خوێندنگە | خوێندکار/پۆل |
|---|---|---|---|
| أحمدمختارجاف | *24.7 | شەهیدانی کیمیاباران | *26.2 |
| پێشەنگ | *21.9 | هەڵەبجەی کچان | ***31.1 |
| بالآمبۆ | *23.6 | شەهید عبدالرحمن میرزا | *26.7 |
| هەڵەبجەی ئێواران | *22 | مهابادی ئێواران | *18 |
| ناوەند | | | *24.2 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە :

1– خشتەی (36 و 40)

2– پاشکۆی(8).

## 5– پێوەری ژمارەی خوێندکار بۆ مامۆستا :

بەپێی پێوەری وەزارەتی پلاندانانی عێراقی (7) ئاماژەمان بۆ کردووە، ئەو ژمارە خوێندکارەی کە دیاری کراوە بۆ یەك مامۆستا لەباخچەی منداڵاندا دەبێت (20) منداڵ بێت و خوێندنگەی بنەڕەتی قۆناغی 1–6 (20)خوێندکارو خوێندنگەی بنەڕەتی قۆناغی (7– 9) بەهەمان شێوە(20) خوێندکارە، بەڵام ئامادەییەکان (18– 20) خوێندکار دانراوە بۆ جێبەجێکردنی ئەم پێوەرە لەناوچەی لێکۆڵینەوەدا. خشتەی(45 و 46و47و48)

خشتەی(45)

پێوەری ژمارەی منداڵ بۆ مامۆستا لە باخچەی منداڵان لەشاری هەڵەبجە سالْی 2015–2016

| ناوی باخچە | ژ.خوێندکار/مامۆستا | ناوی باخچە | ژ.خوێندکار / مامۆستا |
|---|---|---|---|
| خونچە | *10.6 | باخی میر | *9.3 |
| هەڵەبجە | *9.7 | بینای | *9.3 |
| شنە | *10.8 | لەندی | *6 |
| پەریان | *11.1 | ناوەند | *9.5 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە : 1– خشتەی (33) .

2– حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە، بەشی پلاندانان، داتای بلاْونەکراوە.

3– پاشکۆی(8).

وەك لەخشتەی (45) هاتووە دەبینین کەوا سەرجەم باخچەکان لەڕووی ژمارەی خوێندکار بۆ یەك مامۆستا لەپێوەر کەمترە ئەمەش بۆ هۆکاری زۆری مامۆستا دەگەڕێتەوە لە باخچەکاندا، بۆیە باخچەکان

لەڕووی ئەم پێوەرەوە بەلایەنێکی باش تەماشا دەکرێت،چونکە مامۆستا توانای گەیاندنی زانیاری و چاودێری کردن و ڕاهێنانی منداڵان و هەڵسەنگاندنیانی زیاتر دەبێت.

هەروەها لە خشتەی (46) ئەوە ڕوون بۆتەوە کەوا خوێندنگەی بنەڕەتی قۆناغی (1–6 ) بەهەمان شێوەی باخچەی منداڵان سەرجەم خوێندنگەکان لە ڕووی پێوەری خوێندکار بۆ مامۆستا لە پێوەر کەمترە ئەمەش دیسان بەهۆی ئەوەیە کەوا لەم قۆناغەی خوێندندا ژمارەیەکی زۆر مامۆستا بوونی هەیە هەر لەبەر ئەوەشە کە زۆربەی زۆری خوێندنگەکان لەپێوەر نزمترن بەڕێژەیەکی زۆر، کەمترین ڕێژەش لەخوێندنگەی شاهۆیە کە (3.9) خوێندکار بۆ یەك مامۆستا بەرزترین ڕێژەش لە خوێندنگەی بانەیە کە(15) خوێندکارە بۆیەك مامۆستا، ئەمەش بەراوردا بە خوێندنگەکانی تر ڕێژەیەکی بەرزە هۆکارەکەشی بۆ کەمی مامۆستا دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەم کەمیەش هێشتا لەپێوەر کەمترە. بەگشتی ئەم کەمی ڕێژانە بە لایەنێکی باشەی ئەم قۆناغە هەژمار دەکرێت لە ڕووی پێوەری ژمارەی خوێندنكار بۆ یەك مامۆستا.

خشتەی(46)

پێوەری ژمارەی خوێندکار بۆ مامۆستا لە خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی(1–6)لەشاری هەڵەبجە

ساڵی 2015 –2016

| خوێندنگە | خوێندکار/مامۆستا | خوێندنگە | خوێندکار/مامۆستا | خوێندنگە | خوێندکار/مامۆستا |
|---|---|---|---|---|---|
| سالم | *6.9 | هەڵەبجە | *7.9 | بورهان | *6.9 |
| حمدون | *7.9 | شێخ حمەامین | *6.2 | مۆردانە | *7.6 |
| صلاح الدین | *4.7 | شەهیدانی خێڵی حمە | 6.3 | مەولەوی | *9.1 |
| عادیلەخانم | *4.6 | پێشکەوتن | *9.4 | بامۆك | *4.6 |
| مەرزەبۆتۆ | *6.4 | شەپۆل | 8.9 | شارەزوور | *8.1 |
| بزاڤ | *8.6 | حسن ئاوا | *9.2 | شاری | *6.3 |
| شنرویَ | *7 | شاهۆ | *3.9 | بانە | *15 |
| ناوەند | | | | | *7.4 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە : 1– خشتەی(34) .

2– حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە، بەشی پلاندانان، داتای بلاَونەکراوە.

3– پاشکۆی(8).

سەبارەت بەخوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (7–9) لەخشتەی(47) هاتووە، کە بەهەمان شێوەی قۆناغەکانی پێشووی سەرجەم خوێندنگەکان لەپێوەر کەمترە، ناوەندی خوێندکار بۆ مامۆستا لەم قۆناغەدا (11.2) هۆکاری ئەمانەش بۆ ئەوە دەگەڕیتەوە کە ژمارەی مامۆستا لەم شارەدا زۆرە هەر بۆیە لەکاتی جێبەجێ کردنی ئەم پێوەر بەسەر ئەم جۆرانەی خزمەتگوزاریی فێرکاری دەبینین کەوا کەمترن لە پێوەر.

خشتەی(47)

پێوەری ژمارەی خوێندکار بۆ مامۆستا لە خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی(7- 9)لەشاری هەڵەبجە

سالی 2015-2016

| خوێندنگە | خوێندکار/مامۆستا | خوێندنگە | خوێندکار/مامۆستا |
|---|---|---|---|
| کەمالی | 11.6* | ئایندەی کچان | 9.5* |
| شەهید ئازاد هەورامی | 9.8* | وەزگێلی کچان | 6.3* |
| کاردۆخی | 10.1* | سازگاری کچان | 10.1* |
| ڕێنوار | 9* | ڕەهەندی بنەڕەتی ئێواران | 11.6* |
| گۆران | 14.1* | شەهید ئەنوەر | 12.1* |
| کانی عاشقان | 8.9* | شەن | 15.4* |
| نێرگز | 10.5* | شارۆ | 18.7* |
| ناوەند | | | 11.2* |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە : 1 – خشتەی (35) .

2- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە، بەشی پلاندانان، داتای بلاونەکراوە.

3- پاشکۆی(8).

خوێندنگە ئامادەییەکانیش بەهەمان شێوەی سەرجەم خوێندنگەو قۆناغەکانی تر لەپێوەر کەمترە ناوەندیشیان (10.4) خوێندکارە بۆ یەك مامۆستا،ئەمەش نزیکەی نیوەی پێوەری ناوخۆیە، بڕوانە خشتەی(48)، دەکرێت بڵێین بەهۆی زۆری مامۆستا لە شارەکەدا دەبینین کەوا سەرجەم قۆناغەکان لەڕووی ژمارەی خوێندکار بۆ مامۆستایەك لەپێوەر کەمترە.

خشتەی(48)

پێوەری ژمارەی خوێندکار بۆ مامۆستا لە خوێندنگەی ئامادەیی لەشاری هەڵەبجە

سالی 2015-2016

| خوێندنگە | خوێندکار /مامۆستا | خوێندنگە | خوێندکار /مامۆستا |
|---|---|---|---|
| أحمدمختارجاف | 12.7* | شەهیدانی کیمیاباران | 13.1* |
| پێشەنگ | 8.3* | هەڵەبجەی کچان | 12.7* |
| بالآمبۆ | 10* | شەهید عبدالرحمن میرزا | 11.4* |
| هەڵەبجەی ئێواران | 9* | مهابادی ئێواران | 6.4* |
| ناوەند | | | 10.4* |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە : 1 – خشتەی(36) .

2- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە، بەشی پلاندانان، داتای بلاونەکراوە.

3- پاشکۆی(8).

### 6- پێوەری ڕووبەری (معيار المساحة)

ڕووبەریش وەك پێوەرێك گرنگەو تایبەتمەندی خۆی هەیە بۆ کرداری گەشەی زانستی و هەلی گەشەکردنی بواری خزمەتگوزاریی فێرکاریی، لەبەرئەوە دەتوانرێت لە ڕێگەی ئەم پێوەرەوە بەشی خوێندکار دیاریبکرێت لە خوێندنگەکەدا ئەمەش لە چەند جۆرێکدا خۆی دەبینێتەوە ئەوانیش ڕووبەری گشتیو بەشی خوێندکار لە ڕووبەری گشتی (یاریگاو باخچەو هۆڵی خوێندن و تاقیگەو...هتد)

پێوەری ڕووبەریش مەبەست لێی ڕووبەری گشتی خوێندنگەیە، هەموو جۆرەکانی خزمەتگوزاریی فێرکاری ڕووبەرێکی تایبەت بەخۆیان هەیە ئەم ڕووبەرە دەگۆڕێت لەسەر ئاستی گەڕەکەکان، هەروەها ژمارەیەك خوێندکار لەخۆدەگرێت و هەر خوێندکارێکیش بەشی خۆی بەردەکەوێ لە ڕووبەری گشتی خوێندنگەکە، هەتاکو ڕووبەر زۆر بێت و فراوانتر بێت لەهەموو جۆرەکانی ئەم خزمەتگوزاریەدا دەبێتە هۆی ئەوەی خوێندکار ڕووبەرێکی زیاتری بەرکەوێ ئەمەش لەڕووی ئەنجامدانی چالاکیەکان بەهەموو جۆرەکانیەوە بەلایەنێکی باش دادەنرێت، بەپێچەوانەشەوە ڕاستە.

بەپێی پێوەری پلاندانان ڕووبەری گشتی باخچەی منداڵان دەبێت (3000-3500)م$^2$ و خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی 1-6 (5000-6000)م$^2$ و بنەڕەتیی قۆناغی 7-9 (8000-9000)م$^2$ قۆناغی ئامادەییش (10000-12000)م$^2$ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاشکۆی(8)، لێرەدا ئەم ڕووبەرانە بەراورد دەکەین بە سەرجەم قۆناغەکانی ئەم خزمەتگوزارییە وەك لە خشتەی (49و 50و51و52) بەمەش بۆمان ڕوندەبێتەو کەوا چەندێك لە خزمەتگوزارییەکان هاوتای پێوەرو چەندی تریان کەمتر یان زیاترە.

بە تێبینی کردن خشتەی (49) دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەوا بڵێین جگە لە باخچەی منداڵانی ( پەریان) کە لە پێوەر زیاترە سەرجەم باخچەکانی تر لە ڕووی ڕووبەریانەوە لەپێوەر کەمترن سەبارەت بە ناوەندی ڕووبەری باخچەکانیش( 1951.7)م$^2$ بەگشتی ئەمەش ڕووبەرێکی کەمە هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ڕووبەری هەندێکیان و(2) باخچەی منداڵنیش ناوچەی لێکۆڵینەوە کە ئەوانیش باخچەی (لەندی و بینایین) لەبینای نیشتەجێبووندان و ڕووبەری هەریەکەیان لە (250)م$^2$ زیاتر نیە .

خشتەی(49)

پێوەری ڕووبەری گشتی بۆ باخچەی منداڵان لە شاری هەڵەبجە ساڵی 2015-2016

| باخچە | ڕووبەر /م$^2$ | باخچە | ڕووبەر /م$^2$ |
|---|---|---|---|
| خونچە | *1960 | باخی میر | *2500 |
| هەڵەبجە | *2438 | بینای | *240 |
| شنە | *2500 | لەندی | *250 |
| پەریان | ***3774 | ناوەند | ***1951.7 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: 1- سەردانی مەیدانی توێژەر لە ڕێکەوتی 2016/2/27/26

2- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە، بەشی پلاندانان، داتای بلاَونەکراوە.

سەبارەت بەخوێندنگە بنەڕەتیەکانی قۆناغی(1–6) لە خشتەی (50) بۆمان ڕوندەبێتەوە کەوا زۆربەی خوێندنگەکان لەپێوەر کەمترە لەڕووی ڕووبەری گشتیەوە،ئەوەشی کەوا زیاتر لە پێوەر (5) خوێندنگەیە ئەوانیش (بزاڤ– پێشکەوتن– حسن ئاوا– مۆردانە– بانە)یە بەهۆی ئەو ڕووبەرەزۆرەیانەوە سوودی زیاتری دەبێت لەڕووی بەرکەوتی بەشی خوێندکار لە ڕووبەری گشتی خوێندنگە، تەنها 2 خوێندنگەش هاوتای پێوەرە ئەوانیش (مەولەوی‌وشارێ)نو ناوەندی ڕووبەری خوێندنگەکانیش (4005.3)م$^2$ واتە لەپێوەر کەمترە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بەشی زۆری خوێندنگەکان لەڕووی ڕووبەریانەوە لەپێوەر کەمترە.

خشتەی(50)

پێورەی ڕووبەری گشتی لەخوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی1– 6 لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015–2016

| خوێندنگە | ڕووبەر /م$^2$ | خوێندنگە | ڕووبەر /م$^2$ | خوێندنگە | ڕووبەر /م$^2$ |
|---|---|---|---|---|---|
| سالم | *2065 | هەڵەبجە | *2500 | بورهان | *4243.5 |
| حمدون | *3040 | شێخ حمەامین | *1530 | مۆردانە | ***7000 |
| صلاح الدین | *1764 | شەهیدانی خێڵی حمە | *900 | مەولەوی | **5064 |
| عادیلەخانم | *4599 | پێشکەوتن | ***7000 | بامۆک | *891 |
| مەرزەبۆتۆ | *4536 | شەپۆل | *3552 | شارەزوور | *3111 |
| بزاڤ | ***6143.36 | حسن ئاوا | ***8937.84 | شارێ | **5064 |
| شنرویێ | *3599,43 | شاهۆ | *2185.5 | بانە | ***6386.11 |
| ناوەند | | | | | *4005.3 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە :

1– سەردانی مەیدانی توێژەر لە ڕێکەوتی 17 /1/2016

2 – حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە، بەشی پلاندانان، داتای بلاَونەکراوە.

خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی(7–9) جیاواز لەقۆناغی پێشووتر سەرجەمیان لە پێوەر کەمترە، ئەمەش بەخاڵێکی لاوازی خوێندنگەکانی ئەم قۆناغە دادەنرێت لەڕووی بەرکەوتی ڕووبەریان بۆ خوێندکارانی هۆکاری ئەم کەمیەش بۆ کۆنی خوێندنگەکان دەگەڕێتەوە لەکاتێکیشدا کە دروستکراون بیر لە دوارۆژ و فراوانبونی شارو زیادبوونی دانیشتوانو زیادبوونی خوێندکار نەکراوەتەوە هەندێک جاریش شوێنی خوێندنگەکە توانای فراوانبوونی نییە ئەمانەش دەبنە هۆی ئەوەی ڕووبەری خوێندنگە کەمبێت بەم هۆیەشەوە بەرکەوتی خوێندکار کەم دەبێت لەو ڕووبەرە گشتییە. وەك لە خشتەی(51) هاتووە.

خوێندنگە ئامادەییەکانیش سەرجەمیان لەپێوەر کەمترە وەك لەخشتەی (52) دیارە بۆیە ناوەندی ڕووبەری گشتی خوێندنگەکانیش کەمترە لەپێوەر (6 311.1) م$^2$ ئەم ڕووبەرە کەمانەش وادەکات خوێندکار کەمتر ئاسوودە بن لەخوێندنگەکان‌وکەمتر توانای گەڕانو ئەنجامدانی چالاکی زانستیو وەرزشیان بێت،ئەمەش کاردەکاتە سەر توانی بیری‌وباری دەروونیان لە کۆتایشدا هەندێك لەخوێندکاران پێدەچێت باش نەتوانن کۆنترۆڵی وانەو زانست‌وزانیاری خوێندنگەکەیان بکەن .

## خشتەی (51)

### پێوەری ڕووبەری گشتی  لە خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (7–9)  لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2016–2015

| خوێندنگە | ڕووبەر/م² | خوێندنگە | ڕووبەر/م² |
|---|---|---|---|
| کەمالی | 4599* | ئایندەی کچان | 3111* |
| شەهید ئازاد هەورامی | 6143.36* | وەزگێلی کچان | 5200* |
| کاردۆخی | 3599,43* | سازگاری کچان | 2185.5* |
| ڕێنوار | 7000* | ڕەهەندی بنەڕەتی ئێواران | 4599* |
| گۆران | 3354* | شەهید ئەنوەر | 7770* |
| کانی عاشقان | 3150* | شەن | 2500* |
| نێرگز | 4536* | شارۆ | 5064* |
| ناوەند | | | 4486.5* |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە :

1– سەردانی مەیدانی توێژەر لە ڕێکەوتی 2016/1/15

2– حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە، بەشی پلاندانان، داتای بڵاونەکراوە.

## خشتەی(52)

### پێوەری ڕووبەری گشتی لەخوێندنگەی ئامادەیی لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015 –2016

| خوێندنگە | ڕووبەر/ م² | خوێندنگە | ڕووبەر/ م² |
|---|---|---|---|
| أحمدمختارجاف | 8500* | شەهیدانی کیمیاباران | 4789.06* |
| پێشەنگ | 6386.11* | هەڵەبجەی کچان | 4088* |
| بالأمبۆ | 5200* | شەهید عبدالرحمن میرزا | 8937.84* |
| هەڵەبجەی ئێواران | 8500* | مهابادی ئێواران | 4088* |
| ناوەند | | | 6 311.1* |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە :      1– سەردانی مەیدانی توێژەر لە ڕێکەوتی 2016/1/18

2– حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی پەروەردە،بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە،بەشی پلاندانان،داتای بڵاونەکراوە.

**7– پێوەری بەشی خوێندکار لەڕووبەری گشتی:(نصيب الطالب من المساحة الكلية)**

لە پاشکۆی (8) هاتووە کەوا بەپێی پێوەر بۆ باخچەی منداڵان بەشی یەك خوێندکار دەبێت (30–35)م² و خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (1– 6) لەنێوان (13–14)م² و قۆناغی (7–9) لە نێوان (22–28)م² قۆناغی ئامادەیش لەنێوان (25–30)م² لەڕووبەری گشتی خوێندنگەی بەرکەوێت.

سەبارەت بە باخچەی منداڵان سەرجەم باخچەکان لەڕووی بەرکەوتی بەشی منداڵان لەڕووبەری گشتی لە پێوەر کەمترە ئەمەش بۆ کەمی ڕووبەری گشتی باخچەکان دەگەڕێتەوە، زۆری ژمارەی منداڵ لە باخچەکاندا

وادەكات لەڕووی ڕووبەری بەركەوتووی هەر منداڵێك لەڕووبەری گشتی لەپێوەر كەمتر بێت، بەهۆی ئەمانەشەوە ناوەندی بەركەوتی ڕووبەری گشتی بۆ منداڵان تەنها(7.9)م$^2$،ئەمەش زۆر كەمە بەراورد بە پێوەرەكەو كاریگەری دروست دەكات لەسەر ڕاهێنان و فێركردنو پێگەیاندنی منداڵان لە باخچەكاندا. بڕوانە خشتەی (53).

خشتەی(53)

بەشی خوێندكار لەڕووبەری گشتی بۆ باخچەی منداڵان لەشاری هەڵەبجە ساڵی (2015–2016)

| ناوی باخچە | بەشی خوێندكار لەڕووبەر/م$^2$ | ناوی باخچە | بەشی خوێندكار لە ڕووبەر/م$^2$ |
|---|---|---|---|
| خونچە | 9.6* | باخی میر | 11.6* |
| هەڵەبجە | 10.4* | بینای | 1.6* |
| شنە | 10* | لەندی | 2.6* |
| پەریان | 12.5* | ناوەند | 7.9* |

سەرچاوە: كاری توێژەر بە پشت بەستن بە : خشتەی(33و49).

سەبارەت بەخوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (1–6) جیاواز لەباخچەكان هەندێك لە خوێندنگەكان بەركەوتی ڕووبەر بۆخوێندكاریان زیاترە و هەندێكیشی هاوتایە وەك لەخشتەی(54) دیارە ئەوەی كەوا كەمترە خوێندنگەكانی(سالم – حمدون– صلاح الدین – مەرزەبۆتۆ – شنرویٚ – هەڵەبجە – شێخ حمەمین – شەهیدانی خێلی حمە– شەپۆل– بورهان– بامۆك– شارەزوور) ئەو خوێندنگەیانەش كەوا

خشتەی (54)

بەشی خوێندكار لەڕووبەری گشتی خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی( 1–6) لەشاری هەڵەبجە ساڵی (2015–2016 )

| خوێندنگە | بەشی خوێندكار لەڕووبەر/م$^2$ | خوێندنگە | بەشی خوێندكار لەڕووبەر/م$^2$ | خوێندنگە | بەشی خوێندكار لەڕووبەر/م$^2$ |
|---|---|---|---|---|---|
| سالم | 4.8* | هەڵەبجە | 5.7* | بورهان | 7.2* |
| حمدون | 5.4* | شێخ حمەمین | 3.7* | مۆردانە | 21.4*** |
| صلاح الدین | 6.6* | شەهیدانی خێلّی حمە | 2.8* | مەولەوی | 14.9*** |
| عادیلەخانم | 19.8*** | پێشكەوتن | 19.4*** | بامۆك | 8.7* |
| مەرزەبۆتۆ | 12.3* | شەپۆل | 6.4* | شارەزوور | 6.7* |
| بزاڤ | 13.9** | حسن ئاوا | 32.1*** | شارِی | 36.1*** |
| شنرویٚ | 9.9* | شاهۆ | 13.4** | بانە | 85.1*** |
| ناوەند | | | | | 16*** |

سەرچاوە: كاری توێژەر بە پشت بەستن بە : خشتەی (34 و 50)

زیاترە لەپێوەر (عادیلە خان –پێشكەوتن – حسن ئاوا–مۆردانە – مەولەوی – شاریٚ–بانە)، لە سوودی خوێندكاراندایە ئەم زیادی ڕووبەرە، خوێنگەكانی (بزاڤ–شاهۆ) هاوتای پێوەرن، ناوەندی بەشی خوێندكار لەڕووبەری گشتی(16)م$^2$ واتە لە پێوەر زیاترە ئەمەش بەخاڵیكی باش دادەنرێت لەم پێوەرەدا بۆ ئەم قۆناغە.

سەبارەت بە خوێندنگەی بنەڕەتی قۆناغی (7– 9) وەك لە خشتەی (55) هاتووە، تەنها دوو خوێندنگە زیاترە لەپێوەر ئەوانیش (ڕێنوار– وەزگێڵی کچانە)، خوێندنگەکانی (ڕەهەند– شهيد انور– شارۆ) هاوتای پێوەرە، سەرجەم خوێندنگەکانی تر لە پێوە کەمترە، ناوەند بەشی خوێندکار لە ڕووبەری گشتی (20.1)م$^2$ و ئەمەش کەمترە لە پێوەر بە شێوەیەکی نەرێنی کاردەکاتە سەر خوێندکاری ئەم قۆناغەی خوێندن لە شاری هەڵەبجە.

خشتەی(55)

پێوەری بەشی خوێندکار لەڕووبەری گشتی خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی ( 7–9) لەشاری هەڵەبجە

ساڵی (2015–2016)

| خوێندنگە | بەشی خوێندکار لەڕووبەر/م$^2$ | خوێندنگە | بەشی خوێندکار لەڕووبەر/م$^2$ |
|---|---|---|---|
| کەمالی | *13.2 | ئایندەی کچان | *9 |
| شەهید ئازاد هەورامی | *21.7 | وەزگێڵی کچان | ***63.4 |
| کاردۆخی | *10.7 | سازگاری کچان | *6.1 |
| ڕێنوار | ***30.9 | ڕەهەندی بنەڕەتی ئێواران | **26.2 |
| گۆران | *7.9 | شەهید ئەنوەر | **22 |
| کانی عاشقان | *13 | شەن | *16.2 |
| نێرگز | *14.7 | شارۆ | **27 |
| ناوەند | | | *20.1 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە :

خشتەی (35 و 51)

لە خشتەی (56) بۆمان ڕووندەبێتەوە کەوا قۆناغی ئامادەییش جگە لە هەڵەبجەی ئێواران کە لەپێوەر زیاترە، خوێدنگە ئامادەییەکانی تر لەپێوەر کەمترن ئەم دۆخەش بۆ زۆری خوێندکارو کەمی ڕووبەری گشتی بینای خوێندنگەکان دەگەڕێتەوە.

خشتەی (56)

پێوەری بەشی خوێندکار لەڕووبەری گشتی خوێندنگە ئامادەییەکان لەشاری هەڵەبجە

ساڵی( 2015 –2016)

| خوێندنگە | بەشی خوێندکار لە ڕووبەر /م$^2$ | خوێندنگە | بەشی خوێندکار لە ڕووبەر/ م$^2$ |
|---|---|---|---|
| أحمدمختارجاف | *11.4 | شەهیدانی کیمیاباران | *7.5 |
| پێشەنگ | *22.4 | هەڵەبجەی کچان | *5.7 |
| بالآمبۆ | *12.9 | شەهید عبدالرحمن میرزا | *15.1 |
| هەڵەبجەی ئێواران | ***34.9 | مهابادی ئێواران | *22.7 |
| ناوەند | | | *16.5 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە :

خشتەی(36و52).

## 8- پێوەری دووری (المعيار المسافة):

پێوەری دووری گرنگە و مەبەست لێی ئەو دوورییە کەوا دەکەوێتە نێوان شوێنی نیشتەجێبوونی خوێندکار و خوێندنگەکەی، هەڵسەنگاندن و پێشکەشەکردنی خزمەتگوزاریی فێرکاری کە گونجاو بێت بۆ تەمەنی خوێندکار بۆ هەر یەکێ لە قۆناغەکان جیاوازە بەپێی ئەو دووریە کەوا دەیبڕێت، ئەمەش وەك پێوەرێك بە کاردێت بۆ هەڵسەنگاندنی ئاست و توانای خزمەتگوزاریی فێرکاری بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن[1]. بەپێی پێوەری ناوخۆیی ئەو دووریەی کەوا دانراوە بۆ خزمەتگوزاری فێرکاری لە ئاستی قۆناغەکان گۆڕانی بەسەردا دێت ئەمەش زیاتر پشت بە تەمەن و توانای جەستەیی دەبەستێت واتە لەسەر ئەو بنەمایە بە شێوەیەك دانراوە کەوا باخچەی منداڵان (150-300)م وەك پێوەر دانراوە بۆ دووری نێوان باخچەی منداڵان و شوێنیی نیشتەجێبوون، هەروەها(300-400)م بۆ قۆناغی بنەڕەتی (1-6)م و قۆناغی بنەڕەتی(7-9) (500-700)م و خوێندنگە ئامادەییەکانیش (800-1000)م[2] . سەبارەت بە قۆناغی (پیشەییی دواناوەندیی و خوێندنی خێرا) پێوەری دوریيان بۆ دانەنراوە لەبەرئەوەی ئەم خوێندنگانە تایبەتمەندی خۆیان هەیە تەمەنی خوێندکارانیان گەورەن بەراورد بە تەمەنی خوێندکار بۆ قۆناغی خوێندنکەی بەتایبەتی لە خوێندنی خێرا، هەر بۆیە بەپشت بەستن بە سەردانە مەیدانییەکان و فۆرمی ڕاپرسی و بۆ خوێندکاران و هەڵسەنگاندنی ئەو دووریەی کەوا خوێندکار دەیبڕێت بۆ خوێندگەکەی و پاش دابەشکردن و کۆکردنەوەی بۆ گشت قۆناغەکان چەندین ئەنجامان لەم بارەیەوە دەست کەوتووە، بەم شێوەیەی لای خوارەوە دەیانخەینەڕوو، وەك لە خشتەی (57)دا دیارە.

خشتەی(57)

پێوەری دووری بۆخزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجە ساڵی ( 2015-2016)

| خزمەتگوزاریی فێرکاری | کەمتر لە 300م ٪ | 300- 400م ٪ | 400- 700م ٪ | 700- 1000م ٪ | 1000 م زیاتر ٪ |
|---|---|---|---|---|---|
| باخچەی منداڵان | 18 | 24 | 22 | 32 | 4 |
| خوێندنگەی بنەڕەتی* قۆناغی (1-6) | 22 | 41 | 30 | 5 | 1 |
| خوێندنگەی بنەڕەتی قۆناغی(7-9) | 7 | 26 | 43 | 18 | 6 |
| ئامادەیی | 10 | 15 | 14 | 26 | 35 |
| پیشەیی | - | - | - | 27 | 77 |
| دواناوەندیی | - | - | 12 | 30 | 58 |
| خوێندنی خێرا | - | - | - | 33 | 67 |

سەرچاوە : کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

فۆرمی ڕاپرسی و سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ باخچەو خوێندنگەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ڕێکەوتی ( 10- 14، 16 و 17 /4/2016) .

*قۆناغی (1- 9) لەگەڵیدا هەژمار کراوە.

---

(1) مازن عبدالرحمن الهيتي، مصدر سابق، ص103.

( 2) بۆزانیاری زیاتر بڕوانە پاشکۆی(8).

1- سەبارەت بە باخچەی منداڵان تەنها (18٪) مندالانی باخچە هاوتای پێوەرن واتە کەمتر لە(300)م دوورن لە باخچەکانیانەوە،ئەمەش بۆ کەمی باخچەکانو ناڕێکی لە دابەشبونیاندا دەگەڕێتەوە لەناوچەکەدا، هەروەها (32٪)ی منداڵانیش لە دووری (700-1000)م دەگەنە باخچەکانیان کە ئەمەش بە زۆرترین ڕێژە دادەنرێت لەڕووی پێوەری دووریەوە ،کەمترین ڕیژەش(4٪)ی زیاتر لە (1000)م دوورن ئەم ڕێژەیەش بەشێوەیەکی گشتی ئەو منداڵانەن کەوا کەسێکی زۆر نزیکی خۆیان واتە دایك یان خوشکیان لەو باخچانەدا دەوام دەکەن.

2- هەرچی خوێندنگەی بنەڕەتی قۆناغی(1-6) ئەو ڕێژەیەی کەوا هاوتای پێوەرە(41٪) خوێندکارانە دەکرێت بەشێوەك تەماشا بکرێت کەجیاوازی نەبێت لەگەڵ پێوەرە ناوخۆیەکاندا، چونکە (41٪)ی خوێندکار لە دووری (300- 400)م دەگەنە ئەم خوێندنگانە، هەروەها (22٪)ی لە پێوەریش نزمترە ئەمەش بەخاڵێکی باش دادەنرێت لەڕووی دووری نێوان خوێندنگەو یەکەی نیشتەجێیوون و هەروەها کاتی زۆریش دەگەڕێتەوە بۆ خوێندکاران  بۆ بڕینی ڕێگەی گەیشتنیان بە خوێندنگە کە دواتر باسی لیوە دەکەین، نزمترین ڕیژەش (1٪)ی خوێندکارانی ئەم قۆناغەیە کە لە دووری زیاتر لە (1000)م دەگەنە خوێندنگەکانیان ئەمەش لەبەر هۆکاری هەندێك مامۆستا لەبەر بوونی خۆی لە خوێندنگەیەك منداڵی خۆی بەرێت بۆ ئەو خوێندنگانە.

3- قۆناغی بنەڕەتیی (7- 9) لەم قۆناغەشدا نزیکەی (43٪)ی خوێندکار هاوتای پێوەرە بۆ دووری نێوان ماڵ و خوێندنگەکەی و ڕێژەی (7٪ و 26٪)ی لەپێوەریش کەمترن ئەمەش دیسان بە لایەنێکی باشە تەماشا دەکرێت، بەڵام ڕێژەی نزیکەی (18٪ و 6٪)ی خوێندکارانیش پێچەوانەی پێوەرەو زیاترە لەپێوەر هۆکارەکەشی بەزۆری بۆ نەبوونی خوێندنگە لەگەڕەکیاندا یان لەنزیك گەڕەکی نیشتە جێبوونیاندا دەگەڕێتەوە.

4- هەرچی ڕیژەی ئامادەییەکانیشە تەنها ڕیژەی (26٪) هاوتای پێوەرە و نزیکەی (39٪)ی لەپێوەر کەمترن، هەروەها رێژەی (35٪)ی زیاتر خوێندکاران لە (1000)م زیاتر دەبڕن هەر لە ئەنجامی لیستی ڕاپرسیدا بۆمان ڕوونبۆتەوە کەوا زۆرترین ئەم ڕێژەش لە هەردوو خوێندنگەی هەڵەبجەی ئێوارانی کوڕان و مهابادی ئێوارانی کچانە، ئەمانەش ڕیژەیەك لە خوێندکاری شارەکە پێك دەهێنن.

5- پیشەییەکانیش وەك قۆناغێکی تری ئەم خزمەتگوزارییە بەهۆی ئەوەی کەوا هەرسێ خوێندنگەکەی لەڕووی بیناوە لە سێ گەڕەکی کەناری شاردا دابەشبوون، ئەم گەڕەکانەش ئاوەدانی تێدا زۆر نییە بەراورد بە دەوروبەری سەنتەری شار، بەهۆی بوونی خوێندکاری دەرەکی لەم قۆناغەدا کە لە ناوچەکانی ترەوە ڕوویان لەم شارە کردووە بۆ درێژەدان بە پرۆسەی خوێندن، دەبینین کەوا ڕێژەی (77٪)ی خوێندکاران زیاتر لە (1000)م دەبرن بۆ گەیشتن بە خوێندنگەکان و نزیکەی (23٪)ی لە دووری (700-1000)م دایە.

6- قۆناغی دواناوەندیش زۆرترین ڕێژەی کە (58٪)ی خوێندکارانە لە (1000)م زیاتر دەبڕن بۆ ئەم خوێندنگەیە،بەشێك لەوانەش چەند کم دەبڕن، واتە لە ناحیەکانی تری ئەم پارێزگایەوە دێن، ڕێژەی (30٪)ی لە نێوان(700-100)م دان و (12٪)ی لە نێوان (400-700)م دان لەڕووی دوریەوە.

7- خوێندنی خێراش وەك تاکە خوێندنگەیەك لەناوچەکەدا (67٪)ی خوێندکارانی لە دووری (1000)م زیاترە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆرە و هۆکارەکەشی پەیوەندیی بەوەوە هەیە کەوا تەنها ئەم خوێندنگەیە تایبەتە بەم قۆناغەوە بۆیە خوێندکارانی بەناچاری لەهەر شوێنێکی شارەکە و دەوروبەریدابن ڕووی تێدەکەن، هەروەها (33٪)ی لەدووری (700-1000)م ڕوو لەم خوێندنگەیە دەکەن. هەرچەندە ڕێژەیەکی کەم لە خوێندکاری هەیە، بەڵام خزمەت و دەرفەتێکی باشیشە بۆ ئەو کەسانەی کە دابڕاون و تەمەنیان ڕێگە نادات لە خوێندنگەکانی تردا بەردەوام بن لەخوێندن.

ئەمانە کەباسی لێوەکراوە هەر قۆناغە و بەڕێژەیەکی زۆر جیاوازی تێدا بەدی دەکرێت لەڕووی دووریان لە خوێندنگە کانیانەوە لەبەرئەوە ئەو دووریەش جیاوازی کاتی گەیشتن بۆ جۆرەکانی خزمەتگوزارییەکە دروست دەکات.

## 9- پێوەری کات:(معيار الوقت)

کاتی گەیشتن بە خزمەتگوزاریی فێرکاری مەبەست لێی ئەو کات و ماوەیە کە خوێندکار پێداویستی پێیەتی لەماڵەوە بۆ گەیشتن بەخوێندنگە، ڕۆشتن بەپێ یان بە ئۆتۆمبێل بۆ خوێندنگە لەهۆکارە گرنگەکانە کە پشتی پێ دەبەسترێت وەك پێوەری بنەڕەت و کرداری شوێنی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان، لەڕووی ژمارەی دانیشتوان و خێزان و سەرجەم جۆرەکانی خزمەتگوزارییەکانەوە جیاوازی هەیە لەسەر ئاستی گەڕەکەکان [1]. لە شاری هەڵەبجەشدا ئەو جیاوازییە دەبینرێت و بەهەمان شێوەی پێوەری دووری و لە ئەنجامی فۆڕمی ڕاپرسی بۆ ئەم خزمەتگوزارییە بۆمان ڕوون بۆتەوە کەوا بەشێکی زۆر لە خوێندکاران لە ڕووی کاتەوە کاتێکی زۆر دەبڕن و بەشێکیشی زۆر بەئاسانی لەچەند خولەکێك زیاتر تێپەر ناکات، هۆکارەکەشی پەیوەستە بە دووریەوە ئەمانەش هەریەکەیان بەپێی قۆناغەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت. بڕوانە خشتەی (58). کە تێیدا دیارە دەبینین کەوا جیاوازی زۆر بەدی دەکرێت لە کاتی گەیشتنی خوێندکاران بە خزمەتگوزاریی فێرکاری، سەبارەت بە باخچەی منداڵان (13٪) منداڵان لە (5) خولەك کەمتر دەگەنە باخچە و(31٪ 5- 10) خولەك کاتی پێدەچێت ئەمەش زۆرترین ڕێژەیە بۆ کاتی گەیشتن لەم قۆناغەدا، هەروەها (29٪)ی لەنێوان (10-15) خولەك و(27٪ی زیاتر لە15) خولەك کاتی دەوێت هۆکاری ئەم جیاوازیەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ کەمی باخچەکان و شێوازی دابەشبوونیان و ئەو دووریەی کەوا منداڵان دەیبڕن لەگەڵ چۆنیەتی گەیشتنیان واتە ئایا منداڵانی ئەم قۆناغە چۆن دەگەنە باخچەکانیان هەربۆیە لەئەنجامی فۆڕمی ڕاپرسیەکەماندا ئەوەشمان

---

(1)نجيل كمال و نغم فيصل يوسف، كفاءة التوزيع الخدمات التعليمية في منطقة الاعظمية، مجلة مخطط والتنمية، العدد السادس العشر، سنة الحادية العشر، معد العالي للتخطيط الحضري والاقليمي، جامعة بغداد، 2007، ص36-37.

خشتەی(58)

کاتی گەیشتنی خوێندکاران بۆخزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015–2016

| خزمەتگوزاریی فێرکاری | کەمتر لە5 خولەك ٪ | 5 – 10 خولەك ٪ | 10– 15خولەك ٪ | زیاتر لە 15 خولەك ٪ |
|---|---|---|---|---|
| باخچەی مندالآن | 13 | 31 | 29 | 27 |
| خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی 1–6* | 29 | 49 | 21 | 5 |
| خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی 7–9 | 14 | 42 | 33 | 11 |
| ئامادەیی | 12 | 22 | 35 | 31 |
| پیشەیی | - | 18 | 27 | 55 |
| دواناوەندیی | - | 16 | 44 | 40 |
| خوێندنی خێرا | - | - | 33 | 67 |

سەرچاوە : کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

1– فۆرمی ڕاپرسی و سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ باخچەکان و خوێندنگەکان لە ڕێکەوتی ( 10 – 14، 16 و 17 / 4 / 2016)

*خوێندنگەکانی بەمۆ و ئالآ و سەردەشت لەگەڵیدا هەژمار کراوە.

2– دیار محمد أحمد، تحليل وتخطيط الخدمات الاجتماعية في مدينة شقلاوة (دراسة في الجغرافية الخدمات)، رسالة ماجستير (غير منشورة ) قدمت الى مجلس كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، اربيل ، 2014، ص131.

لەپاشکۆی (9) بۆمان ڕوون بۆتەوە کەوا نزیکەی (60٪)ی مندالآن بە ئۆتۆمبێلی تایبەت دەگەن هەندێك ئۆتۆمبێل تایبەتن بەباخچەی مندالآنەوەو لەهەندێك باخچەدا بەکاردێت بۆ گواستنەوەی مندالآن لەشوێنی نیشتەجێبوونیانەوە بۆ باخچەکانیانو بەپێچەوانەشەوە، هەندێك کاتیش ئۆتۆمبێلی تایبەتی خێزانی مندالەکانیش بۆ هەمان مەبەست بەکاردێت، و ڕێژەی ئەوانەی بە ئۆتۆمبێلی گشتی دەڕۆن نزیکەی (5٪)ی و ئەوانەشی بە پێ دەگەن نزیکەی (45٪). سەرنجی پاشکۆی(9) بدە کە چۆنیەتی گەیشتنی مندالآنو خوێندکارانو ڕێژەکانیان نیشاندەدات بۆ گەیشتنیان بە قۆناغەکانی خزمەتگوزارییەکە، ئەگەر تێبینی بکەین نزیکەی(65٪) بە ئۆتۆمبێل دەڕوات بەلآم زیاتر لە نیوەی مندالآن لە (10–15) خولەك و زیاتریش کاتی دەوێت بۆ گەیشتنان بە باخچەی مندالآن ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوا سەرخستن و دابەزینی مندالآن لە زۆرێك لە کۆلآن و گەڕەکەکانی شارەکەدا کاتێکی زیاتری دەوێت و وادەکات درەنگ تر مندالْ بگات و ئەو ڕێژانە پێك دەهێنێت. پاشان خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (1–6)، دێت زۆرترین ڕێژەی خوێندکاران (49٪)ی بە (5–10) خولەك دەگەنە خوێندنگەکان، کەمترین ڕێژەی (5٪)ی کە (15) خولەك زیاتری پێدەچێت بۆ گەیشتنیان. سەبارەت بە چۆنیەتی و ئامرازی گەیشتن لەم قۆناغەدا نزیکەی (94٪)ی خوێندکاران بەپێ دەگەنە خوێندنگەو (5٪)ی بە ئۆتۆمبێلی تایبەت و (1٪)ی ئۆتۆمبێلی گشتی، بەلآم ڕێژەکان زیاتر دەگۆڕێن لەڕووی کاتی گەیشتنو ئامرازی گواستنەوەوە.

خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی(7–9) زۆرترین ڕێژەی خوێندکار کە (42٪) لە (5–10) خولەك دا دەگەن پاشان (10–15) خولەك (33٪)ی و کەمتر لە(5) خولەك و زیاتر لە (15) خولەك هەریەکەیان (14٪

و11٪) پێك دەهێنن، بەهەمان شێوەی قۆناغی پێشوو زۆرترین ڕێژە کە (96٪)ی بەپێ دەگەنە خوێندنگە و ئوتۆمبێلی تایبەتی (2.5٪) ئۆتۆمبێلی گشتی (1٪) و هیتر* (0.5٪) ئەمەش کەمترین ڕێژەیە بەراوردی بە ئامرازەکانی تری گەیشتن بە خوێندنگەکان، لەبەرئەوەی خوێندنگەی ئێواران تەنها دوو خوێندنگەی تێدایە کەوا تایبەتە بەکوڕان و خوێندکاریشیان کەمترە بەراورد بە خوێندنگەکانی تری بەیانیان و نیوەڕوان.

سەبارەت بە خوێندنگە ئامادەییەکان بەرزترین ڕێژە کە (35٪)ی خوێندکارانە (10–15)خولەك پێویستە بۆ گەیشتن بە خوێندنگەو پاشان ڕێژەی ئەوانەی کە (5– 10) خولەك کاتیان پێویستە بۆ گەیشتن (22٪)ی ئەوانەی کەمتر لە (5) خولەکیان دەوێ (12٪)ی و زیاتر لە (15) خولەکیش (31٪)ی خوێندکارانە، بەڵام لەڕووی ئامرازەکانی گواستنەوەوە بەراورد بە قۆناغەکانی تر ئامادەییەکان جیاوازترن هەر بۆیە ڕێژەی ئەوانەی بەپێ دەگەنە خوێندنگەکانیان نزیکەی (91٪) ئەمەش بەراورد بە قۆناغی بنەڕەتی نزیکەی (12–15٪)ی کەمی کردووە، بەپێچەوانەشەوە ڕێژەی ئەو خوێندکارانەی کەوا بە ئۆتۆمبێلی تایبەتی دەگەن زیادی کردووە بۆ (6٪)ی لەبەرئەوەی خوێندکاران لەم قۆناغەی خوێندندا کامڵ ترن بەراورد بەقۆناغەکانی پێشتر، ئەمانەش لەلایەن بەشێك لەخوێندکارانەوە بەکار دەهێنرێت، بەزۆری لەخوێندنگەی ئێواران‌و ئەو خوێندنگانەی کە دوورن لەشوێنی نیشتەجێبوونی خوێندکارانەوە ئۆتۆمبێلی گشتی (2٪) بەهەمان شێوە (1٪) بۆ ئەو خوێندکارانەی کە بە ئامرازەکانی تر دەگەن.

هەرچی قۆناغی پیشەیی لە سێ گەڕەکی کەناری شاردان ئەوانیش(ڕاپەرین و شهید فاتیح و شەهیدانە) زۆرترین ڕێژەی خوێندکار زیاتر لە(15) خولەك دەبڕێت کە نزیکەی (55٪) خوێندکارانی قۆناغەکەیەو(27٪)ی (10–15) خولەك‌و(18٪)ی (5–10)خولەکی پێویستە بۆ گەیشتن بە خوێندنگەکانیان ، ئەم ڕێژانەش دەگۆڕێت لەڕووی چۆنیەتی گەیشتن‌وئامرازی گەیشتن بە خوێندنگەکانیان بەم شێوەیە ڕێژەکان پێك دێت (50٪) ئۆتۆمبێلی تایبەتە و (25٪) ئۆتۆمبێلی گشتیە و (22٪) بە پێ دەگەن و (3٪) بە هۆی ئامرازەکانی ترەوە دەگەن.

قۆناغی دواناوەندیش بەهۆی ئەوەی تەنها یەك خوێندنگەیە ڕێژەکانی جیاوازترە بەراورد بە قۆناغەکانی پێشووتر زۆرترین ڕێژەی خوێندکاران (44٪) لەنێوان (10–15) خولەك دەگەنە خوێندنگەکەیان، هەروەها (40٪)ی زیاتر بە (15) خولەك تەنها (16٪ 5– 10) خولەکی پێویستە هیچ ڕێژەیەکیش نیە بە کەمتر لە (5) خولەك بگات، لەڕووی ئامرازی گواستنەوەوە ئوتومبێلی تایبەتی نزیکەی (70٪) و گشتی نزیکەی (20٪) ئەوانەشی کەوا بەپێ دەڕۆن نزیکەی (10٪) هۆکاری ئەوەی کەوا ڕێژەیەکی زۆر بە ئۆتومبێلی تایبەتی دەچن، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا ئەم دواناوەندییە نموونەییە لە شارو پارێزگاکەشدا بۆیە خوێندکاری ناحیەکانی تر بەتایبەتی خورماڵ ڕۆژانە ڕووی تێدەکەن، هەروەها ئەوانەی ناوشاریش بەهۆی ئەوەی کەبینایەکی لە گەڕەکی گۆران ستیەو بینای دووەمی لەگەڕەکی گولانە بۆیە ئەو خوێندکارانەی کەوا لەم خوێندنگەیەن و لە گەڕەکەکانی تری شارەکەوە ڕووی تێدەکەن پێداویستی

---

*مەبەست لێی بەگشتی ئامرازی گواستنەوەی وەك پاسکیل و ماتۆر دەگرێتەوە کە هەندێك لە خوێندکاران بەکاری دەهێنن بەتایبەت خوێندکارانی خوێندنگەی ئێوارانی کوڕان هەروەها ئەوانەشی کە لە گەڕەکە دوورەکان و گوندە نزیکەکانی دەوروبەری شارەکەوە ڕوو لە خوێندنگەکان دەکەن.

بەکات و ئامرازەکانی گواستنەوەی ئۆتۆمبێل زیاترە بەراورد بەقۆناغەکانی پێشوتر  کە هەر قۆناغەو چەندین خوێندنگەی هەیە.

خوێندنی خێراش لە ڕووی کاتی گەیشتنەوە(67٪)ی زیاتر لە (15) خولەکی دەوێت تاکو بگاتە خوێندنگەکەی و(33٪) (10-15) خولەکی پێویستە لە ڕووی ئامرزای گەیشتنەوە( 67٪ )ی بەپێ دەڕۆن و (33٪)ی بە ئۆتۆمبێلی تایبەتی دەگەن.

**10- پێوەری شوێنی خوێندنگە بەپێی شەقام: (موقع المدرسة حسب للشوارع)**

خوێندنگەکان بەهەموو قۆناغە جیاوازەکانیانەوە لەڕووی شوێنەوە جیاوازن و پێویستە لەسەر لایەنی پلاندانەر لەکاتی هەڵبژاردنی شوێنێك وەك لایەنێکی گرنگوسەرەکی شوێنی خوێندنگە بەپێی شەقام هەژمار بکات ، ئەمەش بۆ مەبەستی سەلامەتی منداڵان و خوێندکارانە لەبەرانبەر ڕووداوەکانی هاتوچۆدا ، هەروەها ژاوەژاوی دەوروبەرەکەی هاتوچۆی ئۆتۆمبیل لەشەقامی سەرەکی و لاوەکیدا بە بایەخەوە تەماشا بکرێت. هەر بۆیە پێویستە باخچەی منداڵان و خوێندنگە بنەڕەتییەکان لەسەر شەقامی سەرەکی نەبن، بەڵام بۆ قۆناغی ئامادەیی شتێکی سروشتیە، چونکە خوێندکاران بەئاگان بەرانبەر دەوروبەریان و بەتایبەتیش لە بواری هاتوو چۆی نێوان شەقام و شوێنی نیشتە جێبونیان.

بەتێبینی کردن لەخشتەی (و59و60و61و62)و بۆمان ڕووندەبێتەوە کەوا شوێنی خوێندنگەکان بەپێی شەقام لەگەڵ پێوەر دەگونجێت یاخود نا.

سەبارەت بەباخچەی منداڵان  تەنها باخچەکانی (خونچە و باخی میر) لەسەر شەقامی سەرەکین و بڕوانە وێنەی (2)،ئەمانەش (28.5٪) باخچەکان پێك دەهێنن پێچەوانەی پێوەرە، باخچەکانی تر لەشەقامی لاوەکی دان. خشتەی(59)

خشتەی ( 59)

شوێنی باخچەی منداڵان بەپێی شەقام لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015-2016

| ناوی باخچە | شوێن بەپێی شەقام | ناوی باخچە | شوێن بەپێی شەقام |
|---|---|---|---|
| خونچە | سەرەکی | باخی میر | سەرەکی |
| هەڵەبجە | لاوەکی | بینای | لاوەکی |
| شنە | لاوەکی | لەندی | لاوەکی |
| پەریان | لاوەکی | | |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە :

1- سەردانی مەیدانی توێژەر 2016/1/20

2- پاشکۆی(8).

سەبارەت بەخوێندنگەی بنەڕەتی قۆناغی(1-6) لەخشتەی (60) دیارە، کەوا ئەو خوێندنگانەی  لەسەر شەقامی سەرەکین (6) خوێندنگەن (حمدون-مەرزەبۆتۆ- شەهیدانی خێلی حمە - شێخ حەمەمین- شاهۆ- مۆردانە) نزیکەی (28.5٪)ی خوێندنگەکانە، دەکرێت بڵێین کاریگەرییی هەیە لەسەر ئەگەری

دروست بوون و ڕوودانی ڕووداوی هاتوچۆ مەترسی لەسەر ژیانی خوێندکارانی ئەم قۆناغە لە نموونەی ئەم جۆرە خوێندنگانە لەوێنەی (3) دیارە.

وێنەی(2)

شوێنی باخچەی مندالآنی خونچە بەپێی شەقام لە شاری هەڵەبجە ساڵی2015–2016



ئەم وێنەیە لە ڕێکەوتی 26 / 7 /2016 لەلایەن توێژەرەوە گیراوە.

خشتەی( 60)

شوێنی خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (1–6 ) بەپێی شەقام لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015–2016

| خویندنگە | شوێن بەپێی شەقام | خوێندنگە | شوێن بەپێی شەقام | خویندنگە | شوێن بەپێی شەقام |
|---|---|---|---|---|---|
| سالم | لاوەکی | هەڵەبجە | لاوەکی | بورهان | لاوەکی |
| حمدون | سەرەکی | شێخ حمەامین | سەرەکی | مۆردانە | سەرەکی |
| صلاح الدین | لاوەکی | شەهیدانی خێڵی حمە | سەرەکی | مەولەوی | لاوەکی |
| عادیلەخانم | لاوەکی | پێشکەوتن | لاوەکی | بامۆك | لاوەکی |
| مەرزەبۆتۆ | سەرەکی | شەپۆل | لاوەکی | شارەزوور | لاوەکی |
| بزاڤ | لاوەکی | حسن ئاوا | لاوەکی | شارِی | لاوەکی |
| شنروێ | لاوەکی | شاهۆ | سەرەکی | بانە | لاوەکی |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە :

1– سەردانی مەیدانی توێژەر لە ڕێکەوتی 2016/1/20

2– پاشکۆی (8).

وێنەی(3)

نموونەیەك لە شوێنی خوێندنگە بنەڕەتییەکان قۆناغی (1–6) بەپێی شەقام لەشاری هەڵەبجەساڵی 2015–2016

خوێندنگەی شەهیدانی خێڵی حمەی بنەڕەتیی(1–6)    خوێندنگەی مەرزەبۆتۆی بنەڕەتیی(1–6)



ئەم وێنەیە لە ڕێکەوتی 2016/7/26 لەلایەن توێژەرەوە گیراوە.

سەبارەت بە خوێندنگەی بنەڕەتی قۆناغی (7– 9) (4) خوێندنگەی لەشەقامی سەرەکیدان،کە ئەمانەن (نێرگز – گۆران– سازگار – کانی عاشقان) کە (28.5٪)ی سەرجەم خوێندنگەکانی ئەم قۆناغەن‌و هەموو خوێندنگەکانی تر لەسەر شەقامی لاوەکیدان بەهەمان شێوە ئەگەری دروست بوونی ڕووداوی هاوتوچۆ زیاتر لەسەر ژیانی خوێندکارانی دروست دەکات . بڕوانە خشتەی (61)

خشتەی(61)

شوێنی خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی 7–9 بەپێی شەقام لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015–2016

| خویندنگە | شوێن بەپێی شەقام | خویندنگە | شوێن بەپێی شەقام |
|---|---|---|---|
| کەمالی | لاوەکی | ئایندەی کچان | لاوەکی |
| شەهید ئازاد هەورامی | لاوەکی | وەزگێلی کچان | لاوەکی |
| کاردۆخی | لاوەکی | سازگاری کچان | سەرەکی |
| ڕێنوار | لاوەکی | ڕەهەندی بنەڕەتی ئێواران | لاوەکی |
| گۆران | سەرەکی | شەهید ئەنوەر | لاوەکی |
| کانی عاشقان | سەرەکی | شەن | لاوەکی |
| نێرگز | سەرەکی | شارۆ | لاوەکی |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە :

1– سەردانی مەیدانی توێژەر لە ڕێکەوتی 2016/1/21

2– پاشکۆی(8).

لەخشتەی (62) قۆناغی ئامادەییەکان زیاتر لەنیوەی ئەم قۆناغە کە 6 خوێندندگەیە لەسەر شەقامی سەرەکین و(2) خوێندنگەش لەسەر شەقامی لاوەکین ئەوانیش (پێشەنگی کوڕانو بالأمبۆی کوڕان)ە. واتە (75٪)ی خوێندنگەکان لەسەر شەقامی سەرەکین ئەمەش گرفتێکی ئەوتۆی نییە لەبەرئەوەی خوێندکار تەمەنی لە ئاستێك دایە، کە توانای پاراستنی خۆی هەیە بۆ ڕوداوی هاتووچۆ. لەنموونەی ئەم خوێندنگە ئامادەییانەش خوێندنگەی هەڵەبجەی کچانو مهابادی ئێوارانی کچانە). وێنەی(4)

خشتەی(62)

شوێنی خوێندنگە ئامادەییەکان بە پێی شەقام لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015–2016

| خوێندنگە | شوێن بەپێی شەقام | خوێندنگە | شوێن بەپێی شەقام |
|---|---|---|---|
| أحمدمختارجافی کوڕان | سەرەکی | شەهیدانی کیمیابارانی کچان | سەرەکی |
| پێشەنگی کوڕان | لاوەکی | هەڵەبجەی کچان | سەرەکی |
| بالأمبۆی کوڕان | لاوەکی | شەهید عبدالرحمن میرزای کچان | سەرەکی |
| هەڵەبجەی ئێوارانی کوڕان | سەرەکی | مهابادی ئێوارانی کچان | سەرەکی |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە :

1– سەردانی مەیدانی توێژەر لە ڕێکەوتی 2016/1/20

2– پاشکۆی(8).

وێنەی (4)

نمونەیەك لە شوێنی خوێندنگە ئامادەییەکان بە پێی شەقام لەشاری هەڵەبجە

ئامادەیی هەڵەبجەی کچان ئامادەیی مهابادی ئێوارانی کچان



ئەم وێنەیە لە ڕێکەوتی 2016/7/26 لە لایەن توێژەرەوە گیراوە

شوێنی خوێندنگەکانیش لەسەر نەخشەی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەشێوەیەکی باش ئەوەمان نیشان دەدات کەوا کام لە باخچە و خوێندنگەکان لەسەر شەقامی سەرەکین یان نزیکن لێیەوە، کامانەش لەسەر شەقامی لاوەکین، بۆیە سەرجەمیان لە نەخشەی(29) خراونەتە ڕوو.

## نەخشەی(29)

## شوێنی خزمەتگوزاریی فێرکاری بەپێی شەقام لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015–2016




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:

1– خشتەی (59 – 66 )

2– حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS.

وەك لەپێشەوە ئاماژەمان بۆ كردبوو كەوا خوێندنگەی بنەڕەتی قۆناغی(1–9) لەبەرئەوەی تەنها سێ خوێندنگە لەخۆ دەگرێت و هیچ پێوەرێكیش نییە بۆ ئەم جۆرە قۆناغانە بۆیە ئێمە لەسەر بنەمای زۆرترین ڕێژەی خوێندكار كە لەقۆناغی (1–6)ی بنەڕەتین هەمان پێوەرەكانی خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (1–6)ی بەسەردا جێبەجێدەكەین. خشتەی(63).

خشتەی( 63)

جێبەجێكردنی پێوەرەكانی پلاندانان بۆ خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی(1–9 ) لە شاری هەڵەبجە

ساڵی ( 2015–2016)

| پێوەر | عێراق | بەمۆ | ئاڵا | سەردەشت |
|---|---|---|---|---|
| ژ.خوێندكار | 432 | ***554 | *354 | *175 |
| ژمارەی پۆل | 12 | ***19 | ***19 | *9 |
| ژ.خوێندكار لەپۆلێكدا | 36-25 | **29.1 | *18.6 | *19.4 |
| خوێندكار/ مامۆستا | 20 | *11.3 | *7.5 | ***58 |
| ڕووبەری گشتی/هەزار/م[2] | 6-5 | ***8937.84 | *3120 | ***6386 |
| بەشی خوێندكارلەڕووبەری گشتی/م[2] | 14-13 | ***16.1 | *8.8 | ***36.4 |
| دوری نێوان شوێنی نیشتەجێبوون‌وخزمەتگوزاریی | 400-300 | – | – | – |
| شوێن بەگوێرەی شەقام | لاوەكی | لاوەكی | لاوەكی | لاوەكی |

سەرچاوە: كاری توێژەر بەپشت بەستن بە:

1– حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە، بەشی پلاندانان، داتای بلاَونەكراوە.

2– پاشكۆی (8)

لەم خشتەیەی سەرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە كەوا:

1– لەڕووی ژمارەی خوێندكارەوە تەنها خوێندنگەی بەمۆ لەپێوەر زیاترە هەر دوو خوێندنگەی ئاڵا و سەردەشت لەپێوەر كەمترن، ئەمەش بەلایەنێكی باش دادەنرێت.

2– لەڕووی ژمارەی پۆلەوە خوێندنگەكانی بەمۆو ئاڵا لەپێوەر زیاترن، بەلاَم خوێندنگەی سەردەشت لەپێوەر كەمترە، بەلاَم كێشەیەكی ئەوتۆ دروست نابێت چونكە ژمارەی خوێندكاری كەمە.

3– خوێندكارو پۆلی خوێندن تەنها لە خوێندنگەی بەمۆ هاوتایە، هەردوو خوێندنگەكەی تر لەپێوەر كەمترە.

4– لەڕووی ژمارەی خوێندكار بۆ یەك مامۆستا خوێندنگەكانی بەمۆ و ئاڵا كەمترە لەپێوەر بەلاَم سەردەش دوو بەرانبەرو نیو زیاترە لە پێوەر ئەمەش وادەكات ئەركی مامۆستا گرانتر بێت و زیاتر توشی ماندوو بوون بن لەكۆتاییشدا كاریگەری دروست دەبێت لەسەر خوێندكار، چونكە وەك پێویست ناتوانرێت زانیاری بگەیەنرێت و چاودێری بكرێت بەراورد بەو مامۆستایانەی كە هاوتای پێوەرە یان لەپێوەر كەمترە .

5– لەڕووی ڕووبەریشەوە تەنها خوێندنگەی ئاڵا لەپێوەر كەمترە، دوو خوێندنگەكەی تر لە پێوەر زیاترە، ئەمەش وادەكات بەشی خوێندكار زیاتر بێت و بە پێچەوانەشەوە بەشی خوێندكار لە ڕووبەری گشتی كەمتر دەبێت، ئەمەش كاریگەری لەسەر جۆر و ئەنجامدانی چالاكیەكانیان هەیە.

6- بەشی خوێندکار لەڕووبەری گشتی بەهەمان شێوە جگە لەخوێندنگەی ئالاّ کەمترە لەپێوەر و بەرکەوتی ڕووبەر بۆخوێندکار لەخوێندنگەکانی تر بەرزترە لەپێوەر.

7- لەڕووی دووریەوە بۆ خشتەی (57) بگەڕێوە.

8- لەڕووی شوێنەوە بەپێی شەقام، هەرسێ خوێندنگەکە لەشەقامی لاوەکیدان .

**خوێندنگەی دواناوەندیی :**

سەبارەت بە دواناوەندیی لەبەرئەوەی ئەم خوێندنگەیە تاکە خوێندنگەیە کەوا پۆلی (7-12) لەخۆ بگرێت، بۆیە بەباشی دەزانین بەشێوەیەکی سەربەخۆ باسی لێوەبکەین.

وەك لەبەشەکانی پێشوودا ئاماژەمان بۆ کردبوو قۆناغی(7-9) لەبینایەکی جیاواز دەخوێنرێت و لەگەڕەکێکی تری شارەکەیە بەلاّم قۆناغی ئامادەیی لەگەڕەکی گۆران ستییە و لەبینای تایبەتی خۆیدان. لەبەرئەوە هەولّمان داوە ئەم خوێندنگەیە دوو جۆر پێوەری بەسەردا جێبەجێ بکەین،ئەوانیش پێوەری خوێندنگەی بنەڕەتی قۆناغی(7-9) و پێوەری ئامادەیی بەم شێوەی لای خوارەوە:

سەبارەت بە دواناوەندیی قۆناغی (7-9) لەڕووی ژمارەی خوێندکاروژمارەی پۆل و خوێندکار بۆ پۆل لەپێوەر کەمترە، مامۆستاش بۆ خوێندکار لەپێوەر زیاترە * لەڕووی ڕووبەری بیناشەوە لەپێوەر کەمترە بەلاّم بەشی خوێندکار لە ڕووبەر هاوتایە لەگەلّ پێوەر، ئەمەش بۆ کەمی ژمارەی خوێندکار دەگەڕێتەوە. بڕوانە خشتەی (64).

خشتە(64)

جێبەجێکردنی پێوەرەکانی پلاندانان بۆ خوێندنگەی دواناوەندیی لەشاری هەلّەبجە سالّی 2015-2016

| جۆری پێوەر | پێوەری عێراقی (7-9) | دۆخی ئێستا | پێوەری عێراقی (10-12) | دۆخی ئێستا |
|---|---|---|---|---|
| ژ.خوێندکار | 360 | *189 | 408 | *149 |
| ژمارەی پۆل | 12 | *9 | 12 | *6 |
| ژ.خوێندکار لەپۆلێکدا | 30-25 | *21 | 30 | *24.8 |
| مامۆستا / خوێندکار | 20 | ***21 | 20-18 | *16.5 |
| ڕووبەری بینا/ هەزار/م[2] | 10-8 | *5 | 12-10 | *6 386 |
| بەشی خوێندکار لەڕووبەری بینا/م[2] | 28-22 | **26.4 | 30-25 | ***42 |
| شوێن بەگوێرەی شەقام | لاوەکی | لاوەکی | سەرەکی | لاوەکی |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: 1-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەلّەبجە، بەشی پلاندانان، داتای بلاّونەکراوە.

2- پاشکۆی (8)

سەبارەت بە قۆناغی 10-12 ئەم دواناوەندییە، جگە لە بەشی خوێندکار لەڕووبەری بینا کە لە پێوەر زیاترە، سەرجەم پێوەرەکانی تر لەم قۆناغەدا لەپێوەر کەمترە.

* بەلاّم هەندێك لە مامۆستایان لە هەردوو قۆناغ دەوام دەکەن ئەمەش وادەکات ڕێژەکان کەمتر بێتەوە بۆ کەمتر لەپێوەر

**خوێندنگەی پیشەیی:**

سەبارەت بەم قوناغە لەڕووی ژمارەی خوێندکارو پۆل و خوێندکار بۆ پۆل و مامۆستا بۆ خوێندکار سەرجەمیان لە هەر سێ بەشی قۆناغی پیشەیدا لەپێوەر کەمترە و بەخاڵێکی باش هەژمار دەکرێت ، لەڕووی ڕووبەرەوە سەرجەم بەشەکان لەپێوەر کەمترە، بەڵام بەشی خوێندکار لەڕووبەری گشتی لەسەرجەم خوێندنگەکاندا لەهەموو بەشەکاندا زیاترە لەپێوەر ئەمەش بۆ کەمی خوێندکاری ئەم قۆناغە دەگەڕێتەوە لە هەر سێ بەشەکەیدا، هەروەها لەڕووی شوێنی خوێندنگەوە بەپێی شەقام ئەم خوێندنگە پیشەییانە لەسەر لەسەر شەقامی لاوەکین. خشتەی(65).

خشتەی (65)

جێبەجێکردنی پێوەرەکانی پلاندانان بۆ خوێندنگەی پیشەیی لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015–2016

| پێوەر | عێراق | پیشەسازی | کشتوکاڵ | بازرگانی |
|---|---|---|---|---|
| ژ.خوێندکار | 531 | 207* | 34* | 93* |
| ژمارەی پۆل | 18-30 | 14* | 3* | 5* |
| ژ.خوێندکار لەپۆلێکدا | 34 | 14.7* | 11.3* | 18.6* |
| مامۆستا /خوێندکار | 20 | 5.4* | 1.6* | 4.6* |
| ڕووبەری بینا/هەزار/م$^2$ | 13546 | 7000* | 5064* | 6386.11* |
| بەشی خوێندکار لەڕووبەری بینا/م$^2$ | 26-21 | 33.8*** | 148.9*** | 68.6*** |
| شوێن بە پێی شەقام | – | لاوەکی | لاوەکی | لاوەکی |

سەرچاوە:کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

1– هیوا صادق سلیم ، التحلیل الجغرافي لکفاءة التوزیع المکاني للخدمات التعلیمیة في مدینة اربیل، اطروحة دکتوراه (غیر منشورة ) قدمت الی مجلس کلیة الاداب، جامعة صلاح الدین، اربیل،2012، ص 159–160

2– دیار محمد أحمد، تحلیل وتخطیط الخدمات الاجتماعیة في مدینة شقلاوة (دراسة في الجغرافیة الخدمات)، رسالة ماجستیر (غیر منشورة ) قدمت الی مجلس کلیة الاداب، جامعة صلاح الدین، اربیل،2014، ص24.

**خوێندنی خێرا:**

قۆناغی خوێندنی خێرا هەرچەندە کەوا وەك قۆناغەکانی تر پێوەری تایبەت بەخۆی نییە، بەڵام ئێمە لەبەر ڕۆشنای ئەو قۆناغەی کەوا خوێندکار تێیدا دەخوێنێت، کە بۆ ئەم ساڵی خوێندن (3–8 ) بنەڕەتییە دابەشبووە بەسەر چوار ئاستدا هەروەها لەبەر تەمەنی خوێندکارانی کە لەسەردانی مەیدانیدا بۆمان دەرکەوت کەوا زۆربەی خوێندکار لەنێوان(13–15)ساڵدان*، لەبەرئەوە بەباشی دەزانین کەوا پێوەرەکانی خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی(7– 9)جێبەجێ بکەین بەسەریاندا وەك لە خشتەی (66) هاتووە.

---

* لە ڕووی تەمەنەوە نزیکەی 95 ٪ خوێندکارانی لە تەمەنی 15 ساڵیدان و 3.5 ٪ لە تەمەنی 13 ساڵاندان وە ڕێژەی تەمەن 14 ساڵان 1.5٪ خوێندکارانی قۆناغەکە پێك دەهێنێت.

خشتەی(66 )

جێبەجێکردنی پێوەرەکانی پلاندانان بۆ خوێندنگەی خوێندنی خێرا لە شاری هەڵەبجە ساڵی 2015–2016

| پێوەر | عێراق | دۆخی ئێستا |
|---|---|---|
| ژ.خوێندکار | 360 | 59* |
| ژمارەی پۆل | 12 | 4* |
| ژ.خوێندکار لەپۆلێکدا | 30-25 | 14.7* |
| مامۆستا /خوێندکار | 20 | 2.4* |
| رووبەری بینا/هەزار/م$^2$ | 10-8 | 3150* |
| بەشی خوێندکارلەرووبەری بینا/م$^2$ | 28-22 | 53.3*** |
| شوێن بەپێی شەقام | لاوەکی | سەرەکی |

سەرچاوە :کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:

1– حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە، بەشی پلاندانان، داتای بلاۆنەکراوە.

2– پاشکۆی (8) .

بەتێبینی کردنی خشتەی (66) دەبینین کەوا ئەم قۆناغەی خوێندن  لەڕووی ژمارەی خوێندکارەوە لەپێوەر کەمترە و لەڕووی پۆلیشەوە تەنها (4) پۆل هەیە کە (59) خوێندکار دابەش بووە بە سەریاندا لە چوار قۆناغدا ئەمەش وادەکات رێژەی خوێندکار لە پۆلێکدا کەمتر بێت لە پێوەر، بە هۆی کەمی خوێندکارو زۆری مامۆستاوە رێژەی خوێندکار بۆ یەك مامۆستا تەنها (2.4)ی خوێندکارەو زۆر کەمترە لەپێوەر، لەڕووی رووبەری بیناشەوە زۆر کەمترە لەپێوەر، بەڵام بەهۆی ئەوەی کەوا خوێندکاری کەمە لەپێوەری بەشی خوێندکار لە رووبەری گشتی دەبینین نزیکەی دوو هێندەی پێوەر رووبەریان بەردەکەوێت.

**باسی یەکەم:دووەم: هەڵسەنگاندنی ئاستی رازی بوونی خوێندکاران لەسەر خزمەتگوزاریی فێرکاری:**

هەموو ئەو خوێندکارانەی کەوا لە شارەکەدان لە چوارچێوەی خزمەتگوزاریی فێرکاری دا بۆچوونی جۆراو جۆر هەیە لەسەر خزمەتگوزاریی ناو سەرجەم بینای قۆناغەکانی خوێندن ،ئەمەش دەرکەوتووە بۆمان لە ئەنجامی فۆرمی راپرسی و دابەشکردنی بەسەر جۆرە جیاوازەکانی ئەم خزمەتگوزاریەدا.

بۆیە ئێمە چەند ئاستێك مان داناوە سەبارەت بەوەی ئایا تاچەند خوێندکاران رازین لەسەر خزمەتگوزارییەکانی ناو خوێندنگەکانیان وەك تۆڕی ئاو و ئامێری فێنك کەرەو گەرمکەرەوەو باخچەو یاریگا و..ئەوانی تر، لەئەنجامدا چەندین وەڵام و بۆچوونی جۆراوجۆرمان دەستکەوتووە لەسەر ئەو خزمەتگوزاریانە و رێژەکان بە شێوەیەکی جیاواز نیشان دراوە لەلایەن خوێندکارانەوە. خشتەی (67) هەندێك جاریش هەندێك لە خوێندکاران هۆکاری رازی نەبوونیان بۆ شوێنی خوێندنگەکە گێڕاوەتەوە بەتایبەت ئەو خوێندنگانەی کەوا لە نزیك دووکانی وەرشەو ئاسنگەریدان، ئەمەش پشتڕاست کراوەتەوە، چونکە ئەو خوێنگەیە بوونی هەیە لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا وەك لە وێنەی (5) دیارە.

خشتەی(67)

ئاستی ڕازی بوونی خوێندکار لەسەر خزمەتگوزاریی ناو باخچەی منداڵان و خوێندنگەکان لەشاری هەڵەبجە ساڵی 2015 –2016

| جۆری قۆناغ | ئاستی ڕازیبوون لەسەر خزمەتگوزارییەکان | | | |
|---|---|---|---|---|
| | زۆر ٪ | مامناوەند ٪ | کەم ٪ | ڕازی نیم ٪ |
| باخچەی منداڵان | 22 | 38 | 36 | 4 |
| خوێندنگەی بنەڕەتیی(1-6) | 8 | 33 | 21 | 38 |
| خوێندنگەی بنەڕەتیی(7-9) | 21 | 36 | 28 | 15 |
| ئامادەیی | 8 | 38 | 32 | 22 |
| پیشەیی | 18 | 26 | 38 | 18 |
| دواناوەندیی | 58 | 42 | - | - |
| خوێندنی خێرا | - | - | - | 100 |
| ناوەند | 19.3 | 30.5 | 22.1 | 28.1 |

سەرچاوە : کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:

فۆرمی ڕاپرسی.

بەگشتی ناوەندی ئاستی ڕازیبونی خوێندکاران لەسەر خزمەتگوزاریی ناو باخچەی منداڵان و خوێندنگەکان،ناوەندی ئەوانەی کەوا بەشێوەیەکی زۆر ڕازین (19.3٪) ئەوەی کەوا خزمەتگوزارییەکان بە مام ناوەند دادەنێن (30.5٪)ی و ڕێژەی ئەوانەشی کەمێك ڕازین (22.1٪)ی و ناوەندی (28.1٪)ی ڕازی نین لە خزمەتگوزارییەکانی ناو باخچە و خوێندنگەکانیان.

سەبارەت بە باخچەی منداڵان زۆرترین ڕێژە کە (38٪)ی بەشێوەیەکی مام ناوەند ڕازین و (36٪)ی بەشێوەیەکی کەم و (22٪)ی زۆر و (4 ٪)ی ڕازینین.

خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (1– 6) زۆرترین ڕێژەی خوێندکاران ڕازی نین کە(38٪)و کەمترین ڕێژەش خوێندکارانیش کە(8٪)و بەشێوەیەکی زۆر ڕازین.

خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی(7–9) زۆرترین ڕێژە (36٪)ی بەشێوەیەکی مام ناوەند ڕازین و کەمترین ڕێژەش کە هەر ڕازی نین (15٪)یە.

وێنەی(5)

خوێندنگەی ئامادەیی ئەحمد مختار جافی کوڕان




ئەم وێنەیە لەڕێکەوتی 7/26/ 2016 لەلایەن توێژەرەوە گیراوە.

وێنەی (1) ئامادەی ئەحمدمختار جافی کوڕانەو هەروەها ئامادەی هەڵەبجەیی ئێوارانیش لەخۆ دەگرێت، لەوێنەی (2) دیارە کەوا لە تەنیشت ئەم خوێندنگەیەوە کۆمەڵێك لە دووکانی وەرشەو چاککردنی ئۆتومبێل بوونی هەیە، لەوێنەی (3) کە دەکاتە بەرانبەر ئەم خوێندنگەیە چەندین دووکانی ئاسنگەری بوونی هەیە، ئەمانەش هەموو بە فاکتەرێکی بێزارکردنی خوێندکاران هەژمار دەکرێتو دەبنە فاکتەرێك بۆئەوەی هەندێك لەخوێندکاران لە خوێندنگەکانیان ڕازی نەبن.

خوێندنگەی ئامادەییەکانیش بەرزترین ڕێژەی بەشێوەیەکی مام ناوەندی ڕازین و نزمترین ڕێژەش بەشێوەیەکی زۆر هەریەکەیان ڕێژەی(38٪ و 8٪)ی پێك دەهێنن.

سەبارەت بە دواناوەندییەکان (58٪)ی بەشێوەیەکی زۆر لە خزمەتگوزارییەکان ڕازین و (42٪)ی بە شێوەیەکی مام ناوەند ڕازین ،ئەمەش دەکرێت هۆکاری بگێڕینەوە بۆ ئەوەی کەوا وەك خوێندنگەیەکی نموونەیی تاڕادەیەك جیاوازترە لە خوێندنگەکانی تری قۆناغە جیاوازەکان.

هەرچی خوێندنگە پیشەییەکانە زۆرترین ڕێژەی ئەوانەن کە بە شێوەیەکی کەم ڕازین (38٪)ی خوێندکارانەوە کەمترین ڕێژەش (18٪)ی کە زۆر ڕازین و لە هەمان کاتدا (18٪)ی ڕازی نین،سەرجەم ئەوانی تر بە شێوەیەکی مام ناوەند ڕازین.

پاشان خوێندنی خێرا دێت کە (100٪)ی ڕازی نین، هۆکاری ئەمەش زیاتر پەیوەندی بە شوێنی خوێنگەکەوە هەیە کە نەکەوتۆتە سەنتەر یان نزیك سەنتەرەوە خوێندکاران کاتی زیاترو ماندوبوونی زیاتریان دەوێت بۆ گەیشتن بە خوێندنگەکەی، ئەمە جگە لەوەی کە ئەم خوێندنگەیە بەشێوەی میوان لە خوێندنگەی(کانی عاشقانە)لە گەڕەکی باخیی میرو کانی عاشقان.

بەگشتی دەکرێت بڵێن بەردەست بوونی خزمەتگوزارییەکان بەشێوەیەکی باش لەهەندێك خوێندنگەدا وادەکات بەشێکی زۆری خوێندکار زۆر ڕازی بن، هەندێکیش مامناوەند و کەم لە هەمان کاتیش دا خوێندکاریش هەیە ڕازی نییە، خوێندنگەی تریش هەیە بەهۆی کۆنی بیناوە یان بەهۆی زۆری خوێندکارو بچوکی ڕووبەریانەوە وادەکات خوێندکاران زۆر ئاسودە نەبن و لەئاستی خزمەتگوزاریی باخچەکان و خوێندنگەکان رازی نەبن یان زۆر بەکەمی ڕوو دەیات کە تاڕادەیەکی کەم یان بەشێوەی مام ناوەند ڕازی بن، لەبەرئەوە دەکرێت بڵێین هەبوونی ئەو خزمەتگوزاریانە کاریگەری هەیە لەسەر باری دەرونی خوێندکار و بەشێوەیەکی باش هاوکاری خوێندکار دەکات بۆ ئارەزوو کردن لە خوێندن بە پێچەوانەشەوە دەبێتە هۆی نائارامی و ناجێگیری باری دەرونیان و لەکۆتایشدا بەسودی باشتر بەرێوەچونی پرۆسەی خوێندن ناکەوێتەوە.

لەکۆتای ئەم باسەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەوا بڵێین خوێندنگەکان لەڕووی جێبەجێکردنی پێوەرەکانەوە جیاوازیان هەیە، هەندێکیان لەگەڵ هەندێك پێوەردا هاوتایە یان کەمترە بەشێوەیەکی ئەرێنیی، بەلاّم هەندێکی تریش لە چەندین پێوەردا زیاترن بەراورد بە پێوەرەکان ئەمانەش بەلایەنێکی خراپ هەژمار دەکرێت وەك پێوەری خوێندکار بۆ خوێندنگە،یان خوێندکار بۆ پۆلی خوێندن یاخود لە ڕووی دووریەوە یان کاتی گەیشتن بەخوێندنگە.

دەکرێت تاڕادەیەکی باش ڕووبەڕووی ئەم کێشانە ببینەوە بەوەی کەوا ڕێگە چارە دابنرێت لە سالاّنی داهاتوودا، بە ئامانجی چارەسەر کردنی هەندێك لە کێشەکانی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجەدا بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵ دەدەین لە باسی دووەمدا لە ڕێگەی پێشبینی کردن بۆ زیادبوونی دانیشتوان تاکو ساڵی 2036 و هەروەها پێشبینی کردن بۆ خزمەتگوزاریی فێرکاری لە ڕووی ژمارەو ڕووبەریانەوە بە پێی قۆناغەکان باس بکەین.

## باسی دووەم: داهاتووی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجە:

باسکردن لەداهاتووی خزمەتگوزاریی فێرکاری و پێشبینی کردن بۆی کارێکی ئاسان نییە لە زانستی جوگرافیاداو جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنە، لەبەرئەوەی خزمەتگوزاریی فێرکاری بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە دانیشتوانەوە هەیە، بۆیە ئێمە لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین باس لە دانیشتوانی شارەکە بکەین تاکو ساڵی (2036) لەڕووی زیادبوونی ژمارەی باخچەی منداڵان و خوێندنگەکان و ڕووبەریان، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم بەشەمان دابەشکردووە بەسەر دوو باسدا بەم شێوەی لای خوارەوە.

**یەکەم : پێشبینی کردن بۆ زیادبوونی دانیشتوان لە داهاتوودا:**

پێشبینی کردن بۆ زیادبوونی دانیشتوان لە داهاتوودا لە بابەتە گرنگەکانی جوگرافیای دانیشتوان هەژمار دەکرێت، دەکرێت پشتی پێ ببەسترێت لە بواری کاری پلاندانان بۆ داهاتوو، چونکە زانینی زانیاری لەسەر ژمارەی دانیشتوانو زیاد بوونی لە داهاتوودا دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە بتوانرێت کار بۆ دابینکردنی پێداویستەیەکانی دانیشتوان بەتایبەت خزمەتگوزارییەکانی فێرکاری و تەندروستیو خۆشگوزەرانی و نیشتە جێبوون ....هتد بکرێت کەئەمانە لە فاکتەرەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵگەن، نابێت ئەوەش لەبیرکرێت کەوا پێشبینی کردن بۆ ماوەکی دورو درێژ سوودێکی ئەوتۆی نابێت، چونکە گۆڕانەکان لە گەشەی سروشتی ناجێگیری هەیە لەبەر ئەوە بۆ پێشبینی کردن ماوەی نێوان (20–25) ساڵ بە گونجاو دادەنرێت بۆ ئەوەی بتوانرێت ڕووبەڕووی پێداویستیەکانی پەرەپێدانی مرۆی بینەوە[1].

دانیشتوانیش لەهەموو ناوچەیەکدا بەردەوام لەگۆڕان دایە، لەئەنجامی فاکتەرە سروشتیو مرۆییەکان، لەناوچەی لێکۆڵینەوەشدا ئەم دیاردەیە بۆتە هۆی زیادبوونی دانیشتوان کە کاریگەری لەسەر شارو خزمەتگوزارییەکان بەگشتی و خزمەتگوزاریی فێرکاری بەتایبەتی دروستدەکات گەشەکردنی لە کۆنو ئێستا و داهاتووشدا، لەگەڵ ئەو زیادبوونەشدا پێداویستی و بەکارهێنانی هەموو خزمەتگوزارییەکان ڕوو لە زیادبوون دەکات، خزمەتگوزاریی فێرکاریش وەك بابەتێکی سەرەکی و گرنگی لێکۆڵینەوەکەی ئێمە، هەروەها وەك پێداویستییەکی سەرەکی کۆمەڵگە پێویست دەکات لەڕێگەی پێشبینی کرنەوە بەپێی(زیادبوونی دانیشتوان و خزمەتگوزاریی فێرکاری) بەسەرجەم قۆناغەکانەوە دەستنیشان بکەین و لەڕووی ژمارەیان لەگەڵ ئەو ڕووبەرەشی کەوا پێویستە پێکی بهێنن لە شارەکەدا بەپێی پێوەرەکانی پلاندانان دیاری بکەین، بۆئەوەی بتوانین تاڕادەیەك هەندێك لەو کێشەو گرفتانەی کە لەئێستادا لەم کەرتەی خزمەتگوزاریی فێرکاری بەڕوونی دەبینرێت چارەسەر بکرێت لەچەند ساڵی داهاتوودا تاکو زیاتر ببێتە هۆی پێشکەوتنی ئەم کەرتە لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا.

لەکاتی پێشبینی کردنی زیاد بوونی ژمارەی دانیشتواندا لە شێوەی پلانێکی سەرکەوتوودا باشتر وایە زیاتر لە ئەگەرێك وەربگیرێت،لەبەرئەوە لەسەر ئەم بنەمایە کاردەکەین بۆئەوەی ژمارەی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە دەربخەین تاکو ساڵی (2036)، بۆئەم مەبەستەش (3) ئەگەرمان داناوە، ئەوانیش

---

(1)حمادی عباس حمادی، التغيرات السكانية في محافظة القادسية (1977–1997) دراسة في الجغرافية السكان، اطروحة دكتورا(غيرمنشورة)، قدمت الى مجلس كلية التربية ابن رشد، جامعة بغداد، 2005، ص107.

ئەگەری زیادبوونی دانیشتوان بە پێی گەشەی (1٪) وەك گەشەی نزم،لەسەر بنەمای گەشەی دانیشتوانی شاری هەڵبجە لەنێوان ساڵانی (1987–2002) هەروەها ئەگەری زیادبوونی دانیشتوان بەپێی گەشەی (3٪) وەك گەشەی دانیشتوان بەشێوەیەکی مام ناوەند لەنێوان ساڵانی (2009–2015) لەشاری هەڵبجەدا و ئەگەری زیادبوونی دانیشتوان بە پێی گەشەی (5.16٪) وەك گەشەی دانیشتوان بە شێوەیەکی بەرز لەنێوان ساڵانی (1977–1987) لەناوچەی لێکۆڵینەوەدا. بۆئەم مەبەستەش لە پێشبینی کردن بۆ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان ساڵی (2016) وەك ساڵی بنەڕەت دیاری کراوە، بە پشت بەستن بە هاوکێشەی تایبەت بە پێشبینی کردن بۆ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە تاکو ساڵی (2036) دیاری دەکەین. وەك لە خشتەی( 68) و شێوەی (18) ڕونکراوەتەوە.

خشتەی(68)

پێشبینی کردنی زیادبوونی دانیشتوان لەشاری هەڵبجە لەنێوان ساڵانی(2017–2036)

| ساڵەکان | ژ. دانیشتوان بەپێی گەشەی ساڵانە 1٪ | ژ. دانیشتوان بەپێی گەشەی ساڵانە 3٪ | ژ. دانیشتوان بەپێی گەشەی ساڵانە 5.16٪ |
|---|---|---|---|
| 2017 | 69 515 | 70 892 | 72 378 |
| 2018 | 70 210 | 73 019 | 76 113 |
| 2019 | 70 913 | 75 209 | 80 041 |
| 2020 | 71 622 | 77 465 | 84 171 |
| 2021 | 72 338 | 79 789 | 88 514 |
| 2022 | 73 061 | 82 183 | 93 081 |
| 2023 | 73 792 | 84 649 | 97 884 |
| 2024 | 74 530 | 87 188 | 102 935 |
| 2025 | 75 275 | 89 804 | 108 247 |
| 2026 | 76 028 | 92 898 | 113 832 |
| 2027 | 76 788 | 95 273 | 119 706 |
| 2028 | 77 556 | 98 131 | 125 883 |
| 2029 | 78 332 | 101 075 | 132 378 |
| 2030 | 79 115 | 104 107 | 139 209 |
| 2031 | 79 906 | 107 230 | 146 392 |
| 2032 | 80 705 | 110 447 | 153 946 |
| 2033 | 81 512 | 113 761 | 161 889 |
| 2034 | 82 327 | 117 173 | 170 243 |
| 2035 | 83 151 | 120 689 | 179 028 |
| 2036 | 83982 | 124309 | 188265 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

1– ژمارەی دانیشتوان لەساڵی (2016) واتە ساڵی بنەڕەت (68827) کەسە.

2– هاوکیشەی پێشبینی کردنی دانیشتوان.

ئەنجام = (تێکڕای گەشەی ساڵانەی دانیشتوان × ژمارەی دانیشتوان لە هەموو ساڵێکدا) / 100

ئەنجام + ژمارەی دانیشتوانی هەرساڵێك = ژمارەی پێشبینی کراوی دانیشتوان. بڕوانە :

عبد علی حسن الخفاف، عبد المخور الريحانی، جغرافية السكان، مطبعة جامعة بصرة، ص152.

شێوەی(18)

ژمارەی پێشبینی کراوی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە (2017–2036)




سەرچاوە: خشتەی (68)

بەتێبینی کردنی خشتە(68) و شێوەی (18) بۆمان ڕووندەبێتەوە، کەوا ژمارەی دانیشتوان لەشاری هەڵەبجەدا سالآنە چەند هەزار کەسێك زیاد دەبێت، بەم پێیەش ئەگەر بێتو بەپێی تێکڕای گەشەی سالآنە (1٪) پێشبینیەکان بۆ ژمارەی دانیشتوان ئەنجام بدەین، دەبینین کەوا لەسالّی (2020) ژمارەی دانیشتوان دەگاتە (71622) کەس و لە سالّی(2025) (75275) کەس و پاشان لە سالّی (2030) دەگاتە (79115) کەس، تاکو سالّی (2036) ژمارەی دانیشتوان ناوچەی لێکۆڵینەوە دەگاتە (83982) کەس، بەلآم ئەگەر بێتوو بەپێی تێکڕای گەشەی سالآنە (3٪) پێشبینیەکان ئەنجام بدەین بۆ ژمارەی دانیشتوان دەبینین کەوا لەسالّی (2020) ژمارەی دانیشتوان دەگاتە (77465)کەس و لەسالّی (2025) دەگاتە(89804) کەسو پاشان لە سالّی(2030) دەگاتە (104107) کەس و تاکو سالّی (2036) ژمارەی دانیشتوان ناوچەی لێکۆڵینەوە دەگاتە (124309) کەس.

هەروەها ژمارەی دانیشتوان زیاتر دەبێت،ئەگەر هاتوو پێشبینیەکان ئەنجام بدەین بۆ ژمارەی دانیشتوان بەپێی تێکڕای گەشەی سالآنە (5.16٪)، دەبینین کەوا زیادبوون بەشێوەیەکە لەسالّی (2016) (68827) کەسەو بەرزتر دەبێتەوە بۆ (84171) کەس لە سالّی (2020) و هەروەها (108247) کەس لە سالّی (2025) و (139209) کەس لەسالّی (2030) هەروەها (188265) کەس لە سالّی (2036) .

کەواتە بەپێی ئەم پێشبینیانەی کە بۆ دانیشتوانی شاری هەڵەبجە کراوە بەسێ ئەگەری جیاواز دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە دانیشتوان لەناوچەی لێکۆڵینەوەدا بەپێی ڕێژەی گەشەی نزم واتە (1٪) دانیشتوانی شاری هەڵەبجە تاکو ساڵی ئامانج نزیکەی نیو ئەوەندە زیاد دەکات، بەپێی ڕێژەی گەشەی ناوەندی واتە (3٪) تاکو ساڵی ئامانج دانیشتوانی شارەکە نزیکەی دوو ئەوەندە زیاد دەکات، بەپێی ڕێژەی گەشەی بەرز واتە (5.16٪) تاکو ساڵی ئامانج دانیشتوانی شارەکە نزیکەی سێ ئەوەندە زیاد دەکات ، ئەم زیاد بوونەش دەمان گەیەنێتە ئەوەی کەوا بیر لەوە بکەینەوە کەوا چۆن پەیوەندیەکی ڕێکو پیك و پلانێکی گونجاو دابنرێت لەنێوان دانیشتوان و خزمەتگوزاریی فێرکاریدا، لەبەرئەوە لە تەوەری دووەمدا ئەوە دەخەینە ڕوو کەوا لەگەڵ زیادبوونی دانیشتواندا ساڵانە چەند لە خزمەتگوزاریی فێرکاری زیاد دەکات لەڕووی ژمارەیان و هەروەها ئەو ڕووبەرەشی کەوا پێکی دەهێنن لە شارەکەدا هەتاکو ساڵی ئامانج کە (2036) ئەمەش لەسەر بنەمای بەکارهێنانی پێوەرەکان.

**دووەم : پێشبینی کردن و پێداویستی شاری هەڵەبجە بۆخزمەتگوزاریی فێرکاری تاکو ساڵی 2036 :**

پێداویستی شاری هەڵەبجە بۆ خزمەتگوزاریی فێرکاری لە داهاتوودا جیاوازە بەپێی جۆری خزمەت گوزاریەکان و هەروەها زیادبوونی دانیشتوانی شارەکە، بۆیە ئێمەش لەم باسەدا هەوڵ دەدەین بزانین کەوا شاری هەڵەبجە تاکو ساڵی (2036) پێداویستی بەچەند جۆری جیاواز لەم خزمەتگوزارییە هەیە، ئەمەش ڕونکراوەتەوە لەخشتەی(69).

هەروەك لە باسی یەکەمدا ئاماژەمان پێدابوو بەپێی پێوەرەکانی پلاندانان بۆ خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجە بۆ هەر ( 4000-5000) کەس لەدانیشتوان (1) باخچەی منداڵان پێویستە، خوێندنگەی بنەڕەتی قۆناغی (1-6) بۆ هەر (2500) کەس (1) خوێندنگە، خوێندنگەی بنەڕەتی قۆناغی (7-9) بۆ هەر(5000) کەس (1) خوێندنگەو قۆناغی ئامادەیی بۆ هەر (10000)کەس (1) خوێندنگە و قۆناغی پیشەیی (10000-20000) کەس (1) خوێندنگەی پێویستە.بۆزانیاری زیاتر لەم بارەیەوە لەگەڵ ژمارەی سەرجەم خزمەتگوزارییەکان. بگەڕێرەوە بۆ خشتەی (32).

لەڕووی ڕووبەری گشتیەوە باخچەی منداڵان دەبێت (3000-3500)م$^2$ و خوێندنگەی بنەڕەتی قۆناغی(1-6) (5000-6000)م$^2$ و خوێندنگەی بنەڕەتی قۆناغی(7-9) (8000-9000)م$^2$ قۆناغی ئامادەیش (10000-12000)م$^2$ بڕوانە پاشکۆی (8). بۆ زانیاری لەسەر ڕووبەری گشتی بەکارهێنانی زەوی و بەکارهێنانی پێوەری ڕووبەری سەرجەم خزمەتگوزارییەکان بگەڕێرەوە بۆ خشتەی(27) و قۆناغی پیشەیش( 13546 )م$^2$ بگەڕەێرەوە بۆ خشتەی (65).

بەتێبینی کردنی خشتەی(69) دەر دەکەوێت کەوا پێداویستی شاری هەڵەبجە بۆخزمەتگوزاریی فێرکاری بەپێی گەشەی ساڵانە (1٪) تاکو ساڵی(2036) لەسەر بنەمای پێوەری دانیشتوان پێویست دەکات کەوا (17) باخچەی منداڵان لەشارەکەدا هەبێت و بەراورد بە دۆخی باخچەی منالان لەساڵی (2016) کە (7) باخچەی منداڵانە پێویستە (10) باخچەی تر بنیادبنرێت، واتە لەگەڵ زیاد بوونی هەر (5000) کەس پێویستە (1) باخچەی منداڵان زیاد ببێت، لەڕووی ڕووبەریشەوە هەر یەك باخچەی منداڵان

## خشتەی(69 )

## پێداویستی شاری هەڵەبجە بۆ خزمەتگوزاریی فێرکاری بەپێی گەشەی ساڵانە 1٪ ساڵی 2017–2036

| ساڵەکان | ژ. دانیشتوان | باخچەی منداڵان | | خ. بنەڕەتی قۆناغی ( 1–6) | | خ. بنەڕەتی قۆناغی (7–9) | | خ.ئامادەیی | | خ.پیشەیی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | پێداویستی | ڕووبەری پێویست بە/ م $^2$ | پێداویستی | ڕووبەری پێویست بە/ م $^2$ | پێداویستی | ڕووبەری پێویست بە/ م $^2$ | پێداویستی | ڕووبەری پێویست بە/ م $^2$ | پێداویستی | ڕووبەری پێویست بە/ م $^2$ |
| **2017** | 69 515 | 14 | 49000 | 28 | 168000 | 14 | 126000 | 7 | 84000 | 3 | 40638 |
| **2020** | 71 622 | 14 | 49000 | 29 | 174000 | 14 | 126000 | 7 | 84000 | 3 | 40638 |
| **2023** | 73 792 | 14 | 49000 | 29 | 174000 | 14 | 126000 | 7 | 84000 | 4 | 54184 |
| **2026** | 76 028 | 15 | 52500 | 30 | 180000 | 15 | 135000 | 8 | 96000 | 4 | 54184 |
| **2029** | 78 332 | 16 | 56000 | 31 | 186000 | 16 | 144000 | 8 | 96000 | 4 | 54184 |
| **2032** | 80 705 | 16 | 56000 | 32 | 192000 | 16 | 144000 | 8 | 96000 | 4 | 54184 |
| **2036** | 83982 | 17 | 59500 | 33 | 198000 | 17 | 153000 | 8 | 96000 | 4 | 54184 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

1– خشتەی (68)

2– پاشکۆی (8

لەنێوان (3000–3500)م$^2$ لێرەشەوە دەكرێت بلێن سالأنە لەگەڵ زیادبوونی ژمارەیاندا ڕووبەریشیان زیاد دەكات بەشێوەیەك كەوا تاكو سالّی (2036) سەرجەمی ڕووبەری باخچەی مندالأن لە ناوچەی لێكۆڵینەوەدا دەگاتە (59500)م$^2$ لە كاتێكدا لە سالّی (2016) ڕووبەری ئەو باخچانەی كە هەیە نزیكەی (13 662)م$^2$، ڕووبەرێكی كەمی بەكارهێنانی زەوی پێك دەهێنێت.

سەبارەت بەخوێندنگەی بنەڕەتی قۆناغی (1–6) بەراورد بە دۆخی ئێستای كە سالّی خوێندنی (2015– 2016) ژمارەی یان (21)ە پێویست دەكات زیاتر لەو ژمارەیە بێت و لە سالّی (2017) پێویستە ژمارەیان بگاتە (28) خوێندنگەو ڕووبەریشیان (168000)م$^2$، بەلأم سالأنە ئەم ژمارانەو ڕووبەریان زیاد دەكات لەگەڵ زیاد بوونی (2500) كەس بۆ دانیشتوانی ناوچەی لێكۆڵینەوە بەم شێوەیەش تاكو سالّی (2036) ژمارەی خوێندنگەی بنەڕەتی قۆناغی (1– 6) دەگاتە (33) خوێندنگە و ڕووبەریشیان دەگاتە نزیكەی (198000)م$^2$ لەكاتێكدا لە ئێستادا ڕووبەرەكەی تەنها (42382) م$^2$.

سەبارەت بەخوێندنگەی بنەڕەتی قۆناغی (7–9) بەراورد بە دۆخی ئێستای كە سالّی خوێندنی (2015– 2016) ژمارەی یان (14) لەگەڵ زیادبوونی (5000) كەس پێویست دەكات كەوا خوێندنگەیەك بنیاد بنرێت بەم شێوەش تاكو سالّی (2036) ژمارەی خوێندنگەكانی ئەم قۆناغە دەگاتە (17)خوێندنگە و ڕووبەریشیان زیاد دەكات بۆ(153000) م$^2$ لەكاتێكدا لە ئێستادا ڕووبەرەكەی تەنها (28615.7)م$^2$.

قۆناغی ئامادەیی دۆخی ئێستای كە سالّی خوێندن (2015– 2016) ژمارەی یان (8) ئەم ژمارەیەش بەراورد بە دانیشتوانی شاری هەڵەبجە زیاترە بۆیە تاكو سالّی (2036) ئەگەر هیچ خوێنگەیەكی ئامادەیی دروست نەكرێت گرفتێكی ئەوتۆ دروست ناكات، چونكە ژمارەی دانیشتوان لە سالّی (2036) دەگاتە (83982) كەس هەر (10000) كەسیش یەك خوێندنگەی پێویستە بۆیە تاكو سالّی ئامانج بە پێی گەشەی سالأنەی دانیشتوان (1٪) پێویست بەبنیادنانی خوێندنگەی ئەم قۆناغە ناكات بەلأم لە ڕووی ڕووبەرەوە پێویستە ئەو ڕووبەرەی كەوا ئێستا هەیە (37901.01)م$^2$ تاكو سالّی ئامانج زیاد دەكات بۆ (96000)م$^2$. بەهەمان شێوەش بۆ خوێندنگەی پیشەیی تاكو سالّی (2036) تەنها پێویستە تەنها یەك خوێندنگە زیادبكات بەلأم ڕووبەریان پێویست دەكات كەوا بگاتە (54184)م$^2$

بەلأم ئەگەر بێتو بەپێی گەشەی سالأنەی (3٪) پێشبینی بۆ پێداویستی خزمەتگوزاریی فێركاری بكەین ژمارەو ڕووبەریان زیاد دەكات. بۆیە بەتێبینی كردنی خشەی(70) بۆمان ڕوون دەبێتەوە كەوا شاری هەڵەبجە لە سالّی (2017–2036) پێویستە نزیكەی (25) باخچەی مندالأنی هەبێت ئەمە لە كاتێكدایە لەسالّی خوێندنی (2015–2016) تەنها (7) باخچە بوونی هەیە ، واتە بۆ ئەم سالە (7–8) باخچەی تر پێویستە لە شارەكەدا هەبن و لەگەڵ زیاد بوونی بەردەوامی دانیشتوانیشدا لەو ماوەیەدا بۆ هەر (5000) كەسێك لەدانیشتوانی شارەكە كە زیاد دەبێت پێویستە (1) باخچەی مندالأن بنیاد بنرێت بەو شێوەیە تاكو سالّی (2036) بەپێی پێشبینی بۆ زیاد بوونی دانیشتوان كە دەگاتە (124309) كەس پێویستە باخچەی مندالأن ژمارەیان بگاتە (25) لەناوچەی لێكۆڵینەوەدا، لەڕووی ڕووبەریشەوە تاكو سالّی ئامانج

## خشتەی(70)

## پێداویستی شاری هەڵەبجە بۆ خزمەتگوزاریی فێرکاری بەپێی گەشەی ساڵانە 3٪ ساڵی 2017–2036

| ساڵەکان | ژ. دانیشتوان | باخچەی منداڵان | | خ. بنەڕەتیی قۆناغی (1–6 ) | | خ. بنەڕەتیی قۆناغی (7–9) | | خ.ئامادەیی | | خ.پیشەیی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | پێداویستی | ڕووبەری پێویست بە/ م$^2$ | پێداویستی | ڕووبەری پێویست بە/ م$^2$ | پێداویستی | ڕووبەری پێویست بە/ م$^2$ | پێداویستی | ڕووبەری پێویست بە/ م$^2$ | پێداویستی | ڕووبەری پێویست بە/ م$^2$ |
| **2017** | 70892 | 14 | 49000 | 28 | 168000 | 14 | 126000 | 7 | 84000 | 3 | 40 638 |
| **2020** | 77465 | 15 | 52500 | 31 | 186000 | 15 | 135000 | 8 | 96000 | 4 | 54 184 |
| **2023** | 84649 | 17 | 59500 | 34 | 204000 | 17 | 153000 | 8 | 96000 | 4 | 54 184 |
| **2026** | 92898 | 18 | 63000 | 37 | 222000 | 18 | 162000 | 9 | 108000 | 5 | 67 730 |
| **2029** | 101075 | 20 | 70000 | 40 | 240000 | 20 | 180000 | 10 | 120000 | 5 | 67 730 |
| **2032** | 110447 | 22 | 77000 | 44 | 264000 | 22 | 198000 | 11 | 132000 | 5 | 67 730 |
| **2036** | 124309 | 25 | 87500 | 50 | 300000 | 25 | 225000 | 12 | 144000 | 6 | 81 276 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

1– خشتەی (68)

2– پاشکۆی( 8).

ئەو ڕووبەرەی کەوا پێویستە ئەم قۆناغەی خزمەتگوزاریی فێرکاری هەیبێت و نزیکەی (87500)م$^2$ لە کاتێکدا لە ساڵی (2015–2016) تەنها (662 13)م$^2$. خوێندنگەی بنەڕەتی قۆناغی (1–6) بۆ ساڵی (2017) پێویستە ژمارەیان بگاتە (28) لەکاتێکدا ئێستا (21) خوێندنگە هەیە واتە پێویست دەکات (7) خوێندنگە بنیاد بنرێت و ساڵانەش لەگەڵ زیادبوونی (2500) کەس لە ناوچەکەدا پێویستە (1) خوێندنگەی بنەڕەتی (1–6) دابمەزرێت بۆئەوەی هاوتای پێوەرەکانی پلاندانان بێت ئەمەش وادەکات ڕووبەری ئەم خزمەتگوزارییەش زیادبکات، لەڕووی پێك هێنانی ڕووبەری سەرجەم بەکارهێنانەکانی زەوی شارەکەش ڕووبەری زیاتر دەبێت بۆیە تاکو ساڵی (2036) کە دانیشتوان بەپێی گەشەی (3٪) دەگاتە نزیکەی (124309) کەس و ژمارەی ئەم خوێندنگەیە دەگاتە نزیکەی (50) خوێندنگە بەڕووبەری (300000) واتە بەراورد بەساڵی (2016) پێویست دەکات نزیکەی (29) خوێندنگە دابمەزرێت تاکو هاوتای پێوەرەکان بێت.

سەبارەت بەقۆناغی بنەڕەتی (7–9) لە ئێستادا کەمی و زیادیەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێت بەراورد بە ژمارەی دانیشتوانی، لەساڵی (2017–2036) پێویستە ژمارەی ئەم خوێندنگانە بگاتە نزیکەی (25) خوێندنگە واتە نزیکەی (11) خوێندنگە زیادبکات و ڕووبەریشیان بگاتە نزیکەی (225000)م$^2$ لەکاتێکدا لەئێستادا نزیکەی (28615.7)م$^2$ ئەمەش ڕووبەرێکی زۆر کەمە بۆ ئەم قۆناغەو ژمارەی خوێندنگەکانی، ئەو زیاد بوونەش کەوا لە ژمارەو ڕووبەری خوێندنگەکانی ئەم قۆناغەدا دروست دەبێت ساڵانە لەگەڵ زیادبوونی هەر (5000) کەسێك لەدانیشتوان پێویست دەکات خوێندنگەیەك بنیاد بنرێت.

قۆناغی ئامادەیی لە ساڵی (2015–2016) (8) خوێندنگەی ئامادەیی بوونی هەیە، ئەمەش بەراورد بە ژمارەی دانیشتوانی (1) خوێندنگە زیادی هەیە، چونکە بەپێی پێوەری پلاندانان بۆ هەر (000 10) کەسێك لە دانیشتوان تەنها (1) خوێندنگەی ئامادەیی دانراوە، بەڵام ئەم ڕێژەیە زیاد دەکات ساڵانە بەپێی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی تاکو ساڵی (2036) لەشاری هەڵەبجە کە ژمارەی دانیشتوان دەگاتە (124309) کەس، پێویستە ژمارەی خوێندنگەکان بەرەو هەڵکشان بڕوات، تاکو بگاتە (12) خوێندنگە لەساڵی ئامانج لەڕووی ڕووبەری خوێندنگەکانەوە ( 000 144)م$^2$ بەراورد بە دۆخی ئێستا لەڕووی ڕووبەرەوە پێچەوانەی پێوەرەکانە کە تەنها (37901)م$^2$ بۆ (8) خوێندنگە ئەم ڕووبەرەش تەنها ڕووبەری (3–4) خوێندنگە دەبێت گەر لەڕووی پێوەرەوە باسی لێوەبکەین .

هەرچی قۆناغی پیشەییە لە ناوچەکەدا کە تەنها (3) خوێندنگەن تاکو ساڵی (2016) بە شێوەیەکی کەم ژمارەیان زیاد دەکات، چونکە بۆهەر(20000) کەسێك تەنها (1) خوێندنگەی پیشەیی دانراوە بەپێی پێوەرەکانی پلاندانان بۆیە تاکو ساڵی (2036) دەگاتە نزیکەی (6) خوێندنگە ئەو ڕووبەرەشی کەوا بەهۆی ئەم قۆناغەوە زیاد دەبێت لەبەکارهێنانی زەوی‌و دەگاتە (81276)م$^2$.

ئەگەر بێتو بەپێی گەشەی ساڵانە دانیشتوان بەڕێژەی (5.16٪) پێشبینی بۆ پێداویستی خزمەتگوزاریی فێرکاری بکەین ژمارەو ڕووبەریان زیاد دەکات، لەبەرئەوە بەراورد بە ژمارەی دانیشتوان

بەپشت بەستن بە گەشەی دانیشتوان بەرێژەی (1٪ و 3٪) زۆر جیاوازتر دەبێت وەك لە خشتە(71) هاتووە .

بەتێبینی کردنی خشتەی(71) بۆمان ڕوندەبێتەوە، کەوا باخچەی منداڵان لە ساڵی (2017) بەپێی ژمارەی دانیشتوان لەهەمان ساڵدا پێویست دەکات کەوا ژمارەیان (14) باخچە بێتو ڕووبەریشیان بگاتە (49000)م$^2$ ئەمەش بەراورد بە دۆخی ئێستای باخچەی منداڵان کە ژمارەیان (7) و سەرجەمیان (13 662)م$^2$ بۆیە لە ڕووی ژمارەوە (7) باخچە زیاد دەکات و لەڕووی ڕووبەریشەوە لەساڵی (2017) پێویستە بگاتە ( 49000)م$^2$، بەردەوام ڕوو لەزیادبوون دەکات بە زیادبوونی دانیشتوان، هەربۆیە لە ساڵی (2036) کە دانیشتوان زیادبکات بۆ(188265)کەس بەپێی گەشەی 5.16٪ ژمارەی باخچەی منداڵان کەپێداویستی شاری هەڵەبجە پڕکاتەوە بەپێی پێورەکانی پلاندانان(38) باخچەیە و ڕووبەریشیان (133000) م$^2$.

پاشان خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (1– 6) دێت لەساڵی (2017) پێویستە (29) خوێندنگە هەبێت سەرجەمیان ڕووبەری (174000)م$^2$ پێك بهێنن لە ڕووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە، بەهۆی زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان و جێبەجێکردنی پێوەری دانیشتوان بەسەر خوێندنگەکاندا بەردەوام لەگەڵ زیادبوونی دانیشتواندا ئەو ژمارەو ڕووبەرانەش زیاد دەکەن بەشێوەیەك کە دانیشتوان لەساڵی ئامانجدا دەگاتە (188265) کەس ژمارەی ئەم خوێندنگانە زیاددەکات بۆ (75) خوێندنگە بە ڕووبەری (450000)م$^2$

سەبارەت بەخوێندنگە بنەڕەتیەکانی قۆناغی (7– 9) لە ساڵی (2017) ژمارەیان (14) خوێندنگەیە بەڕووبەر نزیکەی (126000)م$^2$، تاکو دەگاتە ساڵی ئامانج بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانەوە خوێندنگەکانیش پێویستە بگاتە (38) خوێندنگەو کۆی ڕووبەریشیان(342000)م$^2$

هەروەها قۆناغی ئامادەیی دێت ئەم قۆناغەش تاکو ساڵی (2020) ئەگەر خوێندنگەش بنیاد نەنرێت گرفتی نییە، بەڵام گرفتی لە ڕووبەری گشتی خوێندنگەکاندا هەیە، کە پێویستە زیادبکات لە (37901.01)م$^2$ لە ساڵی (2016) پێویستە بگاتە نزیکەی (96000)م$^2$ لە ساڵی (2020) وە ساڵ لە دوای ساڵیش ژمارەی خوێندنگەو ڕووبەریان ڕوو لە بەرزبوونەوە دەکات بەشێوەك کەوا لەساڵی(2036) بەهۆی ئەوەی ژمارەی دانیشتوان دەگاتە(188265) کەس ژمارەی خوێندنگەکانیش دەگاتە (19) خوێندنگەو ڕووبەری گشتی ئەم خوێندنگانەش (228000)م$^2$.

خوێندنگەی پیشەیش کە (4) خوێندنگەیە لە ساڵی (2017) بە ڕووبەری (54184)م$^2$ بەڵام لە ساڵی (2016) ئەو خوێندنگانە (7000)م$^2$ ڕووبەری گشتیانە کە تەنها ڕووبەری یەك خوێندنگەش ناکات بەپێی پێوەرەکانی پلاندانان، هەروەها ژمارەیان زیاتر دەکات لە ساڵی (2036) بۆ (9) خوێندنگە بەڕووبەری (121914)م$^2$.

## خشتەی( 71 )

## پێداویستی شاری هەڵەبجە بۆ خزمەتگوزاریی فێرکاری بەپێی گەشەی سالآنە 5.16 ٪ سالّی 2017–2036

| سالّەکان | ژ. دانیشتوان | باخچەی مندالآن | | خ. بنەڕەتی قۆناغی (1–6) | | خ. بنەڕەتی قۆناغی (7–9) | | خ.ئامادەیی | | خ.پیشەیی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | پێداویستی | ڕووبەری پێویست بە/ م$^2$ | پێداویستی | ڕووبەری پێویست بە/ م$^2$ | پێداویستی | ڕووبەری پێویست بە/ م$^2$ | پێداویستی | ڕووبەری پێویست بە/ م$^2$ | پێداویستی | ڕووبەری پێویست بە/ م$^2$ |
| **2017** | 72 378 | 14 | 49000 | 29 | 174000 | 14 | 126000 | 7 | 84000 | 4 | 54184 |
| **2020** | 84 171 | 17 | 59500 | 34 | 204000 | 17 | 153000 | 8 | 96000 | 4 | 54184 |
| **2023** | 97 884 | 19 | 66500 | 39 | 234000 | 19 | 171000 | 10 | 120000 | 5 | 67730 |
| **2026** | 113 832 | 23 | 80500 | 45 | 270000 | 23 | 207000 | 11 | 132000 | 6 | 81276 |
| **2029** | 132 378 | 26 | 91000 | 53 | 318000 | 26 | 234000 | 13 | 15000 | 7 | 94822 |
| **2032** | 153 946 | 31 | 108000 | 61 | 366000 | 31 | 279000 | 15 | 180000 | 8 | 108368 |
| **2036** | 188265 | 38 | 133000 | 75 | 450000 | 38 | 342000 | 19 | 228000 | 9 | 121914 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

1– خشتەی (68)

2– پاشکۆی (8)

**سێیەم: شوێنە پێشبینی کراوەکان بۆخزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجە تاکو ساڵی 2036:**

شوێنە پێشبینی کراوەکان بۆ بنیادنانی خزمەتگوزاریی فێرکای لە شاری هەڵەبجەدا تاکو ساڵی 2036 فاکتەرێکی یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی تاڕادەیەکی باش هاوسەنگی بگەڕێتەوە بۆ ئەو دابەشبوونەی کەوا ئەم خزمەتگوزارییە هەیەتی لەسەر ئاستی گەڕەکەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا، وە دەبێتە هۆی ئەوەی کەوا کات بگەڕێتەوە بۆ خوێندکاران لەکاتی گەیشتنیان بە باخچە و خوێندنگەکان ئەمەش بەجۆرێك لە جۆرەکان بە فاکتەرێکی باشتر کردنی ژیانی دانیشتوان دادەنرێت لەسەر ئاستی گەڕەکەکان ، لەبەر ئەوە ئێمەش هەوڵ دەدەین ئەو گەڕەکانە دەستنیشان بکەین لە ساڵی 2036 بە پێی جۆری خزمەتگوزارییەکان بەپشت بەستن بە ژمارەی پێشبینی کراوی دانیشتوان کە لە پێشەوە باسی لێوەکراوە بەپێی ڕێژەی گەشەی ساڵانە نزمو ناوەندو بەرز(1٪ و 3٪ و 5.16٪).

بەتێبینی کردنی خشتەی (72) بۆمان دەردەکەوێت کەوا خزمەتگوزارییەکان بەشێوەیەکی جیاواز دابەشبوون لەساڵی ئامانج بەپێی ڕێژەی گەشەی دانیشتوان (1٪) کە وەك گەشەی نزم وەرگیراوە، ژمارەی باخچەی منداڵان (17) کە بەراورد بە دۆخی ئێستای ئەم قۆناغە (10) باخچەی منداڵان زیاتر دەکات ئەمەش دابەشکراوە لەسەر ئاستی (10) گەڕەکی شاری هەڵەبجەو ئەوانیش ( پاشا–مەرزەبۆتۆ – مامۆستایانی2 – شارەوەانی1– دەروازەی شار – بامۆك – گۆران سیتی– هەولێر – حاجی حسن – کارێز) خوێندنگەی بنەڕەتی(1– 6) پێویستە تاکو ساڵی (2036) ژمارەیان بگاتە (33) واتە (12) خوێندنگەی ئەم قۆناغە زیاد دەبێت ، تاکو ساڵی ئامانج شوێنە پێشبینی کراوەکانیش بۆ دابەشبوونیان ئەم گەڕەکانەن ( پاشا– مەرزەبۆتۆ– کانی قولکەی1– بەفر ی میری– حسن ئاوا– خڕی خەزێنە– دەروازەی شار–سەروەران2– سازگار– هەولێر– شۆڕش) ، سەبارەت بەقۆناغی (7–9) تەنها (3) خوێندنگە زیاد دەکات گەڕەکی( شەهید فاتیح– گۆران سیتی– شۆڕش )ە کەوەك شوێنی پێشبینی کراو دانراوە بۆ دروستکردنی خوێندنگەی بنەڕەتی (7–9) سەبارەت بە قۆناغی ئامادەی بەراورد بە ژمارەی پێشبینی کراوی دانیشتوان بەپێی گەشەی نزم (1٪) هیچ خوێندنگەیەك دروست نەکرێت، گرفت نییە لەڕووی چەندێتیەوە، بەڵام چۆنیەتی دابەشبوونەکە گرفتی کاتی گەیشتن دروست دەکات لەساڵی ئامانجدا لەبەر ئەوەی ئەگەری ئەوە هەیە کەوا گەڕەکە دوورەکان لەکەنار شاردان بەهۆی دووریانەوە لەو جۆرە خوێندنگانە بەشێوەیەکی زیاتر توشی گرفتی کاتی گەیشتن و هاتوچۆکردن و ئامرازی گواستنەوە و گەیاندن دەبنەوە. هەروەها قۆناغی پیشەیش تەنها یەك خوێندنگە زیاد دەکات واتە کۆی گشتی خوێندنگەکانی دەگاتە (4) خوێندنگە ئەو گەڕەکەشی کەوا پێشبنی کراوە بۆ دروستکردنی ئەو خوێندنگەیە گەڕەکی (گەشتیاری)ە.

بەڵام ئەگەر بێتو لەسەر بنەمای گەشەی دانیشتوان بەڕێژەی (3٪) کەوەك ڕێژەی گەشەی ناوەند وەرگیراوە پێشبینی بکەین بۆ دابەشبوونی خوێندنگەکان دەبینین بەشێوەیەکی جیاوازتر دەردەکەون

## خشتەی (72)

## گەڕەکە پێشبینی کراوەکان بۆ دابەشبووونی ژمارەی خزمەتگوزاریی فێرکاری* بەپێی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان1٪ بۆ ساڵی 2036

| ناوی گەڕەک | ژ.خزمەتگوزاریی فێرکاری | خزمەتگوزاریی فێرکاری بەپێی قۆناغ | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | باخچەی منداڵان | بنەڕەتیی 1–6 | بنەڕەتیی 7–9 | ئامادەیی | پیشەیی |
| سیتی سەنتەر | – | – | – | – | – | – |
| تنقیح | – | – | – | – | – | – |
| جوولەکان | | | | – | – | – |
| پاشا | 2 | 1 | 1 | – | – | – |
| سەرا | – | – | – | – | | – |
| پیرمحمد | – | – | – | – | – | – |
| مەرزەبۆتۆ | 2 | 1 | 1 | – | | – |
| کانی قولکە1 | 1 | – | 1 | – | – | – |
| کانی قولکە 2 | – | – | – | – | – | – |
| شەهیدان | – | | – | – | – | – |
| مامۆستایان 1 | – | | – | – | – | – |
| مامۆستایان 2 | 1 | 1 | – | – | – | – |
| شارەوانی 1 | 1 | 1 | – | – | – | – |
| شارەوانی 2 | – | – | – | – | – | – |
| باخی میر | – | – | – | – | – | – |
| بەفری میری | 1 | – | 1 | – | – | – |
| گوڵان | - | – | – | – | – | – |
| شهید فاتیح | 1 | – | – | 1 | – | – |
| فەرمانبەران | – | – | – | – | – | – |
| دەروازەی شار | 2 | 1 | 1 | – | – | – |
| خڕی خەزینە | 1 | – | 1 | – | – | – |
| ڕاپەڕین | – | – | – | – | – | – |
| حسن ئاوا | 1 | – | 1 | – | – | – |
| شێخ سمایل | - | – | – | – | – | – |
| بامۆک | 1 | 1 | – | – | – | – |
| ماردین | – | – | – | – | – | – |
| تەقتەقان | – | – | – | – | – | – |
| گۆران سیتی | 2 | 1 | – | 1 | – | – |
| شۆڕش | 1 | – | 1 | – | – | – |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 4 | 1 | 2 | 1 | – | – |
| سازگار | 1 | – | 1 | – | – | – |
| یادگاری | – | – | – | – | – | – |
| حاجی حسن | 1 | 1 | – | – | – | – |
| ناوچەی پیشەسازی | – | – | – | – | – | – |
| شاریَ | – | – | – | – | – | – |
| چەمی قەیەغە | – | – | – | – | – | – |
| گەشتیاری | 1 | – | – | – | – | 1 |
| سەروەران1 | – | – | – | – | – | – |
| سەروەران 2 | 1 | – | 1 | – | – | – |
| کاریز | 1 | 1 | – | – | – | – |
| کۆی گشتی | 26 | 10 | 12 | 3 | 0 | 1 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

1- نەخشەی (9-11و14و 15)

2- خشتەی (15-17و 20 و 21 و69)

* تەنها ئەو جۆرانەی خزمەتگوزاریەکەمان داناوە کەوا پێویستە زیادبکات و دابمەزرێن نەك ئەوانەی کەوا لە دۆخی ئێستادا دابەشبوون بەسەر گەڕەکەکانی شاری هەڵەبجەدا .

هۆکاری ئەو جیاوازیەش دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی دانیشتوان و دروست بوونی سەرجەم خزمەتگوزارییە فێرکاریەکان بەشێوەیەکی زیاتر . ئەوەی کەوا تا ساڵی 2036 لە ناوچەکەدا پێویستە هەبن لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا بەراورد بەژمارەی پێشبینی کراوی دانیشتوان بەپێی گەشەی (1٪) دەبینین کەوا ژمارەی باخچەکان پێویست دەکات ژمارەیان (25) خشتەی (73). ئەمەش دابەشبووە بەسەر (25) گەڕەکی شارەکەدا جگە لەو(7) باخچەی منداڵانەی کەوا ئێستاکە هەن (18) باخچەی منداڵان پێویست دەکات لەشاری هەڵەبجەدا هەبن، وەك پێشبینی کردنیش بۆ شوێنی بنیادنانی بینای باخچەی منداڵان دابەشکراون بۆ ئەم گەڕەکانە ئەوانیش ( پاشا- سەرا - کانی قولکەی 1 -مەرزەبۆتۆ - شەهیدان- مامۆستایانی2 - شارەوانی1- بەفری میری- دەروازەی شار - خڕی خەزێنە- شێخ سمایل- بامۆك - گۆران سیتی- شۆڕش - هەولێر - سازگار - -حاجی حسن - کارێز) خوێندنگەی بنەڕەتی (1- 6) پێویستە تاکو ساڵی (2036) ژمارەیان بگاتە (50) خوێندنگە بەراورد بەدۆخی ئێستا کە (21) خوێندنگەیە دەخوازێت کەوا (29) خوێندنگەی ئەم قۆناغە زیادبکات تاکو ساڵی ئامانج ، شوێنە پێشبینی کراوەکانیش بۆ دابەشبوونیان ئەم گەڕەکانەن ( پاشا- مەرزەبۆتۆ- کانی قولکەی1- شەهیدان- مامۆستایانی 1- مامۆستایانی2- شارەوانی1- بەفری میری- گولان- شەهیدفاتیح- فەرمانبەران- دروازەی شار- خڕی خەزێنە- حسن ئاوا - شێخ سمایل- بامۆك- تەقتەقان- گۆران سیتی- شۆڕش - هەولێر-سازگار -حاجی حسن - شاریَ- گەشتیاری-سەروەران2

## خشتەی(73)

### گەڕەکە پێشبینی کراوەکان بۆ دابەشبوونی ژمارەی خزمەتگوزاریی فێرکاری بەپێی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان 3٪ بۆ ساڵی2036

| ناوی گەڕەك | ژ.خزمەتگوزاریی فێرکاری | خزمەتگوزاریی فێرکاری بەپێی قۆناغ | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | باخچەی منداڵان | بنەڕەتیی 1-6 | بنەڕەتیی 7-9 | ئامادەیی | پیشەیی |
| سیتی سەنتەر | – | – | – | – | – | – |
| تنقيح | – | – | – | – | – | – |
| جوولەکان | | | – | – | – | – |
| پاشا | 2 | 1 | 1 | – | – | – |
| سەرا | 2 | 1 | – | 1 | | – |
| پیرمحمد | – | – | – | – | – | – |
| مەرزەبۆتۆ | 3 | 1 | 1 | 1 | – | – |
| کانی قولکە1 | 3 | 1 | 2 | – | – | – |
| کانی قولکە 2 | 1 | – | – | 1 | – | – |
| شەهیدان | 4 | 1 | 2 | 1 | – | – |
| مامۆستایان 1 | 2 | | 1 | 1 | – | – |
| مامۆستایان 2 | 2 | 1 | 1 | – | – | – |
| شارەوانی 1 | 3 | 1 | 1 | 1 | – | – |
| شارەوانی 2 | – | – | – | – | – | – |
| باخی میر | – | – | – | – | – | – |
| بەفری میری | 3 | 1 | 1 | 1 | – | – |
| گولان | 1 | – | 1 | – | – | – |
| شهيد فاتيح | 2 | – | 1 | 1 | – | – |
| فەرمانبەران | 2 | – | 1 | – | – | – |
| دەروازەی شار | 4 | 1 | 2 | – | 1 | – |
| خڕی خەزینە | 2 | 1 | 1 | – | – | – |
| راپەڕین | – | – | – | – | – | – |
| حسن ئاوا | 1 | – | 1 | – | – | – |
| شێخ سمايل | 2 | 1 | 1 | – | – | – |
| بامۆك | 2 | 1 | 1 | – | – | – |
| ماردین | 1 | – | – | – | 1 | – |
| تەقتەقان | 1 | – | 1 | – | – | – |
| گۆران سیتی | 4 | 1 | 1 | 1 | 1 | 1 |
| شۆڕش | 2 | 1 | 1 | – | – | – |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 4 | 1 | 2 | 1 | - | - |
| سازگار | 2 | 1 | 1 | - | - | - |
| یادگاری | - | - | - | - | - | - |
| حاجی حسن | 4 | 1 | 1 | - | 1 | 1 |
| ناوچەی پیشەسازی | - | - | - | - | - | - |
| شارێ | 1 | - | 1 | - | - | - |
| چەمی قەیەغە | - | - | - | - | - | - |
| گەشتیاری | 2 | - | 1 | - | - | 1 |
| سەروەران1 | - | - | - | - | - | - |
| سەروەران 2 | 1 | - | 1 | - | - | - |
| کارێز | 2 | 1 | - | 1 | - | - |
| کۆی گشتی | 65 | 18 | 29 | 11 | 4 | 3 |

سەرچاوە:
1- نەخشەی (9-11و14و 15)
2- خشتەی (15-17و 20 و 21 و69)

هەولێر- سازگار – حاجی حسن- شارێ- گەشتیاری- سەروەران2)، سەبارەت بەقۆناغی بنەڕەتی (7-9) نزیکەی (11) خوێندنگە زیاد دەکات گەڕەکی ( شەهید فاتیح-خڕی خەزێنە- دەروازەی شار- سەروەران1- بامۆك- هەولێر- شەهیدان- سازگار- بەفری میری – گۆران سیتی- تەقتەقان)ە وەك شوێنی پێشبینی کراو دانراوە بۆ دروستکردنی خوێندنگەی بنەڕەتیی (7-9) .

سەبارەت بە قۆناغی ئامادەیی بەراورد بە ژمارەی پێشبینی کراوی دانیشتوان بەپێی گەشەی ناوەند (3٪) جگە لە (8) خوێندنگە کە ئێستا لەشارەکادان وا پێویست دەکات کەوا (4) خوێندنگەی تریش بنیاد بنرێت ئەو گەڕەکانەشی کەوا پێشبینی دەکرێت بۆ دامەزراندنی ئەمانەن (دەروزای شار- ماردین – گۆران ستی – حاجی حسن) هەروەها قۆناغی پیشەیش سێ خوێندنگەی تر زیاددەکات واتە کۆی گشتی خوێندنگەکانی دەگاتە (6) تاکو ساڵی 2036 ئەو سێ خوێندنگەش ئەم گەڕەکانە دیاری کراوە بۆ بنیاد نانی (گۆران سیتی- گەشتیاری -حاجی حسن) .

بەڵام لەبەر ڕۆشنایی پێشبینی کردن بۆخزمەتگوزاریی فێرکاری و پشت بەستن بە گەشەی دانیشتوان بەڕێژەیەکی بەرز واتە (5.16٪) کە دانیشتوان (188265) کەسە لە ساڵی ئامانج ژمارەی خزمەتگوزارییەکان بەشێوەیەکی جیاوازتر ڕوو لەزیاد بوون دەکات بەراورد بە ڕێژەی گەشەی نزم و ناوەند ، بەم پێیەش لە ساڵی ئامانج ژمارەکان بەم شێوەیە بەدیار دەکەون باخچەی منداڵان (38) و خوێندنگەی بنەڕەتیی (1-6) (75) و خوێندنگەی بنەڕەتیی (7-9) (38) ئامادەیی (19) و

پیشەیی (9) خوێندنگەن ئەمانەش لەخشتەی (74) دەردەکەوێت لەسەر ئاستی گەڕەکەکان کە بەگونجاو دەزانرێت تاکو ئەو ساڵە لەسەر نەحشەی شارەکە دابەشبن.

خشتەی(74)

گەڕەکە پێشبینی کراوەکان بۆدابەشبوونی ژمارەی خزمەتگوزاریی فێرکاری بەپێی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان 5.16٪ بۆ ساڵی2036

| ناوی گەڕەك | ژ.خزمەتگوزاریی فێرکاری | خزمەتگوزاریی فێرکاری بەپێی قۆناغ | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | باخچەی منداڵان | بنەڕەتیی 1–6 | بنەڕەتیی 7–9 | ئامادەیی | پیشەیی |
| سیتی سەنتەر | – | – | – | – | – | – |
| تنقیح | – | – | – | – | – | – |
| جوولەکان | 1 | 1 | – | – | – | – |
| پاشا | 4 | 1 | 2 | 1 | – | – |
| سەرا | 2 | 1 | 1 | – | | – |
| پیرمحمد | – | – | – | – | – | – |
| مەرزەبۆتۆ | 4 | 1 | 2 | – | 1 | – |
| کانی قولکە1 | 4 | 1 | 2 | 1 | – | – |
| کانی قولکە 2 | 1 | – | 1 | – | – | – |
| شەهیدان | 4 | 1 | 2 | 1 | – | – |
| مامۆستایان 1 | 3 | 1 | 2 | – | – | – |
| مامۆستایان 2 | 4 | 1 | 1 | 1 | – | 1 |
| شارەوانی 1 | 3 | 1 | 1 | 1 | – | – |
| شارەوانی 2 | 3 | 1 | 1 | 1 | – | – |
| باخی میر | 1 | – | 1 | – | – | – |
| بەفری میری | 4 | 1 | 2 | 1 | – | – |
| گولآن | 4 | 1 | 2 | 1 | – | – |
| شهید فاتیح | 4 | 1 | 2 | 1 | – | – |
| فەرمانبەران | 2 | – | 1 | – | 1 | – |
| دەروازەی شار | 5 | 1 | 2 | 1 | 1 | – |
| خڕی خەزینە | 4 | 1 | 2 | – | 1 | – |
| ڕاپەرین | 2 | 1 | 1 | – | – | – |
| حسن ئاوا | 1 | – | 1 | – | | – |
| شێخ سمایل | 4 | 1 | 2 | 1 | – | – |
| بامۆك | 4 | 1 | 2 | 1 | – | – |
| ماردین | 3 | 1 | 1 | – | 1 | – |
| تەقتەقان | 5 | 1 | 2 | 1 | 1 | – |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| گۆران سیتی | 5 | 1 | 2 | 1 | 1 | – |
| شۆرش | 3 | – | 2 | 1 | – | – |
| هەولێر | 8 | 2 | 3 | 2 | 1 | – |
| سازگار | 5 | 1 | 1 | 1 | 1 | 1 |
| یادگاری | 3 | 1 | 1 | 1 | – | – |
| حاجی حسن | 7 | 1 | 2 | 2 | 1 | 1 |
| ناوچەی پیشەسازی | – | – | – | – | – | – |
| شاریَ | 4 | 1 | 1 | 1 | 1 | – |
| چەمی قەیەغە | 2 | 1 | 1 | – | – | – |
| گەشتیاری | 2 | – | 1 | – | – | 1 |
| سەروەران1 | 3 | – | 1 | 1 | – | 1 |
| سەروەران 2 | 4 | 1 | 2 | – | – | 1 |
| کاریَز | 3 | 1 | 1 | 1 | – | – |
| کۆی گشتی | 126 | 31 | 54 | 24 | 11 | 6 |

سەرچاوە:

1- نەخشەی (9-11و14و 15)

2- خشتەی (15-17و 20 و 21 و69)

قۆناغی باخچەی مندالآن گەرەکەکانی (جولەکان- پاشا- سەرا – مەرزەبۆتۆ- کانی قولَکەی 1 – شەهیدان- مامۆستایانی1- مامۆستایانی2 – شارەوەانی1- شارەوەانی2 – بەفری میری- گولآن- شەهیدفاتیح- دەروازەی شار – خرِی خەزێنە – راپەرین- شێخ سمایل – بامۆك – گۆران سیتی- ماردین – تەقتەقان- گۆران سیتی- هەولێر – سازگار –یادگاری – حاجی حسن – شاریَ- چەمی قەیەغە-سەروەران2- کاریَز). وەك گەرەکی پێشبینی کراو دیاری کراوە بۆ بنیادنانی باخچەی مندالآن.

هەرچی قۆناغی بنەرەتی (1-6) پێویست دەکات (54) خوێندنگە زیاتر لەوەی کە ئێستا هەیە کە (21) ئەو گەرەکانەشی کەوا پێشبینی کراوە بۆ دامەزراندنی خوێندنگەکان تێیاندا ئەمانەن ( پاشا- سەرا -مەرزەبۆتۆ – کانی قولَکەی 1 – کانی قولَکەی 2 – شەهیدان- مامۆستایانی1 – مامۆستایانی2 شارەوەانی1- شارەوەانی2 -بەفری میری -گولآن- شەهیدفاتیح- فەرمانبەران- دەروازەی شار – خرِی خەزێنە – راپەرین- حسن ئاوا- شێخ سمایل – بامۆك – ماردین – تەقتەقان گۆران سیتی- شۆرش-هەولێر – سازگار-یادگاری -حاجی حسن – شاریَ- چەمی قەیەغە- چەمی قەیەغە- سەروەران1- سەروەران2 - کاریَز-) خوێندنگەی بنەرەتی(7-9) پێویستە تاکو سالَی (2036) ژمارەیان بگاتە (38) خوێندنگە بەراورد بەدۆخی ئێستا کە (14) خوێندنگەیە دەخوازێت کەوا (24) خوێندنگەی زیادبکات تاکو سالَی ئامانج، شوێنە پێشبینی کراوەکانیش بۆ دابەشبوونیان ئەم گەرەکانەن ( پاشا- کانی قولَکەی1- شەهیدان- مامۆستایانی2- شارەوانی1 - شارەوانی2-

بەفر ی میری– گولآن– شەهیدفاتیح– دەروازەی شار– شێخ سمایل– بامۆك– تەقتەقان–گۆران سیتی–شۆڕش– هەولێر–سازگار–یادگاری– حاجی حسن– شاریٚ–سەروەران1– کارێز).

خوێندنگە ئامادەییەکانیش جگە لە 8 خوێندنگە کە ئێستا لە شارەکەدا هەن، پێویستە(11) خوێندنگەی دیکە دابمەزرێت، گەڕەکە پێشبینی کراوەکانیش بریتین لە (مەرزەبۆتۆ– فەرمانبەران– دەروازەی شار– خڕی خەزێنە– ماردین– تەقتەقان– گۆران سیتی– هەولێر– سازگار– حاجی حسن– شاریٚ).

سەبارەت بە خوێندنگە پیشەییەکانیش 6 خوێندنگە زیاد دەکات بەپێی گەشەی سالأنەی بەرز، گەڕەکە پێشبینی کراوەکانیش (مامۆستایان2– سازگار– حاجی حسن– گەشتیاری– سەروەران1– سەروەران2)ن.

لەکۆتای ئەم بەشەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی بلێین کەوا لەڕووی پێوەرەکانی پلاندانراوەنەوە بەشێکی خوێندنگەکەکان کەمترن لە پێوەر بەشێوەیەکی باش و ئەرێنی و هەندێکی تریان زیاتر دەبینرێت بەراورد بە پێوەرەکانی پلاندانان هەندیك جاریش لەپێوەرێکدا یان چەند پێوەرێکدا هاوتای پێوەرە ئەمەش لە ژمارەیەك لە باخچەو خزمەتگوزارییەکاندا دەبینرێت، پاش جێبەجێکردنی پێوەرەکانی پلاندانان و زانینی دۆخیان بەراورد بەپێوەرەکان بەپشت بەستن بە پێوەری دانیشتوان پێشبینی کراوە بۆ زیاد بوونی دانیشتوان تاکو سالّی(2036) بە سیٚ ئەگەری جیاواز کە سەرچاوەی گرتووە لە گەشەی سالأنەی دانیشتوانەوە لەنێوان (1977– 2015) بەپێی ئەگەری گەشەی سالأنەی دانیشتوان بەشێوەیەکی نزم(1٪) تاکو سالّی(2036)ژمارەی دانیشتوان دەگاتە نزیکەی (83982) کەس و بەپێی ئەگەری گەشەی سالأنەی دانیشتوان بەشێوەیەکی ناوەند(3٪)تاکو سالّی 2036 ژمارەی دانیشتوان دەگاتە نزیکەی (124309) کەس و ئەگەری گەشەی سالأنەی دانیشتوان بەشێوەیەکی بەرز(5.16٪)تاکو سالّی (2036) ژمارەی دانیشتوان دەگاتە نزیکەی ( 188265) کەس لە ڕووی ژمارەو ڕووبەری خزمەتگوزاریی فێرکاریەوە ژمارەو ڕێژەکانی بەرزدەبێتەوە بۆ (17) باخچەی مندالأن بەڕووبەی (59500)م$^{2}$ قۆناغی 1–6 (33) خوێندنگە بەڕووبەری (198000)م$^{2}$ قۆناغی 7–9 (17) خوێندنگە بە ڕووبەری (144000)م$^{2}$، قۆناغی ئامادەیی (8) خوێندنگەو (96000)م$^{2}$ و قۆناغی پیشەیی (4) خوێندنگە و (54184) م$^{2}$ ئەمە ئەگەر دانیشتوان بەپێی ئەگەری گەشەی نزم زیاد بکات ، بەلأم ئەگەر بەپێی ئەگەری ناوەند زیاد بکات ژمارەی باخچەو خوێندنگەکان زیاد دەکات بەم شێوەیە(87) باخچەی مندالأن و (87500)م$^{2}$ قۆناغی 1–6 (50) خوێندنگەو بەڕووبەری (300000)م$^{2}$، قۆناغی 7–9 (25) خوێندنگە بە ڕووبەری (216000)م$^{2}$ قۆناغی ئامادەیی(12) خوێندنگە بە ڕووبەری ( 124000)م$^{2}$ و قۆناغی پیشەیش (6) خوێندنگە بە ڕووبەری (81276)م$^{2}$.

بەلأم بەپێی گەشەی سالأنەی دانیشتوان بەڕێژەی بەرز واتە(5.16٪) باخچەی مندالأن(38) باخچەی مندالأنەو بە ڕووبەری (133000)م$^{2}$ و خوێندنگەی بنەڕەتیی 1–6 (75) خوێندنگە

بەڕووبەری (450000) م$^2$ و خوێندنگەی بنەڕەتی 7–9 (38) خوێندنگەیە بەڕووبەری (342000) م$^2$ قۆناغی ئامادەیی (19)خوێندنگە بەڕووبەری(228000) م$^2$ و قۆناغی پیشەیی (9) خوێندنگە ڕووبەری دەگاتە نزیکەی (121914) م$^2$، بەم شێوەیە ژمارەو ڕێژەکان دەگەنە ئەو ئاستانەی کە باسیان لە بارەوە کرا بەپشت بەستن بە نەخشەی دابەشبوونی خزمەتگوزارییەکە پێشبینی کراوە بۆ دابەشبوونی خزمەتگوزارییەکان لەسەر ئاستی گەڕەکەکان بە ئامانجی کەمکردنەوەی کێشەی خزمەتگوزاریەکەو هەنگاونان بەرەو هاوتاکردنی لەگەڵ پێوەرەکانی پلاندانانندا.

## ئەنجام

لەکۆتای ئەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە.

1. دانیشتوانی شاری هەڵەبجە بەشێوەیەکی ناڕێك زیادی کردووە بەپێی ئەو چوار قۆناغەی کەوا لە توێژینەوەکەدا باسمان کردووە واتە (1977–2015)یە کە بەرزترین گەشەی دانیشتوان لە ماوەی (1977–1987) بووە، نزمترین گەشەی دانیشتوان لە(1987–2002)بووە بەهۆی کارەساتی کیمیاباران و ئەودوخو کاولکارییەی کەبەسەر شارەکەدا هاتووە لەو قۆناغەدا، بەڵام جارێکی ترگەشەی دانیشتوان ئاسایی بۆتەوە لەماوەی نێوان ساڵانی (2009–2015)کەئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر خزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجە.
2. دانیشتوان لە قۆناغی فێرکاریدا (4–17) ساڵ لە شاری هەڵەبجەدا ڕێژەیەکی بەرز پێك دەهێنێت لە ساڵی (2015–2016)کە ڕێژەکەی لە سێ یەکی کۆی دانیشتوان زیاترە کە 35.8٪ ئەمەش کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شارەکەدا.
3. لەڕووی ژمارەی گەڕەك و ڕووبەریانەوە بەپێی قۆناغەکانی توێژینەوە لەساڵی(1977) (15) گەڕەك هەبووە لەشارەکەدا بەڕووبەری (355)هێکتار، بەڵام لەساڵی(2016) ژمارەی گەڕەکەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە گەیشتۆتە (40) گەڕەك و ڕووبەری شارەکەش گەیشتۆتە (2568.95) هێکتار لە ساڵی(2016) لەم ڕووبەرەش کۆی ڕووبەری بەکارهێنانی زەوی بۆ مەبەستی خزمەتگوزاریی فێرکاری تەنها (0.5٪)ی کۆی ڕووبەری شارەکەیە ئەمەش ڕووبەرێکی کەمە.
4. لەڕووی ژمارەی خوێندنگەوە بەهەمان شێوەی ژمارەی گەڕەك و ڕووبەری شارەکە زیادی کردووە بەپێی زیادبوونی دانیشتوان خزمەتگوزاریی فێرکاریش زیادی کردووە بەشێوەیەك کەوا لە قۆناغی یەکەمی باسکردن لە خزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجەدا لە (1977–1987) سەرجەم خوێندنگەکانی نزیکەی (25) خوێندنگە بووە، بەڵام بە هۆی زیادبوونی دانیشتوان و پێداویستی بۆ خزمەتگوزارییەکە لەساڵی (2016)دا (58) جۆر خزمەتگوزاریی فێرکاری هەیە هەر لە باخچەی منداڵانەوە تاکو خوێندنگەی ئامادەیی و ئامادەی پیشەیی .
5. لەڕووی دابەشبوونی ژمارەی وشوێنی خوێندنگەکانەوە ناڕێکی یەکی زۆر هەیە لە دابەشبوونیاندا، باخچەی منداڵان کە ژمارەیان(7) باخچەیە لە (7) گەڕەکی شارەکەدان بەشی زۆریشیان تاڕادەیەك لەناوەڕاست یاخود نزیك سەنتەری شارن ،خوێندنگەی بنەڕەتیی (1–6) (21) خوێندنگەیە دابەشبوون بەسەر (16) گەڕەکی شارەکەدا بەهەمان شێوە بەشی زۆریان لە ناوەڕاستی شاردایە، خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (7–9)کە(14) خوێندنگەیە و تەنها لە (11) گەڕەکی شارەکەدان ، خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی 1–9 تەنها (3) خوێندنگەیەو لە سێ گەڕەکی شارەکەدا بڵاوبونەتەوە، ئامادەییەکانیش (8) خوێندنگەن لە(6) گەڕەکی شارەکەدان و قۆناغی پیشەیی ژمارەیان (3) خوێندنگەیەو لە سێ گەڕەکی شارەکەدان و داناوەندیی (1) خوێندنگەیە پێچەوانەی قۆناغەکانی تر لە(2) گەڕەکی شارەکەدان، خوێندنی خێراش تەنها خوێندنگەیەکە لە یەك گەڕەکی شارەکەدایە.

6. کۆی ئەو خوێندکارانەی کەوا لەشارەکەدان و دابەشبوون بەسەر قۆناغە جیاوازەکانی خوێندندا ژمارەیان (18022) خوێندکارە، لەڕووی ڕەگەزەوە ژمارەی خوێندکاری ڕەگەزی نێر زیاترە لە ژمارەی خوێندکاری ڕەگەزی مێ، زۆرترین ڕێژەی خوێندکار لە قۆناغی خوێندنی بنەڕەتیدایە کە ڕێژەی(67.1٪)ی کۆی گشتی خوێندکارانی ناوچەی لێکۆڵینەوە پێك دەهێنێت، کەمترین ڕێژەش لە خوێندنی خێرادایە کە(0.3٪)یە.
7. سەبارەت بە کۆی گشتی ژمارەی مامۆستایانی قۆناغە جیاوازەکان کە(2093) مامۆستایە ، زۆرترین ژمارەو ڕێژەی لەقۆناغی بنەڕەتیدایە کە(1487) مامۆستایەو (71٪)ی مامۆستایانی ناوچەی لێکۆڵینەوەیە، لەم ژمارەش(700) مامۆستا لەڕەگەزی نێرەو(787) لەڕەگەزی مێ یەو هەریەکەیان ڕێژەی (70٪ و 72.1٪)ی ماۆستای ڕەگەزی نێر و مێ پێك دەهێنن لەناوچەی لێکۆڵینەوەدا کەمترین ڕێژەش لە قۆناغی دواناوەندییەو کە(18)مامۆستایەو سەرجەمیان لەڕەگەزی نێرەو ڕێژەی (0.8٪)ی مامۆستایانی شاری هەڵەبجە پێك دەهێنێت.
8. لەڕووی موڵکیەتی بینای خزمەتگوزاریی فێرکاریەوە شاری هەڵەبجە تەنها خاوەنی (34) بینای خوێندنە واتە(23) خوێندنگە بەشێوەی میوان و لەخوێندنگەکاندا درێژە بە پرۆسەکە دەدەن و (2) بینای کرێش کە تایبەتە بە (2) باخچەی منداڵانەوە، زۆرترین بینای خاوەنیش لە قۆناغی خوێندنی بنەڕەتییە لەکۆی(38) خوێندنگە(21)بینای تایبەتی هەیە و لەهەمان کاتیشدا زۆرترین خوێندنگەشی لەبینای میواندان کە(17) خوێندنگەیە، لەسەر ئاستی گەڕەکەکانیش گەڕەکی سەرا زۆرترین خوێندنگەی تێدایە و کە (8) خوێندنگەیەو لەپلەی دووەمیشدا گەڕەکی مامۆستایانی1 کە(5) خوێندنگەیە زۆرترین بینای خاوەنیش هەر لەگەڕەکی سەرایە کە (5) بینای لەخۆگرتووە.
9. کۆی گشتی ڕووبەری بەکارهێنانی زەوی خزمەتگوزاریی فێرکاری(139 018.91)م$^2$ ئەمەش نزیکەی(0.5٪) کۆی گشتی بەکارهێنانی زەوی شاری هەڵەبجە پێك دەهێنێت کە ڕێژەیەکی کەمە بەراورد بە ژمارەی خوێندنگەکان لەبەرئەوەی کەوا هەندێك لە بینای خوێندنگەکان زیاتر لە خوێندنگەیەك لەخۆ دەگرێت، کەمی ڕووبەری گشتی خوێندنگەکانیش هۆکارێکی ترە،ئەم ڕێژەیەش بەپێی قۆناغەکانی خوێندن دەگۆڕێت ، باخچەی منداڵان ڕێژەی (9.8٪)ی ڕووبەری خزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجەدا پێك دەهێنێت، زۆرترین ڕووبەریش لەکۆی گشتی ڕووبەری خزمەتگوزاریی فێرکاری لە قۆناغی بنەڕەتیدایە کە ڕێژەی (53.3٪)ی ڕووبەری خزمەتگوزاریی فێرکاری ناوچەی لێکۆڵینەوە پێکدەهێنێت پاشان قۆناغی ئامادەیی دێت و ڕێژەی (27.3٪)ی ڕووبەری خزمەتگوزاریی فێرکاری پێك دەهێنێت و قۆناغی پیشەییش تەنها ڕێژەی (5٪)ی ڕووبەری خزمەتگوزاریی فێرکاری ناوچەی توێژینەوە دەگرێتەوە، کەمترین ڕووبەریش لە قۆناغی دواناوەندییە کە ڕێژەی(4.5٪)ی ڕووبەری خزمەتگوزاریی فێرکاری ناوچەی لێکۆڵینەوە پێکدەهێنێت.

10. بەهای پشتێنەی کاریگەر بۆ خزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجە پاش بەکارهێنان و جێبەجێکردنی بەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوەدا دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کەوا ئەو ڕێژەیەی کە ڕووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە بێبەشە یاخود خزمەتنەکراوە بەپشتێنەی کاریگەری خزمەت گوزارییەکان بەم شێوەیەیە (92.3٪)باخچەی منداڵان و(64.1٪) لە قۆناغی بنەڕەتی 1–6 و لەقۆناغی بنەڕەتی (7–9)و(52٪)و لەقۆناغی بنەڕەتی (1–9) (94.9٪) و ئامادەیی (38.2٪)ی پیشەیی (73.5٪)ی و دواناوەندیی (82.4٪)ی و خوێندنی خێرا (96.3٪)یە، بەهۆی ئەو دابەشبوونەشی کەوا لەشارەکەدا هەیانە هەندێ لەگەڕەکەکان زیاتر لە پشتێنەی خزمەتگوزارییەکی هەیە واتە پشتێنەی چەند خوێندنگەیەك لەنێویدا بەیەك دەگەن ئەمەش لەئەنجامی ناهاوسەنگی دابەشبوونەکەیە لەبەرئەوە دەبینین کە هەندێك گەڕەك بێبەشن لە پشتێنەی کاریگەری خوێندنگەکان بەواتایەکی تر بێ بەشن لەئاستی خزمەتکردنی پشتێنەی خزمەتگوزارییەکان لەشاری هەڵەبجەدا.

11. لەکاتی جێبەجێکردنی خاڵەسەنتەریەکان و ئاڕاستەی دابەشبوون لەچوارچێوەی بەرنامەی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کەوا خاڵەسەنتەریەکان لەسەر نەخشەی ناوچەی توێژینەوە لەنزیك یەکتریەوە هەڵکەوتوون، خزمەتگوزارییەکانیش لە چواردەوریدا بڵاوبونەتەوە ئەمانەش بەشێوەیەکە کەوا ئاڕاستەی دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجەدا شێوەیەکی هێلکەیی بەخشیوە بە نەخشەی ئاڕاستەی دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجەدا، ئەم شێوە هێلکەیەش درێژ بۆتەوە لەباکوری خۆرئاواوە بەرەو باشوری خۆرهەڵات .

12. لەئەنجامی بەکارهێنانی هاوکێشەی دووری پێوانەی بەمەبەستی زانینی ئەوەی ئایا کام لە قۆناغەکان زیاتر دابەشبوونەکەیان لەدەوری خاڵی سەنتەری ناوەند زیاترە، بۆمان دەرکەوت کەوا خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (1– 6 و 7– 9) هاوسەنگ تر دەبینرێت بەراورد بە قۆناغەکانی تری خوێندن، لەبەرئەوەی زۆرترین کۆبوونەوەی خوێندنگەکانی لە دەوری خاڵی سەنتەری ناوەند لە خۆگرتووە.

13. لەئەنجامی بەکارهێنانی هاوکێشەی نزیکترین دراوسێ، بۆ دۆزینەوەی شێوازی دابەشبوونی سەرجەم خوێندنگەکان لەشاری هەڵەبجە، دەرکەوت کەوا بەهای ئەم هاوکێشەیە دەکاتە (0.30137) واتە کەوتۆتە شێوازی (کۆبووەوەیەکی ناڕێك)ەوە، لەبەرئەوەش دەکرێت بڵێین دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجە دابەشبوونێکە کەوا هاوسەنگی زۆری تێدا بەدی ناکرێت ، بەڵکو زیاتر دابەشبوونێکی لاسەنگە.بەڵام بەهای نزیکترین دراوسێ پاش جێبەجێکردنی بەسەر قۆناغە جیاوازەکاندا چەند ئەنجامێکی پێ بەخشین ، لەوانەش شێوازی دابەشبوونی باخچەی منداڵان بریتییە لە (مەیلەوهەڕەمەکی) و خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی1–6 (پەرشوبڵاوی ناڕێك) و خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی 7–9 (مەیلەوهەڕەمەکی) و خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی 1–9 (کۆبووەوەی ناڕێك) و خوێندنگەی ئامادەیی (مەیلەوهەڕەمەکی)و خوێندنگەی پیشەیی (پەرشوبڵاوی ناڕێك) و قۆناغی دواناوەندیش (پەرشوبڵاوی ناڕێك)ە.

14. لەپاش بەکارهێنانی چەندین پێوەری پلاندانانی خزمەتگوزاریی فێرکاری گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە بڵێین هەندێك لە خوێندنگەکان لەگەڵ پێوەرەکاندا نەگونجاوە لەوانەش ژمارەی خوێندنگەکان و بەراورد بەژمارەی دانیشتوان،دەرکەوت کەوا کەم و کوڕی بوونی هەیە لە قۆناغی باخچەی منداڵان و خوێندنگەکان، لەوانەش لەڕووی ژمارەیان و ڕووبەری گشتی باخچەی منداڵان و خوێندنگەکان کە کەمترن لەپێوەر و زۆربەیان ڕووبەریان زۆرکەمە و بەشی خوێندکاریش لە ڕووبەری گشتی زۆر کەمترە لە پێوەرەکان، شوێنی خوێندنگەکانیش بەگوێرەی شەقام هەندێکیان نەگونجاوە لەگەڵ پێوەرەکانی پلاندانانندا.

## ڕاسپاردەکان

1. چاوخشاندنەوە بە چۆنیەتی دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکای لەسەر ئاستی گەڕەکەکان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجەوە بەمەبەستی زیاتر سوود وەرگرتنی دانیشتوان بە تایبەت ئەو گەڕەکانەی کەوا بێ باخچەی منداڵان و خوێندنگەی بنەڕەتین،چونکە منداڵان و خوێندکاری ئەم قۆناغانە بەئاسانی ناتوانن ڕێگەی دوور ببڕن بۆ گەیشتن بە باخچە و خوێندنگەکان.
2. جێبەجێکردنی پێوەرەکانی پلاندانانی خزمەتگوزاریی فێرکاری بەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیولایەنی پەیوەندارەوە بەمەبەستی کەمکردنەوەی ئەو کێشە و گرفتانەی کەوا ڕووبەڕووی ئەم کەرتەی خزمەتگوزاریی بۆتەوە لەشاری هەڵەبجە.
3. ئاگاداربوونی لایەنی پەیوەندیدار لەشاری هەڵەبجەدا لەکاتی دروست بوونی گەڕەکێکی نوێ و فراوانتر بوونی شارەکە، تاکو بتوانن جێگای گونجاو بۆ خزمەتگوزاریی فێرکاری دابینکرێت لەڕوانگەی پێوەرەکانی پلاندانانەوە بەمەبەستی سوود گەیاندنی زیاتر بەکەرتی خزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجە.
4. ئەو خوێندنگانەی کەوا شوێنەکەیان بەگوێرەی شەقام پێچەوانەی پێوەرەکانی پلاندانانە واتە گونجاو نیەو لەڕووی هاتوچۆوە مەترسی لەسەر ژیانی خوێندکاران دروستدەکات، دەکرێت لەڕێگەی دروستکردنی پردی پەڕینەوە چارەسەری ئەو خوێندنگانە بکرێتو مەترسی ڕوودانی ڕووداوی هاتوچۆ لەسەر ژیانی خوێندکاران کەمتر بێتەوە.
5. هاندانی لایەنی پەیوەندیدار، کەرتی حکومی بێت یان کەرتی تایبەت و خێرخوازان بۆ کردنەوەی خوێندنگەی نوێ تاکو بتوانرێت هەندێك لەو پەستانە زۆرەی کەوا لەسەر بەشێك لە خوێندنگەکاندا دروست بووە کە زیاتر لە خوێندنگەیەك و زیاتر لە دەوامێك لەیەك بینادا دەخوێنن بەم هۆیەشەوە دەکرێت تاڕادەیەکی باش بەگوێرەی پێوەری پلاندانان هەنگاو بنرێت و لە سووود و پێشکەوتنی خزمەتگوزاریەکە بکەوێتەوە.

6. پێویستە گەشەی دانیشتوان کە فاکتەرێکی زیندوو هێشتنەوەی شارو فراوانبوونیەتی بەهەند وەربگیرێت لەکاتی هەڵبژاردنی شوێنێك بۆ هەر یەکێك لە جۆرەکانی خزمەتگوزاریی فێرکاری.
7. گرنگە لایەنی پەیوەندیدار ساڵانە پێش دەستپێکردنی خوێندن ئامادەکاری بکات و هەوڵبدات بە ئەنجامدانی توێژینەوە لە بارەی بارودۆخی خوێندنگەکانو پاشان بەراورد کردنیان بە پێوەرەکانی پلاندانان، تاکو بتوانرێت گرفتی کەمی و زیادی لەخوێندنگەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەو هەندێك لەو کێشانەی کە لەڕووی ئەم خزمەتگوزاریەدا وەساتەوە بەرەو چارەسەرکردن هەنگاو هەلگرێت.
8. زیادکردنی ڕووبەری خوێندنگەکان بەتایبەت ئەوانەی کەوا ڕووبەریان کەمە تاکو خوێندکاران بتوانن بە ئاسوودەی چالاکی تێدا ئەنجام بدەن زیاتر هەست بکەن بەخۆشی وئارامی لەکاتەکانی ناوخوێندنگە، لەگەڵ نۆژەنکردنەوەی هەندێك لەو خوێندنگانەی کەوا ساڵانێکی زۆرە دروستکراون، دروستکردنی باخچە و یاریگا بەتایبەت لەو خوێندنگانەی کە بواری کارکردنی تێدایە بەهۆی فراوانی ڕووبەریانەوە، ئەم دۆخەش کەوا خزمەتگوزارییەکە هەیەتی واپێویست دەکات کەوا (7–8) باخچەی منداڵانی تر لەناوچەی لێکۆڵینەوەدا بوونی هەبێت، قۆناغی بنەڕەتیی (1–6 ) 3 خوێندنگەی تری پێویستە تەنها لەساڵی خوێندنی(2015–2016).
9. دەکرێت لەڕێگەی کەرەستەی ئامادەکراوەوە هەندێك لە خوێندنگەکان لە یەك نهۆمەوە بکرێنە دوو نهۆم تاکو پەستانی ژمارەی زیادی خوێندکار لە خوێندنگەکاندا کەمتر بێتەوە، تاکو لە هەندێك لایەنیەوە بتوانرێت هاوتای پێوەرەکان بکرێت بۆئەوەی زیاتر سوود لەپرۆسەی خوێندن وەربگیرێت.
10. لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان لەشاری هەڵەبجە تاکو ساڵی ئامانج (2036) بەپێی ڕێژەی (1٪) کەوەك گەشەی نزمی دانیشتوان وەرگیراوە خزمەتگوزارییەکان بەم شێوەیەن باخچەی منداڵان (17) بە ڕووبەری (59500)م$^2$، خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی (1– 6) (33) خوێندنگەو ڕووبەریشیان دەگاتە نزیکەی (198000)م$^2$، خوێندنگەی بنەڕەتیی (7– 9) دەگاتە (17) خوێندنگە و رووبەریشیان نزیکەی (153000)م$^2$، خوێندنگەی ئامادەیی(8) بە ڕووبەرەی بۆ (96000)م$^2$، خوێندنگەی پیشەیی (4)و ڕووبەریان دەگاتە(54184)م$^2$، بەلأم بەپێی گەشەی ناوەند(3٪) کەدانیشتوان دەگاتە(124309)کەس ژمارە و ڕووبەری خزمەتگوزارییەکان بەم شێوەیەن باخچەی منداڵان ژمارەی (25) و ڕووبەری (125000)م$^2$ و قۆناغی 1–6 بنەڕەتیی (50) خوێندنگەیە و ڕووبەری (300000)م$^2$، خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی 7–9 ژمارەی دەگاتە (25)خوێندنگە بەڕووبەری (216000)م$^2$، ئامادەیی ئەکادیمی (12) بە ڕووبەری (144000) م$^2$، ئامادەیی پیشەیی (6)خوێندنگەو ڕووبەری (81276)م$^2$، بەلأم بەپێی گەشەی بەرز (5.16٪) کە دانیشتوان دەگاتە (188265) کەس ژمارەو ڕووبەری کۆی هەموو خزمەتگوزاریی فێرکاری زیاتر دکات بەم شێوەیە باخچەی منداڵان (38) و بە ڕووبەری (133000) م$^2$، قۆناغی 1– 6 بنەڕەتیی (75) خوێندنگە بە ڕووبەری ( 450000)م$^2$، قۆناغی 7– 9 بنەڕەتیی (38)خوێندنگە بە ڕووبەری (342000)م$^2$، و ئامادەیی ئەکادیمی (19)خوێندنگە بەڕووبەری (228000)م$^2$، ئامادەیی پیشەیی (9)خوێندنگە بەڕووبەری (121914)م$^2$.

# لیستی سەرچاوەکان

## یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان

### أ/ کتێب


1. اسماعیل، سلیمان عبدالله، تایبەتمەندیەکانی باران لەهەرێمی کوردستان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، 2005.
2. امین، هاوریێ یاسین محمد، لێکۆڵینەوەیەك لەجوگرافیای هەرێمی کوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، 2013.
3. باوەڕ، ئەحمد، جولەکەکانی کوردستان (بنەچەیان– دابونەریتیان– هۆی کۆچکردنیان) چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، 2000.
4. حسین، عدنان سید، جیۆگرافیای ئابوری– دانیشتوانی جیهانی هاوچەرخ، وەرگێرانی فەرمان عبدالرحمن و محمد فاتح، دەزگاری چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2002.
5. حمە یوسف، فەخرەدین سلیم، کەشکۆڵی قوربانیەکی کیمیابارانی هەڵەبجە، دەستنووس، مۆنۆمێنتی هەڵەبجە ، 2004.
6. حمە صدیق، بکر، لاپەڕەیەك لەمێژووی هەڵەبجە، چاپی دووەم، چاپەمەنی گەنج، هەڵەبجە، 2007.
7. حمەصدیق، بکر، بیرەوەریەکانی هەڵەبجە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، 2004.
8. حمە قادر، ئازاد، هەڵەبجەوکەسایەتیەکان (مشتێك لەخەروارێك) چاپی یەکەم، چاپخانەی بابان، سلێمانی، ، 2005.
9. ڕۆستەم، ئەیوب، هەگبەو هەوارگە، چاپی یەکەم، چاپخانەی قانع، سلێمانی، 2003.
10. ڕیچ، کلودیۆس جیمس، گەشتنامەی ڕیچ بۆکوردستان ساڵی 1820، وەرگێرانی حمەی حمە باقی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2012.
11. سامی، شەمسەدین، کوردوکوردستان لەیەکەم ئینسکلۆپیدیای تورکی مێژوودا، وەرگێرانی ئەحمەد تاقانە، چاپی یەکەم، هەولێر، 2008.
12. شێخ علی، شارەکەم هەڵەبجەیە، چاپخانەی روون، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2012.
13. صالح، عومەر هەمزە، ڕاگواستن(لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافی و مێژووی زۆرەملێی گوندنشینەکانی کوردستانە پشدەر وەك نموونە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، 2009.
14. صدیق، عادل، چەندلاپەرەیەك لەمێژووی هەڵەبجە زنجیرەلێکۆڵینەوەیەکی مێژوییە، چاپخانەی کەمال ، سلێمانی، 2011.
15. صدیق، عادل، هەڵەبجە(1889–1930)، لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی سیاسیە، چاپی یەکەم، کۆمپانیای چاپو پەخشی نوسەر2000.
16. عبدوڵڵا، خەبات، هەڵەبجە مەملەکەتی ژیان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2010.

17. علی، جاسم محمد ، ڕۆڵی هۆکارە سیاسیەکان لەدابەشبونی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیدا، چاپی یەکەم، تیشك، 2008.
18. غانم، علی أحمد، جوگرافیای ئاوهەوا، وەرگێڕانی گۆران ڕەشید ئیمامی، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی پرۆژەی تیشك، ژمارە (58)، 2009.
19. لبیب، علی، جوگرافیای دانیشتوان جێگیرو ناجێگیر، وەرگێرانی سەعید بشیر خەرپانەیی،چاپی یەکەم ، چاپخانەی چوارچرا،2011.
20. محمد، عومەر علی، ئامادەی پیشەسازی هەڵەبجە، کتێبی هەلەبجەوتیشکێك لەسەربنەماڵەکانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، 2010.
21. مەلاصاڵح، حکیم، هەڵەبجە لەئامێزی مێژوودا، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، 2004.

**ب– نامەوتێزەکان:**

1. أحمد، شۆخان محمد، وێستگەی کەشناسی سلێمانی، لێکۆڵینەوەیەك لە ئاوهەوای ورد، نامەی ماستەر (بلاْونەکراوە)، پێشکەش بەئەنجومەنی کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان کراوە، زانکۆی سلێمانی،2011.
2. رشید، شیروان عمر، بنەما جوگرافیەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزار لەپارێزگای سلێمانیدا لیکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای گەشتوگوزار، تێزی دکتۆرا(بلاْونەکراوە)، پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەکان کراوە، زانکۆی سلێمانی، 2011.
3. صدیق، عادل کۆمەڵکوژی کورد لەجەنگی ئێران – عێراقدا هەڵەبجە (1988/3/16) بەنموونە، نامەی ماستەر ( بلاْونەکراوە) پێشکەشی بەشی مێژووی سکوڵی زانستە مرۆڤایەتیەکان کراوە، زانکۆی سلێمانی، 2014.
4. کریم،محمد مهدی، دابەشبوونی شوێنی نشینگە مرۆییەکانی ئیدارەی گەرمیان، نامەی ماستەر (بلاْونەکراوە) پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی ئاداب کراوە، زانکۆی گەرمیان، 2016.
5. میرزا، هەورامان کمال، فراوانبوونی ڕووبەری شاری هەڵەبجەو کاریگەرییە ژینگەیەکانی، نامەی ماستەر (بلاْونەکراوە) پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژی ئەدەبیات کراوە، زانکۆی صەلاحەدین، هەولێر، 2013.

**ت– گوڤار و ڕۆژنامەکان:**

1. حسن، فەیروز، هەڵەبجە نشینگەی جافوگۆران، گۆڤاری هەڵەبجە، ژمارەی تایبەت، 16\3 \ 2001.
2. شریف، محمدغفور، کورتەباسێکی دیمۆگرافیومێژووی هەڵەبجە، گۆڤاری هەڵەبجە، گۆڤارێکی ڕوناکبیری وەرزییە ، بەرێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری هەڵەبجە دەریدەکات، ژمارە1، ساڵی یەکەم، 2004/3/16.
3. شێخ کەریم، سەلام، کورتەیەك لەمێژووی خوێندنوزانست لەشاری هەڵەبجەی شەهیدا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ڕۆژنامەیەکی سیاسی رۆژانەیە، یەکێی نیشتمانی کوردستان دەریدەکات، ژمارە (3922)، 2006/3/ 16.

4. صديق، عادل، هەڵەبجە لەنێوان بەرداشی ململانێ نێوخۆی و هەرێمیەکاندا، ئازاری هەڵەبجە، ساڵنامەیەکی تایبەتە بەکارەساتی هەڵەبجە، مەڵبەندی یەکی شارەزوری کۆمەڵی ئیسلامی دەری دەکات، ژمارە(9)، ساڵی نۆیەم، 2015/3/16.
5. مینە، ئەمین قادر، ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان:تەرحیل،تعریب،تەبعیس، چاپی دووەم، سەنتەری لێکۆڵینەوە ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، 1999.
6. محمد، نجم، پانۆرامای شالاو وێران کاری و داگیرکاری بۆسەر هەڵەبجە لە مێژووی کۆن و نوێدا، گۆڤاری هەڵەبجە، ژمارە(3)، چاپخانەی سان، سلێمانی، 2005 .

**پ- چاپ و بڵاوکراوەحکومیەکان:**

1. ساڵنامەی سلێمانی، گۆڤارێکی ساڵانەیە لەبڵاوکراوەکانی پارێزگای سلێمانیە، چاپی یەکەم، سلێمانی،1999.
2. ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ژمارە (29)، ریکەوتی 1920/11/11.
3. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەرێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە، ڕێبەرێك بۆ باخچە و قوتابخانە و خوێندنی خێراو ناوەندیی و دواناوەندیی ئامادەیی و پیشەسازی پەیمانگا و کۆلێژ لەسایەی مێژووەوە بۆمێژوو، ساڵی خوێندنی 2005-2006، ئامادەکردنی عبدالحیم حمە امین عنایەت، بەڕێوەبەری پلان و نەخشەکێشان.
4. بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، فەرمانگەی ئاماری هەڵەبجە، ئەنجامی ژمارەلێدان و گەمارۆسازی (حصروترقیم) بۆساڵی 2009، داتای بڵاونەکراوە، پێشبینی کردنی دانیشتوان بۆساڵی 2016.
5. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، بەڕێوەبەرایەتی پسوڵەی خۆراکی سلێمانی، بەشی پسوڵەی خۆراك، داتای دانیشتوانی شاری هەڵەبجە، بڵاونەکراوە.
6. وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەرێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، پوختەی ئەنجامە سەرەتاییەکانی کاری ژمارە لێدان و گەمارۆسازی(الحصر والترقیم) تایبەت بە سەرژمێری گشتی دانیشتوان بۆ شارنشین و گوندنشینی پارێزگای سلێمانی، 2009.
7. مۆنۆمێنتی هەڵەبجە، بەشی ئەرشیف، وێنەی بڵاوکراوە.

**دووەم: سەرچاوە عەرەبیەکان:**

**أ/ کتێب:**

1. ابوعيانة، فتحی محمد، الجغرافية البشرية، الجزء الثاني، دارالمعرفة الجامعية للطبع والنشر، الاسكندرية، 2007.
2. ابو عيانة فتحی محمد، الجغرافية السكان اسس وتطبيقات، الطبعة الرابعة، السكندرية، 1993.
3. احمد، ابراهيم خليل، حركة التربية والتعليم والنشر، كتاب حضارة العراق، جزء الحادي العشر، دارالحرية للطباعة، بغداد، 1985.
4. البنا، على، اسس الجغرافية المناخية والنباتية، دارالنهضةالعربية، بيروت، لبنان، بدون السنةالطبع، ص19-20.

5. باشا، خورشيد، رحلة حدود بين دولة العثمانيةوايرانية، ترجمة مصطفى زهران، مركز القومي للترجمات، القاهرة، 2009.
6. برهم، نسيم واخرون، مدخل الى الجغرافية البشرية، الطبعة الاولى، عمان، الاردن، 1990.
7. حمدان، جمال ،جغرافية المدن، طبعة2 منقحة، عالم الكتب القاهرة، بدون السنة الطبع.
8. خطاب، عادل عبدالله، جغرافية المدن، مطبعة تعليم العالى، جامعةبغداد، 1990.
9. خير، صفوح، الجغرافية، موضوعها و مناهجها وأهدافها، دار الفكر، دمشق، سورية، 2000.
10. الخفاف، عبد على وعبد المخور الريحاني، جغرافية السكان، مطبعة جامعة بصرة، 1986.
11. دليمي، خلف حسين على، تخطيط الخدمات المجتمعية والبنية التحتية اسس– معايير– تقنيات، الطبعة الاولى، دارصفاء للنشر والتوزيع، عمان، 2009.
12. داود، تغلب جرجيس، علم اشكال صطح الارض التطبيقى، جيومورفولوجياالتطبيقية، جامعة المستنصرية، 2002.
13. سعدي، سعدي محمدصالح واخرون، جغرافية الاسكان، مطبعة دارالحكمة للطباعة واللنشر، اربيل، 1990.
14. السعيد، صبحى احمد، نمط التوزيع المكاني والتركيب الوظيفي لمراكز الاستيطان البشري في المنطقة نجد ، الطبعةالاولى، مطابع جامعة الملك سعود، 1986.
15. سنكري، يمان، التحليل الاحصائي للبيانات المكانيةفي نظم المعلومات الجغرافية، الطبعة الاولى، مطبعة شجاع، حلب، سورية، 2008.
16. السماك، محمد ازهر و على عبد عباس، البحث الجغرافي بين منهجية التخصوصيةوالاساليب الكمية وتقنيات المعلوماتية المعاصرةgis، الطبعة الثانية، درا يازورى، عمان، 2011.
17. صالح ، هاشم محمد، الجغرافية البشرية، الطبعةالاولى، مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع، عمان، الاردن، 2014.
18. عزاوى، عباس شهرزور والسليمانيه(اللواو والمدينه)، الطبعة الاولى، السالمى، بغداد، 2000.
19. عزيز، مكى محمد و رياض ابراهيم السعدى، جغرافيه السكان، مطبعة جامعه بغداد، 1984 .
20. على ،فيصل ،التعليم والتنمية الموارد البشرية،منشورات مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية،طبعة الاولى،سليمانية،2008.
21. العتبي ،سامى عزيز عباس ،واياد عاشور الطائي ، الاحصاء والنمذجة في الجغرافية ، الطبعة الاولى ، مطبعة الامارة ، بغداد، 2013.
22. العطوانى، ياسين، النظام التربوى والتعليمى في العراق، دارالكتاب العربي، الطبعة الاولى، بغداد، 2013.
23. الطيف، بشير ابراهيم واخرون، خدمات المدن دراسة في الجغرافية التنموية، الطبعة الاولى، المؤسسةالحديثة للكتاب، طرابلس، لبنان، 2009.
24. فهمى، محمد سيد، اسس الخدمة الاجتماعية، مكتبة الجامعي الحديث، الاسكندرية، 2000.
25. محمد، خليل اسماعيل، اربيل دراسة ديموغرافية– اقتصادية، الطبعة الاولى، اربيل، 2003.

26. محمد ، خليل اسماعيل، مؤشرات سياسة التعريب والتهجير في اقليم كوردستان العراق، مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل، 2001.
27. مصيلحى، فتحي محمد، الجغرافية البشرية بين نظرية المعرفة وعلم المنهج الجغرافي، الطبعة الثانية، دار الكتب القومية، 1994.
28. الهيتى، مازن عبدالرحمن، جغرافية الخدمات اسس والمفاهيم، الطبعةالاولى، مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع، عمان، الاردن، 2013.

**ب/ المجلات العلمية:**

1. ابراهيم، احمد حسين، الموقع والموضع وأثرهاعلى العمران فى مدينة العين بدولة الامارات العربية المتحدة، مجلةجمعيةجغرافية الكويت، العدد 174، نوفمبر، 1994.
2. جودة، جبر عطية، محمد كريم جنيط، كفاءة التوزيع المكانى لرياض اطفال، مجلة واصط للعلوم الانسانية، العدد27، بدون السنة الطبع.
3. الحجامي، عادل مكي عطية وأخرون، تحليل أنماط التوزيع المكاني للخدمات التعليمية في مدينة الشطرة، مجلة جامعة زيقار، كلية التربية للعلوم الانسانية، المجلد 4، العدد 1، اذار، 2014.
4. شبع ،محمد جواد عباس، تقويم كفاءة الخدمات التعليمية والصحية في محافظة كربلاء، مجلة بحوث الجغرافية، كلية التخطيط العمراني، جامعة الكوفة، العدد 20، بدون السنة طبع.
5. سعيد، على لفتة، ايمان عبدالحسين شعلان، تقيم كفاءة الخدمات التعليميةوالصحية في المدينة الحيدرية،مجلة البحوث الجغرافية،كلية الاداب، جامعة الكوفة، العدد(19)، بدون السنة الطبع.
6. الرواندزي، عمر حسين، تحليل الجغرافي لتوزيع الجوامع في مدينة سوران باستخدام نظم المعلومات الجغرافية، گۆڤاری زانكۆی كۆیه، ژماره(32)، ساڵی 2014.
7. طالب، جزا توفيق المقومات الجيوبولتيكية للامن القومى في اقليم كرستان، مركزكردستان للدراسات الاستراتيجية، سليمانية، 2005.
8. ظاهر، سعدون شلال، سحر عبدالهادي حسين، واقع تركيب التعليمي في محافظة بابل وافاق مستقبل، مجلة بحوث الجغرافية، كلية التربية للبنات، جامعة الكوفة، العدد(13)، سنة 2011.
9. فاروق، عبدالحليم البشير و نزهة يقظان الجابري، تحليل صلةالجوار في الدراسات الجغرافية بالتطبيق على المستوطنات البشرية بمنطقة مكة المكرمة، مجلة جامعة ام قرى للعلوم الاجتماعية، مجلد الاول، عدد الاول، يناير ، 2009.
10. العامرى، رافد موسى عبدالحسون و كاظم جبار الشيبانى، تحليل مكاني لوظيفة التعليم الابتدائي في مدينة السماوة، مجلة القادسية في الاداب والعلوم التربوية، جامعة القادسية، المجلد(8)، العدد(4)، سنة 2009.
11. عبدالرحيم، سعد ابراهيم واخرون، واقع التعليم المهنى واستراتيجية اصلاحه، دراسات التربوية، العدد التاسع، كانون الثانى، 2010.
12. كمال، نجيل و نغم فيصل يوسف، كفاءة التوزيع الخدمات التعليمية في منطقة الاعظمية، مجلة مخطط والتنمية، العدد السادس العشر، سنة الحادية العشر، معد العالى للتخطيط الحضري والاقليمي، جامعةبغداد، 2007.

13. يحيى، عبدالفتاح على، سالنامات الموصل العثمانية مصدرا لدراسة تاريخ السليمانية، مجلة جامعة دهوك، مجلد 1، العدد 2، سنة 2000.

### ت/ بلأوكراوەی ئینتەرنێت:

1. قاسم الدويكات و آمال الشيخ و الباحثة آيات خضر، التوزيع الجغرافي للحدائق العامة في أمانة عمان الكبرى،بحث متاح على موقو الاكتروني www.kau.edu.sa ، سنة النشر 2007، تاريخ اضافة الى الموقع ، Tuesday/23december/2008، 2016/3/14.

### ث/ نشرات والدوريات الحكومية:

1. جمهورية العراق، وزاره التخطيط، الجهاز المركزى للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنه 1977، محافظه السليمانية، جدول رقم 22.
2. جمهورية العراق، وزاره التخطيط، الجهاز المركزى للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنه 1987 ، محافظه السليمانية، جدول رقم 22.
3. مديرية احصاء السليمانية، المؤشرات السكانية والبني الخدمية الارتكازية لاقليم كوردستان العراق لسنه 2002.
4. جمهوريةالعراق، وزارت التخطيط، جهازالمركزى للاحصاء، تعليم الثانوى في العراق للعام الدراسى 1977-1978 تقرير احصائي الاولى، جدول رقم 37، ص70.

### ج/ الرسائل والأطاريح:

1. أحمد، ديار محمد، تحليل وتخطيط الخدمات الاجتماعية في مدينة شقلاوة (دراسة في الجغرافية الخدمات)، رسالة ماجستير (غير منشورة ) قدمت الى كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، اربيل، 2014.
2. أحمد، فهمى جلال، مستوى ممارسة مدرسي التأريخ في المرحلة الأعدادية لمهارات التدريس فعال في المراكز محافظات اقليم كوردستان– العراق، رسالة ماجستير(غيرمنشورة) قدمت الى مجلس كلية التربية اساسية، جامعة دهوك، 2015.
3. الجميلي، رياض كاظم سلمان ، كفاءة التوزيع المكاني الخدمات المجتمعية (التعليمية والصحية والترفيهية) في مدينة كربلاء، رسالة ماجستير (غير منشورة) قدمت الى مجلس كلية التربية (ابن رشد) جامعة بغداد، 2009.
4. الجبوري، حاتم حمودي حسن، تحليل واقع التوزيع للخدمات التعليمية في مدينة الكاظمية دراسة في جغرافية المدن، رسالة ماجستير (غيرمنشورة)، قدمت الى مجلس كلية التربية ابن رشد، جامعة بغداد، 2006.
5. الجورانى، تركى حومدعلى، كفاءة الخدمات التعليمية (الابتدائيةوالثانوي) في قضاء الخالص، رسالة ماجستير (غيرمنشورة)، قدمت الى مجلس كلية التربية العلوم الانسانية، جامعة ديالى، 2013.
6. ابوجلال، فاطمة أحمد محمد، توزيع الجغرافى الخدمات التعليم الأساسي بحي الغيران، رسالة ماجستير (غيرمنشورة)، قدمت الى مجلس مدرسة العلوم الانسانية، مصراتة، ليبيا، 2013.
7. حسين، بيان على، سكان مدينة السليمانية دراسة الجغرافية، رسالة ماجستير(غيرمنشورة) قدمت الى كلية الاداب، جامعة بغداد، 2001.

8. حسين، بيان علي، تحليل الجغرافي لاتجاهات النموالحضري في محافظة السليمانية، اطروحة دكتوراه، غيرمنشورة، قدمت الى مجلس كلية العلوم الانسانية، جامعة السليمانية، 2009.
9. حمادي،عباس حمادي، التغيرات السكانية في محافظة القادسية(1977–1997)دراسة في الجغرافية السكان، اطروحة دكتورا(غيرمنشورة) قدمت الى مجلس كلية ابن روشد، جامعة بغداد، 2005.
10. خليل، محمد ابراهيم، مدينةخليل دراسة في الجغرافية المدن، رسالة ماجستير(غيرمنشورة) قدمت الى مجلس كلية الدراسات العليا، جامعةنجاح الوطنية، نابلس، فلسطين، 2003.
11. الرواندزي، عمر حسن حسين، تحليل المكاني والوظيفي الخدمات التعليمية في مدينة سوران باستخدام نظم المعلومات الجغرافية (Gis)، رسلة ماجستير (غيرمنشورة)، قدمت الى مجلس كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، اربيل،2011.
12. السعدي، احمد حمود محسين، تحليل المكاني لتباين التركيب السكان في محافظة القادسية للمدة من(1987–1997) اطروحة دكتوراه(غيرمنشورة)، قدمت الى مجلس كلية الاداب، جامعة بغداد، 2005.
13. سليم، هيوا صادق، التحليل الجغرافي لكفاءة التوزيع المكاني للخدمات التعليمية في مدينة اربيل، اطروحة دكتوراه (غير منشورة ) قدمت الى كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، اربيل، 2012.
14. سعيد، كامران طاهر، توسع المدينة السليمانية بتأثيرالاسرالحضري (دراسةفي الجغرافيةالمدن)، اطروحة دكتوراه ،(منشورة) قدمت الى مجلس كلية العلوم الانسانية، جامعةالسليمانية، 2011 .
15. الداودي، ماهية محسن، قضاء طوز دراسة في جغرافية السكان، رسالة ماجستير، (غير منشورة)، قدمت الى كلية التربية، جامعة تكريت، 2003 .
16. شقيرى، هبه حموده محمد، توزيع وتخطيط الخدمات التعليمية في محافظة سلفيت باستخدام نظم المعلومات الجغرافية، رسالة ماجستير(غيرمنشورة)، قدمت الى مجلس كلية دراسات العليا، جامعة نجاح الوطنية، نايلس، فلسطين، 2009.
17. ابوصالح، ماهر، مدينة نابلس دراسة في التركيب السكاني و الخصائص المسكن،رسالة ماجستير (غيرمنشورة)، قدمت الى كلية دراسات العليا، جامعة نجاح الوطنية، نابلس، 1998.
18. طاهر، غادة عبداللةأحمد، مبانى مدارس التعليم العام للبنات في محافظة الاحساء دراسة تقويمية باستخدام نموذج مكليري، رسالة ماجستير (غيرمنشورة)، قدمت الى كلية التربية، جامعة ملك سعود،2007.
19. العبادي، انعام سمير محي، قضاء المدائن (دراسة في الجغرافية السكان)، رسالة ماجستير (غير منشورة)، قدمت الى مجلس كلية التربية، جامعة بغداد، 2002.
20. الغنيم، فهد بن سليمان ابراهيم، معايير اختيار مواقع المباني المدرسية في المملكة العربية السعودية حالة دراسة منطقة القصيم، (رسالة ماجستير)، غيرمنشورة، قدمت الى مجلس كليةالعمارة والتخطيط، جامعة الملك سعود، 2009.
21. محمد، هدى قاسم، واقع الخدمات المجتمعية في مدينة هبهب في الضوء التوسع الخضري للمدينة، رسالة ماجستير (غيرمنشورة)، قدمت الى كلية التربية للعلوم انسانية، جامعة ديالى، سنة 2014.

22. محمود، كامران ولي، التوزيع الجغرافي الحالي والمثالي للمدارس الاعدادية في مدينة اربيل، رسالة ماجستير (غيرمنشورة)، قدمت الى مجلس كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، اربيل، 2006.
23. وناسي، سهام، نموالحضري ومشكلة السكن والاسكان، رسالة ماجستير(غيرمنشورة)، قدمت الى كلية علوم الاجتماعية، جامعة الحاج الخضر باتنة، الجزائر، 2009 .
24. يوسف، طاهر جمعة طاهر، التحليل المكاني للخدمات التعليمية في مدينة نابلس باستخدام تقنية نظم المعلومات الجغرافية gis، رسالة ماجستير( غير منشورة)، قدمت الى مجلس كلية دراسات العليا، جامعة نجاح الوطنية، نابلس، فلسطين، 2007.

## سێیەم :سەرچاوە ئینگلیزیەکان:

1. Waled lagrab, Nora akin, analysis of educational services distribution–based geographic information system (Gis), international journalof scientific ,technology research volume4, issueo3, march, 2015.

## چوارەم: چاوپێکەوتن:

1. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (عبدالله عبدالعزیز) مامۆستای خانەنشین لە ڕێکەوتی 2015/12/18.
2. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (م.جمال عبدالقادر) مامۆستای ئامادەی پیشەسازی لە ڕێکەوتی 2015/12/27.
3. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (م.تارا عبدالرحمن فرەج) بەڕێوەبەری ئامادەی شەهیدانی کیمیابارانی کچان لە ڕێکەوتی 2016/1/11.
4. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (م.عبدالرحمن فەرەج) کەسایەتی کۆنی شارەکەو مامۆستای خانەنشین لە ڕێکەوتی 2016/1/12.
5. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (م.روخۆش عثمان قادر) بەڕێوەبەری خوێندنگەی ڕێنواری بنەڕەتیی قۆناغی (7–9 ) لە ڕێکەوتی 2016/1/13.
6. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (م.ڕێبوار عابد محمد) بەڕێوەبەری خوێندنگەی کاردۆخی بنەڕەتیی قۆناغی (7–9 ) لە ڕێکەوتی 2016/1/14.
7. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز ( ئەحمەد ڕەنجبار ) نووسەرو کەسایەتی شارەکە لە ڕێکەوتی 2016/2/21.
8. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (م.فەیروز حسن ) مامۆستای کۆنی شارەکەو مامۆستای زانکۆی سلێمانی لە ڕێکەوتی 2016/2/23.

## پێنجەم:سەردانە مەیدانیەکان

1. سەردانی مەیدانی توێژەر لە ڕێکەوتی 15/ 12/ 2015.
2. سەردانی مەیدانی توێژەر لە ڕێکەوتی 15و17–21 و 27 / 1 / 2016.
3. سەردانی مەیدانی توێژەر لە ڕێکەوتی 10و14و16و21–23و26–2/28 /2016.
4. سەردانی مەیدانی توێژەر لە ڕێکەوتی 10–2016/4/17.
5. سەردانی مەیدانی توێژەر لە ڕێکەوتی 26 / 7 /2016.

**شەشەم:بەرنامەکان:**

1.Google Earth .
2.Arc map Arc GIS 10.2.2.
3. Arc map Arc GIS 10 .
4. flash Earth..
5. Excel-Growth(Compatibility Mode).

## پاشکۆی(1)

### دەست نیشانکردنی سنوری پارێزگای هەڵەبجە

ئەنجومەنی وەزیران | مجلس الوزراء

**بڕیـــار**

پاڵپشت بە ئەحکامی هەردوو ماددەی ١١٥ و ١٤١ لە دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵ ساڵی ٢٠٠٥، ولەبەر ڕۆشنایی بڕیاری تەشریعی پەرلەمانی کوردستان ژمارە ١١ لە ١٩٩٩/٩/٢٢، و ئاماژە بە بڕیاری کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە ٣٩ لە بەرواری ٢٠١٣/٦/٤، و ئاماژە بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی فیدراڵ ژمارە ٥٦٨ لە ٢٠١٣/١٢/٣١، بڕیاردرا بە:

١) دەستنیشانکردنی سنووری (پارێزگای هەڵەبجە)ی ئیستحداثکراو بە پێی بڕگەی چوارەمی ماددەی (١) ی بڕیاری تەشریعی پەرلەمانی کوردستان ژمارە ١١ لە ١٩٩٩/٩/٢٢ وەک قۆناغی یەکەم بە هەمان سنووری ئیداری ئێستای قەزای هەڵەبجە بە پێی نەخشەی هاوپێچی ئەم بڕیارە، و داناني (پارێزگای هەڵەبجە) بە پارێزگای چوارەم لە سنووری هەرێمی کوردستانی عێراق و شاری هەڵەبجەش دەبێتە ناوەندی پارێزگاکە.

٢) ناردنی ئەم بڕیارە بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی دەرکردنی فەرمانی هەرێمی.

٣) ئەم بڕیارە لە ڕۆژی ١٣ ی ئازاری ساڵی ٢٠١٤ دەرچوو و لایەنە پەیوەندیدارەکان جێبەجێی دەکەن.

نێچیرڤان بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

## پاشکۆی(2)

### بەستنەوەی ناحیەی بەمۆ بە پارێزگای هەڵەبجەوە

هەرێمی کوردستان ـ عێراق | إقليم كوردستان ـ العراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران | رئاسة مجلس الوزراء
سەرۆکایەتی دیوان | رئاسة الديوان
فەرمانگەی یاسایی | الدائرة القانونية

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers

ژمارە: ٩٧١ — No:
ڕێکەوت: ٢٢ / گەلاوێژ / ٢٧١٥ ی کوردی — Date: ٢٠١٥/٩/١٣

بۆ / گشت وەزارەتەکان و دەستەو دام ودەزگاو فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت /
جگە لە وەزارەتەکانی ناوخۆ و داد

بابەت / گشتاندن

وەزارەتی ناوخۆ
ئیدارەی گەرمیان
بەڕێوەبەرایەتی کارگێری
هاتووی ژمارە
بەروار ٢٠١٥/٥/...

Council of Ministers

هاوپێچ لەگەڵ نووسراوماندا وێنەیەک لە نووسراوی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان /دیوان ژمارە (٦٠٨) لە ٢٠١٥/٩/٣ لەگەڵ دەقی فەرمانی هەرێمی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١٥٢)ی ساڵی ٢٠١٥ دەنێرین بۆتان کە تایبەتە بە بچڕاندنی ناحیەی (بەمۆ) لە ئیدارەی گەرمیان و بەستنەوەی بە پارێزگای هەڵەبجە، بۆ ئاگاداریتان و ئەنجامدانی کاری پێویست بەپێ ی پەیوەندی.

لەگەڵ ڕێزماندا...

هاوپێچ:
وێنەیەک لە نووسراوی سەرەوە
لەگەڵ دەقی فەرمانی ژمارە (١٥٢)ی ساڵی ٢٠١٥ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان.

نێچیرڤان احمد عبدالله
سەرۆکی دیوان

وێنەیەک بۆ:
- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان /دیوان / ئاماژە بە نووسراوی سەرەوەتان بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا.
- پەرلەمانی کوردستان / لەگەڵ هەمان هاوپێچ بۆ هەمان مەبەستی سەرەوە ... لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی ناوخۆ/ ئاماژە بە نووسراوتان ژمارە (١٤١٤٩) لە ٢٠١٥/٧/٥ بۆ ئاگاداریتان و ئەنجامدانی کاری پێویست ... لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی داد/ ڕۆژنامەی وقائعی کوردستان/ بۆ بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی وقائعی کوردستان ... لەگەڵ ڕێزدا.
- پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە، ئیدارەی گەرمیان و ئیدارەی ڕاپەڕین) لەگەڵ هەمان هاوپێچ بۆ هەمان مەبەستی سەرەوە ... لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت فەرمانگەکانی ئەم سەرۆکایەتی یە
- فەرمانگەی یاسایی.
- خامەی نهێنی / لەگەڵ بەراییەکان.

هەرێمی کوردستان - هەولێر | E- mail: cm@krg.org | Kurdistan Region - Erbil
تەلەفون: ... | Phone: +964 (066) 2220210 - 2230247 - 2230248

## پاشکۆی(3)

### فەرمانی هەرێمی پچرانی ناحیەی بەمۆ و بەستنەوەی بە پارێزگای هەڵەبجەوە

کۆماری عێراق
هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی هەرێم
دیـــوان

جمهورية العراق
إقليم كوردستان
رئاسة الاقليم
ديـــوان

ژمارە: د.ح.م
بەروار: ٢/٩/٢٠١٥

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ژمارە: ١٣٤٩
رۆژ: ٣/٩/١٥
هاتووی نهێنی

**بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ب/ فەرمانی هەرێمی**

هاوپێچ دەقی فەرمانی هەرێمی ژمارە (١٥٢ ) ی ساڵی ٢٠١٥ بۆتان دەنێرین ، بفەرموون بە جێبەجێکردن .

لەگەڵ ڕێزماندا ...

**ل. فوئاد حسێن**
**سەرۆکی دیوان**

به هاوپێچ لەگەڵ فەرمانی هەرێمی
ژمارە (١٥٢) ی ساڵی ٢٠١٥

**وێنەیەک بۆ**
- ☑ نووسینگەی بەڕێز جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان
- ☑ نووسینگەی سەرۆکی دیوان
- ☑ ب.گ هەماهەنگی و بەدواداچوون لە دیوان

Kurdistan - Hawler
Tel.: 00964 66 223 55 00 - 4 - 00964 750 471 55 00

## پاشکۆی(4)

### فەرمانی وەزاری بەستنەوەی ناحیەی بەمۆ بە پارێزگای هەڵەبجەوە

[redacted]

هەرێمی کوردستان- عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی

Kurdistan Regional - IRAQ
Council of Ministers
Ministry of interior

إقليم كوردستان- العراق
مجلس الـوزراء
وزارة الداخلية
المديرية العامة للديوان
مديرية الادارة

ژمارە: ١٩٩٧٤
ڕێکەوت: ٢٠١٥ ٢٧ کوردی
NO:
DATE: ٢٠١٥/٩/١٠

وەزارەتی ناوخۆ
ئیدارەی گەرمیان
بەڕێوەبەرایەتی خۆیەتی
هاتووی ژمارە: ٢٨٥٧
بەروار: ٢٠١٥/٩/١٠

**فەرمانی وەزاری**

ئاماژە بە فەرمانی هەرێمی ژمارە (١٥٢) ساڵی ٢٠١٥ بە نووسراوی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (د-٨-٦ لە ٢٠١٥/٩/٣) کە بەنووسراوی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (٩٧١ لە ٢٠١٥/٩/١٣) بۆمان هاتووە و دوابەدوای دوانووسراومان ژمارە (١٦١٩٨ لە ٢٠١٥/٨/٩)

بڕیار درا بە:

بچڕاندنی ناحیەی بەمۆ لە ئیدارەی گەرمیان و بەستنەوەی بە پارێزگای هەڵەبجە بەگشت میلاک و هەبووەکان لەڕۆژی دەرچوونی فەرمانی هەرێمی.

**کریم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**

وێنەیەک بۆ:
- گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- پارێزگاکانی هەولێر / دهۆک/ ئیدارەی ڕاپەڕین/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- گشت فەرمانگەکانی سەر بەوەزارەت/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون /سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران
- پارێزگاکانی (سلێمانی – هەڵەبجە) و ئیدارەی گەرمیان/ بۆ کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا
- پلاندانان
- خولاو.

## پاشکۆی(5)

## دابەشبوونی ژمارەی دانیشتوان لەقەزای هەڵەبجە لە نێوان( 1977–2015)

| سالی– 1977– | | | | سالی – 1987– | | | | سالی– 2002 – | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ی. کارگێڕی | شارنشین | گوندشین | کۆی گشتی | ی. کارگێڕی | شارنشین | گوندشین | ک.گشتی | ی. کارگێڕی | شارنشین | گوندشین | ک.گشتی |
| هەڵەبجە | 22411 | – | 22411 | هەڵەبجە | 37049 | 3108 | 40157 | هەڵەبجە | 42943 | - | 42943 |
| ن. خورمال | 2236 | 10933 | 13169 | ن. خورمال | – | – | – | ن. خورمال | 8936 | 12586 | 21522 |
| ن. سیروان | 843 | 18447 | 19290 | ن. سیروان | 11903 | 17519 | 29422 | ن. سیروان | 5529 | 6126 | 11655 |
| ناحیەی بیارە | 6206 | 8162 | 14368 | ن. بیارە | – | – | – | ن. بیارە | 4951 | 3202 | 8153 |
| ن.شارەزوور | 7895 | 14806 | 22701 | ن.شارەزوور | 26193 | 19527 | 45720 | – | – | – | – |
| کۆی گشتی | 39591 | 52348 | 91939 | کۆی | 75145 | 40154 | 115299 | - | 62359 | 21914 | 84273 |
| سالی– 2009– | | | | سالی– 2015– | | | | | | | |
| ی. کارگێڕی | شارنشین | گوندشین | کۆی گشتی | ی. کارگێڕی | شارنشین | گوندشین | ک.گشتی | - | - | - | - |
| هەڵەبجە | 55963 | – | 55963 | هەڵەبجە | 66823 | | 66823 | - | - | - | - |
| ن. خورمال | 9838 | 8041 | 17879 | | 11741 | 9601 | 21342 | - | - | - | - |
| ن. سیروان | 6766 | 3547 | 10313 | | 8079 | 4235 | 12314 | - | - | - | - |
| ناحیەی بیارە | 4713 | 1508 | 6221 | | 5628 | 1801 | 7429 | - | - | - | - |
| کۆی گشتی | 77280 | 13096 | 90376 | | 92271 | 15637 | 107908 | - | - | - | - |

سەرچاوە:

1– جمهورية العراق، وزارە التخطيط، الجهاز المركزى للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنه 1977، محافظه السليمانية، جدول رقم 22، ص35.

2– جمهورية العراق، وزارە التخطيط، الجهاز المركزى للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنه 1987، محافظه السليمانية، جدول رقم 22، ص 81

3– مديرية احصاء السليمانية، المؤشرات السكانية والبني الخدميةالارتكازية لاقليم كوردستان العراق لسنه 2002، محافظه السليمانية، جدول رقم 22، ص67و79

4– وەزارەتی پلاندانان،دەستەی ئاماری هەرێم،بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی،پوختەی ئەنجامەسەرەتاییەکانی کاری ژمارە لێدان و گەمارۆسازی(الحصر والترقيم)تایبەت بەسەرژمێری گشتی دانیشتوان بۆشارنشین و گوندنشینی پارێزگای سلێمانی،2009،ل3و4.

5–یاسای پێشبینی کردنی ژمارەی دانیشتوان بەپشت بەستن بە (الحصر والترقيم)ی دانیشتوانی هەڵەبجە، سالی 2009.

**پاشکۆی (6)**

**وێنەی خوێندنگەی سەرەتای هەڵەبجەی دووەم لە ساڵی خوێندنی( 1955– 1956)**




سەرچاوە: مۆنۆمێنتی هەڵەبجە، بەشی ئەرشیف، وێنەی بڵاوکراوە، 2016.

**پاشکۆی (7)**

**چالاکی خوێندنگەکانی هەڵەبجە لەساڵانی شەستەکاندا**






سەرچاوە: مۆنۆمێنتی هەڵەبجە، بەشی ئەرشیف، وێنەی بڵاوکراوە، 2016.

## پاشکۆی (8)

## پێوەرەکانی پلاندانانی خزمەتگوزاریی فێرکاری لەعێراق و جیهان و هەندێك ولاٌتی تردا

### باخچەی مندالآن

| پێوەر | عێراقی | جیهانی | ویلایەتە یەکگرتووەکان | لبنان | مصر |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی خوێندکار | 120-100 | - | - | - | - |
| رووبەری گشتی هەزار/م2 | 3.5-2 | - | - | - | - |
| بەشی خوێندکار /م2 | 35-35 | - | - | - | - |
| ژ.پۆل | 4 | - | - | - | - |
| ژ.خوێندکار /پۆل | 30-25 | - | - | - | - |
| ژ.خوێندکار/مامۆستا | 20 | - | - | - | - |
| دوری نێوان شوێنی نیشتەجێبوون وخزمەتگوزاریی | 300-150 | - | - | - | - |
| شوێن بەگوێرەی شەقام | | - | - | - | - |

### خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی 1– 6

| پێوەر | عێراقی | جیهانی | ویلایەتە یەکگرتووەکان | مصر | لبنان |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی خوێندکار | 432 | 1200-250 | 800-500 | 840 | 800-500 |
| رووبەری گشتی هەزار/م2 | 6-5 | 8.82 | 24-9 | 4.2-2 | 3.25-1.01 |
| بەشی خوێندکار /م2 | 14-13 | 30-25 | 30-18 | 5-2.4 | 4.2-3.4 |
| ژ.پۆل | 12 | 38-8 | 20 | 24 | 24-6 |
| ژ.خوێندکار /پۆل | 36-25 | 32-30 | 32-30 | 35 | 40 |
| خوێندکار/مامۆستا | 20 | – | – | – | – |
| دوری نێوان شوێنی نیشتەجێبوون وخزمەتگوزاریی | 400-300 | 800-400 | 800-400 | 800-400 | 800-400 |
| شوێن بەگوێرەی شەقام | لاوەکی | لاوەکی | لاوەکی | لاوەکی | لاوەکی |

## خوێندنگەی بنەڕەتیی قۆناغی 7-9

| پێوەر | عێراقی | جیهانی | ویلایەتە یەکگرتووەکان | مصر | لبنان |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی خوێندکار | 360 | 1600-800 | 1200-800 | 840 | 1120-320 |
| ڕووبەری گشتی هەزار/م2 | 10-8 | 22 | 48-22.4 | 6-2 | 4-1.35 |
| بەشی خوێندکار /م2 | 28-22 | 27.5-13.7 | 40-28 | 7.1-2.4 | 4.1-3.6 |
| ژ.پۆل | 12 | 50-25 | 40-30 | 24 | 8-24 |
| ژ.خوێندکار /پۆل | 30-25 | 30-23 | 27 | 35 | 46-40 |
| دوری نێوان شوێنی نیشتەجێبوونوخزمەتگوزاریی | 700-500 | 1200-800 | 1500-1000 | 1500-1000 | 1500-1000 |
| خوێندکار/مامۆستا | 20 | – | – | – | – |
| شوێن بەگوێرەی شەقام | سەرەکی | سەرەکی | سەرەکی | سەرەکی | سەرەکی |

## خوێندنگە ئامادەییەکان

| پێوەر | عێراقی | جیهانی | ویلایەتە یەکگرتووەکان | مصر | لبنان |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی خوێندکار | 408 | 2700-1000 | 2000-1200 | 1260-720 | 1120-320 |
| ڕووبەری گشتی هەزار/م2 | 12-10 | 27 | 100-42 | 25.2-11.9 | 40-1.35 |
| بەشی خوێندکار /م2 | 30-25 | 27-10 | 50-35 | 13.2-4 | 4.1-3.6 |
| ژ.پۆل | 12 | 77-28 | 75-50 | 40-24 | 24-8 |
| ژ.خوێندکار /پۆل | 30 | 35-30 | 25 | 36-30 | 46-40 |
| خوێندکار/مامۆستا | 20-18 | – | – | – | – |
| دوری نێوان شوێنی نیشتەجێبوون‌وخزمەتگوزاریی | 1000-800 | 1600-1200 | 2000-1500 | 2000-1500 | 2000-1500 |
| شوێن بەگوێرەی شەقام | سەرەکی | سەرەکی | سەرەکی | سەرەکی | سەرەکی |

سەرچاوە:

1– هبه حموده محمد شقيرى، توزيع وتخطيط الخدمات التعليمية في محافظة سلفيت باستخدام نظم المعلومات الجغرافية، رسالة ماجستير(غير منشورة)، قدمت الى مجلس كلية دراسات العليا، جامعة نجاح الوطنية ، نايلس، فلسطين،2009، ص73 و74و75.

2– ديار محمد أحمد، تحليل وتخطيط الخدمات الاجتماعية في مدينة شقلاوة (دراسة في الجغرافية الخدمات)، رسالة ماجستير (غير منشورة )،قدمت الى كلية الاداب، جامعة الصلاح الدين، اربيل ، 2014، ص22و23.

3– طاهر جمعة طاهر يوسف، التحليل المكاني للخدمات التعليمية في مدينة نابلس باستخدام تقنية نظم المعلومات الجغرافية GIS، رسالة ماجستير( غير منشورة)، قدمت الى مجلس كلية دراسات العليا، جامعة نجاح الوطنية، نابلس، فلسطين، 2007، ص61–62–63.

4– هدى قاسم محمد، واقع الخدمات المجتمعية في مدينة هبهب في الضوء التوسع الخضري للمدينة، رسالة ماجستير(غيرمنشورة)، قدمت الى كلية التربية للعلوم انسانية، جامعة ديالى، سنة2014، ص104.

## پاشکۆی(9)

چۆنیەتی گەیشتنی منداڵانو خوێندکاران بە خزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجە ساڵی2015–2016

| جۆری خزمەتگوزاریی فێرکاری | ٪ ئۆتۆمبێلی تایبەتی | ٪ ئۆتۆمبێلی گشتی | ٪ بەپێ | ٪ هیتر |
|---|---|---|---|---|
| باخچەی منداڵان | 60 | 5 | 45 | – |
| خوێندنگەی بنەڕەتیی 1–6 | 5 | 1 | 94 | – |
| خوێندنگەی بنەڕەتیی 7–9 | 2.5 | 1 | 96 | 0.5 |
| خوێندنگەی ئامادەیی | 6 | 2 | 91 | 1 |
| خوێندنگەی پیشەیی | 50 | 25 | 22 | 3 |
| خوێندنگەی دواناوەندیی | 65 | 7 | 28 | – |
| خوێندنی خێرا | 33 | - | 67 | - |

سەرچاوە:کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:

فۆرمی ڕاپرسی و سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ باخچەکان و خوێندنگەکان لە ڕێکەوتی ( 10 – 14 و 16 و 17 / 4 / 2016).

## پاشكۆی(10)

## فۆڕمی ڕاپرسی بۆ خزمەتگوزاریی فێركاری لەشاری هەڵەبجە

خوێندكاری خۆشەویست ئەم لیستەی كەلەبەردەستتدایە بەئامانجی كۆكردنەوەی زانیاریە لەسەرئێوەی بەرێز بەمەبەستی هاوكاری كردنم لەكاتی نوسینی نامەی ماستەرەكەم بەناونیشانی (**دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێركاری لەشاری هەڵەبجە**)

**تێبینی:**
هێمای (√) بەكاربهێنە بۆ پڕكردنەوەی ئەوخانانەی كەوەڵامەكەی بەگونجاوی دەزانی.

**تێبینی:**
خوێندكاری بەڕێز ئەوەش بزانە ئەو زانیاریانەی كەدەنوسرێت لەم فۆڕمەدا نهێنیەو پێویست بەناونوسین ناكات ، تەنها بۆمەبەستی توێژینەوەیە لەبەرئەوە داواكارم لەبەرێزتان كەزانیاریەكان بەڕاست ودروستی پربكەنەوە بۆئەوەی بتوانین بگەینە ئەنجامێكی ڕاست و نزیك لەواقع وپشتی پێببەستین لەتوێژینەوەكەماندا.

| جۆری خوێندنگە | جۆری قۆناغ | كاتی خوێندن | دۆخی بینا | جۆری بینا |
|---|---|---|---|---|
| كوڕان ☐ | باخچە ☐ | بەیانیان ☐ | باش ☐ | یەك نهۆم ☐ |
| كچان ☐ | بنەڕەتیی ☐ | نیوەڕوان ☐ | پێداویستی بەچاكردن هەیە ☐ | دوو نهۆم ☐ |
| تێكەڵ ☐ | ئامادەیی ☐ | ئێواران ☐ | خراپ ☐ | زیاتر ☐ |
| | پیشەیی ☐ | بەیانیان و نیوەڕوان ☐ | | |
| | دواناوەندی ☐ | | | |
| | خ. خێرا ☐ | | | |

**تەمەن:** ☐ ساڵ

**ڕەگەز :** نێر ☐ مێ ☐

**شوێنی خوێندنگەكەت بەپێی گەڕەك:** ☐

**ئایا ئەو خوێندنگەیەی كەتۆ لێی دەخوێنیت نزیك ترین خوێندنگەیە لەماڵەكەتانەوە :** بەڵێ ☐ نەخێر ☐

ئەگەر وەڵامەكەت نەخێرە بۆچی ئەوخوێندگەیەت هەڵبژاردوە :

أ/ بەهۆی ئەوەیە كەوا باشترین خوێنگەیە لەئێستادا ☐

ب/ هۆكاری تر ..............................................................................................................

**چۆن دەگەیتە خوێندنگە:**

| جۆری خزمەتگوزاریی فێرکاری | ئۆتۆمبێلی تایبەتی | ئۆتۆمبێلی گشتی | بەپێ | هیتر |
|---|---|---|---|---|
| باخچەی منداڵان | | | | |
| خوێندنگەی بنەڕەتی | | | | |
| خوێندنگەی ئامادەیی | | | | |
| خوێندنگەی پیشەیی | | | | |
| خوێندنگەی دواناوەندیی | | | | |
| خوێندنی خێرا | | | | |

**دووری نێوان ماڵەکەتان لەگەڵ خوێندنگەکەت:**

| دووری ماڵتان لەخوێندنگە | کەمترلە<br>300م | لەنێوان<br>300 –400م | لەنێوان<br>400 –700م | لەنێوان<br>700 –1000م | زیاترلە<br>1000م |
|---|---|---|---|---|---|
| باخچەی منداڵان | | | | | |
| خوێندنگەی بنەڕەتیی | | | | | |
| خوێندنگەی ئامادەیی | | | | | |
| خوێندنگەی پیشەیی | | | | | |
| خوێندنگەی دواناوەندی | | | | | |
| خوێندنی خێرا | | | | | |

**کاتی گەیشتنت بۆ خوێندنگە :**

| باخچەی منداڵان | | | | خوێندنگەی بنەڕەتیی | | | | خوێندنگەی ئامادەیی | | | | خوێندنگەی پیشەیی | | | | خوێندنگەی دواناوەندیی | | | | خوێندنی خێرا | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کەمتر لە 5 خولەک | لە 5 – 10 خولەک | لە 10– 15 خولەک | زیاتر لە 15 خولەک | کەمتر لە 5 خولەک | لە 5 – 10 خولەک | لە 10– 15 خولەک | زیاتر لە 15 خولەک | کەمتر لە 5 خولەک | لە 5 – 10 خولەک | لە 10– 15 خولەک | زیاتر لە 15 خولەک | کەمتر لە 5 خولەک | لە 5 – 10 خولەک | لە 10– 15 خولەک | زیاتر لە 15 خولەک | کەمتر لە 5 خولەک | لە 5 – 10 خولەک | لە 10– 15 خولەک | زیاتر لە 15 خولەک | کەمتر لە 5 خولەک | لە 5 – 10 خولەک | لە 10– 15 خولەک | زیاتر لە 15 خولەک |
| | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |

**ئايا دوا دەكەويت لەكاتی دياری كراو:**

| جۆری خزمەتگوزاریی فێركاری | دواناكەم | بەدەگمەن دوائەكەوم | زۆر دوائەكەوم | هەميشە دوائەكەوم |
|---|---|---|---|---|
| باخچەی منداڵان | | | | |
| خوێندنگەی بنەڕەتی | | | | |
| خوێندنگەی ئامادەیی | | | | |
| خوێندنگەی پیشەیی | | | | |
| خوێندنگەی دواناوەندیی | | | | |
| خوێندنی خێرا | | | | |

**جۆری ڕێگاوبان لەنێوان ماڵەكەتان و خوێندنگەكەت :**

| جۆری خزمەتگوزاریی فێركاری | قیروكۆنكرێت | خۆڵ و چەوڕێژ |
|---|---|---|
| باخچەی منداڵان | | |
| خوێندنگەی بنەڕەتی | | |
| خوێندنگەی ئامادەیی | | |
| خوێندنگەی پیشەیی | | |
| خوێندنگەی دواناوەندیی | | |
| خوێندنی خێرا | | |

**ئايا نارەحەت و ماندوو ئەبیت لەبرینی ئەو ڕێگایە:**

| جۆری خزمەتگوزاریی فێركاری | بەڵێ | نەخێر |
|---|---|---|
| باخچەی منداڵان | | |
| خوێندنگەی بنەڕەتی | | |
| خوێندنگەی ئامادەیی | | |
| خوێندنگەی پیشەیی | | |
| خوێندنگەی دواناوەندیی | | |
| خوێندنی خێرا | | |

**ئايا شوێنی خوێندنگەكەت گونجاوە:**

بەڵێ ☐ نەخێر ☐

ئەگەر وەڵامەكەت نەخێرە بۆچی ..........................................................................

..................................................................................................................

**شوێنی خوێندنگە بۆماڵەکەت :**

زۆر ئاسودەم ☐ ئاسودەم ☐ ئاسودەنیم ☐

**ئایا شوێنی خوێندنگەکەت دەکەوێتە سەر ڕێگەی سەرەکی و گشتیەوە:**

بەڵێ ☐ نەخێر ☐

**ئەو شتە چیە کەزۆر حەزت لێیەتی لە خوێندنگە:**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| توانای مامۆستا | بەڵێ | ☐ | نەخێر | ☐ |
| بابەتەکان | بەڵێ | ☐ | نەخێر | ☐ |
| هاوڕێکانت | بەڵی | ☐ | نەخێر | ☐ |
| یاریگا | بەڵێ | ☐ | نەخێر | ☐ |
| پاکوخاوێنی | بەڵێ | ☐ | نەخێر | ☐ |

**هیتر**...................................................................................................

**تاچەند ڕازیت لەپێداویستیەکانی وەك کارەبا و ئامێری ساردکەرەوە و گەرم کەرەوە و تۆری ئاوو باخچە و یاریگا و پێداویستیەکانی تر لەناو خوێندنگەکەت.**

**زۆر** ☐ **مامناوەند** ☐ **کەم** ☐ **ڕازی نیم** ☐

**ئایا پێشنیارت چیە بۆ بەرەوپێش چوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری :**

..................................................................................................................

..................................................................................................................

..................................................................................................................

لەگەڵ ڕێزدا.....

توێژەر

## الملخص الرسالة

## توزيع الخدمات التعليمية في مدينة حلبجة

تعد الخدمات التعليمية كجزء من الخدمات الاجتماعية من ضروريات المهمة لكافة المجتمعات في عصرنا الحالي، والتي يطالب بتوفيرها لتقدم الفرد والمجتمع بأعتبارها من الاساسيات المهمة والرئيسية لتطور المجتمع وبقائها في مستواها العالي في كافة مجالات الحياة ، ونظراً لاهميتها بأمكان ان نعتبرها كأحد المقاييس في تحديد درجة تقدم المجتمع او تخلفها.

كما ان تخصيص المساحات اللازمة من الاراضي داخل المدن وكيفية استخدامها لتلك الخدمات التعليمية كمسألة حساسة بسبب ارتباطها بجميع الخدمات الاخرى ، ومن هذا المنطلق من الضروري جداً الاهتمام بتوفير المساحات الازمة من استخدامات الاراضي لكل الخدمات بشكل عام والخدمات التعليمية بشكل خاص حسب متطلبات تقدم المجتمع.

وهذه الدراسة تبحث عن توزيع الخدمات التعليمية في مدينة حلبجة،منذ عام 1977 حتى عام 2016 مقسمة الى عدة المراحل، وكل مرحلة تتميز بخصائص محددة من حيث وجود انواع خدمات التعليمية وتوزيعها وتناسقها مع التغيرات التي جاءات على الحدود مدينة حلبجة وسكانها.

وتهدف هذه الدراسة الى عرض كيفية توزيع الخدمات التعليمية في منطقة الدراسة بغرض الكشف عن الاتجاهات التي تأخذها تلك الخدمات و معرفة انماط توزيعها، وتقييم خصائص تلك الخدمات وقياسها مع مقاييس محددة

ومن اجل تحقيق تلك الاهداف تضم الدراسة خمسة فصول فضلاً عن خاتمة شملت الاستنتاجات والتوصيات: كالآتي:

تناول الفصل الاول الإطار النظري وضم مبحثين، تناول المبحث الاول الوصف الجغرافي لمنطقة الدراسة، ويركز المبحث الثاني على التشكيلات الادارية لمدينة حلبجة، والمبحث الاخير من هذا الفصل تناول تعريف مفاهيم خاصة بموضوع الدراسة.

أما الفصل الثاني من الدراسة فقد اهتم بنمو سكان والخدمات التعليمية في منطقة الدراسة وذلك من خلال مبحثين: المبحث الاول نمو السكان في مدينة حلبجة،والمبحث الثاني تناول الخدمات التعليمية في مدينة حلبجة.

ويتناول الفصل الثالث دراسة واقع الخدمات التعليمية من خلال ثلاثة مباحث: المبحث الاول يركز على التوزيع الجغرافي والتركيب السكاني لمدينة حلبجة، والمبحث الثاني توزيع المكاني والنسبي للخدمات التعليمية في منطقة الدراسة، والتوزيع النسبي لخدمات التعليمية من حيث الابنية والمساحات المخصصة لتلك الخدمات حسب المراحل التعليمية وعلى مستوى المحلات تناولها المبحث الثالث.

وضم الفصل الرابع التحليل المكاني للخدمات التعليمية من خلال مبحثين:

المبحث الاول ضم اتجاهات التوزيع الجغرافي للخدمات التعليمية، كما تناول المبحث الثاني انماط التوزيع تلك الخدمات في منطقة الدراسة.

وحاول الفصل الاخير من الرسالة إلقاء الضوء على المقاييس التخطيطية ومستقبل الخدمات التعليمية في مدينة حلبجة وذلك من خلال مبحثين: تطبيق المقايس التخطيطية للخدمات التعليمية على تلك الخدمات في مدينة حلبجة، ودراسة مستقبل تلك الخدمات تناولتها المبحث الثاني من هذا الفصل.

وفي نهاية الدراسة توصلت الى مجموعة من النتائج والتوصيات بهدف رفع مستوى الخدمات التعليمية في مدينة حلبجة.

**Abstract**

**Distribution of Educational Services in the Halabja City**

Nowadays, educational services, as part of the social services, are basic needs of the community. The individuals need to be provided with educational services because they are fundamental keys for the improvement of the individual and the community as well; they also help to raise the levels of every aspect of life; due to their important value, they are considered as a determining criterion for measuring the progress of society.

The spatial distribution of urban land is a sensitive act, it influences the distribution of all types of services and educational services in particular; therefore, allocating land for services should be taken in to account and special attention should be given to educational services distribution.

This thesis investigates the distribution of educational services in Halabja city; the city has gone through many phases; each phase had its particular distinctions from educational facilities perspective. The changes have come along with other changes of the city and its population growth.

The main purpose of this study is to analyze the distribution of educational services in the study area in order to determine trends and detect the distribution patterns and assess the characteristics of those services to show the extent of their appropriateness with the standards of education services.

In order to achieve these goals, the study includes an introduction and five chapters as follows:

The first chapter is devoted for the theoretical framework; it includes three sections: the first section deals with the geographical description of the study area. The second section focuses on the administrative components of Halabja city, and the last section of this chapter deals with the definition of major terms and concepts.

The second chapter of this study is concerned with the growth of the population and educational services in the study area; this is shown through two main sections: population growth, and educational services In halabja.

Chapter three sheds light on the reality of educational services in the study area. This chapter is divided into three sections: the first section is for the distribution and structure of the population of Halabja. The second section deals with the special and quantitative distribution of educational services in the study area. The third section focuses on

quantitative distribution of educational services in terms of buildings and areas according to different educational stages per quarter.

In Chapter four, the study analyzes the characteristics of educational services of the study area. This chapter consists of two main sections: the geographical distribution of educational services trends and the patterns of distribution of these services.

The last chapter addresses planning regulations and the future of distribution of educational services in Halabja . It also includes two sections: applying the standard criteria for distributing educational services and the future of educational services in the city.

The study reaches a number of conclusions and proposes some recommendations to improve the level of educational services in the city in terms of quality and quantity.

حكومة اقليم كوردستان / العراق
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة السليمانية
الكلية العلوم الانسانية
قسم الجغرافية

# توزيع الخدمات التعليمية في مدينة حلبجة

رسالة

مقدمة الى مجلس كلية العلوم الانسانية – جامعة السليمانية،
كجزء من متطلبات شهادة الماجستير في علم الجغرافيا.

من قبل

( هەردى عبدالرحمن حمەعلى )

باشراف

أ.م.د.بيان على حسين

2716 كوردى

2016 ميلادي

Kurdistan Region-Iraq
Ministry of Higher Education and Scientific Research
Universty of Sulimani
College of Humanitarian Scineces
Geography Department

# Distribution of Educational Services in the Halabja City

A Thesis

To the council of College of Humanitarian Sciences –Sulaimani University
A partial of obtaining Master Degree in Sciences geography.

Submitted by:
(Hardi Abdulrahman Hama Ali)

Supervised by:
Asst . Pro . Dr. Bayan Ali Hussein

2716 K 2016 A.D